له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# ئـا ئەمەیە ئیـــسلام

شیكردنەوەی هەندێك له
حوكمەكانی ئیسلام نەك بەرگری له هەڵە پیادە كردنی موسڵمانان
وه ڕەددانەوەی درۆزنان له دوژمنەكانی و هەڵخەڵەتێنراوان له ڕۆڵەكانی

نووسینی
د.حمود بن عبدالعزیز البدر

پێداچوونەوەی
مامۆستا خلیل أحمد

وەرگێڕانی
پشتیوان حسن كرم

---

ماڵپەری بەهەشت
ba8.org

ماڵپەرێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وه سەر به هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی وەرگێڕ

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئاتِ أعمالنا، من يهدالله فلا مضل له و من يضلل الله فلا هادي له. وأشهد أنّ محمداً عبده ورسوله صلى الله عليهِ وآلهِ وسلّم: أما بعد:

**لەڕاستیدا ئەوەی پێویست و گرنگە بۆ تێگەیشتن و حاڵی بوون لە هەر ڕێچکە و ڕێباز و بیرێك، ئەوەیە کە هەوڵ بدەیت لە سەرچاوە بنچینەییەکانەوە بۆی بگەڕێیت و هەوڵی تێگەیشتنی بدەیت، ئەو سەرچاوانەی کە بنەڕەتن و بە ژێدەری ئەو ڕێبازە دادەنرێن و لەوێوە هزری ئەو ڕێبازە ئاراستە دەکرێت و بڵاودەبێتەوە، نەوەك هەوڵ و ماندووبونی خۆت بەفیڕۆبدەیت و بەبێ ئەوەی چاوت کەوتبێت بە سەرچاوە سەرەتاییەکان و کەچی لافی تێگەیشتن لێ بدەیت و بەناوی ئەو ڕێبازەوە قسە و لێدوان بدەیت، چونکە بێ گومان ئەوە نەنگی و کەموکورتیە بۆ مرۆڤی ژیر و حەق ویست.**

**بەخۆشحاڵیەوە یەکێك لە موعجیزە سەیرەکانی ئەم دینی ئیسلامە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو هەموو قۆناغە مێژووییە پڕ لە هەوراز و نشێوەی کە کتێبەکانی مێژووی پڕکردووە و شاراوە نیە لای هەمووان، چ مێژووی ئیسلامی بڵێین یاخود مێژووی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی، کەچی ویست و خواستی**

خوای کاردروست وەها بووە کە ئەم دینی ئیسلامە بەپاکی و بێگەردی بمێنێتەوەو لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر چینێك لە مرۆڤەكان ئیسلام هەر ڕێی کردووە و لەگەڵیدا زانایان و شەرعناسان خزمەتیان کردووە و ماندوونەناسانە ویستوویانە بیگەیەنن بە جیلی دوای خۆیان.

دیارە ئەمەش فەزڵ و منەتی خوای گەورەیە کە خۆی چاودێری ئەم ئیسلامەی کردووەو پاراستوویەتی لەوەی وون بێت و لەهەر قۆناغێکی مێژوویدا کۆمەڵێك زانای لەنێو خەڵکیدا بۆ سازاندووە کە بیپارێزن و پاکی بکەنەوە لە سەرگوزەشتە و خەیاڵ و فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو و چیرۆکی خەیاڵی و گۆشەگیری وبیری تەسکی حزبایەتی و دەمارگیری. بۆیە سوپاس بۆ خوا ئەوە قورئان و ئەوەش فەرموودە وەکو خۆیان ماوون و وون نەبوون. بەمەش بیانووی خەڵکی بڕیوە لەوەی بڵێن ئێمە ناتوانین لە ئیسلام تێ بگەین و ناچار دەمانەوێ لە کردەوەی موسڵمانانەوە سەیری ئیسلام بکەین و خوێندنەوەی بۆ بکەین.

جا ئەوەی مەبەستە لێرەدا بووترێت ئەوەیە کە: ئەوەی دەیەوێت لە ئیسلام وەك خۆی تێ بگات ونیەتی بۆ خوایە ئەوە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلامی لەپێشدەستە کە ئەویش قورئان و فەرموودەی صحیحی پێغەمبەری خوایە ﷺ با هەوڵی تێگەیشتن بدات لێی بەپێی تێگەیشتن و حاڵی بوونی سەردەمی

هاوەڵان و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتوانیان، چونکە ئەو سێ سەردەمە گەواهی پێغەمبەری خوای بۆ دراوە کە سێ سەردەمی چاکن و باشترینی ئەم ئوممەتەن.

ئەوەش نایەوێت لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بێت و قەناعەتی پێی نیە و دەیەوێ بەپێی لێکدانەوەی خۆی ئیسلام شی بکاتەوەو بەدڵی خۆی ئیسلامەتی و دینداری بکات نەوەك بەپێی قورئان و سوونەت، ئەوا با لەخوا بترسێت و بەناوی دینەوە قسە نەکات و ئیسلامیش لەکەدار نەکات. چونکە ئەو کاتە خەڵکیش باوەڕ بەقسەکانی ناکەن و دەردەکەوێ کە تێگەیشتنی بۆ ئیسلام لە هەگبەی خۆیەتی و وابەستە نیە بەو ڕێسا و یاسایەی کە خواو پێغەمبەرەکەی دایان ناوە. لە حاڵەتێکی وەهاشدا ئەو کەسە هەم خۆی تاوانبار دەبێت و هەمیش دەبێتە هۆی گومڕاکردنی خەڵکی و بەوپێیە غەیبەتی خۆی دەخاتە سەر زاری خەڵکی.

**پشتیوان حەسەن کەرەم**

۲۰۱۵/٤/۲۱ - **کەلار**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی نووسەر

سوپاس و ستایشی خوای میهرەبان دەکەین و داوای هاوکاری وکۆمەکی هەر لەو دەکەین، و صەلات و سەلامیش لەسەر پێغەمبەرمان و ئال و بەیتی و هاوەڵە بەڕێز و بەوەفاکانی بێت، داوا ئەکەین لەخوای بەتواناو بەدەسەڵات کە هاوکاریمان بکات سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزەی کەوا لەبەر دەستماندایە دەربارەی ڕوونکردنەوەو دەرخستنی لێبوردەیی ودادپەروەری ئاینی ئیسلام، ئەوەش وەکو ڕەددانەوەیەك بۆ دوژمنەکانی، ئەو دوژمنانەی کە پێشکەوتنی ماددی هەڵی خەڵەتاندوون وسەرسامی کردوون و ئەو دەرفەتەیان قۆستۆتەوە بۆ خۆیان، ولەلایەکی تریشەوە ئەو پێویستیە زۆرەی وڵاتانی موسڵمانان بۆ ئەو کاڵاو کەرەستانەی کەلە وڵاتانی شارستانیەتی ماددیەوە هاوردە دەکرێن بۆ گوزەرانی رۆژانەیان، ئەوەش بەهۆی گومڕایی ئەو کەسانەی کە شارستانیەتی ماددی مەستی کردوون و سەرقاڵی کردوون لەوەی ڕوو وەربگێڕن بۆ شارستانیەتە رۆحیەکەی خۆیان ودووری خستوونەتەوە لەوەی پەیوەستی بن و بەرجەستەی بکەن لە ژیانی خۆیاندا.

شارستانیەتی ماددی بەشێوەیەك کاریگەری نەرێنی لەسەریان دروست کردووە کەبوێرن بەو خەڵەفاویەی خۆیانەوە هەڵبکوتنە سەر ئیسلام، بەڕادەیەك

که لەهەر بارودۆخێکی ناهەمواردا بوێرانە دێنە پێشەوەو پەنجەی تاوان بۆ ئیسلام درێژ دەکەن و تۆمەتباری دەکەن، ئەوەش لەبەر هەندێ هەڵسوکەوت ورەفتاری ناشەرعی موسڵمانانەوە کە پێچەوانەی رۆحی لێبوردەیی ئیسلامە، وە لاڤی ئەوە لێ دەدەن گوایە ئیسلام هۆکارە بۆ ئەو دواکەوتنە ماددیەی کە لەهەندێك لە وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە. جا لە پێناوی ئەوەی کەسانێکی کەم زانست بە شەریعەتی ئیسلام هەڵنەخەڵەتێن – بەتایبەت ئەوانەی کە سەرسامن بە ڕازاوەیی و ماددیەتی رۆژئاوا – وا ئێمە ئەم کتێبە پێشکەش دەکەین وەکو ڕەد و وەڵامێك بۆ ئەوانەی قسەهەڵدەبەستن و درۆ بۆ ئیسلام دەکەن. لەم کتێبەدا گرنگترین ئەو بانگەشە هەڵبەستراوانە دەخەینەڕوو کە بەناوی ئیسلامەوە دەکرێت ولەئیسلام دەدرێت، ئەوانەش: جیهاد و پلەوپایەی، پێکهێنان و دروستکردنی خێزان، فرەژنی و تەڵاق دان، مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا، دیدی ئیسلام بۆ پێشکەوتنی زانستی، ڕوونکردنەوەی بەرنامەی ئیسلام لەم پرسانەدا، هەروەها باسکردنی ئەو بەڵگانەی کەپشتی پێ دەبەستین بۆ سەلماندنی بۆچوونەکان، و ئەو حیکمەتەی کە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە بەشەرعدانانی ئەوانەی باس کران. و وەڵامی ئەوانەشمان داوەتەوە کە درۆ و بوهتان هەڵدەبەستن بۆی. جا ئەو باس وبابەتانە لەگرنگترینی ئەو پرسانەن کە موسڵمانی بانگخواز ڕووبەڕوی دەبێتەوە لەمیانەی بانگەوازەکەیدا بۆ دینەکەی

بەرانبەر دوژمنانی ئیسلام، یان بەرانبەر ئەوانەی کە ئیسلامی ڕەسەنیان پێ نەگەیشتووە، ئەمە لەکاتێکدا ئەرکە لەسەر شانی موسڵمان کە ئەم دینە وەکو خۆی (بێ زیاد وکەم) بگەیەنێتە ئەوانەی کە پێی وایە دینیان پێ نەگەیشتووە، یان بە شێواوی و تەمومژاوی پێیان گەیشتووە.

لە خوای گەورە داواکارین کە سەرکەوتوومان بکات بۆ ئەو مەبەستەی کەلە ناخ ودڵماندایە، وە ببینە هۆی ئەوەی کە سوود وپەند و وانەیەك لەمیانەی ئەم کتێبەوە پێشکەش بکەین بە موسڵمانان وئەوانەی ڕاستێتی ئەم کۆتا دینە جوانەیان پێ نەگەیشتووە.

**وباللهِ التوفيق**

**د. حمود بن عبدالعزيز البدر / الرياض ١٤٢٩ هـ**

# بەشی یەکەم

## ئیسلام چیە، چۆن بڵاوبۆتەوە ؟

## ئیسلام چیە ؟

لەمڕۆدا کاتێك وشەی (ئیسلام) بەڕەهایی ناو دەبرێت، مەبەست لێی شەریعەتی محمدە ﷺ ، ئەوەی دەیگرێتەوە لە پەرستش و مامەڵە وهەڵسوکەوت وبیروباوەڕ، و ڕێکخستنی هەموو کاروبارەکانی ژیان لە گشت بوار و لایەنەکانی رۆحی و ماددیەوە، وە ئەوەشی دەیگرێتەوە لە کاروباری دین ودونیا. ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی نەخشەڕێگا دادەڕێژێت بۆ هەموو ڕێگەوڕێبازێك لە دونیادا، وە بۆ ڕزگاربوون لەسزای خوا لە رۆژی دواییدا، و سەرکەوتن و سەرفرازبوون بە خۆشی ونازو نیعمەتە نەبڕاوەکانی بەهەشت بۆ ئەوانەی گوێڕایەڵی خوای گەورە دەکەن و کاروکردەوە بە شەریعەتی ئیسلام دەکەن. ئاگاداری ئەوانەش دەکاتەوە کە باوەڕیان بە خواو نیشانەکانی نیە و دەیانترسێنێت بە سزایەکی سەختی هەتاهەتایی و مانەوە لەناو ئاگردا. وە پەیامی محمد ﷺ تایبەت نیە بەگەل و نەتەوەو سەردەمێکەوە، بەڵکو

گشتیە و هاتووە بۆ تەواوی مرۆڤەکان لەهەموو ولآت و شوێنێکدا و بۆ گشت سەردەم و سەدەکان هەتا ئەو کاتەی خوای گەورە قیامەت بەرپا دەکات.

هەربۆیە ڕاگەیاندن و بلآوکردنەوەی ئەم پەیامە بەم گشتگیری وفراوانیەیەوە ئەرك و واجبی سەرشانی هەموو کەسێکە کە توانای گەیاندنی هەبێت، بەرپرسیارێتیەکە کە تەمبەڵان و کەمتەرخەمان لێپرسینەوەو لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەسەری.

لەکاتێکدا وشەی (ئیسلام) لەزانستی شەرعیدا واتە: ملکەچ بوون و گوێڕایەڵی کردن بۆ فەرمانەکانی خوای بالآدەست (عزوجل)، وە پێغەمبەرانیش پەیامەکانی خۆیانیان بەم مانایە باس کردووە و بە ئیسلامیان ناوبردووە، ئەوەتا قورئانی پیرۆز ئەوەمان پیشان دەدات وبۆمانی باس دەکات، خوای گەورە لەزمانی پێغەمبەر نوحەوە دەفەرموێت: ﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٧٢)﴾{یونس} واتە: من فەرمانم پێدراوە کەلە ڕیزی موسڵمانان‌دا بم.

هەروەها لەسەر زمانی پێغەمبەر ئیبراهیم وئیسماعیل (علیهما السلام) دەفەرموێت: ﴿رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُسْلِمَةً لَكَ﴾{البقرة: ١٢٨} واتە: پەروەردگارا، هەردووکمان وا لێ بکە تەنها فەرمانبەردارو

ملکەچی تۆ بین ولەنەوەکانیشمان ئوممەتێکی موسڵمان وفەرمانبەردار بۆ خۆت فەراهەم بهێنە.

دیسان لەسەر زمانی پێغەمبەر ئیبراهیم دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (١٣١)﴾{البقرة} واتە: کاتێك پەروەردگاری پێی ووت: ملکەچ وفەرمانبەردار بە، (ئەویش خێرا) وتی: تەسلیمی پەروەردگاری هەموو جیهان بووم (باوەڕی پتەوم پێی هەیە).

دیسان لەسەر زمانی پێغەمبەر ئیبراهیم و ڕۆڵەکەی کە یعقوبە دەفەرموێت: ﴿وَوَصَّى بِهَا إِبْرَاهِيمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَا بَنِيَّ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمْ الدِّينَ فَلا تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ (١٣٢) أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ الْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنْ بَعْدِي قَالُوا نَعْبُدُ إِلَهَكَ وَإِلَهَ آبَائِكَ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ إِلَهاً وَاحِداً وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (١٣٣)﴾{البقرة} واتە: جا ئیبراهیم ویعقوب ئەم وەسێتەیان کرد بۆ کوڕەکان ونەوەکانیان، (هەریەك لەوان فەرموویەتی): ڕۆڵەکانم: بەڕاستی خوا هەر ئەم ئاینەی بۆ ئێوە بڕیارداوە وهەڵی بژاردووە، ئیتر ئێوەش هەوڵ بدەن بەموسڵمانی نەبێت مەمرن (تا دوا هەناسەتان پەیڕەوی بکەن). ئایا ئێوە ئامادەی سەرەمەرگی یعقوب بوون؟ ئەو

کاتەی بەکوڕەکانی وت: دوای مردنی من چی دەپەرستن؟! هەموو وتیان: خـوای تۆ و باوباپیرانت دەپەرستین، کە ئیبراهیم وئیسـماعیل و ئیسـحاقن، خوایـەکی تاك وتەنهایە وئێمە هەموو تەسلیم وفەرمانبەرداری ئەوین.

وە سولەیمان گوتاری ئاراستەی بەڵقیس کرد بەم شـێوەیە: ﴿أَلاَّ تَعْلُـوا عَلَـيَّ وَأْتُونِي مُسْلِمِينَ (٣١)﴾{النمل} واتە: خۆتان بە گـەورە مـەزانن و لـێم یـاخی مەبن و وەرن موسڵمان بن.

وە موسایش بەم شێوەیە گوتاری ئاراستەی خەڵکەکەی خـۆی کـرد: ﴿وَقَـالَ مُوسَى يَا قَـوْمِ إِنْ كُنْـتُمْ آمَنْـتُمْ بِاللَّـهِ فَعَلَيْـهِ تَوَكَّلُـوا إِنْ كُنْـتُمْ مُسْـلِمِينَ (٨٤)﴾{یونس} .

واتە: موساش بـە قەومەکـەی وت: ئـەی قـەوم وعەشـرەتم، ئەگـەر ئێـوە بەڕاستی باوەڕتان بەخوا هێناوە، ئەوە ئیتر پشت بەو ببەستن ئەگەر موسـڵمان و ملکەچن.

وە حەواریەکانیش دان بـە ئیسـلامەتی خۆیانـدا دەنـێن بـۆ عیسـا: ﴿قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنْصَارُ اللَّهِ آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ (٥٢)﴾{آل عمران}

واتە: حەواریەکان وتیان: ئێمەین پشتیوانانی دین وئاینی خوا، باوەڕی تەواومان بەو خوایە هێناوە، تۆیش شایەتی بدە کەبەڕاستی ئێمە موسڵمان وملکەچ وفەرمانبەردارین.

وە خوای گەورە وەصفی هەندێك لە خاوەن کتێبەکان دەکات کاتێك کە گوێیان لە قورئان دەبێت باوەڕی پێ دەهێنن: ﴿الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِهِ هُمْ بِهِ يُؤْمِنُونَ (٥٢) وَإِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ قَالُوا آمَنَّا بِهِ إِنَّهُ الْحَقُّ مِنْ رَبِّنَا إِنَّا كُنَّا مِنْ قَبْلِهِ مُسْلِمِينَ﴾{القصص} واتە: ئەوانەی پێشتر کتێبی ئاسمانیمان پێ بەخشیبوون، ئەوان بەو قورئانە باوەڕ دەهێنن. کاتێکیش قورئان دەخوێنرێتەوە بەسەریاندا دەڵێن: ئێمە باوەڕمان پێی هێناوە چونکە بەڕاستی ئەمە حەقیقەت وڕاستەقینەیە لەلایەن پەروەردگارمانەوە پێمان ڕاگەیەنراوە بێگومان ئێمە پێشتر هەر موسڵمان وفەرمانبەردار بووین.

ئەو ئایەتە پیرۆزانەی کە ڕابورد بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لەسەر ئەو ڕاستیەی کە یەکخواپەرستی و بەتاك دانانی خوا لەهەموو پەرستشەکاندا، بریتیە لەو ئیسلامەی کە پێغەمبەرانی پێش محمد ﷺ مەبەستیان بووە هەڵگرو بانگەوازکاری بوونە، وە ئەوەش ئەو ئیسلامەیە کە هەندێك لە خاوەن کتێبەکان

باوەڕیان پێی هێناوەو ملکەچی بوونە لە سەردەمی خۆیدا. هەروەکو چۆن بریتی بووە لە کرۆکی ئەو پەیامەی کە نێردراوە بۆ سەر موسا وعیسا (علیهما السلام ) پێش ئەوەی دەستکاری بکرێت و گۆڕانکاری تێدا ڕووبدات.

## ئیسلام چـۆن بڵاوبوویەوە؟

ئێستا دەتوانین گفتوگۆ بکەین لەگەڵ ئـەو کەسـانەدا کـە خـاوەن ویـژدان ودڵانێکن پەندو وانەی لێ وەردەگرن و بەهۆیـەوە لـە ڕاسـتیەکان تـێ دەگـەن، مـادام ئـەو ئیسـلامەی کـە مـحمد هێناویـەتی بانگەشـە دەکـات بـۆ خوابەیەکناسین و یەکخواپەرستی لەهەموو جۆرەکانی عیبادەتـدا، وەکـو چـۆن سەرجەم پێغەمبەرانی پێش خۆی ئـەو کارەیـان ئـەنجام داوە، یـان وەکـو چـۆن هەموویان وتوویانە کە موسڵمانین و هەنـدێك لـەخاوەن پـەیام وکتێبـەکانیش دانیان بەوەدا ناوە، وئەوانەی شوێن ئەوانیش کەوتوون، جا ئیتر لە ژێر رۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا ئایا ژیری وعەقڵی مرۆڤ ئەوە قبوڵ دەکات کـەبووترێت ئیسـلام بە هۆی شمشێرەوە بڵاوبۆتەوەو بەتۆپزی بەسەر خەڵکیدا دراوە؟ لە ڕاستیدا ژیری

و ویژدان ئـەوە ڕەددەکەنـەوەو پەسـەندی ناکـەن، و بـەڵکو بـە ئاشـکرا ئـەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن و ئەوە بیروبۆچـونیانە ئەوانـە ڕق لەدڵ و خۆبەگەورەزان و چاویان بە سەرکەوتن و بڵاوبونەوەی ئـەم ئیسـلامە ئاشتی خوازە هەڵنایەت، چۆن ئەو قسـەیەیان بـۆ دەچـێتە سـەر و بـرەوی پـێ دەدرێت لەکاتێدا خودی قورئان بانگەواز دەکات بۆ ڕەوشت جوانی وئاکار بەرزی و چاك هەڵوێستی و ڕەفتارباشی و گفتۆگۆی پەسـەند و سـنوورنەبزێن، ئـەوەی دەیەوێت بزانێت ئـەوا بـا ئـەم ئایەتانـە بخوێنێتـەوە: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾{النحل: ١٢٥} واتـە: بانگەواز بکە بـۆ لای بەرنامـەو ڕێبـازی پـەروەردگارت بەحیکمـەت ودانـایی وئامـۆژگاری جوان وبەجێ وگفتوگۆو موجادەلە بەجوانترین شێوە.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنْ الْمُسْلِمِينَ (٣٣)﴾{فصلت}

واتە: جا کێ لەو کەسە جوانگوفتـارتر و قسـە بـەجێ تـرە کەبانگـەوازی کردووە بۆ لای خوا، کاروکردەوەی چاکیشی ئەنجام داوە، وتوشیەتی: بەڕاستی من لە ڕیزی موسڵمانانندام.

هەروەها دەفەرمویت: ﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنْ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ﴾ {آل عمران ١٥٩}

واتە: ئەی محمد ﷺ بەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم وهێمن بوویت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر توڕەو قسەڕەق وبێ بەزەیی بوویتایە، ئەوە هەموو لەدەورت بڵاوەیان دەکرد.

جا لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ بانگەواز بۆلای ئەو خوایە دەکات کە ڕەوانەی کردووە و فەرمایشت لەو پەروەردگارەوە دەگوازێتەوە کە فەرمانی پێ کردووە بە گفتوگۆکردن بەجوانترین شێواز، وە خوای میهرەبان فەرمانی پێکردووە کە بانگی خەڵکی بکات بۆ ڕێگەو ڕێبازی پەروەردگاری بە حیکمەت ودانایی و ئامۆژگاری سودبەخش، ئیتر لەپاش ئەمانە هیچ ژیری و ویژدانێك هەیە وا دابنێت کە محمد و شوێنکەوتووانی لەپاش خۆی پێچەوانەی ئەم گوتارو ڕێنماییە خواییانە بوونەتەوەو دژی ئەوە ڕەفتاریان کردووە؟ وە لەبری نەرم ونیانی ودانایی هێز وتوندڕەویان بەکارهێنابێت بۆ بڵاوکردنەوەی دینی ئیسلام؟ لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی مێژوو گێڕاویەتیەوە و ڕووی داوە لەزۆربەی ئەو گفتوگۆو موجادەلانەدا کە دروست بووە لەنێوان پێغەمبەری خواو ﷺ دوژمنانی ئیسلام

لە کۆتاییدا سەری کێشاوە بۆ قەناعەت هێنان و باوەڕهێنان بەوەی محمد هێناویەتی، وشوێنکەوتنی حەق وڕاستی، هەرچەندە هەندێکیش هەرلەسەر کەللەڕەقی و خۆبەزلزانی خۆی سووربووە، لەو کاتەشدا پێغەمبەر هیچ زۆرلێکردن و تۆپزیەکی بەکارنەهێناوە بەرانبەری، و نابێتیش زۆر لەمرۆڤ بکرێت بۆ باوەڕهێنان بەپەیامی خوایی کەبە محمددا ڕەوانەکراوە، چونکە خودی ئەو پێغەمبەرە فەرمانی ئەو خوایە جێبەجێ دەکات کەپێی دەفەرموێت: ﴿لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنْ الغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدْ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى﴾{البقرة: ٢٥٦} .

واتە: بەهیچ جۆرێك زۆركردن نیە لەوەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بکرێت ودین بەزۆر نادرێت بەسەرکەسدا) چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاك ودروست ڕوون وئاشکرا بووەو جیابۆتەوە لەگومڕایی وسەرکەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە تاغووت (کە بریتیە لەهەموو ڕێگەو ڕێبازو هێزو بەرنامەو لادان و بتێك) و باوەڕی دامەزراو بهێنێت بەخوا، ئەوا بێگومان دەستی گرتووە بەبەهێزترین هۆکاری ڕزگاریەوە.

له ئایەتێكی تردا دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلظَّالِمِينَ نَاراً أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا﴾{الكهف:٢٩}

واتە: پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیە كەلەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانەكراوە، جا ئەوەی دەیەوێت باكافرو بێ باوەڕبێت، بێگومان ئێمە دۆزەخێكمان ئامادەكردووە بۆ ستەمكاران كەلەهەموو لایەكەوە دەورەیان دەدات ودیواری بڵێسەی ئابڵوقەی داون.

ئا لەسەر ئەم ڕەوت وشێوازە جێنشینە ڕاشیدەكان وئەوانەی شوێنیان كەوتوون وباوەڕیان پێیان هێناوە ڕۆیشتن وبەردەوام بوون لە هاوەڵان و شوێنكەوتووانیان بەوەی كە زۆرلێكردن نیە لەدیندا وپێویست بەوەناكات بەڵكو دینی ئیسلام بە چاكە ڕادەگەیەنرێت وقەناعەت هێنان و ڕوونكردنەوەی باشیەكانی دینی ئیسلامی وخراپیەكانی جگە لەو، جا ئەگەر ئەم جیاوازیە گەورەیەی نێوان خێر و شەڕ و چاكە وخراپە و مرۆڤایەتی وئاژەڵی دەركەوت وئاشكرابوو، ئەوا دەگەڕێنەوە بۆ ژێری خۆیان و ئاشنادەبنەوە بە فیترەت پاكی خۆیان و ڕێگەڕاست ودروستەكە دەدۆزنەوەو بەكۆمەڵ كۆمەڵ دێنە ناو دینی ئیسلامەوە، بەقەناعەت وباوەڕێكی قوڵ وبتەوەوە بەشێوەیەك كە هەموو

گەنجیەکانی دونیا پاشگەزیان ناکاتەوەو ملهوڕی وسەرکێشی هەموو سەرزەویش لایان نادات لەو ڕێگەیە.

ئایا زۆرێك لە عەرەبەکان لە پێش ئیسلامدا هۆزی پەرتەوازە نەبوون وخەریکی یەکتر کوشتن نەبوون؟ ئایا کاری خراپەو داوێن پیسی و مەی خواردنەوەیان ئەنجام نەدەدا؟ لە ژیانێکی نەفامی و گومڕایی و نەزانیدا نەدەژیان؟ ئایا چیان دەزانی دەربارەی زانست وتیکنۆلۆژیاو شارستانیەتە مرۆییەکان؟ تەنانەت ئەوان – وەکو ابن تیمیە دەڵێت- زانستە عەقڵیە ڕووتەکانیشیان نەدەزانی وەکو پزیشکی و ژمێریاری و هاوشێوەکانی، هەموو زانستەکانی ئەوان تەنها ئەوانە بوون کە پێك هاتبوو لە شعروهۆنراوەو وتاربێژی، و ئەو زانیاریەی مابووەوە بۆیان سەبارەت بە باوباپیرانیان وهۆز وعەشیرەتەکان ورۆژگاری سەرگوزەشتەی تایبەت بە خۆیان، و ئەوەی پێویستیان پێی هەبوو بۆ دونیای خۆیان لە ئەستێرەناسی و شێوازو هونەری شەڕکردن وڕووبەڕوبونەوە.

بەڵام چی ڕوویدا پاش ئەوەی ئیسلام هات؟ ئیسلام توانی لەو خەڵکە ڕەش وڕووتە دەشتەکیانە زانای گەورە و ڕێپیشاندەر پێ بگەیەنێت ودروست بکات،

وكردیانی بە هاوەڵی مەزنترین پەیام كە خوای پەروەردگار دایبەزاندبێت بۆ سەر مرۆڤایەتی. ئیسلام توانی لەو هەموو نەتەوەو هۆز و تیرە جیاواز و دژبەیەكانە كە زمان و شێوەو ڕەگەزیان جیاوازبوو گەلێكی یەكگرتوو بەرهەم بهێنێت، وئومەتێكی یەك دەست ویەك ڕەنگ بهێنێتە كایەوە بەشێوەیەك كە یەكێكیان چی بۆخۆی پێ خۆش بێت ئەوەشی بۆ براكەی پێ خۆش بووە، و هەستی بە بەناخی ئەوی تر كردووە، سۆز و میهرەبانی ڕەحمیان بۆ یەكتری هەبووە، وەكو یەك جەستە كە ئەگەر ئەندامێكی هەستی بە ئازارو نارەحەتی بكردایە ئەوا هەموو لاشەكە هەستی پێ دەكردو بۆی نارەحەت دەبوو. وە گومان نابەین كە عاقڵێك هەبێت وابیربكاتەوە كە زۆرلێكردن وتۆپزی دڵەكان لەیەكدی نزیك دەكاتەوەو خۆشەویستی و دۆستایەتی دەخاتە نێوان یەكتریەوە، و دەبێتە هۆی بەزەیی بەیەكدا هاتنەوەو هاوكاری كردنی یەكتر، ئایا دەكرێ و دەگونجێت كە زۆرلێكردن و زۆرەملێ ببێتە هۆی ئەوەی كە موسڵمانێك ماڵ وسامانی خۆی فیداو پێشكەشی برا موسڵمانەكەی خۆی بكات و دەستی یارمەتی و هاریكاری بۆ درێژ بكات؟ وەكو چۆن لە نێوان (مهاجرین و أنصارەكاندا) ڕووی دا وئەوە

بەدی هات، خوای گەورە دەفەرمویّـت: ﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْـوَةٌ﴾{الحجـرات: ١٠}

واتە: بێگومان تەنها بڕواداران برای یەکترن.

جا کێ هەیە بانگەشەی ئەوە بکات کە هێز و زەبروزەنگ کاریگـەری زیـاترە لەسەر دەروون وناخی خەڵکی لە ڕەفتاری جوان و نەرم ونیان و گفتوگۆی چاك و دانایی؟ لەکاتێکـدا ئـەو هەڵسـوکەوت جوانیـە یەکێکـە لـەدیارترینی ئـەو بەهایانەی کە ئیسلام بانگەوازی بۆ دەکات، بۆیـە لێـرەدا پێویسـتە هەنـدێك زانیـاری بـزانین دەربـارەی ئـەو باشـیانەی کـە ئیسـلام لەخـەڵکی دەوێـت و ئەوخراپیانەش کە خەڵکی لە پێشدا لەسەری بوون:

شیخ الإسلام ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لـێ بێـت) دەڵێـت[1]: لەڕاسـتیدا سروشتی عەرەب لەپێش ئیسلامدا بەشـێوەیەك بـوو کـە ئامادەسـاز بـوو بـۆ وەرگـرتن و قبـوڵکردنی خێـر، بـەڵام لـە ئەنجامـدانی دواکـەوتبوو، جـا کـە بارودۆخەکە ئاوەهـا بـوو وە ئێمـەش دەزانـین ئـەو بیروباوەڕانـەی کـە بڵاوبـوو لەناویاندا لەوپەڕی شڵەژان ودژبەیەکـدا بـوون، وئـەوانیش بـەهۆی شـپرزەیی خۆیان وتێنەفکران و تێڕانەمانیان، هەسـتان بـەوەی کـە بـت وداتاشـراوەکانی

---

[1] جامع الرسائل لإبن تیمیة بتحقیق الدکتور محمد رشاد سالم (١/٢٨٩) ط. المدني.

دەستی خۆیان کرد بە خوایەك کەبپەرسترێت، و چاوەڕێی سوودی دەبوون و لەترس و زەرەریشی خۆیان لا دەدا، جا کاتێك ئیسلام هات دەبوو ئەو تۆز و تویژاڵەی کە سەر دڵ وچاویانی گرتبوو لای بدات، ومێشکە بێ ئاگاکان ئاگاداربکاتەوەو دڵە خەوتووەکان بەخەبەر بێنێتەوە، و بیروباوەڕی ڕاست ودروستیان پێشکەش بکات بەبەراورد لەگەڵ ئەو بیروباوەڕە لار و نەشیاوەی خۆیان، و ئەوەی تێیدایە لە فەساد و خراپەو تەنانەت ژیری ومەنتقیشی تێدا هەست پێ نەدەکرا، بۆیە هەرچەندە لاوازو دواکەوتوو بوو، هەردەبوو ئەو جیاوازیە گەورەیە بزانرێت لەنێوان پەرستنی خوایەکی تاکی بێ وێنەی بەدی هێنەری هەموو شتێك وبەدەسەڵات بەسەریدا و لەگەڵ پەرستنی دارو بەردانێك کە سوود وزیانیان نیەو تەنانەت توانای بەرگری کردنیان نیە لەخۆیشیان لە بچووکترین شت کە ڕووبەڕویان بێتەوە. هەربۆیە کاتێك پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ هات بۆ ناو گەلەکەی ویستی بتەکان تێك بشکێنێت، لەو ڕێگەیەوە ویستی گفتوگۆی قەومەکەی بکات سەبارەت بە ناشایستەیی ئەوەی جگە لە خوا دەپەرسترێت، وڕوونی کردەوەبۆیان کە ئەوانە نەسوود و نەزیانیان بەدەست نیە و سوودیان بۆ خۆیان نیە چ جای سوود بە غەیری خۆیان بگەیەنن.

بۆیە لە قورئاندا بەسەرهاتی پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ بەم شێوەیە هاتووە:

﴿ وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُمْ بَعْدَ أَنْ تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ (٥٧) فَجَعَلَهُمْ جُذَاذاً إِلاَّ كَبِيراً لَهُمْ لَعَلَّهُمْ إِلَيْهِ يَرْجِعُونَ (٥٨) قَالُوا مَنْ فَعَلَ هَذَا بِآلِهَتِنَا إِنَّهُ لَمِنَ الظَّالِمِينَ (٥٩) قَالُوا سَمِعْنَا فَتًى يَذْكُرُهُمْ يُقَالُ لَهُ إِبْرَاهِيمُ (٦٠) قَالُوا فَأْتُوا بِهِ عَلَى أَعْيُنِ النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَشْهَدُونَ (٦١) قَالُوا أَأَنْتَ فَعَلْتَ هَذَا بِآلِهَتِنَا يَا إِبْرَاهِيمُ (٦٢) قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا فَاسْأَلُوهُمْ إِنْ كَانُوا يَنطِقُونَ (٦٣)﴾{الأنبياء} .

واتە: ئینجا ئیبراهیم لەبەرخۆیەوە سوێندی خواردو وتی: سوێند بەخوا نەخشەو پیلانێك دادەنێم بۆ لەناوبردنی بتەکانتان دوای ئەوەی ئێوە بەجێتان هێشتین وپشتتان هەڵکرد، ئینجا هەموویانی وردو خاش کرد جگە لە گەورەکەیان، بەڵکو کە گەڕانەوە (پرسیار بکەن) وئیبراهیم ڕاستیان بۆ ڕوون بکاتەوە، جا کە هاتنەوە (بت پەرستان) وتیان: ئەوەی ئەمەی بەسەر خواکانمان هێناوە بەڕاستی لەستەمکارانە، هەندێکیان وتیان: بیستومانە لاوێك هەیە بە خراپە باسیان دەکات و پێی دەڵێن ئیبراهیم، وتیان: کەوابوو بیهێنن بەبەرچاوی خەڵکەوە (لێپرسینەوەو لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن) با ئەوانیش ئاگادار بن وبیبینن. جا کە ئیبراهیمیان هێنا وتیان باشە ئەی ئیبراهیم ئایا تۆ ئەمەت

کردووه به خواکانمان؟! ئەویش وتی: (بۆچی لەمن دەپرسن، خۆ بتە گەورەکە ساغ و سەلیمە) نەخێر، هەرکاری ئەو بتە زلەیە، دە لێیان بپرسن ئەگەر قسەدەکەن وتیێ دەگەن!!.

جارێکی تر دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی خوا فەرمانی کردووە بە موسڵمانان لە ئیسلامدا، خوا فەرمانی کردووە بە پێغەمبەرەکەی وباوەڕداران بەوەی کە دلڕەق و توند نەبن و ئاشتەوایی بکەن لەگەڵ دوژمنەکانیاندا ئەگەر ویستیان شەڕنەکەن و باڵی ئاشتیان درێژکرد و پیلان وئاژاوەگێڕیان نەکرد دژ بە موسڵمانان.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾{الأنفال: ٦١} واتە: ئەگەر دوژمنان مەیلی ئاشتیان هەبوو تۆش ئەی محمد ﷺ مەیلی ئەوە بکە وە پشت بە خوا ببەستە بەڕاستی هەر ئەو زاتە بیسەری زانایە.

وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً (٩٠)﴾{النساء} .

واته: ئەگەر ئەوانە دووره پەرێز وكەنارگیر بوون لەئێوەو جەنگیان لەگەڵ نەكردن ورێبازی ئاشتیان گرتەبەر وملكەچ بوون، ئەوە خوا هیچ ڕێگەیەكی دانەناوه بۆ ئێوه بەسەر ئەوانەوه كەشەڕیان پێ بفرۆشن بیانكوژن یان بەدیل بیانگرن.

بۆ ئەوەی بیسەلمێنین بۆ ئەو كەسانەی كە بانگەشەی ئەوه دەكەن گوایا دینی ئیسلام ئاینێكی توندڕەوەو توندوتیژه، لێیان دەپرسین ئەم بانگەشەیەی ئەوان چۆن یەك دەگرێ لەگەڵ ئەو پەیامەی ئیسلام كە بانگەواز بۆ سەلامەتی دوژمنان دەكات وبەڵكو فەرمان دەكات چاكەكاری بكرێت بەرانبەریان و دادگەر بن لەگەڵیاندا؟ ئەوەش بەئومێدی ئەوەی ئەو هەڵسوكەوتە جوانە ڕایان بكێشێت بۆ ئیسلام بوون و دڵنەرمی بنوێنن و دۆستایەتی وخۆشەویستی بەرپا بێت ودووربكەونەوه لە دوژمنایەتی و كوشتار لەگەڵ موسڵماناندا لەسەر دین.

ئەوەتا خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٨)﴾{الممتحنة} واته: دڵنیا بن كە خوا قەدەغەی ئەوەتا لێ ناكات كەچاك ڕەفتاری ودادپەروەری بكەن لەگەڵ ئەو كەسانەدا كە جەنگیان دژ

نەکردوون و دژایەتی ئاینیان نــەکردوون ولەشــوێنەوارتان دەریــان نــەکردوون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

لە هەمان سورەتدا و لە ئایەتێکی پێشوتردا دەفەرموێت: ﴿عَسَى اللَّهُ أَنْ يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُمْ مِنْهُمْ مَوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٧)﴾ واتــە: دڵنیــابن کــە خــوا خۆشەویســتی دەخاتــە نێــوان ئێــوەو ئەوانــەوە کــە دوژمنـایەتیتان لەگەڵ کردوون، جا ئەو کاتە گشت دەبنە برا.

لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە خوای گەورە فەرمانی کردووە بــە موســڵمانان کە لە دادگەری وڕاستڕەوی لانەدەن لە مامەڵەو هەڵسوکەوت لەگەڵ دوژمناندا هەرچەندە ڕقتان لێیان بێت، ئەوەتا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّــذِينَ آمَنُــوا كُونُــوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْــدِلُوا هُــوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾{المائدة: ٨} واتە: ئەی ئەوانــەی باوەڕتــان هێنــاوە، زۆر بەچــاکی هەستن بە ئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا، ڕق و دوژمنـایەتی هــیچ کەس وهیچ لایەك هەڵتان نەنێت کەلە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئــەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە. یاخود فەرمان دەکات بە پێغەمبەری خــوا ﷺ بەوەی بە دادگەری حوکم بکات و بڕیار بدات لە نێوانیاندا، وەکو دەفــەرموێت:

﴿وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٤٢)﴾{المائدة: ٤٢} واتە: خۆ ئەگەر دادوەریت کرد لەنێوانیاندا ئەوا دادپەروانە ئەنجامی بدە، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرو ماف پەروەرانی خۆشدەوێت.

لێبوردەیی ئیسلام بەرانبەر بەوی تر گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە هەموو مافێکی موسڵمانی داوەتە ئەو کەسەی کە بەزمان شاهێدی دەهێنێت، وە ئاگاداری موسڵمانانی کردۆتەوە بەوەی کە نهێنیەکانی دڵ وناخ هیچ کەس نایانزانێت وهەستیان پێ ناکات تەنها خوای باڵادەست نەبێت. وەکو لەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمْ السَّلَامَ لَسْتَ مُؤْمِناً تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَعِنْدَ اللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ كَذَلِكَ كُنتُمْ مِنْ قَبْلُ فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوا إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيراً (٩٤)﴾{النساء}.

واتە: ئەی کەسانێك کە بڕواتان هێناوە، کاتێك دەرچوون بۆ جیهاد کردن لە پێناوی خوادا هەموو شتێك ڕوون بکەنەوە، بەو کەسانەی کە سڵاوی موسڵمانانەتان لێ دەکەن نەڵێن تۆ بڕوادارنیت ! بەدوای شتومەك وسامانی دنیای دا بگەڕێن ئەوە لای خوا دەسکەوتی زۆر هەیە ئێوەش لەمەوپێش

هەروەها بوون (ئیمانەکەتان دەشاردەوە) ئینجا خوا منەتی نا بەسەرتاندا (بەهێز و زاڵی کردن) دەی کەواتە هەموو شتێك ڕوون بکەنەوە بەڕاستی خوا هەمیشە ئاگادارە بەوەی ئێوە دەیکەن.

بۆ ئەوەی بچووکترین گومان لە دڵی کەسدا دروست نەبێت، پێویستە هەڵوێستی پێغەمبەر ﷺ بیری خەڵك بهێنینەوە لە ڕووداوی ئوسامەی کوڕی زەید، کاتێك کە بێباوەڕێك دەکوژێت لەشەڕدا، کاتێك کە بێباوەڕەکە دەزانێت کۆتایی ومردنی نزیك بۆتەوە و شمشێر لەسەر گەردنی هەڵکێشراوە، ئالەو کاتەدا شایەتومان دەهێنێت کە خەریکە دەکوژرێت، بەڵام ئوسامە بەوەوە ناوەستێت و دەیکوژێت بەگومانی ئەوەی ئەم پیاوە لەترسانا وتوویەتی و ویستویەتی فێڵی لێ بکات، و بە بیروباوەڕی تەواوەوە نەیگوتوە بەڵکو بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت و دواتر هەر لەسەر دژایەتی کردنی ئیسلام وموسڵمانان بەردەوام بێت. جا کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ بەمەی زانی بە ئوسامەی فەرموو: " ئایا

بۆچی سنگیت هەڵنەدڕی بۆ ئەوەی بزانی بەڕاستی وتویەتی یاخود نا؟ ئەی لە ڕۆژی دواییدا چی بە وشەی لا إله إلا الله دەکەیت؟" متفق عليه[١].

بەو شێوەیە، تەنانەت ئەو دوژمنانەی کە دژی موسڵمانان دەجەنگن ڕەحم و بەزەیی لای موسڵمانان هەست پێ دەکەن – لەکاتێکدا ئەگەر پەشیمانی دەربڕن و شایەتومان بهێنن- بەوەی کە ژیانیان پارێزراو دەبێت و لێپرسینەوەو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت لەسەر ئەو کارانەی کە دەرهەق بە موسڵمانانی کردووە، و مافیانی پێشێل کردووە، کوشتاری کردون، وە هەریەکێك لەموسڵمانان ئەگەر گومانی لەنیەت پاکی ئەوانە هەبوو، دەبێت لەسەرەتادا گومانی چاکیان بۆ بەرێت، هەتا ئەو کاتەی کە بەدڵنیاییەوە بۆی دەردەکەوێت کە پەشیمان بوونەوەکەیان ڕاست نەبووە، جا لەو کاتەدا بەدادپەروەرانە پاداشتەکەیان وەردەگرن.

---

(١) رواه البخاري في كتاب المغازي باب بعث النبي ﷺ أسامة بن زيد إلى الحرقات برقم ( ٤٢٦٩)، ومسلم في كتاب الإيمان، باب تحريم قتل الكافر بعد أن قال لا إله إلا الله برقم (٩٦) واللفظ له.

# بەشی دووەم

## شەڕ و ئاشتی لە دیدی ئیسلامەوە

بۆ وەڵامی ئەو هەڵبەستانەی کە دروست دەکرێت گوایا ئیسلام بە هۆی هێزەوە بڵاوبۆتەوە، دەڵێین لە ڕاستیدا ئاینی ئیسلام ئاینی ئاشتیە، وە لە وشەی (السلام)ەوە وەرگیراوە واتە ئاشتی وسەلامەتی، بەڵام ئەم ئیسلامە قەدەری وا بووە کە ڕووبەڕوی کێشەو گرفت و دوژمنی سەرسەخت بێتەوە لەوەتەی خۆری ڕوناکی سەری هەڵداوە لە بیابانی عەرەبیدا، وە ئەم ڕووبەڕوبونەوەیەش هەربەردەوام دەبێت هەتا ئەو کاتەی خوای گەورە زەوی و ئەوەی تێیدایە دەیپێچێتەوەو کۆتایی پێ دەهێنێت، جا ئایا دەگونجێت خوای داناو کارساز واز لەم دینە حەقە بهێنێت بەبێ چەك و شەڕێك کە پشتیوانی لێ بکات و بەهۆیەوە بدات لە باتڵ و سەرشۆڕی بکات؟ بێگومان خوای گەورە پەیمانی داوە کە ئەم ئاینە بپارێزێت وە خوای گەورەش پەیمان شکێن نیە، وەکو دەفەرموێت:

﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (٩)﴾{الحجر}

واتە: بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووەو بێگومان هەرئێمەش پارێزگاری لیٚ دەکەین ودەیپارێزین.

ئاینی ئیسلام لەکاتی سەرهەڵدانیدا ڕوبەڕووی چوار بەرە بوویەوە: بەرەی خۆبەزلزان وسەرسەختەکان، ئەوانەی کە نەیاندەویست ئیسلام لەسەر پیٚ بوەستێت و دابمەزرێت، ئەمانەش پێکهاتبوون لە سەرسەختەکانی قورەیش وئەوانەی لەسەر ڕێبازی ئەمان دەڕۆیشتن لە سەردەمی بانگەوازی مەککەدا. پاشان بەرەی دوڕووەکان ئەوانەی کە بەڕوویەك پێشوازیان لە ئیسلام دەکرد و بەڕوویەکی تر پشتیان لیێ دەکرد. پاشان بەرەی ئەهلی کتاب لە جولەکەکان ئەوانەی کە ڕوبەڕوی ئیسلام وەستانەوە بەهەر هۆکارێك کەلەتوانایاندا بووبێت درێغیان نەکرد ئەمەش دوای سەردەمی کۆچ بوو، پاشان بەرەی ئەو کەسانەی کە ملکەچی ئیسلام بوبوون، بەڵام بەرگریان لیێ نەدەکرد بیٚ لایەن وکەنارگیر بوون، و بیێدەنگ دەبوون لەکاتی ڕووداوەکاندا، و چاوەڕوانیان دەکرد لەوەی ڕوو دەدات ئاخۆ بۆ بەرژەوەندی ئیسلامە یان زیان بە ئیسلام دەگەیەنێت.

سەبارەت بە سەرسەخت و خۆبەزلزانەکان ئەوا ئیسلام توانی بەبەڵگەی بەهێزی قسەبڕ وبێدەنگکەر بەرانبەریان بوەستێتەوەو حەق وڕاستیان بۆ ئاشکرا

بکات، جا ئەوەی خێرو هیدایەت بوو بەپشکی ئـەوا هیدایـەت دراو ڕازی بـوو بەوەی ئیسلام دینی بێـت، وە ئەوەشـی سـووربوو لەسـەر کەللـەڕەقی خـۆی و ئارەزووی زاڵ بوو بەسەریدا ئەوا ئیسلام دەسـتبەرداری بـوو، بـەڵکو هیدایـەت وەربگرێت وبگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست، ئەگەریش پەنای برد بۆ بەکارهێنانی هێز لە دژایەتی کردنـی ئیسـلامدا، ئـەوا موسـڵمانانیش لـەو کاتـەدا وەکـو ئەرکێکی ئاینی خۆیان فەرمانیان پێکراوە بەوەی جیهاد وتێکۆشـان بکـەن بـۆ بەرگری کردن لە خۆیان.

هەڵسـوکەوت ومامەڵـەی دروسـت و گونجـاو لەگـەڵ دوڕووەکانـدا ئـەو هەڵسوکەوتەیە کە موسڵمانان پیادەیان دەکرد بەرانبەریان، بەوەی کـە هەنـدێ جار نەرمیان دەنواند لەگەڵیاندا بە ئومێدی ئەوەی بەڵکو دڵیان بکرێتـەوە بـۆ وەرگرتنی حەق، وە هەندێ جاریش توند دەبوون بەانبەریان، ڕیسوایان دەکردن و تێیان دەگەیاندن بەوەی کە ئەو کارانەی ئەوان دەیکەن شاراوە نیە و دەیـزانن، و دوڕوییەکەیان لای موسڵمانان ئاشکراو دیارە، وە زۆر جـاریش ئایـەتی قورئـان لەسەریان دابەزیوە بۆ زیاتر ناساندنیان و هەڵدانەوەی نهێنیەکانیان، وەکو ئـەم ئایەتە:

﴿إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ (١) اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٢)﴾{المنافقون}

واته: ئەی پێغەمبەر ﷺ کاتێك دوڕووەکان دێن بۆ لات و دەڵێن: ئێمە شایەتی دەدەین کەتۆ پێغەمبەری خوایت !! لەحاڵێکدا کە خوا خۆی چاك دەزانێت کەتۆ پێغەمبەری ئەویت، لەهەمان کاتدا، خوا شایەتی دەدا کە ئەو ناپاك ودوڕووانە درۆزنن. ئەوانە سوێندی درۆیان کردووە بەقەڵغانی خۆیان وبەوهۆیەوە بەربەستی خەڵکیان کردووە لەڕێبازی خوا، بەڕاستی ئەوەی ئەوان دەیانکرد، کارێکی زۆر ناپەسەند ونابەجێ بوو.

مامەڵەو ڕەفتاری پێغەمبەری خوا لەگەڵیاندا نەرم ونیان و لەسەرخۆ بوو بە هیوای ئەوەی بەڵکو بگەڕێنەوە بۆ ژێری خۆیان و لەو دوڕوویی وناپاکیەیان وازبهێنن، وە لەبەر ئەوەش نەوەك خەڵکی بڵێن: محمد هاوەڵانی خۆی دەکوژێت، هەربۆیە چەکی دەستی پێغەمبەرو باوەڕداران لەوبارەیەوە ئەو ئایەتانە بوو کە دەهاتنە خوارەوە و ئابڕووی دوڕوەکانی دەبرد و مەبەست ونیەتی

پیس وچەپەڵیانی ئاشکرا دەکرد، وەکو دەفەرمویێت: ﴿وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَى

شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِئُونَ (١٤)﴾{البقرة}

واتە: کاتێك دورڕووەکان دەگەن بەوانەی باوەڕیان هێناوە دەڵێن: ئێمە ئیمانداریـن وباوەڕمان هێناوە !!، کەچی کاتێك بەتەنها دەمێننەوە لەلای شەیتانە گەورەو فێڵبازەکانیان دەڵێن: بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئێوەین، بێگومان ئێمە تەنها گاڵتەیان پێدەکەین وپێیان ڕادەبوێرین!!

لەگەڵ جولەکەشدا لەڕێگەی چیرۆکە قورئانیەکانەوە گفتوگۆ لەگەڵیاندا دەکرا وئەوبەسەرهاتانەی کەبەسەر گەلانی پێشوتردا هاتبوو دەدرا بەگوێیاندا، کە دەرخەرو ئاشکراکەری ئەوا ڕاستی و حەقیقەتانە بوون کە ئەوان دەیانزانی بەلاّم بەهۆی حەسودی و ڕق وکینەیانەوە بۆ ئیسلام شاردبوویانەوە، لەم قووناغەدا ئەمە چۆنێتی هەڵسوکەوت ومامەڵە بوو بەرانبەریان، پاشان دواتر فەرمان هات بە جیهادکردن لەدژیان کاتێك کە سووربون لەسەر دژایەتی کردنی ئەم دینە ولەهەوڵ وتێکۆشاندا بوون لەو پێناوەدا، وەکو دەفەرمویێت: ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلا بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ

وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ (٢٩)﴾ {التوبة} .

واتە: ئەی ئیمانداران دژی ئەوانە بجەنگن کە باوەڕی ڕاست ودروستیان بەخوا بەرۆژی قیامەت نیە وئەوشتانەی خواو پێغەمبەرەکەی بەحەرامیان داناوە بەحەرامی نازانن وپەیڕەوی دینی حەق نابن، لەوانەی کە کتێبیان پێ دراوە لە (گاورو جولەکە)، هەتا ئەو کاتەی بەناچاری وسەرشۆڕیەوە باج پێشکەش بەدەوڵەتی ئیسلام

دەکەن (لەجیاتی ئەوەی گیان ومال وسامانیان پارێزراوەو بەشداری جەنگ ناکەن).

وە ئیسلام مەنتقێکی هێمن ولەسەرخۆی بەکارهێناوە لەگەڵ بەرەی بێ لایەن وکەنارگیرەکان بە ئومێدی خێرو سەرفرازبوونیان، و کاریگەربوونی بانگەوازەکە و چەسپاندنی پرەنسیپە بەهێزو دامەزراوەکانی لەمێشك ودڵ ودەروونیاندا، بەڵکو وەڵامی بانگەوازەکە بدەنەوەو بەدەمیەوە بێن.

بەو شێوەیە ئیسلام بەمەنتقی سەلامەتی و لەسەرخۆ وبەڵگەی بەهێزەوە خۆی پڕچەك دەكرد بەرانبەر بە دوژمنەكانی، لەسەرەتادا جگە لەو دووشتە زیاتر هیچی بەدەستەوە نەبوو، بەهۆی ئەوانەشەوە بوو كەلەهەوڵی قەناعەت پێكردنی ڕكابەرەكانی دەكرد، بەڵام ناحەزانی ئیسلام قەڵس دەبوون بە بڵاوبوونەوەی ئەو ئاینە پاكە و ڕق وكینەیان زیاتر دەبوو كەدەیان بینی خەڵكی دەستەدەستە دەچنە ناو ئەو ئاینەوە، بۆیە دەستیان كرد بە پیلانگێڕی و نەخشەدانان بۆی و بەهێزی چەك وزۆرەملێ ڕێگریان لەخەڵك دەكرد لێی.

وە بیروباوەڕی موسڵمان دامەزراوو بتەوە، بەشێوەیەك كە ئامادەیە خۆی ومالْ و ئەهلەكەیشی بكات بە قوربانی ئیسلام، بەهیچ شێوەیەك ڕازی نابێت هیچ كەسێك دەستدرێژی بكاتە سەری وهەرگیز زەلیلی وسەرشۆڕی قبولْ ناكات، ئابەم یەقین وباوەڕەوە موسڵمانان پڕچەك بوون، بەشێوەیەك كە هەستیان بەبەهێزی ڕیزەكانی خۆیان وتوندوتۆڵی برایەتیان و هیممەت بەرزیان دەكرد و شكۆو سەربڵندی وهەیبەتی خۆیان لەپێش چاو بوو، بەهێزی بیروباوەڕیان و دڵسۆزیان بۆ ئیسلام لەئاستێكدا بوو كە بتوانن ڕێگربن لەو فێلْ وپیلانانەی كە دەكران بۆ كوژاندنەوەی ڕووناكی ئەو بانگەوازە ئیسلامیە، ئا لێرەوە جیهاد

وتێکۆشان لە پێناوی خوادا هاتە ئاراوەو خەبات وبەرخودان هاتە گۆڕێ بۆ پاراستنی عەقیدە. وە پێویستە موسڵمان باوەڕی بەهێزبێت بەپەروەردگاری خۆی و ئامادەی هەموو قوربانی دانێك بێت بەهەرشتێك کەهەیبێت لە پێناو بیروباوەڕەکەیدا، جا کە وەها موسڵمانێك هەبوو ئەوا دەبێت کەرەستەو تفاقی پێویستی لەبەردەستابێت کەبە هۆیەوە بتوانێت خۆی ودینەکەی پێ بپارێزێت، و بەرگری بکات وڕووبەڕوی ئەوانە بێتەوە کە دەستدرێژی دەکەنە سەری وستەمی لێ دەکەن، لەکاتێکدا شارەزاو لێزانە لەچۆنێتی بەکارهێنانیدا وهونەری شەڕکردن دەزانێت و خۆی ئامادەساز کردووە بە نوێترین وکاریگەرترینی ئەو چەك وئامرازانەی کە پێویستن بۆ ئەو کارە گرنگە، ئەوەش وەکو گوێڕایەڵیەك بۆ خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ﴾{الأنفال: ٦٠}

واتە: هەرچی لەتواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنەگەڕو ئامادەی بکەن (هێزی ئاسمانی ودەریایی و وشکانی ...) ولەئامادەکردنی هەموو جۆرە ئەسپ وهۆی تری گواستنەوە کەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن. ئەگەر سەرنج بدەن وشەی ﴿تُرْهِبُونَ﴾

لەئایەتەکەدا ئاماژەیەکی گەورەو بەهێزی لەپشتەوەیە دەربارەی گرنگی خۆسازدان و ئامادەسازی بۆ دوژمن.

جا ئیسلام ئاینی ئاشتی وسەلامەتیە، بەڵام ئاینێکی لاواز نیە (ئاشتیخوازیەکەی

بەهۆی لاوازیەوە نیە)، وە موسڵمان دەستدرێژی ناکات و ناهێڵێتیش دەستدرێژی بکرێتە سەری، ستەم ناکات و بەڵکو ستەم لەخۆی دووردەخاتەوە، ئەو لە هەڵوێستی بەرگریدایە لەخۆی، ناونابرێت بە شەڕەنگێز و ستەمکار. لەبەر ئەمەیە ئەو ناوەی کەبۆ شەڕو جەنگ دەستنیشانی کردووە بریتیە لە (جیهاد) بۆ ئەوەی هەرلە خودی ناوەکەوە گومانی ستەم ودەستدرێژی دروست نەبێت بۆ سەر بەرانبەر ئەگەر بهاتبایە لەجیاتی ئەو وشەیە بوترایە (الحرب). ئیسلام ڕازی نابێ بەوەی کەشوێنکەوتووانی یەخسیرو سەرشۆڕو زەلیل بن، چونکە موسڵمان تاکێکی بەهێزی بێ ستەمە، توندێکی دادپەروەرە، تۆڵەسێنێکی بێ زیادەڕەوە، بالادەست ودەسەڵاتدارێکی خاکی و خۆبەکەم زانە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (١٩٠)﴾{البقرة}.

واتە: بجەنگن لەپێناوی خوادا دژی ئەوانەی کە دژتان دەجەنگن، و نەکەن دەستدرێژی بکەن (دژی منداڵ ومالاَت و...) چونکە بەڕاستی خوا ئەو دەستدرێژکەرانەی خۆشناوێت.

یان لە ئایەتێکی تردا لەهەمان سورەتدا دەفەرموێت: ﴿وَلا تُقَاتِلُوهُمْ عِنْدَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِنْ قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ (١٩١) فَإِنْ انتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (١٩٢)﴾ .

واتە: مەجەنگن دژی کافران لەسنووری مزگەوتی حەرام (کەعبە)دا هەتا ئەوان شەڕتان پێ نەفرۆشن ونەجەنگن دژتان، خۆ ئەگەر شەڕیان پێ فرۆشتن وجەنگان دژتان ئێوەش بجەنگن دژیان، چونکە هەر ئاوایە پاداشتی ئەو بێباوەڕانە. خۆ ئەگەر ئەوانە کۆڵیان دا و شەڕیان وەستان، ئەوە خوا زۆر لێبوردەو میهرەبانە.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَقَاتِلُوا الْمُشْرِكِينَ كَافَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَافَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ (٣٦)﴾{التوبة} واتە: بجەنگن لەدژی بت پەرستان بەتێکڕا هەروەك ئەوان دژی ئێوە دەجەنگن تێکڕا بشزانن کەبەڕاستی خوا لەگەڵ پارێزکاراندایە بەچاودێری وپاراستن.

جیهاد لە پێناوی خوادا بلاوکردنەوەیە بۆ ئـاینی ئیسـلام ئـاینی ئاشـتی، و بـەرگری لـەخۆ و بیروبـاوەڕ، جیهـادیش زۆر لـەوە دورتـرە کەبـەبێ ئاگـایی وکەمتەرخەمی وتەمبەڵیەوە ئەنجام بدرێت، لەبەر ئـەوەی (ئەگـەر بەوشـێوەیە کرا) ئەوا دەبێتە هۆی ڕوودانی کارەساتێکی لـەناکاوی وەهـا کـە زەرەرو زیـان بـەڕیزی موسـڵمانان وخـودی ئیسـلامیش دەگەیـەنێت، هەربۆیـە سـووربوون وبـەئاگابوون دوو ئـەرکی گـرنگ وپێویسـتی وەهـان کـەنابێت دەسـتبەرداری هەردووکیان یان یەکێکیان بیت.

بۆ پاراستنی گیان سووربون پێوستە، وچاودێری سیخوڕەکان، چونکە ئـەوەی ئەوان پێی هەڵدەستن دوورنیە ببێتە سەرچاوەی دارِمان و لەناوچوونی موسڵمان، لەبەر ئەمەیە ئیسلام خوێنی سیخوڕی حەڵاڵ کردووە، ئاشـکرایە کـە سـیخوڕ دەستپێشخەرە بۆ شەڕ لەبەر ئەوەی نیەتی داڕوخان و خاپوورکردنی هەیـە، جـا ئەگەر دەستگیرکرا ئەوا کوشتنی حەڵاڵە. چونکە کارەکانی پێشەکین بۆ ڕوودانی شەڕو کوشتار، لەکاتێکدا زانیاری کۆدەکاتەوەو تەنانەت لەژێر رۆشـنایی ئـەو زانیاریانەدا ئایندەی شەڕەکەش دیاری دەکرێت، بۆیـە ئـەو چەکە هیچـی لـە چەکی کوشندە کەمتر نیە لە تۆپ وتفەنگ و فڕۆکە.

لەکاتێکدا ئیسلام بانگەوازی ئاشتی وسەلامەتی دەکات، بۆیە ناموسڵمانەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ئەوپەڕی بێباکی و ئاسایشی بۆ دابین کردوون و گیان وماڵ و منداڵیان پارێزراوە، جا ئەوەشی ناپاکی لە سپاردە وئەمانەت بکات و خیانەت بکات لەو کەسەی کەبۆی چاکە وباشەی بۆ دەکات، و دۆستایەتی بێباوەڕان ودوژمنانی دینی ئیسلام بکات و لایەنگیری ئەو لایەنە بکات کە تەنانەت دەستدرێژی دەکاتە سەر ماڵ ومنداڵی، وئەوانەی هەمیشە لە بۆسەدان بۆ موسڵمانان وئیسلام، ئەوا ئاینی ئیسلام بەدروستی نازانێت کە هاوکاری بکرێت و پارێزگاری لێ بکرێت.

خوای پەروەردگار دەفەرمویت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ﴾{الممتحنة: ١} واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە دوژمنانی من وخۆتان مەکەن بە دۆستی گیانی بەگیانی، لەکاتێکدا سۆز وخۆشەویستی خۆتانیان بۆ دەردەبڕن.

فێڵ وتەڵەکەی کەسانی لاواز وبێ دەسەڵات موسڵمانان تورە ناکات و سەرگەرمیان ناکات، ئەو موسڵمانانەی کە گیان ودەروونیان بەرزەو رۆحیان بەنرخترو شکۆدارترە لەوەی تۆڵە لە مرۆڤی لاواز و بن دیوار بکەنەوە کە

بەهێزنین. هەربۆیە ئەوان تەنانەت لەکاتی شەڕ وکوشتارو توندوتیژیشدا بەڕەواو حەلاڵی نازانن بۆ خۆیان کە ئافرەت ومندالٚ وپیـروبەساڵاچوو بکوژن.

ئەوەتا پێشەوا بوخاری فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کـە ئـافرەتێکی کـوژراوی بینیـوە لەیـەکێك لـە جەنگەکانـدا تـوڕە بـووەو فەرموویەتی " ما كانت هذه لتقاتل "[١] ، واتە: ئەمە بۆ شەڕو کوشـتار نیـە، بۆیە هـەرگیز لـەکاتی شـەڕ و ڕوبەڕوبونـەوەدا تـوخنی پـیرو بەساڵاچـوو ئـەو کەسانەی کەگۆشەگیرن بۆ خواپەرستی نەدەکەونەوە، چـونکە لـە موسـڵمانانـدا ڕەوشت وئاکار و ڕۆحێکی بەرز وشکۆداری وەها هەیە کـە دەسـتبەرداری نـابن تەنانەت لە ناخۆشترین و لاوازترینی ساتەکانیشدا، دەبینی هەمیشە دادگـەری دەچەسـپێنن و دووردەکەونـەوە لـە سـتەم ودەسـتدرێژی تەنانـەت لەگـەڵ خراپەکارانیشدا. هەرگیز موسڵمانان دەستی ناپـاکی وخیانـەت و سـتەمکردن درێژناکەن بۆ ئەنجامدانی خراپە بەرانبەر کەسانی لاوازو بێ دەسەڵات و نەخۆش و ئەوانەی شەڕکەرنین وبەشداری شەڕیان نەکردووە.

---

[١] رواه أبوداود، في كتاب الجهاد بابا في قتل النساء برقم (٢٦٦٩) ، وأحمد في مسنده (٢/ ١١٥ ) وقال الألباني: حسن صحيح.

لــە بورەیــدەوە ﵁ دەگێڕێتــەوە دەڵێــت: کــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ کــە فەرماندەیەکی بۆ لەشکرو سوپایەك دەستنیشان دەکـرد وەسـیەتی بـۆ دەکـردو دەیفەرموو: " اغْزُوا وَلَا تَغُلُّوا، وَلَا تَغْدِرُوا، وَلَا تَمْثُلُوا، وَلَا تَقْتُلُوا وَلِيدًا "[٢].

واتە: لەپێناوی خواد بجەنگن و وخیانەت لە دەستکەوتی شـەڕ مەکـەن تـا دابەش نەکرێت و غەدر مەکەن، لاشەی کوژراوان مەشێوێنن، منداڵ مەکوژن.

عبداللە دەیگێڕێتەوە کە ئافرەتێك لەیەکێك لەغـەزاکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە کـوژراوی دۆزرایـەوە، زۆری پـێ نـاخۆش بـوو کـە ئـافرەت ومنـداڵ بکوژرێن[٣].

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە خالدی کوڕی وەلید کـرد ﵁ لەیـەکێك لە جەنگەکانیدا بەوەی کە ئافرەت و پیر نەکوژن[١].

کاتێك کـە پێشـەوا ئـەبوبکر ﵁ سـوپاکەی ئوسـامەی بـەڕێکرد لەسـەر وەسیەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاری خـۆی وسـەربازەکانی بـەم شـێوەیە

---

[٢] رواه مسلم في كتاب الجهاد باب: تأمير الإمام الأمراء على البعوث ووصيته إياهم... برقم (١٧٣١).

[٣] أخرجه البخاري برقم: (٢٨٥١).

[١] رواه أبوداود في كتاب الجهاد باب في قال النساء برقم (٢٦٦٨- ٢٦٦٩).

کرد: " خیانەت وناپاکی مەکەن وغەدر مەکەن وخیانەت لە دەستکەوتی شەڕ مەکەن تا دابەش نەکرێت، منداڵ وئافرەت وپیروبەساڵاچوو مەکوژن، دارو درەخت مەبڕنەوەو هیچ ئاژەڵێکیش مەکوژن مەگەر بۆ خواردن نەبێت"[٢].

وە بۆ ئەوەی وێنای ئیسلام بەڕوونی وسپیەکەی خۆی بمێنێتەوە و دووربێت لەهەموو گومانێك، ئیسلام جیهادی فەرز نەکردووە لەسەر موسڵمانان تەنها لە دوو حاڵەتدا نەبێت:

**یەکەم:** حاڵەتی بەرگری کردن لە گیان و ماڵ وناموس. ئەمەش وەکو لەم ئایەتەدا بەڕوونی دیارە: ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (١٩٠)﴾{البقرة} .

واتە: بجەنگن لە پێناوی ڕێبازی خوادا دژی ئەوانەی کە دژتان دەجەنگن، نەکەن دەستدرێژی بکەن (دژی ژن ومناڵ وماڵات و ....هتد) چونکە بەڕاستی خوا ئەو دەستدرێژکەرانەی خۆش ناوێت.

---

[٢] رواه أبوداود برقم (٢٦٦٩). وابن ماجة ٢/٩٤٧ برقم (٢٨٤١) ، والدارمي (٢/ ٢٢٢).

وە لەم حاڵەتەدا دەبێت کەس دوودڵ نەبێت لە جیهاد کردن وبەرگری، ئـەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " مَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَـهِيدٌ، وَمَـنْ قُتِـلَ دُونَ أَهْلِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ قتِلَ دُونَ دِينهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ قُتِـلَ دُونَ دَمِـهِ فَهُـوَ شَهِيدٌ " رواه البخاري وغـيره[١]. واتە: ئـەوەی لەســەر ماڵەکـەی بکوژرێــت ئـەوە شەهیدە، وە ئەوەی لەسەر ئەهلەکەی بکوژرێت ئەوە شەهیدە، وە ئەوەی لەسـەر دینەکەی بکوژرێت ئەوە شەهیدە، وە ئـەوەی لەســەر خـوێنی بکوژرێــت ئـەوە شەهیدە.

وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: " مَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ "[٢].

**حاڵەتی دووەم:** بریتیە لە بەرگری کـردن لـە بانگـەوازی ئیسـلامی ئەگـەر هاتوو کەسێك وەستا لەبەرانبەری ونەیدەهێشت بڵاوبێتەوەو ڕێگری خەڵکی تری لێ دەکرد لەوەی ببنە موسڵمان، بەڵام ئەوانەی شەڕکەر نین ئـەوا دروسـت نیـە کوشتاریان بکرێت وشەڕیان لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەوە ستەمە، وە هەروەها

---

[١] رواه أبوداود في كتاب السنة باب في قتال اللصوص برقم (٤٧٧٢) والترمذي في كتاب الديات باب من قتل دون ماله فهو شهيد برقم (١٤٢١).

[٢] رواه البخاري في كتاب المظالم باب من قاتل دون ماله برقم ( ٢٤٨٠).

ئەوانەشی کە بەشداری گەلەکەی خۆیان ناکەن لە شەڕکردن دژ بە موسڵمانان، و ناچنە ڕیزی سەنگەری دژبە ئیسلامەوە، ئەوا ئەو جۆرە کەسانەش دروست نیە کوشتاریان لەگەڵدا بکرێت وبکوژرێن، و نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەریان، ئەوەش لەپێناو گەورەیی وپایەبەرزی ئیسلامە لەوەی ئازاری کەسێك بدەن کە شایستە نەبێت.

هەروەها حاڵەتی سەرخستنی برا موسڵمانە لاوازو ژێردەستەکان کە بێباوەڕان دەیانچەوسێننەوە ئەوەش دەچێتە ژێر حاڵەتی یەکەمەوە، چونکە گیان وماڵیان لەمەترسیدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمْ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٧٢)﴾ {الأنفال}

واتە: ئەگەر ئەو موسڵمانانەی کە دەچەوسێنرێنەوە لای بێباوەڕان داوای یارمەتیان لێ کردن ئەوا پێویستە بچن بەهانایانەوە ویارمەتیان بدەن.

بەڵام ئەم یارمەتی دانەتان دەبێت بەو مەرجە بێت کە ئێوە پەیمانی شەڕنەکردنتان لەگەڵ ئەو بێباوەڕانەدا نەبێت، خۆ ئەگەر پەیمان هەبوو لەنێوانتاندا، ئەوە نابێت بچن بەهانای ئەو موسڵمانانەوە، چونکە نابێت پەیمان

شکێنی بکەن، خودایش ئاگادارە بەوەی دەیکەن وهیچی لێ بزرنابێت، دەبێت لەو سنوورە نەترازێن کە دیاری کردووە بۆتان و ملکەچی گشت فەرمان وبڕیارەکانی بن. هەربۆیە مرۆڤی موسڵمان پەیمان ناشکێنێت و بەڵێن هەڵناوەشێنێتەوە و خاوەن قسەی ڕاستی خۆیەتی. بەڵام ئەو بێباوەڕانەی کە پەیمانەکەیان دەشکێنن و بەڵنەکەیان نابەنە سەر لەگەڵ موسڵمانەکاندا، ئەوا خوای گەورە حەڵاڵی کردووە جەنگ دژیان بکرێت ووەڵامی ناپاکیەکەیان بدرێتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلا بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنْ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ (٢٩)﴾{التوبة} .

واتە: ئەی ئیمانداران دژی ئەوانە بجەنگن کە باوەڕی ڕاست ودروستیان بەخوا بەرۆژی قیامەت نیە وئەوشتانەی خواو پێغەمبەرەکەی بەحەرامیان داناوە بەحەرامی نازانن وپەیڕەوی دینی حەق نابن، لەوانەی کە کتێبیان پێ دراوە لە (گاورو جولەکە)، هەتا ئەو کاتەی بەناچاری وسەرشۆڕیەوە باج پێشکەش بەدەوڵەتی ئیسلام دەکەن (لەجیاتی ئەوەی گیان وماڵ وسامانیان پارێزراوەو بەشداری جەنگ ناکەن).

بێگومان پێغەمبەری خوا ﷺ شەڕی لەگەڵ جولەکەکان کرد، لەبەر ئەوەی ئەو پەیمانەیان شکان کە دابوویان بەموسڵمانان، وەشەڕکردنەکەی پێغەمبەریش تەنها وەکو بەرگری کردن بووە لەدین وموسڵمانان یان بۆ وەستاندنی ستەم ودەستدرێژی بووە. جابۆیە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام واجبە. بەڵام ئەوەشی ئارەزووی نەبێت بێتە ناو ئاینی ئیسلامەوەو رێگری لەو بانگەوازەش نەکات و شەڕ نەکات و هاوکاری ودۆستایەتی دوژمنانی موسڵمانان نەکات ئەوا شەڕی لەگەڵدا ناکرێت.

یەکێك لەنیشانەکانی سووربونی ئیسلام لەسەر ئاشتی وسەلامەتی ئەوەیە کە رێگری کردووە لەشەڕکردن لەکاتێکدا ئەگەر بچووکترین گومان هەبوو لەوەی لەو شەڕەدا ستەم وزوڵم کردن ڕووبدات بەرانبەر ئەو لایەنەی شەڕی بەرانبەر دەکرێت، جا ئەوەی موسڵمان بێت ئەگەریش بەڕووکەشی بێت، دروست نیە شەڕی لەگەڵدا بکرێت، و زۆریش ناکرێت لەکەس بۆ موسڵمان بوون، وە ئەوەی چەکی بەرز نەکردەوە بەڕووی موسڵماناندا ئەوا شەڕکردن لەگەڵیدا رێگەپێدراو نیە. بۆیە ئەو خواپەرستانەی کە گۆشەگیربوونە بۆ عیبادەت لە دێرو کڵێساکاندا و بەشداری شەڕیان نەکردووە بەشێوەیەك لەشێوەکان دروست نیە کوشتاربکرێن و ئەوەی نەکەوتە نێوان موسڵمانان و خواپەرستیانەوە و

ڕێگری نەکرد لەوەی دروشمی موسڵمانانەی خۆیان بە ئاشکرا دەربـبـڕن دیسـان دروست نیە شەڕیان بەرانبەر بکرێت، وە ئەو لاوازو بێ دەسەڵاتانەی کە توانـای چەك هەڵگرتنیان نیە وەکو منداڵ وئافرەت وپیرو نەخۆش دروست نیە شـەڕیان بکـوژرێن، بـەڵام ئـەوەی شـەڕی کـرد یـان یارمـەتی شـەڕکەرانی دەدا ئـەوا دەستپێشخەری کردووە و تاوانەکەی لەسەر خۆیەتی.

پێشـتر ئامـاژە بـەو سـوپایە کـرا کـە پێشـەوا ابـوبکر رضي الله عنه بـەڕێی کـرد وئامۆژگاری کردن بەوەی منداڵ وژن وپیر نەکوژن وئاژەڵان نـەکوژن مەگـەر بـۆ خواردن نەبێت.

## حوکمی جیهاد سەبارەت بە موسڵمانان

جیهاد کردن لەسێ حاڵەتـدا دەبێتـە فـەرزی عـەین[١] ، بەشـێوەیەك کـە دروست نیە کەس بەجێ بمێنێت ودەرنەچێت بۆ جیهاد ، ئەو سێ حاڵەتەش بریتین لە:

[١] واتە دەبێت هەموو تاکێك بەو ئەرکە هەستێت، ئەگەرنا تاوانبار دەبێت.

١. كاتێك كە ئامادەی مەیدانی جەنگ دەبێت و لەڕیزی شەڕدا دەوەستێت، نابێـت ئەو شوێنە جێ بهێڵێت و پاشگەز بێتەوە.

٢. كاتێك كە دوژمن ئابڵوقەی شوێنێك یان ئەو شارە دەدات كە موسڵمانانی تێدا نیشتەجێیە.

٣. كاتێك كە حاكم وكاربەدەست كەسێك دەستنیشان دەكات وڕای دەسپێرێت بۆ جیهاد.

لەم سێ حاڵەتەدا دروست نیە بۆ كەس كە جێ بمێنێت لە جیهاد كردن، بەڵام ئەوەش بەپێی چەند مەرجێكە كە ئەمانەن: نـێـر بێـــت، عـاقـڵ بێـت، بالـــغ بێت، لەش ساغ وتەندروست بێت، ئەوەندە سامان ودارایی هەبێت كەبەشی ماڵ ومنـاڵەكەی بكات هەتا دەگەڕێتەوە لە جیهاد، جا ئەگەر هاتوو ئەم مەرجانــەی تێدا نەبوو ئەوا واجب نابێت لەسەری.

جیهاد فەرزی كیفایەیە بەمانای ئەوەی ئەگەر كۆمەڵێك بەو ئەركـە هەســتن ئەوا كەس تاوانبار نابێت ولەبری هەموویانە، خوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمَـا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا كَافَّةً﴾{التوبة: ١٢٢} واتە: ڕەوا نیە هەرچی ئیماندار هەیە هەموو بەجارێك بچن بۆ غەزا، وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " لینبعث

من كل رجلين أحدهما، والأجر بينهما "[1] واتە: بـا لـە هـەموو دوو پیاوێـك یەكێكیان دەربچن بۆ غەزا و پاداشتەكەش هاوبەشە لەنێوانیاندا.

وە پرس كردن بە دایك وباوك بۆ چوون بۆ جیهاد واجبە، ئەگەر فەرزی كیفایە بوو، بەڵام ئەگەر فەرزی عەین بوو ئەوا پرسیان پێ ناكرێت.

ئەم سەربوردە خێرایە ڕوونی كردەوە بە جوانی كە چۆن ئاینی ئیسـلام ئـاینی ئاشتی وسەلامەتیە، وهەرگیز پەنا نابات بۆ شـەڕ وكوشـتار مـەگـەر لەچـەند حاڵەتێكی پێویستدا نەبێـت، ئەوەش لەگەڵ ڕەچاو كردن وچاودێری وپاراسـتنی تاكێك لەتاكەكانی دوژمن لەوەی كە غەدر وستەمی لێ بكرێـت ودەسـتدرێژی ناڕەوای بكرێتە سەرو یان لاوازی وبێ دەسەڵاتیەكەی بقۆزرێتەوە یاخود بەناحەق ئازارو ئەشكەنجە بدرێت لەبری تاوانێك كە كەس وكارەكـەی كردبێتـی (خـۆی نەیكردبێت) مەگەر یارمەتی جەنگاوەرانی دابێت وسەریانی خستبێت. ئەمەش لەڕاستیدا ئەوپەڕی شكۆداری وسەربڵندیە بەهەموو شـێوەو مانایەكیـەوە، جـا چۆن وبە چ مـەنتقێك دەوترێـت: ئاینی ئیسلام ئـاینی زۆرداری و خۆسـەپێنە و بەزەبری شمشێر بڵاوبۆتەوە؟

---

[1] رواه مسلم في كتاب الإمارة باب فضل إعانة الغازي في سبيل الله برقم (١٨٩٦).

ئایا هیچ ولاتێك هەیە وهەبووە لەمێژووی نوێ و كۆندا لەهــەموو جیهانــدا كە هەوڵی نەدابێت یان هەوڵ نەدات خۆی وسنوورەكەی بپارێزێـت، بـۆ ئـەوەی نەبێتە نێچیر بۆ هێرشی دوژمن وناحەزان چاوی تەماحی تێ نەبڕن؟

ئایا جیهاد بیدعەیەكە كە ئیسلام دای هێناوەو پێشتر نەبووە؟

ئایا لە شەریعەتەكانی پێشوودا نەبووە؟

ئایا پێغەمبەر موسی ﷺ جیهادی درێژخایەنی نەكردووە؟

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ اذْكُـرُوا نِعْمَـةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنْبِيَاءَ وَجَعَلَكُمْ مُلُوكاً وَآتَاكُمْ مَا لَمْ يُـؤْتِ أَحَـداً مِـنَ الْعَالَمِينَ (٢٠) يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُـمْ وَلا تَرْتَـدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ (٢١)﴾ {المائدة} .

واتە: یادیان بێنەوە كاتێك موسا بەقەومەكەی ووت: ئەی قەوم وعەشیرەتـم یادی نازو نیعمەتی خوا بكەنەوە لەسـەرتان كـە پێغەمبـەرانی لـەناو ئێـوەدا فەراهەم هێناوە، هەروەها پاشای زۆری لەناوتاندا هەڵخستووە، ئـەوەی بـەئێوە بەخشیووە بەكەسی تری نەبەخشیوە لەو خەڵكە بێ شومارەی (ئەو سـەردەمە)،

ئەی قەوم و عەشیرەتم بچنە ناو ئەو زەویە پیرۆزەی (القدس)، کە خوا پێویستی کرد لەبەر سوودی خۆتان بچنە ناوی، پاشگەز مەبنەوە و پاشەکشێ مەکەن تاخەسارەتمەندو زەرەرمەند نەبن.

وە ئایا جیهاد لەپاش موسا بەردەوام نەبوو؟

خوای گەورە دەفەرمویّت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلإِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَهُمْ ابْعَثْ لَنَا مَلِكاً نُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِتَالُ أَلاَّ تُقَاتِلُوا قَالُوا وَمَا لَنَا أَلاَّ نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِنْ دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمْ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلاَّ قَلِيلاً مِنْهُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ (٢٤٦)﴾{البقرة}.

واتە: ئایا نەتبیستووەو نەترِوانیوەتە بەسەرهاتی دەستەیەك لەگەورە پیاوانی

نەوەی ئیسرائیل لەدوای موسا کاتێك بە پێغەمبەرەکەی خۆیانیان ووت: پاشایەك یان سەرکردەیەکمان بۆ دیاری بکە وبنێرە تا لە پێناوی خوادا بجەنگین، پێغەمبەرەکە ووتی: باشە ئەی ئەگەر جەنگتان لەسەر برِیاردراو

خەریك بـوو یەخـەتان بگرێـت و(لەوكاتەدا)پەشـیمان بوونـەوەو نەجـەنگان؟ (لەوەڵامدا) وتیان: چـیمانە كەلـە پێنـاوی خـوادا نەجـەنگین، لـە كاتێـكدا دەربەدەركراوین لە ماڵ ومناڵ وولاتمان بووین، كەچی كاتێك جـەنگیان لەسـەر بڕیاردرا، تەنها كەمێكیان نەبێت ئـەوانی تـر هـەموویان پشـتیان هـەڵكردو پەشیمان بوونەوە، خوایش زاناو بەئاگایە بەستەمكاران.

وە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوانێك بوون ڕاسـتگۆبوون لـەو پـەیمان وبەڵێنەی كە دابوویان بەخوای خۆیان، ئەوان باوەڕی بەتین وبتەویان بەشێوەیەك بوو كە لەهەموو ناخ وگیانیاندا قـوڵی دەدا وهـەموو جومگـەكانی ژیانیـانی پڕنوور كردبـوو، بـاوەڕ پـەڕەی دڵیـانی پۆشـیبوو بـەجۆرێك كـە ئامـادەبوون لەپێناویدا هەموو شتێكی گران بەها و بەنرخ ببەخشـن وبیكـەن بـەقوربانی، بۆیە لەو پێناوەدا تووشی جۆرەها سزا وئازارو ئەشكەنجە هاتن و تاڵ وسـوێریان چەشت بەدەست بێباوەڕانەوە بەڵام بـەهۆی ئارامگریـان وهیممـەت بەرزیانـەوە گوێیان پێی نەدەدا وهەمیشـە چـاویان لـە ئاینـدەبوو لـەوەی كـە دڵنیـابوون ئاسۆیەكی ڕوون هەڵدێت و پێكەوە دەحەسێنەوەو ئاسوودە دەبن، هەربۆیە گیانی خۆیان كرد بـە فیـدای دینەكـەیان وبـەرگریان لێـی كـرد و وەكـو شمشـێرێك

وەستانەوە بەڕووی سەرسەخت وستەمکاراندا، و خۆیان بەخشی بـەخوا و رۆحـی خۆیان فرۆشت لەپێناوی بەدەست هێنـانی ڕەزامەنـدی خـوای پـەروەردگاردا، و بەچاوەڕانی وئومێدی پاداشتەوەو چوونە بەهەشت، هەموو غەم وبیرێکیان بریتی بوو لەبەرزکردنەوەی ئالأی پاکی ئیسلام و سەروەری ئـاینی ئیسـلام و هێنـاوەی سەربەرزی وشکۆ و عیززەت بۆ ئیسلام، ﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾.

کتێبەکانی مێژو و ژیاننمانە چەندین نموونەی پرشنگدار دەگێڕنـەوەو باسـی دەکەن سەبارەت بە جیهادی موسڵمانان لەسـەردەمی پێغەمبـەری خـوا ﷺ و سەردەمی جێنشینەکاندا، بۆ ئەوەی درۆزن وبوهتانکەران بـۆ ئیسـلام بێـدەنگ بکات، وا چەند نموونەیەك باس دەکەین:

پێغەمبەری خوا ﷺ لە رۆژی بەدردا پرس و ڕاوێـژی بـە هاوەڵـەکانی کـرد سەبارەت بە شەڕی بێباوەڕان وهاوبەش پەیداکـەران، بـۆ ئـەوەی بزانێـت تـا چ ئەندازەیەك باوەڕیان دامەزراوە و صدق وئیخلاص و دڵسۆزیان هەیـە، ئـەوەبوو ئەبوبکر رضي الله عنه هەستاو قسـەی باشـی کـرد وپشـتگیری خـۆی دەربـڕی، پاشـان عـومـەر رضي الله عنه هەستاو هەمان هەڵوێسـتی دەربـڕی، پاشـان میقـدادی کـوڕی ئەسوەد هەستا و ووتی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا: بـڕۆ بـۆ ئـەو شـوێنەی خـوا

فەرمانی پێکردووی وپێشمانکەوە، ئێمەش لەگەڵتین، سوێند بەخوا ئێمە وەکو بەنی ئیسرائیل ناکەین کە بە پێغەمبەرەکەیان ووت: " بڕۆ خۆت وخواکەت شەڕبکەن ئێمەش لێرەدا دادەنیشین وچاوەڕێ دەکەین" بەڵکو ئێمە پێت دەڵێین: بڕۆ خۆت وخواکەت شەڕبکە و ئێمەش لەگەڵتین بۆ شەڕکردن، ئەوەبوو پێغەمبەر بەچاکە باسی کردن ودوعای بۆ کردن، پاشان فەرمووی: " **ئەی خەڵکینە ڕای خۆتانم پێ بڵێن**"[١] ئەوەبوو سەعدی کوڕی مەعاز ﵁ هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا وەکو بڵێی مەبەستت ئێمەیە، ئەویش فەرمووی " **بەڵێ** "، سەعد ووتی: ئێمە بێگومان باوەڕمان پێت هێناوەو تۆمان بەڕاست زانیوە، وشاهێدیمان داوە ئەو پەیامەی کە هێناوتە حەق وڕاستیە، و لەسەر ئەوەش پەیمان وبەڵێنمان پێ داوی بەگوێڕایەڵی وملکەچی بۆت جا بڕۆ بۆ ئەو شتەی کە دەتەوێت، ئێمەش لەگەڵتین، سوێند بەوەی تۆی ناردووە بە حەق، ئەگەر مل بنەی بەو دەریایەوە ئێمەش شوێنت دەکەوین وکەسمان بەجێ نامێنێت ونەیەت، و پێمان ناخۆش نیە ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمنمان بکەیتەوە، من ئارامگرم لەشەڕدا و ڕاستگۆم لەکاتی

---

[١] سيرة ابن هشام/ج٢ ص ٢٥٣، ت: عبدالحميد محي الدين.

بەیەکگەیشتندا، بەڵکو خوا چاوت رۆشن بکا بەوەی پێت خۆشە ببینیت، جا بکەوە رێ پشت بەخوا. کە قسەکانی تەواو بوو پێغەمبەری خوا زۆری پێ خۆش بوو خۆشحاڵیەکەی بە ڕوومەتیەوە دیاربوو، بۆیە مژدەی سەرکەوتنی بەو خەڵکە دا و فەرمووی: " سيروا وأبشروا فإن الله قد وعدني بها إحدى الطائفتين، والله لكأني الآن أنظر إلى مصارع القوم "[٢].

**نموونەیەکی تر:** سەبارەت بە ڕێکردنی سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەیدە رضي الله عنه دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوەبوو ئەبوبەکر رضي الله عنه سووربوو لەسەر ناردن وبەڕێکردنی ئەو سوپایە، لەوکاتەدا کۆمەڵێك لە هاوەڵان چون بۆ لای پێشەوا ئەبوبەکر کە بریتیی بوون لەمانە: عومەر، عوسمان، أبو عبیدە، سعد بن أبی وقاص، سعید بن زید، وتیان: ئەی پێشەوا کارێك مەکە ببێتە هۆی پەرتەوازەیی ئەم سوپایە، بەڵکو ئەم سوپایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵگەڕاوەکان بەکاربهێنە لەمەدینەدا، و با ئەوانی پێ لەناو بدەین کە ناپاکیان لێمان کردووە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کەس پێمان نەوێرێ و نەتوانێ دەست درێژ بکات بۆ مەدینە (چونکە دەزانێت وەها سوپایەك لە

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

مەدینەدا هەیە)، لەکاتێکدا مەدینە منداڵ وئافرەتی زۆری تێدایە، بۆیە ئەگەر بکرێت جیهادی ڕۆم دوا بخەیت هەتا ئەو کاتەی دوژمنە نزیکەکانمان لەناو دەبەین، ویان ئەوەتا هەڵگەڕاوەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بیروباوەڕەی کەلێی دەرچوونە، یان شمشێر لەناویان دەبات، پاشان سوپاکەی ئوسامە بنێرە، ئێمەش دڵنیا نین لەوەی ڕۆم هێرشمان بۆ بکات.

دوای ئەوەی کە ئەبوبەکر جوان گوێی بۆ گرتن، پرسی: ئایا کەسێکتان ماوە کە بیەوێت شتێك بڵێت؟ وتیان: نەخێر ئەوەی وتمان بێگومان بیستت، جا ووتی: " سوێند بەوەی گیانی ئەبوبەکری بەدەستە، ئەگەر گومان ببەم کە درندە دەمخوات لە مەدینەدا (ئەوەندە چوۆڵ بێت لەسەرباز)، ئەوا هەر ئەم سوپایە دەنێرم ونابێت بگەڕێتەوە، چۆن ئەو کارە ناکەم لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا کە وەحی بۆ دێتە خوارەوە فەرموویەتی: " أنفذوا جيش أسامة "[١].

**نموونەی سێیەم:** دیسان بریتیە لە سووربونی پێشەوا ئەبوبەکر ﵁ لە کوشتاری هەڵگەڕاوەکان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئیسلام، لەگەڵ ئەوەی ڕاوێژی پێ کرا لەسەر ئەوەی کە کوشتار نەکرێن و وازیان لێ بهێنرێت مادام نوێژ

---

[١] انظر ابن كثير – (البداية والنهاية)، مكتبة المعارف/ بيروت (ج٦ ص ٣٠٤).

دەکەن، ئەگەر ئیمان بچێتە ناخی دڵیانەوە خۆیان ئەو کاتە زەکات دەدەن وملکەچ دەبن.

**نموونەی چوارەم:** بریتیە لەو بەسەر هاتەی کە عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەیگێڕێتەوە دەربارەی عومەری کوڕی خەتتاب، ئەویش ئەوەیە هەموو ئەو هاوەڵانەی کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە بە نهێنیەوە کۆچیان کرد بۆ ئەوەی بێباوەڕان پێیان نەزانن وڕێگریان لێ بکەن، تەنها عومەر نەبێت رضي الله عنه ، چونکە ئەو کاتێك ویستی کۆچ بکات شمشێرەکەی هەڵواسی وکەوانەکەی هەڵگرت و تیرێکی گرت بەدەستیەوە، پاشان رۆیشت بۆ لای کەعبە، کەلەو کاتەدا هەموو گەورەکانی قورەیش لەوێ بوون، ئەمیش حەوت جار تەوافی کرد وپاشان لای مەقام دوو ڕکعات نوێژی کردو ئینجا ڕووی کردە ئەوان و پێی وتن: **ئەوەی دەیەوێت دایکی ڕۆڵەڕۆی بۆ بکات ومنداڵی هەتیو بکەوێت و ژنەکەی بێوەژن بکەوێت، با لە پشت ئەم دۆڵەوە بێت بۆم شەڕم لەگەڵدا بکات (وا من کۆچ دەکەم بۆ مەدینە)**. ئەوەبوو کەس ڕێگەی پێ نەگرت وشوێنی نەکەوت.

**نموونەی پێنجەم:** کتێبی ژیاننمانەکان بۆمانی دەگێڕنەوە کە عوسمانی کوڕی عەففان رضي الله عنه زۆرێك لە ماڵەکەی دەبەخشی لە پێناو ئامادەکردنی

سوپاکاندا، بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خواو یەکخواپەرستی، تەنانەت ئەو سوپایەی کە (جیش العُسرة) بەناوبانگە هەمووی لەسەر ئەرکی خۆی بەڕێکرد وئامادەی کرد، جارێکی تریش سێ یەکی ئەو سوپایەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هۆزەکان ومەککە ناردی ئامادەی کرد، ئیتر لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا بە عوسمانی فەرمووە: " ما ضر عثمان ما عمل بعد اليوم "[١] .

**نموونەی شەشەم:** ئەو ئازایەتی و بوێریە کەم وێنەیەی کە عەلی کوڕی ابوتایب رضي الله عنه نیشانی دا کاتێك کە لە شوێنی نوستنی پێغەمبەردا مایەوە ئەو کاتەی کە کۆچی کرد بۆ مەدینە ﷺ ، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە پیلان وتەڵەکەی بێباوەڕان ودوژمنان، و ئەو نەخشەیەی کە کێشابوویان بۆ کوشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵام ئەو بڕیاری دابوو کە ڕۆحی خۆی بکاتە قوربانی پێغەمبەرەکەی.

لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ نموونە لەو بارەیەوە باس بکەین وبیگێڕینەوە ئەوا چەندین مجلد بەش ناکات وتەواوی ناکات، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئەوەیە کە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە کاتێك درۆ و بوهتانی بڵاوبونەوەی

---

[١] رواه الترمذي في كتاب المناقب، بابا في مناقب عثمان بن عفان رضي الله عنه ، ة حسنه الألباني في المشكاة برقم (٦٠٦٤).

ئیسلام بە شمشێر ڕەد دەدەینەوە، ئەمە مانای ئەوە نیە کە دەرئـەنجامی لاوازی و ترسنۆکی بووە.

ئێستاش دەگەڕێینەوە بۆ ڕەد دانەوەی ئەو تۆمەتانەی کە ڕووبـەڕوی ئیسـلام کراوەتەوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت کە ڕۆژهەڵاتناسـەکان باسـی لێـوە دەکـەن بەوەی کە ئیسلام بە زەبری شمشێر بلاوبۆتەوە.

ئایا ئەو وەڵامانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆ کرا بەهێزترن لـەو ئایەتـەی کـە خوای پەروەردگار (عزوجل) تێیدا دەفەرموێت؟: ﴿لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنْ الغَيِّ فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِنْ بِاللَّهِ فَقَدْ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لا انفِصَامَ لَهَا وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ (٢٥٦)﴾{البقرة}.

واتـە: بـەهیچ جۆرێـك زۆركـردن نیـە لـەوەرگرتنی بیروبـاوەڕی ئیسـلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بكرێـت ودیـن بـەزۆر نادرێـت بەسەركەسـدا) چـونكە بەڕاستی ڕێبازی چاك ودروسـت ڕوون وئاشـكرا بـووەو جیابۆتـەوە لـەگومڕایی وسەركەشی، جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بەتاغووت (كەبریتیـە لەهـەموو ڕێگـەو ڕێبازو هێزو بەرنامەو لادان وبتێك)وبـاوەڕی دامـەزراو بهێنێـت بـەخوا، ئـەوا بێگومان دەستی گرتووە بەبەهێزترین هۆكاری ڕزگاریەوە.

ئایا ئەوە دەویسترێت لە ئیسلام کە بەرانبەر دوژمنەکانی دەستبەستراو و سەرشۆڕ بێت؟ لەکاتێکدا ئەوان هیچ درێغیەك ناکەن لە دژایەتی کردنی ئیسلام و هیچ ڕێگەیەك نەماوە نەیگرنە بەر بۆ کوژاندنەوەی ڕووناکی ئیسلام؟

وە لە موسڵمانان ئەوەیان دەوێت کە هەر بە دەستدرێژیەك کەکرایە سەریان خۆیان ڕادەست بکەن و یەخسیر بن؟

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيراً﴾{الحج: ٤٠} واتە: خۆ ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بەیەکدا و حەق دژی بەتاڵ نەوەستێت، هەرچی شوێنی خواپەرستی جوولەکە وگاور هەیە لەخەڵوەتگە وکڵێسا وکەنیسە، هەروەها مزگەوتەکانیش کەناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەمووی کاول دەکرێت و دەڕوخێنرێت.

لە ڕاستیدا ئیسلام جیهادی بەگەڕ خستووە کاتێك کە پێویستیەکی زۆر و گرنگ داخوازی ئەوە بکات کە بەرپا بێت وئەنجام بدرێت، بۆیە لێرەوە دەتوانرێت ئامانجەکانی جیهاد کورت بکرێتەوە لەمانەی خوارەوەدا:

١. بەرگری – بەبێ لەخۆبایی بوون ولـووت بـەرزی- بـۆ شـكاندنی هێـز وئارەزووی دەستدرێژی بێباوەڕان.

٢. ڕزگاركردنی ئەو بیروبـاوەڕەی كـە هەرلەیەكـەم سـاتەوە دەسـتكرا بـە دژایەتی كردنی و ناچاركردنی موسڵمانان بۆ وازهێنان وپاشگەزبوونەوە لێی، ولەوپێناوەدا بە كۆیلە كران، بۆیە جیهاد فەرزكرا لەسـەریان بـۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی ولاوازی.

٣. پاراستنی بانگەوازی ئیسلامەتی كـە زۆر پێویسـتی بـە پارێزگـاری و دڵنیایی هەیە، ئەوەش بە لاوازكردنـی هەیبـەتی دوژمنـان و ئەوانـەی لەبۆسەدان بۆ ئیسلام و موسڵمانان.

خوای پەروەردگار فەرمانمان پێ دەكات كە كەمتەرخـەم نـەبین كاتێـك كـە ئیسلام وموسڵمانان لەمەترسیدان، وەكو دەفەرموێت: ﴿فَلا تَهِنُوا وَتَـدْعُوا إِلَـى السَّلْمِ وَأَنْتُمُ الأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَنْ يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ (٣٥)﴾{محمد} واتە: ئێوە سستی مەنوێنن وكەمتەرخەم مەبن وداوای ئاشتی پـێش وەخـت لـە دوژمنـان مەكەن، دڵنیابن كە خوایش لەگەڵتانە، كاروكردەوەتان بەزایە نادات ولێی كەم ناكاتەوە.

جا پێش ئەوەی دەرگای ئەم باسە دابخەین بە ڕووی درۆزنان وبوهتانکەرانـدا، لێیان دەپرسین، ئەگەر ئیسلام بە شمشێر بڵاوبۆتەوە وەکو ئێوە دەیڵێن، چۆن لەو وڵاتانەی کە ئیسلام غەزوی نەکردووە وسوپای بۆ نەهاتووە کەچـی ئیسـلامیان پێ گەیشتوەو ئێستا بـەخوێن وگۆشـتەوە موسـڵمانن و تێیانـدا بـڵاوە، وەکـو ئەندۆنیسیا ومالیزیا وجگە لەوانیش؟

یاخود چۆن لێکدانەوە بۆ زۆر بوونی ژمارەی موسڵمانان دەکەن لەو وڵاتانەی کـەهیچ دەربـارەی ئیسـلام نـازانن مەگـەر کـەمێك نـەبێت وەکـو ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وفەرەنسا وبریتانیا لەکاتێکدا ئـەو وڵاتانـە لـەڕووی شارستانیەت وسوپاوە زلهێزن، وموسڵمانانیش هیچ هێزێکیان بەدەسـتەوە نیـە کە بتوانێت ڕوبەڕوی بێتەوە تێیدا؟ بـەڵام ئـەوە ڕاسـتێتی فەرمایشـتی خـوای گەورە دەردەخات کە دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيداً (٢٨)﴾{فتح} واته: خوا ئەو زاتەیـە کـە پێغەمبـەری خـۆی ڕەوانـەکردووە، لەگـەڵ ڕێنمـوونی و پـەیامی ڕاسـت ودروستدا، بۆ ئەوەی زاڵی بکات بەسەر هەموو پەیام وبەرنامەیەکی تردا، خـوا خۆیشی بەسە، بۆ شایەتیدان وئاشکراکردنی ئەو ڕاستیە.

# بەشی سێیەم

# پێکەوەنانی خێزان لە ئیسلامدا

وەکـو بینیمـان ئیسـلام گرنگـی دەدات بـەوەی کـە کۆمەڵگـەی جیهـانی کۆمەڵگەیەکی سەلامەت وئارام بن، و ئەو یەکانەی کە کۆمەڵگەی لـێ پێـك دێت، کە بریتیە لە دەوڵەتان، هاریکـاربن لـەنێوان یەکتریـدا وپەیوەسـت بـن پێکەوەو توندوتۆڵ بن لەگەڵ یـەکتردا، بەشـێوەیەك کـە پشـتی یـەکتر بگـرن، لـەپێناو ڕێگـری کـردن لـەوەی هێزێـك یـان لایـەك بیەوێـت دەسـتدرێژی بکاتەسەریان، پێکەوە بتوانن کۆمەڵگە بگەڕێننەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاستی خۆی و هەمیشە ڕێك ودروست بن لەنێو خۆیاندا، هـەروەکو ئیسـلام گرنگـی دەدات بەوەی وڵاتان پەیوەندیەکانیان لەسەر بنچینەی دادپەروەری و ڕێز بێت لە نێوان خۆیاندا. بۆیە ئیسلام بانگەواز دەکات بۆ بونیادنانی یەك وڵاتی ئیسـلامی کـە هەموو موسڵمانان لەژێر باڵیدا کۆببێتەوەو لەژێر سایەی حوکمی خوایی بەڕێوە بچێت بەشێوەی شورا.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئـەوە نـەکرا ئـەوا ئیسـلام چـەند ڕێگەچـارەیەکی تـری هێناوەتە ئـاراوە بـۆ ژیـان لەگـەڵ ناموسـڵمانەکاندا، جـا ئـەو وڵاتانـەی کـە کۆمەڵگەی جیهانی پێك دەهێنن، خودی خۆیان پێکهاتوون لەچەندین یەکـەی بچووکتـر، کە بونیاد نراوە لەسەر هەمان بنچینەی ئەو پەیوەندیانەی کە وڵاتان

هەیانە لەکۆمەڵگە نێودەوڵەتیە گەورەکەدا، ئەو یەکانەش بریتین لە خـێــزان – وە ئێمە لێرەدا قسە لەسەر دابەشبونی کارگێڕی ناکەین بۆ دەوڵــەت بــەڵکو مەبەستمان کرۆکی وڵاتە کە خێزانە- وە بۆ ئەوەی خێزان ببێتە بەردی بناغە لــە دروستکردنی وڵاتدا، ئیسلام سیســتەمێکی حــەکیم و بــێ کــەموکوڕی بــۆ دانــاوە، بەشێوەیەك دەستەبەری ئەوە بکات کە بە خۆشبەختی و ئاسوودەییەو ئارامیەوە بژی، پاش کەمێکی تر لەسەری دەدوێین.

وەکو چۆن دەوڵەت لە چەندین خێزان پێك دێت، خێزانیش لە چــەندین تــاك پێك دێت، ئەو تاکانە لەڕاستیدا بریتین لە بــەردی بنــاغــە کــە بەچــاك بــوونی خێزان چاك دەبێت و وڵاتیش باش دەبێت و کۆمەڵگەی جیهانیش ئــارام دەبێــت، بۆیە ئیسلام گرنگیەکی لە ڕادەبەدەری داوە بە چاککردن وئامادەکردنی تاکێکی ئاشتیخواز وســەلامەت، کــە هەســت بکــات ئــەو ئەنــدامێکی سووبەخشــە و هەڵسوکەوت ورەفتارەکانی هەرکاتێك باش بێت ئەوا کۆمەڵگەش باش دەبێت و ئەگەریش خراپ بێت ئەوا حاڵی کۆمەڵگایش خراپ دەبێت، جــا بۆیــە هــەموو تاکێك مافی خۆی هەیە و کۆمەڵێك ئەرکیشــی لەســەرە کــە لەمیانــەی ئــەم کتێبەدا پێیان ئاشنا دەبین.

# تـــاك بنچینەی كۆمەڵگەیە

ئیسلام گرنگی داوە بە تاك، و بەچاكەیش ئامادەی دەكـات، تەنانـەت پـێش لەدایكبوونی، وەكو لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕراوەتـەوە كـە سـووربووە لەسـەر ئەوەی ژن ومێرد دەبێت لەهەڵبژاردن ودەستنیشـانكردنی یـەكتردا باشـترینیان

هەڵبژێرن بۆ هاوسەرگیری، بۆ ئەوەی نەوەو وەچەکان چاك بن و سیفەتی بەرز وباشیان تێدا هەبێت، وەکو دەفەرموێت: " تخيروا لنطفكم، فأنكحوا الأكفاء وأنكحوا إليهم "[1] واتە: بۆ تۆوەکەتان هەڵبژاردە بکەن جا هاوشان مارە بکەن و بە مێرد بدەن .

یان دەفەرموێت: " إذا أتاكم من ترضون دينه و أمانته فزوجوه "[2].

واتە: هەرکەسێك هات داوای هاوسەرگیری لێ کردن ئەگەر لە دین و ڕەوشتی ڕازی بوون ئەوا بیدەنێ.

یان لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: " تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لأرْبَعٍ: لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ، تَرِبَتْ يَدَاكَ "[3].

---

[1] رواه ابن ماجة في كتاب النكاح، باب الأكفاء برقم (١٩٩٩)، وحسنه الألباني في الصحيحة برقم (١٠٦٧).

[2] رواه الترمذي في كتاب النكاح، باب ما جاء من ترضون دينه وخلقه فزوجوه برقم (١٠٨٥)، وابن ماجة في كتاب النكاح، باب الأكفاء برقم ( ١٩٩٨)، وحسنه الألباني في الإرواء برقم (١٨٦٨).

[3] رواه البخاري في كتاب النكاح، باب تزويج المعسر... برقم (٥٠٩٠) ، ومسلم في كتاب الرضاع، باب استحباب نكاح ذات الدين برقم (١٤٦٦).

واتە: لەبەر چوار مەبەست ئافرەت دەخوازرێت: یان بۆ ماڵ و سامانەکەی، یان لەبەر بنەماڵەکەی، یان لەبەر جوانیەکەی، یان لەبەر دینداریەکەی، جا تۆ ئافرەتی دیندار بهێنە، تا دەست پڕ بەرەکەت بیت.

ئا بەم شێوەیە ئیسلام تاك ئامادە دەکات – پێش لەدایکبوونی- لە خاکێکی بەپیت وچاك وژینگەیەکی گونجاوو لەبار، بۆ ئەوەی ئەگەر هاتە ژیانەوە، هەموو ڕێگا باشەکانی لە پێشدا بێت بۆ تا ببێت بە مرۆڤێکی چاکی سوودبەخش.

وە بۆ ئەوەی منداڵی موسڵمان پەروەردەیەکی تەندروست بکرێت، پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکرێت وبەئاراستەی بەجێ هێنانی ئەو ئامانجانە بێت کە ئەو لەپێناویدا دروست کراوەو هێنراوەتە ئەم سەرزەمینە، ئەویش خوابەیەکناسی و یەکخواپەرستی، بەوەی کە هیچ خوایەك نیە شایەن وشایستەی پەرستن بێت جگە لە الله نەبێت، ونێوچاوانی زەلیلی نەکاتە خوار تەنها بۆ خوای پەروەردگار نەبێت، وملکەچی هیچ فەرمانێك نەبێت تەنها هی ئەو نەبێت. بیروباوەڕی بتەو بکەیت بەوەی کە ملکەچی وسوژدەبردن تەنها بۆ خوایە، فێری بکەیت کە فەرزو واجبەکان بەجێ بهێنێت بەجوانی وڕێکوپێکی، و دووربکەوێتەوە لە تاوان وسەرپێچی کردن، وەکو گوێڕایەڵیەك بۆ خوا (سبحانه وتعالى)، کە ئەوە

جێگەی شانازی و شکۆداریە بۆ مرۆڤ، هیچ کەسێك نیە کە خۆی بەزل بزانێت و نکۆڵی بکات لەو ڕاستیانە تەنها ئەوانە نەبێت کە مەحروم وبێ بەشن لە هەستی مرۆیی و فیترەتێکی ساغ. وە خواپەرستی واتە ئازادکردنی بیروباوەڕ لە گومڕایی ولادان وسەرلێشێوان، و دروست بوونی یەکێتی نێوان موسڵمان وکۆکردنەوەی هەموو خەڵکە لەسەر پەرستنی ئەو خوایەی کە تاك وتەنها و بێ هاوەڵ وبێ پێویستە بەهەموو کەس و شتێك و جێی نیاز وبێ نیازە، وبەدەسەلاتە بەسەر هەموو شتێکدا، هەموو کاروبارەکان لەسەر فەرمان وئیزنی ئەو دەڕۆن و بەدەستی ئەوە، هیچ شتێك نیە ئیلا ئەندازەو تەمەنی بەدەستی ئەوەو لەژێر چاودێری و پاراستنی ئەودایە.

باوەڕبوون بەخواو خواپەرستی واتە: کاری جدی بۆ کردنی کۆمەڵگەی جیهانی بەیەك ئوممەتی موسڵمان، بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان خەڵکیدا بەهۆی ڕەنگ وڕەگەز وزمانەوە، بیروباوەڕ کۆیان دەکاتەوە، کە تۆوی خۆشەویستی لەنێوا ناخ ودەروونی تاکەکانیدا دەچێنێت، و گیانی هاریکاری ویارمەتی دانی یەکتر زیندوو دەکاتەوە، و هەموویان حوکم بە کتێبەکەی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی دەکەن ﷺ ، بەو شێوەیە ناموس وکەرامەت وخوێن

و ماڵ وسامانی دەپارێزێت، و پارێزگاری دەکات لە شکۆ و سەربەستی خۆی، و دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان رۆڵەکانیدا بڵاودەکاتەوە، و ئامادەکاریەکی سەردەمیانە دەکات بۆ ڕووبەڕوبونەوەو بەرگری لە خۆی لەهەر دەستدرێژیەك، ئا بەوشێوەیە بەسەربەرزی و ڕێزەوە دەژی بۆ کیانی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

**ئەمەش واتە:** خواپەرستی تەنها کورت نابێتەوە لە ئەنجامدانی پەرستشە فەرزەکاندا وەکو نوێژەکان، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ حوکم کردن وپەیڕەوی کردن بە کتێبەکەی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ و دامەزراندنی وڵاتێکی ئیسلامی بەهێز.

**ئەمەیە مەبەستەکەمان کاتێك دەڵێین:** ئیسلام دین ودەوڵەتە، واتە هەموو کاروبارەکانی دین وژین لەخۆ دەگرێت، ئەوەشی دەقێکی ڕاشکاوو ڕاستەوخۆی لەسەر نەبێت ئەوا چوارچێوەکەی بەشێوەیەکی گشتی سنووردارە وئاماژەی بۆ کراوە لە شەریعەتی ئیسلامیدا و پاشان زانایانی ئوممەت درێژەیان پێداوەو ڕوونیان کردۆتەوە لە ژێر تیشکی قورئان وسوننەت.

موسڵمانان لە دیدی ئیسلامەوە لە هەر شوێنێکی ئەم زەمینەدا بێت – تاك و دەوڵەت- دەبێت بەشێوەك بن وەکو یەك دڵ بێت لە جەستەی یەك کەس وابێ، و هەموویان تێکۆشان ودەستپێشخەری بکەن بۆ سەرخستنی براکەی کاتێك پێویستی بە هاوکاری ئەو دەبێت، ئیتر ئەو پێویستیە جەنگی وسەربازی بێت یان ئابوری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی، بۆیە موسڵمانان یەك ئوممەتن، و هەر ئەندامێك تێیدا بەرپرسە لەوانی تر.

## أ- ئامادەکردنی تاك بەشێوەیەکی دینی:

ئیسلام بانگەوازی بەکارهێنانی عەقڵ وژیری دەکات، و بانگەشەی تێفکران وتێڕامان دەکات لە ئاسمانەکان و زەوی، وە بۆ هەڵهێنجانی سوننەتەکانی خوا لەگەردووندا و بەگەڕخستنی بۆ خزمەتی خۆی بەشێوەیەك کە دژەوانە نەبێت لەگەڵ فەرمانەکانی خوای گەورەدا، بۆیە ووشەی (تعقلون) لە قورئاندا ٤٨ جار هاتووە، و وشەی (تتفکرون)یش خۆی وشێوازەکانی ١٦ جار هاتووە لە قورئاندا.

کەوابوو ئیسلام ئاینی عەقڵ وژیریە، بەڵکو عەقڵ ودەروون ئازاد دەکات و بە هۆیانەوە هەڵدەسێتەوە، هەربۆیە دەبێت تاك ئامادەساز بکرێت بەشێوەیەك

کــه عــەقڵی بەگــەڕبخات و بــەکاری بهێنێــت، دوور لــه خورافیــات و درۆ وسەرگوزەشتە، بەکارهێنانێك که بیکات بــه گــەورەو ســەرداری ئــەو زەویــەی کەلەسەری دەژی، قۆستنەوەی ئەو هەموو گەوهەرو گەنجینە وخێرو فــەڕەی کــه تێیدا شارراوەتەوە، و لەهــەوڵ وکۆششــدا بێــت هــەتا لەتوانایــدا هــەبێت بــۆ ئاشکراکردنی نهێنیەکانی و پیت وبەرەکەتەکەی، و بیخاتە خزمەت خۆیەوە بــۆ ئەوەی لەئاستی ئەو شکۆ و پلەوپایەیەدا بێت کە خوای پەروەردگار بۆ مرۆڤــی دیاری کردووە، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً (٧٠)﴾{الإسراء}

واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمــە ڕێزمــان لەنــەوەی ئــادەم گرتــووەو بەســەر وشکانی ودەریادا (بەجۆرەها هۆکاری گواســتنەوە) هــەڵمان گرتــوون ولــەڕزق وڕۆزی پوخت وچاکی جۆراوجۆر بەهرەمەنــدمان کــردوون (لــەخۆراك وپۆشــاك وماڵ وناوماڵ ...) بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئــەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لەهەموو ڕوویەکەوە تا قــەدرو ڕێــزی خۆیان بزانن).

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرمویێت: ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾{آل عمران: ١١٠}

واتە: ئێوە باشترین ئوممەتێکن کەبۆ قازانج وکەڵکی خەڵکی وسوودپێ گەیاندنیان هێنرابنەکایەوەو بەدی هێنراون، بەوەی کە فەرمان دەکەن بەچاکەو ڕێگری دەکەن لەخراپە وباوەڕتان بەخوداو بەفەرمایشتی ئەو هەیە.

پێویستە تاك ئامادە بکرێت بۆ تێکۆشان بۆ چاکسازی و هێنانەدی ئارامی و هێمنی، وئامۆژگاری خێرو ئاراستەکردنی خەڵکی لەرێگەی قورئانەوە، و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی وزبری نواندن مەگەر پێویستیەکی زۆر داخوازی بکات، تاکێك کە دڵسۆز و بەبەزەیی وسنگ کراوە بێت، ئارامگرو لەسەرخۆ بێت و توانای ڕووبەڕووبونەوەی ناخۆشی و نارەحەتیەکانی ڕێگای بانگەوازی هەبێت وبتوانێت لەو کاروانەدا جێ نەمێنێت وخەڵکی لەگەڵ خۆیدا بەرەو نور ورووناکی ببات، وهەڵسوکەوت ورەفتاری لەگەڵ خەڵکیدا باش ورێك بێت.

دەبێت تاك ئامادەساز بکرێت بۆ خواپەرستیەك بەهەموو ماناکانیەوە و بەو واتا گشتگیرەی کە هەیەتی، ئەو واتایەی کە هەموو پێغەمبەران بانگەوازیان

بۆی کردووە هەر لە زووەوە، نوح وهود وصالح و شوعەیب وتەواوی پێغەمبەرانی تریش سەلامی خوایان لەسەر بێت، بەهەمان شێوە پێغەمبەر محمدیش ﷺ وەکو دەفەرموێت: ﴿قُلْ مَا كُنْتُ بِدْعاً مِنْ الرُّسُلِ﴾{الأحقاف: ٩}

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بەوانە بڵێ: من یەکەمین کەس نیم کە نێردرابم بە پێغەمبەرایەتی وتازە پەیدابوونیم، ئەوەی من ڕای دەگەیەنم بە ئێوە، ڕێگای ڕاستی ئاینی خودایە وسەرجەم پێغەمبەرانی پێش منیش هەر ئەمەیان بە خەڵکی سەردەمی خۆیان ڕاگەیاندووە.

پێغەمبەریش ﷺ لە میانەی بانگەوازەکەیدا پشتی بە عەقڵ وژیری دەبەست بەهۆی ئەوەی کە عەقڵ هۆکاری گەیشتنە بە قەناعەت ودان پیادانان، پاشان پەیوەست بوون بە بیروباوەڕێکی ڕاست ودروست کەبونیاد نرابێت لەسەر باوەڕێکی قوڵی بتەو، و تێفکران وتێڕامانێکی ورد وئازاد بۆ شتەکان، بەبەکارهێنانی مەنتقی هێمنی وعەقڵێکی کارا و هەستیار، وگفتوگۆی هێمنانە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾{النحل: ١٢٥} واتە: بانگەواز بکە بۆ لای

بەرنامەو ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت ودانایی وئامۆژگاری جوان وبەجێ وگفتوگۆو موجادەلە بەجوانترین شێوە.

بیروباوەڕی موسڵمان دەبێت هەر لەمنداڵیەوە لەسەری گۆش بکرێت و فێربکرێت، بەشێوەیەك لەسەر بنەمانی بەتاك دانانی خواو باوەڕهێنان ودان پیادانان بە هەموو پێغەمبەران کە دواهەمینیان محمدە ﷺ ، و باوەڕهێنان بە زیندووبونەوەی دوای مردن، وەکو دەفەرمویت: ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (٢٨٥)﴾{البقرة}

واتە: پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لەلایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەکانی وکتێبەکانی وپێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەك ناکەین لەنێوان هیچ پێغەمبەرێك لەپێغەمبەرانی خودا لە باوەڕدا، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ وملکەچین بۆ بەدی هێنەرمان پەروەردگارا لێخۆشبوونی تۆمان دەوێت وسەرئەنجام هەربۆ لای تۆیە گەڕانەوە.

وەیەكەم شتێك كە پێویستە تاك فێری ببێت لەبواری بیروباوەڕی ئیسلامەتیدا بریتیە لە: باوەڕبوون بەهەبوونی تاكە خوایەك كەناوی (اللە)یە، دەسەلاتدارە بەسەرهەموو شتێكدا، رۆزی دەرە، هیچ شتێك رێگری لێ ناكات ودەستەپاچەی ناكات لە ئاسمانەكان وزەویدا، پرسیاری لێ ناكرێ لەسەر كارەكانی، خۆی بەتەنها هەرچی بوێ وئیرادەی لەسەر هەرچی بوێ ئەنجامی دەدا، خاوەنی هەموو شتێكە، تۆڵە سێنە، سەرخەر و زەلیلكەریشە، خاوەن شكۆو مەزنیەو هەموو هێزێك تێك دەشكێنێ و هیچ شتێك بەرگەی ناگرێ ولەهەمان كاتدا بەسۆز ومیهرەبانیشە، لێخۆشبووی تاوانەكانە و وەرگری تۆبەو پەشیمانیەكانە، سزای بەسۆو نارەحەت وسەختە، خاوەن بەخشش ونیعمەتی زۆرە، هیچ خوایەك نیە شایەن وشایستەی پەرستن بێت تەنها ئەو نەبێت، گەڕانەوەی كۆتاییش هەربۆ لای ئەوە، ئەو خوایەی كە هیچ پەرستراوێكی تر نیە هاوشێوەی ئەو بێت نەلە پەروەردگارێتیدا ونە لەخوایەتیدا ونەلە ناوو سیفاتەكانیشیدا.

## ب- ئەوەی پێویستە تاك بیزانێت تایەت بە دونیاوە:

باوەڕبوون بە هەبوونی خوا بەتاك وتەنهایی ئەوە دەخوازێت کە بزانرێت خوا خۆی بەتەنها تایبەتمەندە بە گەورەیی ومەزنی

و هێز و زاڵ بوون بەسەر تەواوی شتەکاندا، بۆیە ئەوە پێویست دەکات کە پشتی پێ ببەسترێ و پەناو هانای بۆلا ببرێت، داوای هاوکاری وکۆمەکی لێ بکرێ، چونکە هەر تەنها ئەو سوودبەخش وزیانبەخشە، و ناخۆشی و تەنگانەکان لادەبات، بەتەنها خۆی رۆزی دەبەخشێتە ئەوەی ویستی لێی بێت وبەئەندازەیەکی دیاری کراو، ئەوەی بیەوێ سەری دەخات وئەوەیشی بیەوێ سەرشۆڕو ڕیسوای دەکات، کەسانێك سەردەخات وپایەیان بەرزدەکاتەوەو کەسانێکیش ژێردەخات و نزمیان دەکاتەوە بەهۆی شایەن بوونی خۆیانەوە، دڵخۆشکەرو بەدبەدختکەریشە، تەنها ئەو شایستەی ئەوەیە کە داوای لێ بکرێت ویارمەتی لێ بخوازرێت، و ئومێدو چاوەڕوانی بەزەیی بێت و دووریش بکەویتەوە لە ڕق وخەشمی.

وە تاکی موسڵمان دەبێت ئامادەساز بکرێت بۆ ئەوەی کەسایەتی بەهێزبێت وخودی خۆی ڕێزلێگیراو وسەربەرز بێت، جا بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی ومادی هەرچۆنێك بێت، دەبێت خاوەن کەسایەتیەکی نەگۆڕ و دامەزراو بێت

و دەروون پاك و ورە بەرز بێـت، هەسـت بـە لاوازی و ژێردەسـتەیی نـەكات، و بزانێت كە ئەو بەرپرسە لە هەموو كارێك كەدەیكات. وە دەتوانێـت ڕووبـەڕوی هەموو ئاستەنگ و سەختیەكان ببێتـەوە بـەبێ ئـەوەی پێویسـتی بـەهێزێكی ئەفسوناوی وخەیاڵی هەبێت بۆ چارەسەركردنی گرفتەكانی. هەربۆیە پەروەردەی ئیسـلامیانە پەروەردەیـەكی سـەربەخۆییانەیە نـەوەك پەروەردەیـەك كەپشـت بەخەڵك ببەستێت و لەسـەر شـانی كەسـانی تـر بوەسـتێت، لەهەسـتیارترین ومەترسـیدارترینی كاروبارەكانیـدا تـاكی موسـڵمان دووردەكەوێتـەوە لەبەكارهێنانی پلەوپایەو پۆستی كەسێك و قۆستنەوەی شوێن و ڕێـزی كەسێك بۆ بەرژەوەندی خۆی و بەڕێكردنی كارەكانی.

لەم ئاراستەیەوەیە كە خوای پەروەردگار لەنێوان خـۆی و بەندەكانیـدا هـیچ نێوەندێكی دانەناوە كە بەهۆی ئەوەوە بەنـدەكانی بتـوانن داوا لـەخوای خۆیـان بكەن ولێی بپاڕێنەوە. بۆیـە بیروبـاوەڕی ئیسـلامی دروسـت وایـە كـە كردنـی مردووان بە واسیتە لەنێوان مرۆڤ وپەروەردگاریدا نادروستە و هاوبـەش دانانـە بۆخواو بەڵگەیە لەسەر شێتی ونەزانی ونەفامی.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئاماژەی بەوە کردووە کە نەبۆخۆی و نەبۆ خانەوادەکەشی هیچی بەدەست نیە لای خوا، ئیتر چۆن خەڵکی تر شتیان بەدەستە لای خوا بۆ خۆیان و خەڵکی تریش؟

لەبوخاریەوە گێڕراوەتەوە لە ئەبوهورەیرەوە ﷺ کە دەڵێت: کاتێك ئەم ئایەتە دابەزی ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الأَقْرَبِينَ﴾ پێغەمبەری خوا هەستاو فەرمووی:

**" ئەی کۆمەڵی قورەیش خۆتان لە ئاگر ڕزگار بکەن من هیچم بەدەست نیە لای خوا بۆ ئێوە، ئەی نەوەی عبدمناف هیچم بەدەست نیە لای خوا بۆتان، ئەی عباسی کوڕی عبدالمتلب هیچ بەدەست نیە بۆت لای خوا، ئەی صفیەی پوری پێغەمبەر هیچم بەدەست نیە لای خوا بۆت، ئەی فاتیمەی کچی پێغەمبەر هەرچیت دەوێت لەماڵەکەم داوام لێ بکە، هیچم بەدەست نیە لای خوا بۆت "**[1].

دەبێت تاکی موسڵمان ئەو ڕاستیە باش بزانێت کە هیچ نێوەند و واسیتەیەك نیە لەنێوان مرۆڤ و پەروەردگاریدا، کەسی مردوو بێت یان زیندوو، چونکە هیچ یەکێك لەخەڵك سوود و قازانجی بەدەست نیە بۆ کەسی تر، لەبەر ئەوەی

(١) رواه البخاري في كتاب الوصايا، باب هل يدخل النساء والولد في الأقارب؟ برقم (٢٧٥٣).

خەڵکی تێکڕا هەژار ونەدارن بەبەانبەر بەخوای باڵادەست وبێ پێویست، ئائەمە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی موسڵمانە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ (١٨٦)﴾{البقرة} واتە: ئەی محمد ﷺ ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێ بکەن دەربارەی من، ئەوا من نزیکم لێیانەوە، بەهاناو هاواری دوعاگۆیانەوە دەچم هەرکاتێك لێم بپاڕێنەوەو نزا بکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن وباوەڕی دامەزراو بەمن بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگای هۆشیاری وئاگایی بگرنەبەر بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی وسەرفرازی هەردوو جیهان.

پاشان خوای گەورە ئەم گەردوونەی ژێربارکردووە بۆ مرۆڤ و خستویەتیە خزمەتیەوە، زەوی، ئاو، ئاسمان، ئەوەیشی تێیدایە لە دروستکراوەکان، دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت ئەگەر بزانێت چۆن مامەڵەو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ سوننەتەکانی خوادا لەگەردووندا، بەو هۆیەوە دەتوانێت تەواوی شتەکان بۆ خۆی بڕەخسێنێت و بەکاریان بهێنێت ئەوا سوودی زیاتر دەبێت بۆی ئەگەریش نەزانێت

وکەمتەرخەمی تێدا بکات ئەوا سوودی کەمتر دەبێت بۆی، وەکو دەفەرموێت:

﴿أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ﴾ {لقمان: ٢٠}

واتە: ئایا سەرنجتان نەداوە کەبەڕاستی هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر هەمووی خوا بۆ خزمەتی ئێوەی دروست کردووەو ملکەچی کردووە؟.

## ج- ئەوەی تاك فێری دەبێت سەبارەت بە ڕۆژی دوایی:

پەروەردەی تاك دەبێت لەسەر بنەمای باوەڕبوون بێت بە زیندووبونەوەو پاداشتی دوارۆژ، ئەوەش تەواوکەری ئەو بەشە تایبەتەیە کە دەبێت بکرێت بۆ ئامادەکردنی تاك بۆ دونیا. چونکە خوای پەروەردگار دروستکراوەکانی بەبێ هوودەیی بەدی نەهێناوە بەڵکو دروستی کردوون بۆ خواپەرستی و کۆششکردن لە دونیادا، پاشان لێپرسینەوەو پاداشتیش لە ڕۆژی دواییدا بەپێی ئەو کارانە دەبێت کە پێشیان خستووە لە دونیادا. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثاً وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لا تُرْجَعُونَ (١١٥) فَتَعَالَى اللَّهُ الْمَلِكُ الْحَقُّ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ (١١٦)﴾ {المؤمنون} واتە: ئایا گومانتان وا دەبرد کەبەڕاستی ئێمە ئێوەمان بەبێ مەبەست وبێ هوودە دروست کردووەو ئێوە بۆ لای ئێمە ناگەڕێنەوەو ناهێنرێنەوە؟ جا بەرزی وبڵندی بۆ خوا، پاشای ڕەوای

حەق، هیچ خوایەك نیە شایستەی پەرستن بێت جگە لەو زاتە، خاوەنی عەرشی شكۆدار وبەڕێزە.

دەبێت تاك پەروەردە بكرێت لەسەر مەنتقی گفتوگۆی هێمنانەو قسەكردن وتاوتوێكردنی بابەتەكان، وبەكارهێنانی ژیری، بەشێوەیەك كە هیچ كەس شتی بەسەردا فەرز نەكات و شتیش بەسەر كەسدا فەرز نەكات، بەبێ تێگەیشتن و گفتوگۆ، ئەمەش ئەو بابەتەیە كە لەشەرعدا هیچ دەقێكی لەسەر نەهاتووە لە ئەمرو نەهی، چونكە بەڕاستی لە گفتوگۆدا كەسی بەگومان قەناعەت دەكات و كەسی بەقەناعەتیش دڵئارام و دامەزراو دەبێت.

ئەوەتا پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ گفتوگۆی كردووە سەبارەت بە زیندووبونەوە بۆ ئەوەی بگات بە حەقیقەت لەڕێگەی بەڵگەی بینراوو هەستپێكراوەوە، وەكو دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِنْهُنَّ جُزْءاً ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْياً وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٦٠)﴾{البقرة} واتە: بەیاد بهێنە، كاتێك ئیبراهیم وتی: پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەكەیتەوە؟ خوا {سبحانە وتعالی} فەرمووی: ئایا باوەڕت

نەهێناوە؟ ئیبراهیم وتی: بەڵێ باوەڕم هەیە بەڵام حەزدەکەم بەچاوی خۆم ببینم تا دڵم ئارام بگرێت، خوا فەرمووی: جا کەواتە چوار باڵندە بهێنەو جوان سەرنجیان بدەو دوایی هەرچواریان سەربڕەو گۆشت وپەڕو خوێنیان تێکەڵ بکە، ئەوسا لەسەر لووتکەی هەر شاخێك هەندێك لەو تێکەڵەیە دابنێ، پاشان بانگیان بکە، بەگورجی وبەپەلە دێنەوە بۆ لات و چاك بزانە ودڵنیابە بەڕاستی خوا باڵادەست وکاربەجێیە.

جا بیروباوەڕی موسڵمان پێویستە بەگفتوگۆ فێری قوتابی وخوێندکار بکرێت بەشێوەیەکی ژیرانە، کە عەقڵ ڕێزی تێدا بگیرێت و ڕۆڵی هەبێت، ونابێت پێچەوانەی عەقڵی قسەبکرێت و پێکدادان ڕووبدات لەگەڵ عەقڵیدا نەلە منداڵی ونەبە گەورەیی بۆ ئەوەی بابەتەکان بچنە نێو ناخیەوە بەهێمنی و جێی خۆیان بکەنەوەو ببێتە هزرو باوەڕ لای.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيَقُولُ الإِنسَانُ أَئِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيّاً (٦٦) أَوَلا يَذْكُرُ الإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِنْ قَبْلُ وَلَمْ يَكُنْ شَيْئاً (٦٧)﴾{مريم}.

واتە: مرۆڤی بێباوەڕ دەڵێت: ئایا کاتێك مردم، جارێکی تر لە ئایندەدا زیندوودەکرێمەوە؟! باشە ئاخر ئادەمیزاد بۆبیرناکاتەوە لەوەی کەبەڕاستی ئێمە

پێشتر ئەومان دروستکرد وبەدی هێنا لەکاتێکدا ئەو هەر هیچ نەبوو (بوونی نەبوو).

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَقَالُوا أَئِذَا كُنَّا عِظَاماً وَرُفَاتاً أَئِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقاً جَدِيداً (٤٩) قُلْ كُونُوا حِجَارَةً أَوْ حَدِيداً (٥٠) أَوْ خَلْقاً مِمَّا يَكْبُرُ فِي صُدُورِكُمْ فَسَيَقُولُونَ مَنْ يُعِيدُنَا قُلْ الَّذِي فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾{الإسراء}.

واتە: ئەوانە بەسەرسامیەوە دەڵێن: باشە ئێمە ئەگەر بووینە ئێسکێکی ڕزیوو پرتوکاو، سەرلەنوێ زیندوو دەکرێینەوە؟! ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: ببنە بەرد یان ئاسن یان هەرشتێك وهەر دروستکراوێك کە زۆر سەخت وگرنگ وگەورەیە لەبیروهۆشتاندا، ئەوسا ئەوانە (بەسەرسامیەوە) دەڵێن: دەی باشە کێ زیندومان دەکاتەوە؟! بڵێ: ئەو زاتەی کە یەکەمجار دروستی کردن و بەدی هێناون (زۆر لای ئاسانە زیندوتان بکاتەوە).

دیسانەوە دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْراً بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ حَتَّى إِذَا أَقَلَّتْ سَحَاباً ثِقَالاً سُقْنَاهُ لِبَلَدٍ مَيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ الْمَاءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ كَذَلِكَ نُخْرِجُ الْمَوْتَى لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (٥٧)﴾{الأعراف} واتە: هەر ئەو خوایەیە کەبای شەماڵ (هەڵگری هەڵمی ئاو) دەنێرێت لەکاتێکدا مژدەیە بۆ

خەڵك لەنێوان دوودەستی ڕەحمەتی پەروەردگاردا، هەتا وای لێ دێت کە ئەو بایە هەوری سەنگین هەڵدەگرێت، ئەوسا دەینێرین بۆ ناوچەو وڵاتێکی مردوو، جا بەهۆی ئەو ئاوەوە هەرچی بەروبووم هەیە دەری دەهێنین، هەر بەو شێوەیە مردووانیش لەناخی زەوی دەردەهێنین وزیندوو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن.

خوای پەروەردگار وێنای شتێك دەکێشێت بۆ مرۆڤ و نموونەیەکی بەرجەستەی بۆ دەهێنێتەوە کەبەڵگە بێت لەسەر ڕاستیەکی نادیار، بۆ ئەوەی ئاسان لەمێشکیدا بیری لێ بکاتەوەو باوەڕی پێ بهێنێت، ئەگەر شەیتان وئارەزوو زاڵ نەبوبن بەسەریدا و چاوبەستی نەکەن.

هەروەها بڕوابوون بە زیندووبونەوە ئەوە دەخوازێت کە لێپرسینەوەو دادگاییکردنێك هەبێت بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤێك بگات بەو مافەی خۆی و دەرئەنجامی کردەوەی خۆی وەربگرێت لەخێرو چاکەو شەڕو خراپەش. خوای گەورە مرۆڤی دروستکردووە بۆ ئەوەی تێبکۆشن لە دونیادا، پاشان زیندوو بکرێنەوە لە دوارۆژدا بۆ دەستکەوتنی بەرهەمی هەوڵ وکۆششەکەیان. جا ئەگەر هاتوو باوەڕبوونمان بە دوارۆژ ولێپرسینەوەی قیامەت لە ناخ ودەروونی

رۆڵەو نەوەکانماندا چاند بەباشی وبتەوی، ئەوا ئەو باوەڕە هۆکارێك دەبێت بۆ بەردەوامی ودامەزراوی وجدی بوونیان لە ژیانیاندا. بۆیە لێپرسینەوەو پاداشتی رۆژی دوایی دووشتی پێویستن، و دەرئەنجامێکی ڕاستەقینەو حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرن بۆ درستکردنی بوونەوەرو وزیندووبونەوە، ئەگەر وانەبووایە ئەوا حیکمەت وهۆکاری بەدی هێنانی بونەوەرو زیندووبونەوە چی دەبوو (ئەگەر حەشرو حیساب نەبوایە)؟.

سەبارەت بە هۆکاری بەدی هێنانی دروستکراوان خوای کاردروست دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ (٥٦) مَا أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ (٥٧) إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ (٥٨) ﴾ {الذاريات}

واتە: بێگومان من پەری وئادەمیزادم دروست نەکردووە بۆ ئەوە نەبێت کە من بەتاکی بپەرستن وفەرمانبەردارم بن، نەرۆزیم لێیان دەوێت ونەخواردن وخواردنەوە، چونکە بەڕاستی هەر خوا خۆی رۆزی بەخشەو خاوەنی هێزو دەسەڵاتی بتەوە.

هەروەها سەبارەت بە باسی رۆژی دوایی خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿الْيَوْمَ تُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ لا ظُلْمَ الْيَوْمَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ (١٧)﴾ {غافر}

واته: ئەمڕۆ هەموو کەس پاداشتی کاروکردەوەی خۆی وەردەگرێت، ئەمڕۆ هیچ جۆرە ستەمێك لەکەس ناکرێت، بەڕاستی خوای گەورە بەخێرایی لێپرسینەوەکان ئەنجام دەدات (چونکە هەموو شت ڕوونە لای).

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:

﴿إِنَّهُ مَنْ يَأْتِ رَبَّهُ مُجْرِماً فَإِنَّ لَهُ جَهَنَّمَ لا يَمُوتُ فِيهَا وَلا يَحْيَا (٧٤) وَمَنْ يَأْتِهِ مُؤْمِناً قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُوْلَئِكَ لَهُمْ الدَّرَجَاتُ الْعُلا (٧٥) جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ مَنْ تَزَكَّى (٧٦)﴾ {طه}

واته: ئێمە دڵنیاین لەوەی کە ئەوەی بەتاوانباری وگوناهەوە بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری، بێگومان ئەوە دۆزەخ بۆی ئامادەیە کە نەدەمرێت تیایدا (تا لەسزا ڕزگاری بێت) نە دەژی (بەئارامی وئاسوودەیی)، ئەو کەسەش بە ئیمانەوە بگەڕێتەوە بۆلای و بەڕاستی کردەوە چاکەکانی ئەنجام دابێت، ئەوە بۆ ئەوانە پلەوپایەی بەرز وبڵند ئامادەیە، ئەویش بەهەشتی – عەدنە-

کەباخەکانی چڕو پڕە دەچنە ناوی، چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی ونەبڕاوەدا، ئەوەش پاداشتی کەسێکە دڵ ودەروون وڕەوشتی خۆی خاوێن کردبێت.

بەم شێوەیە دەبێت تاکی موسڵمان فێری بیروباوەڕی ئیسلامەتی بکرێت، لەبەر ئەوەی بیروباوەڕ گرنگترین بنچینەی ئیسلامە، کە ئەوەش مەرجی دروستی وتەواوێتی ئیسلامە، وبزوێنەری سەرەکیەتی بۆ ئەوەی ژیانێکی ئارام وئاسوودە دەستەبەر بکرێت ولەم دونیایەدا و کلیلی رزگاربوونیشە لە رۆژی دواییدا لەکاتی زیندوو بونەوەو لێپێچینەوەدا.

### د- فێربوونی فەرزەکان:

خواپەرستی تەواو نابێت و وەرناگیرێت لای خوای گەورە مەگەر بەشێوەیەك نەبێت کە کت ومت وەکو چۆن خوا فەرموویەتی لە قورئاندا وا بێت یان لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی هاتبێت یاخود هاوتا بێت لەگەڵ کردەوەی پێغەمبەردا

ﷺ ، ئیتر جگە لەمانە ئەوا دروست نیە و ناتەواوە، لەبەر ئەوەی نابێت خوا بپەرسترێت بەو شێوەیە نەبێت کە خۆی ڕێگەی پێ داوەو شەرعاندوویەتی[١].

وە دەبێت تاکی موسڵمان فێری ئەو ئەرك و تەکلیفانە بکرێت کە خوا ئاراستەی کردوون هەر لە نوێژ و ڕۆژو و زەکات و حەج، وە فێربکرێت کە ئەوانە نهێنی گەلێکی لەبن نەهاتویان هەیە کەلە ژماردن نایەن، و ئەو ئامانجەی کە ئیسلام هەوڵی بۆ دەدات ئامانج ومەبەستێکی پیرۆزو بەنرخ وبەهایە، بەشێوەیەك کە مرۆڤایەتی هەڵدەسێنێتەوە بۆ بەرزترینی پلەکانی، و ئوممەتی ئیسلامی بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەپەیوەست کردنێکی بتەوی برایانەی هەمیشەیی کە پارێزگاری لەکیان و بوونی بکات، و شەرەف و یەکڕیزی و سەربڵندی بپارێزێت. پێویستە تاکی موسڵمان ئەوەی فەرزکراوە لەسەری بیانزانێت وفێریان ببێت، و خۆی نەکات بە ئامێرێکی بێدەنگی جوڵاو، کە نەزانێت وتێ نەگات لە ماناو واتای جوڵەو قسەکانی خۆی.

نوێژ سەردەکێشێت بۆ پاك و خاوێنی مرۆڤ، وە پاك وخاوێنیش یەکێکە لە سیما جوانەکانی کەسایەتی مرۆڤ، ئەوەتا پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ

---

[١] ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو قاعیدە شەرعیەی کە دەڵێت: " لا يجوز أن يعبدالله إلا بما شرع ".

ڕێنمایی موسڵمان دەکات بۆ ئەنجامدانی نوێژەکان پێنج جار لەڕۆژو شەوێکدا و دەیشوبهێنێ بە کانی و ئاو بۆ پاککردنەوەی پیسی وەکو دەفەرموێت:

" أَرَأَيْتُمْ لَوْ أَنَّ نَهَرًا بِبَابِ أَحَدِكُمْ يَغْتَسِلُ مِنْهُ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسَ مَرَّاتٍ، مَا تَقُولُونَ مُبْقِيًا مِنْ دَرَنِهِ؟ قَالُوا : لاَ يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ شَيْئًا، قَالَ: فَذَلِكَ مَثَلُ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ يَمْحُو اللَّهُ بِهِنَّ الْخَطَايَا "[1].

واتە: پێم بڵێن ئەگەر ڕووبارێك بەبەر دەرگای یەکێکتاندا بڕوات و ڕۆژی پێنج جار خۆی لێ بشوات، ئایا هیچ چڵك وپیسی بە لەشیەوە دەمێنێت؟ وتیان: نەخێر هیچ پیسی پێوە نامێنێت، ئەویش فەرمووی: ئەوە وەکو پێنج نوێژەکە وایە بەو شێوەیە خوا تاوان وگوناهی پێ پاك دەکاتەوەو لای دەبات.

وە ئەوانەی کە گرنگی نادەن بە ڕووکەشیان و دەڵێن ئێمە زوهدو دونیانەویستیمان هەیە، ئەوا لە ڕۆح و ناخی ئیسلامەوە دوورن و ئەو باوەڕەشیان لەکانگای ئیسلامەوە سەرچاوەی نەگرتووە، چونکە ئیسلام کۆمەڵگایەکی پاکی دەوێت، کەلەڕووی عەقڵ و جەستەوە سەلامەت و خاوێن

---

[1] رواه البخاري في كتاب مواقيت الصلاة، باب الصلوات الخمس برقم (٥٢٨)، ومسلم في كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب المشي إلى الصلاة تمحا بها الخطايا وترفع به الدرجات برقم (٦٦٧).

بێت، گێڕراوەتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی: " إن الإسلام نظيف، فتنظفوا فإنه لا يدخل الجنة إلا نظيف "[٢] واتە: بەڕاستی ئیسلام پاکە، کەوابوو پاك وخاوێن بن چونکە کەسی خاوێن نەبێت ناچێتە بەهەشتەوە.

دیسان گێڕراوەتەوە لێیەوە کە فەرموویەتی: "إن الله يبغض الوسخ والشعث"[١] واتە: بەڕاستی خوا ڕقیەتی لە پیس و شپرزەو تەپسکاوی.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: " مَنْ كَانَ لَهُ شَعْر فَلْيُكْرِمْهُ "[٢] واتە: ئەو کەسەی کە قژی هەبوو با خزمەتی بکات.

یان دەفەرموێت: " تسوكوا فإن السِّوَاكَ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ، ولولا أني أخاف أن أشق على أمتي لفرضته عليهم "[٣] واتە: سواك بەکاربهێن

---

[٢] **إسناده ضعيف**: فيه نعيم بن المورع كان يسرق الحديث كما ذكر ذلك ابن حجر {رحمه الله} في لسان الميزان (٢٧١/٤).

[١] **ضعيف جداً**: راجع الجامع الإيمان للبيهقي، طبعة الدار السلفية بالهند حديث رقم (٥٨١٥)، المجلد الحادي عشر.

[٢] رواه أبوداود في كتاب الترجل، باب في إصلاح الشعر برقم (٤١٦٣).

[٣] ابن ماجة، باب الطهارة الحديث رقم (٢٨٩) **{وهو حديث ضعيف}**.

چونکە پاککەرەوەیە بۆ دەم، ڕازیکەری خودایە، لەبەر ئەوە نەبووایە کە دەترسام سەخت وگران بێت لەسەر ئوممەتەکەم ئەوا فەرزم دەکرد لەسەریان.

هەروەها ووشەی ( الطهارة ) واتە پاك وخاوێنی ودەستنوێژو پاکژی بەشێوەیەکی گشتی، لە قورئاندا زیاد لە سی جار ناوی هاتووە.

وە نوێژیش کە کۆڵەکەی دینە، بەبێ دەستنوێژ بەئاوێکی پاك دروست نیە و نابێت، ئەمەش (زۆرجار) هەموو ڕۆژێك پێنج جار دووبارە دەبێتەوە، لەڕاستیدا ئەمە خۆی لەخۆیدا باشترین بانگەشەیە بۆ پاك وخاوێنی لاشەو سەلامەتی و بۆنخۆشی جەستە.

هەر سەبارەت بە پاك وخاوێنی ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووین بەوەی کە ئەگەر هاتوو لیکی سەگ کەوتە ناو دەفرێکەوەو بەری کەوت ئەوا دەبێت حەوت جار بشۆررێت کە یەکێکیان بە خۆڵ بێت[١] ، وا ئێمە لەسەدەی ( ٢١ )ین کەچی تازە زانایانی میکرۆبەکان لە فەرەنسا گەیشتوونەتە

---

[١] رواه البخاري في كتاب الوضوء، باب الماء الذي يغسل به شعر الإنسان برقم (١٧٢)، ومسلم في كتاب الطهارة، باب فكم ولوغ الكلب برقم (٢٧٩).

ئـەو دەرئەنجامــەی لــەلیکی ســەگدا جــۆرە ڤایرۆســێك هەیــە کــە هێشــتا تایبەتمەندیەکەی نازانن و پێی نەگەیشتوون.

هەروەها ئەنجامدانی نوێـژ سەردەکێشـێت بـۆ پێکهێنـانی کۆمەڵگەیـەکی پەیوەست پێکەوەو بەپەیوەندیەکی بتەوی برایانەی دامەزراو، بۆیە ئەوانەی کـە پێکەوەو لەگەڵ یەکتردا نوێژ دەکەن و ڕوودەکەن قیبلە – رۆحیان وجەستەیان-پەیوەندی ویەکترناسین وخۆشەویستی لەنێوانیاندا زیاتر دەبێت و تازەتردەبێتــەوە هەموو جارێك. بۆیە نوێژی بەکۆمەڵ خێری زیاترە لەو نوێژەی کەبـەتاك ئـەنجام بدرێت بە بیست وحەوت پلە[٢] ، هەربۆیە نوێژی هەینی فەرزکراوەو لەوکاتــەدا حەرامە کڕین وفرۆشتن بۆ ئەوەی هەمووی لە وتارو نوێژی هەینیدا ئامادە بێت.

خوای گەورە لە سورەتی ( الجمعة) دا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (٩)﴾ .

[٢] رواه البخاري في كتاب الأذان، باب فضل صلاة الجماعة برقم (٦٤٥).

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە کاتێك کە بانگ درا بۆ نوێژ لە ڕۆژی هەینیدا، ئێوە بەپەلە بچن بەدەم یادی خواوەو واز لەکڕین وفرۆشتن بهێنن، چونکە ئەو کارەتان چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن وتێبگەن.

دیسانەوە نوێژ سەردەکێشێ بۆ پەروەردەکردنی موسڵمانان لەسەر گوێڕایەڵی و خواپەرستی و گەڕاندنەوەیان بۆ سیستەمێکی ڕێك وپێکی ڕاست، و جگە لەوەش کەکاریگەریەکی ئەرێنی دەبێت لە پێکهێنانی ئومەتاندا ئەوانەی ئەیانەوێ ژیانێکی ئارام و هێمن و سەربەرزانە بەرنە سەر، وەکو ئەنجامدانی نوێژەکان هەمووی بە وەستان لەڕیزێکی ڕاست وڕێکدا و لەکاتێکی دیاری کراودا و ئەوەیانیش کەلەهەموویان شارەزاترە لە قورئاندا بەرنوێژیان بۆ دەکات هەرچەندە لەوان هەژارتر بێت وپلەوپایەی لەخوار ئەو خەڵکەشەوە بێت (لە دونیادا).

زەکاتیش سەردەکێشێ بۆ بەجێهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، پرۆسەی تەواوکاری لەنێو ئەندامانی ئومەتی ئیسلامیدا ئەوانەی کە هەست دەکەن ئەندامێکن لە جەستەی ئومەتدا، ئازار دەچێژێت بە ئازاردانی هەر ئەندامێك، وە هەموو جەستەکەش دەناڵێنێ ئەگەر هاتوو ئەندامێك تووشی ئەزیەت

ونارەحــەتی بوویــەوە، بۆیــە بــەجێهێنانی پرۆســەی تــەواوكاری ودادپــەروەی كۆمەڵایەتی لەنێو تاكەكانی ئومەتی ئیسلامیدا ئەوە دەخوازێت گشت تاكەكان ئەوە بزانن كە ئەگەر بەهێز بوو دەســتی لاوازو بــێ دەســەڵات بگرێـت، ئەگـەر دەوڵەمەند بوو دەستی هەژار ونەدار بگرێت.

بەهۆی سووربونی ئیسلامەوە لەسەر هێنانەكایــەی ئــەو جــۆرە دادپەروەریــە بەباشترین شـێوە، ئــەو كــارو ئەركــەی جــێ نەهێشــتووە بــۆ خــودی تاكــەكان بەشێوەیەكی هەڕەمەكی، جا ئەگەر چاك بون ئەوا جێ بەجێی بكەن وئەگەریش گومڕابوون ئەوا پشتی لێ بكەن، بەڵكو دیاری كردووە بەدەستنیشان كردنێكی ورد و لێزانانە، ئەوەش بەوەی كە فەرزی كردووە لەسەر دەوڵەمەند بەشێك لـەو ماڵــەی كــە هــی خوایــەو پێــی بەخشــیوە دەری بكــات، وەكــو پاكبوونــەوەو گەشەكردنێك بۆ ئەو ماڵ وسامانە، كە دەدرێت بەیەكێك لەو كۆمەڵانــەی لــە ئایەتەكەدا ئاماژەیان بۆكراوە: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَـاكِينِ وَالْعَـامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِـي سَـبِيلِ اللَّـهِ وَابْـنِ السَّـبِيلِ فَرِيضَةً مِنْ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٦٠)﴾{التوبة}

واتە: بێگومان زەکات تەنها بۆ هەژارو نەداران وئەو کەسانەی کەکارمەندن بەسەریەوە وبەو موسڵمانە تازانەی کە هێشتا ئیمان جێگیر نەبووە لەدڵیاندا وبۆ ئازاد کردنی کۆیلەکان وبۆ یارمەتی دانی قەرزدارەکان وبۆ گەیاندنی ئاینی خوا (هەربوارێك کە خزمەت بەبانگەوازی ئیسلام بکات وئاینی خوا بەرەو پێش وسەرکەوتن ببات) هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەش کە پارەیان لێ دەبڕێت ونەدار دەکەون، دابەشکردنی زەکات بەو شێوەیە فەرزە لەلایەن خواوە لەگەردنی ئیمانداراندا، خواش زاناو دانایە (لەسامان وبەخشین وفەرزکردنی زەکاتدا). جا ئەگەر هاتوو بەو شێوەیە ئەنجام درا ئەوا کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دڵسۆزانەو سەربەرزانە دەژین و تاکەکانی ئاسوودە دەبن.

زەکات جیاوازە لەو باج وزەریبانەی کە دەوڵەت دەیسەپێنێ بەسەر خەڵکیدا، لەو ڕووەی کە باج ناچاریەو دەبێت بەسەرشۆڕیەوە بیدات لەکاتێکدا پێیشی ناخۆشە، هەربۆیە هەرچۆنێك بتوانێت خۆی دەدزێتەوە لە دانی ئەو بڕە پارەیەو لەهەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ دەربازبوون لێی، یان پەنا دەباتە بەر گزی(غەش) و ساختەکردن، ئەمەش بەومانایەی کە خودی باجەکە دەبێتە هۆکارێك بۆ لارێ بوون و کاری دزێوی نەشیاو خراپ هەڵسوکەوت نواندن و

بەدڕەفتاری لەنێو کۆمەڵگادا. بەڵام زەکات تەواو بەپێچەوانەی ئەوەوەیە، لەبەر ئەوەی باوەڕ و عەقیدە پاڵ بەکەسەکەوە دەنێت بۆ ئەوەی زەکاتی ماڵەکەی دەربکات، وە دەشزانێت ماڵەکەی بەوە پاك دەبێتەوە لەحەرام و لەهەمان کاتیشدا گەشەو نما دەکات و پێی کەم نابێت، هەربۆیە موسڵمانی ڕاستەقینە هەرگیز لەدانی زەکات خۆی نادزێتەوەو ڕاناکات لێی چونکە دەزانێت ئەوەی فەرزی کردووە خوای پەروەردگارە، و کەس ناتوانێت لە ژێرچاودێری و ئاگایی خوادا ڕابکات و خۆی حەشاربدات، نەخێر بەڵکو کەسەکە خۆی دەستپێشخەری دەکات بۆ ئەوەی دەری بکات وپێشکەشی ئەو کەسەی بکات کە شایستەیە ونەدارە، بەو باوەڕەی کە برایەتی ڕاستەقینەو هاوکاری نێوان موسڵمانان بەجێ نایەت بەم ڕێگەیە نەبێت.

ئیسلام لەهەموو تەشریعاتەکانیدا – ئەو واجباتانەی کە لەسەر موسڵمانانی داناوە لە نوێژ و ڕۆژو و حەج – شێوازێکی رۆحی مەعنەوی گرتۆتە بەر لەپێناو پەیوەستکردنی موسڵمانان پێکەوە بەپەیوەندیەکی تایبەتی برایانەی پیرۆز، و چاندنی بیروباوەڕی دروست وڕەسەن لە ناخ ومێشکیاندا. بەڵام لەزەکاتدا بە سیفەت وشێوەیەکی تایبەت، چونکە فەرزبوونەکەی ڕێگەیەکی

کـرداری مــادی سیســتەماتیکی پیــادەکردووە، کــە وادەخوازێــت چاکســازی کۆمەڵگەو بەرژەوەندی گشتی لیٚ فەراهەم بێت، ئەوەش لەپێناو هێنانەکایـەی ئارامی و هێمنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەردەوام. چونکە زەکات لەبنەڕەتدا دەبێت ئەوەندە بێت

کەبەشی یەك ساڵی ڕەبەقی ئەو کەسە بکات.

هەروەها چاندنی تۆوی هاریکاری وبرایەتی لەنێو ناخی تاکی موسڵماناندا یەکێکی ترە لەبەرهەمە جوان وبەپێزەکانی زەکات ئەمەش بۆ ئـەوەی کەسـێك حەسوودی وئیرەیی نەبات بە برا موسڵمانەکەی، زیاد لەوەش ئـەم زەکـات دانـە لەهەمان کاتدا سەردەکێشیٚ بۆ بەخشینی ئەو بـڕە زیادەیـەی کـە حکومـەتی موسڵمان دەیسـەپێنیٚ بەسـەر خەڵکیـدا (جگـە لـە زەکـات) ئەگـەر هـاتوو پێویستی پێی بوو، لەو کاتەشـدا بـە ڕەزامەنـدی و دڵفراوانیـەوە دەیبەخشـیٚ، چونکە دەزانیٚ ئەو یارمەتیە بۆ پڕکردنـەوەی پێویسـتی بـرا موسـڵمانەکانێتی وبەرژەوەندی گشتیە، ئەو برایانەی کە باوەڕ وئیسلام وای لیٚ کـردووە خۆشـیانی بوێت و چاکەو خێـری بۆیان بوێت.

هەر لەبەر گرنگی پرۆسەی تەواوکاری کۆمەڵایەتی و پەیوەستکردنی نێـوان موسڵمانانە، کە بەدی دێت بەهۆی زەکات دەرکردنەوە، پێشـەوا ابوبـــکر ﷺ هـیچ کەمتەرخەمیـەکی نـەکردو نـەرمی نەنوانـد سـەبارەت بـەم روکـن و کۆڵەکەیەی ئیسلام کاتێك کـە بیسـتی – دوای ماوەیـەکی کـەم لـە وەفـاتی پێغەمبەر ﷺ - وا کۆمەڵێك لە موسڵمانان دەیانەوێ جیاوازی بکەن لەنێوان نوێژ و زەکاتدا، بەشێوەیەك کە دەیانویست نـوێژەکان ئەنجام بدەن بەڵام زەکات نەدەن وپشتی لێ هەڵکەن، بۆیە ابوبکر ﷺ هەوڵێکی سەرکەوتووانەی دا بـۆ کوژاندنەوەی ئەو فیتنەو ئاژاوەیە کـە سـەری هەڵـدابوو، بۆیـە بەرانبـەر بـەو کەسانەشی کە تێڕوانینیان وابوو کوشتاری ئەوانە دەبێتە هۆی زیادکردنی ئێش وئـازاری نێـو موسـڵمانان و تێکـدانی ڕیزەکـانی ئیسـلام لـەکاتی نـەمانی سەرکردەیەکی وەك پێغەمبەرەکەیاندا ﷺ ، کەیەکێك لەوانە پێشەوا عومـەر بوو ﷺ کە بە ابوبکری ووت: چۆن کوشتاری ئەو خەڵکە دەکەیت لەکاتێکـدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ، فَمَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ فَقَدْ عَصَـمَ مِنِّـي مَالَـهُ وَنَفْسَـهُ وَمَالَـهُ إِلاَّ بِحَقِّـهِ وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ، قَالَ أَبُو بَكْرٍ ﷺ : وَاللَّهِ لَوْ مَنَعُونِي عَقَالاً كَانُوا يُؤَدُّونَهَا إِلَى

رَسُولِ اللَّهِ ﷺ لَقَاتَلْتُهُمْ عَلَى مَنْعِهِ، قَالَ عُمَرُ : فَوَاللَّهِ مَا هُوَ إِلاَّ أَنْ رَأَيْتُ أَنْ قَدْ شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَ أَبِي بَكْرٍ لِلْقِتَالِ فَعَرَفْتُ أَنَّهُ الْحَقُّ"[١].

واته: فەرمانم پێکراوە کە کوشتاری خەڵکی بکەم هەتا ئەڵێن " لا إله إلا الله " جا ئەوەی بڵێت " لا إله إلا الله " ئەوا ماڵی و گیانی وپارێزراو دەبێت لیّم و لێپرسینەوەشی لای خوایە. جا ابوبکر ووتی: سوێند بەخوا ئەگەر رێگری تەنانەت پەتێکیشم لێ بکەن کەپێشتر دابێتیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ و ئێستا نەیدەن، ئەوا شەڕیان لەگەڵ دەکەم لەسەری، ئەوەبوو پێشەوا عومەریش ووتی: سوێند بەخوا بینیم کە خوا سنگی ابوبکری والاکردووە بۆ شەڕ و ئیتر زانیم کە ئەو لەسەر حەقە.

وفي روايةٍ: أن أبابكر رضي الله عنه قال: " وَاللَّهِ لأُقَاتِلَنَّ مَنْ فَرَّقَ بَيْنَ الصَّلاَةِ وَالزَّكَاةِ فَإِنَّ الزَّكَاةَ حَقُّ الْمَالِ، وقد قال النبي ﷺ " **إلا بحقها** " يقصد بذلك قول الرسول ﷺ : " أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي

[١] رواه البخاري في كتاب الإعتصام بالكتاب والسنة، باب الإقتداء بسنن رسول الله ﷺ برقم (٧٢٨٤) . ومسلم في كتاب الإيمان، باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لاإله إلا الله محمد رسول الله برقم (٢٠).

دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ "[١] واتە: ابوبكر ووتویەتی: سوێند بەخوا شەڕ لەگەڵ ئەوەدا دەكەم كە جیاوازی بخاتە نێوان نوێژ و زەكاتەوە، چونكە زەكات مافی ماڵ وسامانە، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: فەرمانم پێكراوە كە كوشتاری خەڵكی بكەم هەتا ئەڵێن " لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله " ونوێژ بكەن وزەكاتیش بدەن، جا ئەگەر ئەوانەیان ئەنجامدا ئەوا خوێن و ماڵیان لەمن پارێزراو دەبێت مەگەر بەمافی ئیسلام نەبێت (كەشایستەی كوشتن بێت وەكو زیناكاری پیاووژن و بكوژی كەسێك و هەڵگەڕاوە لەدین) و لێپرسینەوەشیان لەسەر خوایە.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ گرنگی دەركردنی زەكاتی لە ناخی موسڵماناندا چاندبوو، ڕوونی كردبووەوە كە زەكات چ كاریگەریەكی باشی هەیە لە ژیانی كۆمەڵدا، هەر بۆیە ئاگاداری ئەوانەی دەكردەوە كە ڕەزیلی وخۆگرتنەوە زاڵ دەبێت بەسەریاندا. قال رسول الله ﷺ : " من آتاه الله مالاً، فلم يؤدِ زكاته، مثل له يوم القيامة شجاعاً أقرع، لە زبیبتان: یطوقه یوم القیامة، ثم یأخذ

[١] رواه البخاري في كتاب الإيمان، باب " فإن تابوا وأقاموا الصلاة وآتوا الزكاة فخلوا سبيلهم " برقم (٢٥)، ومسلم في كتاب الإيمان باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لاإله إلا الله محمد رسول الله برقم (٢٢).

بلهزمتيه (شدقيه)، ثم يقول: أنا مالك، أنا كنزك" ثم تلا قول الله سبحانه ﴿وَلا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمْ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ هُوَ خَيْراً لَهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (١٨٠)﴾ {آل عمران}[٢].

واتە: ئەوەی خوا ماڵ وسامانێکی پێ ببەخشێت و زەکاتەکەی دەرنەکات، ئەوا

لە ڕۆژی دواییدا ئەو ماڵە دەکرێتە شێوەی مارێکی کەچەڵ (تووك بەسەریەوە نیە لەبەر زۆری ژەهرەکەی و درێژی تەمەنی)، کە دوودانی (کەڵبە) درێژ لەدەمیەوە هاتوونەتە دەرەوە، دەیخاتە ملی کەسەکە و پاشان بەملاولای دەمی دەیگرێ و پێی دەڵێت: مــن ماڵەکەتم من گەنجینەو گەوهەرەکانتم. پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: " وا گومان نەبەن ئەوانەی کە بەخیلی ورەزیلی دەکەن، لەو نازو نیعمەتانەی خوا پێی بەخشیون، نابەخشن، کارێکی چاکە بۆیان، نەخێر ئەوە کارێکی خراپ ونادروستە بۆیان، چونکە ئەو شتانەی کە نەیاندەبەخشی لەڕۆژی قیامەتدا دەست دەنێتە بینیان ودەبنەکۆت

[٢] رواه البخاري في كتاب الزكاة، باب إثم مانع الزكاة .... برقم (١٤٠٣).

لەگەردنیانـدا، بێگومـان هەرچـی لەئاسمانـەکان وزەویـدا هەیـە هـەر خـوا خاوەنیانەو خوا ئاگایە بەهەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئێوە ئەنجامی دەدەن".

عَنْ أَبِي ذَرّ (رضي الله عنه) قَالَ: انْتَهَيْتُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ جَالِسٌ فِي ظِلِّ الْكَعْبَةِ، فَلَمَّا رَآنِي قَالَ: ((الْأَخْسَرُونَ وَرَبِّ الْكَعْبَةِ)). قَالَ: فَجِئْتُ حَتَّى جَلَسْتُ، فَلَمْ أَتَقَارَّ أَنْ قُمْتُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فِدَاكَ أَبِي وَأُمِّي، مَنْ هُمْ؟ قَالَ: ((هُمُ الْأَكْثَرُونَ أَمْوَالًا، إِلَّا مَنْ قَالَ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا –مِنْ بَيْنَ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ وَعَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ– وَقَلِيلٌ مَا هُمْ. مَا مِنْ صَاحِبِ إِبِلٍ وَلَا بَقَرٍ وَلَا غَنَمٍ، لَا يُؤَدِّي زَكَاتَهَا، إِلَّا جَاءَتْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْظَمَ مَا كَانَتْ وَأَسْمَنَهُ، تَنْطَحُهُ بِقُرُونِهَا، وَتَطَؤُهُ بِأَظْلَافِهَا، كُلَّمَا نَفِدَتْ أُخْرَاهَا عَادَتْ عَلَيْهِ أُولَاهَا، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ"[1].

واته: ابو زەر (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لە سێبەری کەعبەدا دانیشتبو، چومە خزمەتی کاتێ منی بینـی فـەرموی: ((بـەخاوەنی کەعبـە ئەوانـە زۆر خەسارۆمەندن)). ئۆقرەم نەگرت هەستام و وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)

---

[1] رواه البخاري في كتاب الزكاة، باب زكاة البقر برقم (١٤٦٠)، ومسلم في كتاب الزكاة ، باب الترغيب في الصدقة برقم (٩٤).

دایك و باوكم بەقوربانت بێ، كێن ئەوانە؟ فەرموی: ((ئەوانەی كە ماڵ و دارایيان زۆرە، مەگەر كەسێ بڵێ: هاو هاو ها، لەبەردەم و لەپشتەوە و بەڕاست و بە چەپدا ببەخشێ، ئەوانەش كەمن، هیچ خاوەن وشترو گاگەل و مەڕو ماڵاتێك نیە لە ڕۆژی قیامەتدا كەبۆیان دەهێنرێتە مەیدان، هەمو گەورەتر و قەڵەوتریشن بەشاخ دەدەن لەخاوەنەكەیان و دەیانخەنە ژێر سمیانەوە، كاتێ سەرەی هەمویان تەواو دەبێت سەرلەنوێ دەست پێ دەكەنەوە هەتا لێپرسینەوە لەناو خەڵكیدا تەواو دەبێت.

ئیتر لەدوای بیستنی ئەم فەرموودەیەوە هاوەڵی بەرێز (ئەبو زەر رضي الله عنه) بەوە ناسراوبوو كە ماڵەكەی دابەش دەكرد لەگەڵ هەژار ونەداراندا لەبەر خوا و وەكو ئەستۆپاكیەك بۆ ڕۆژی دوایی.

ئائەمەیە بەرنامەو پرۆگرامی ئیسلامی گشتگیر و تەواوكار، بەڕادەیەك كە هەموو ئەندامان تێیدا هەست بەئازاری براكەیان دەكەن و یارمەتی دەدرێت بۆ پڕكردنەوەی پێویستیەكانی، ودەبێت هەموو تاكێك لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت و گۆش بكرێت وباوەڕی پێی هەبێت، و كاری بۆ بكات و چاوەڕێی پاداشتی قیامەتیشی لەسەر بكات.

ڕۆژویش سەردەکێشێت بۆ زیادکردنی ڕێژەی صەبرو ئارامگرتن لە مرۆڤدا و بەهێزکردنی بەشێوەیەك کە بتوانێت ڕووبەڕوی ناخۆشی و سەختیەکان ببێتەوە، هێــزی دان بــەخۆداگرتنی لا دروســت دەکــات بــۆ ســەرکەوتن بەســەر نارەحەتیەکاندا، ئــەوەش بەخۆگرتنــەوەو دوورکەوتنــەوە بــۆ مــاوەی مــانگێکی ڕەبەق، لە زۆرێك لەو شتانەی کە ڕۆژانە ئارەزووی دەکات و حەزی لــێ دەکـات وەکو خواردن وخواردنەوەو سەرجێی (جیماع)، ئەبێت دووربکەوێتــەوە لەمانــەو خۆی بگرێتەوە لێیان لەکاتی دەرکەوتنی سپێدەوە بۆ ئاوابوونی خۆر.

ئەم لایەنــە مادديــە بــۆ ڕاهێنــان لەســەر ئــارامگرتن ودان بــەخۆداگرتن، هاوکاتە لەگەڵ لایەنێکی تری رۆحی، ئەوەش بریتیە لە چاندنی تــۆوی ڕەوشــت وئاکار جوانی و خووگرتن بە سیفاتی بەرز وبەنرخــەوە، ئــەوەش بــە گرتنــەوەی زمان ودڵ لــە هــەموو ئــەو شــتانەی کــە دژو پێچــەوانەی ڕەوشــت جــوانین، و کاردەکەنە سەر پێکهێنانی کەسایەتیەکی سەلامەت و ڕێزدار. هــاوڕێ لەگــەڵ یارمــەتی دانــی جەســتە وهــەناو بــۆ ڕزگــاربوون لــە دیاردەکــانی چــەوری وکەڵەکەبوونی چەندین ماددەی زیانبەخش لە هــەناوی مرۆڤــدا و کــە ئــەمڕۆ زانستی پزیشکی ترسناکی ئەو ماددانەی ڕوون کردۆتەوە بۆ سەر تەندروستی.

بۆیە ڕۆژوو لەسەر ئەم شێوازە پەروەردەی تاك و کۆمەڵگە دەکات بەپەروەردەیەکی گشتگیری تەواو، بەجۆرێك کە مۆرکی گوێڕایەڵی و خواپەرستی و ئارامگرتن و بەرگری ئارەزوی نەفسی پێوە دیارە. ئەمەش ئەو بەهایەیە کە وڵاتان پێویستیان پێی هەیە بۆ ئامادەکردنی ڕۆڵەکانی بۆ خەبات وتێکۆشان لەپێناو نیشتیماندا، و موسڵمانانیش پێویستیان پێی هەیە بۆ ئامادەکردنی تاکەکانی بۆ کاتی جیهاد و تێکۆشان.

دیسان لە ڕۆژودا پەروەردەیەکی تری تێدایە کە بریتیە لە زانین ودەرککردن بەهەستی ئەوانی تر و خەمخواردن بۆ ئازارەکانیان، چونکە کەسی بەرۆژو کاتێك برسی دەبێت ئەو کاتە هەستی هەژارو نەداری بۆ دەردەکەوێت و دەزانێت لەچ بارودۆخێکدان کاتێك خواردنێك نیە بیخۆن. وەکو چۆن ڕۆژو پەروەردەیەکی تەندروستیە بۆ کەسی بەرۆژو، ئەوەش بەهۆی پشوودانی کۆئەندامی هەرسەوە لەکارکردنی بەردەوامی بێ وەستان، چونکە ئەگەر ئەم وەستان وپشوودانە نەبێت ئەوا تووشی پەککەوتن ولەکارکەوتن دەبن وەکو چۆن ئامێرو کەرەستە کارەبایی وپیشەسازیەکان بەهۆی بەردەوامی ئیشکردنیانەوە تووشی خراپ بوون ولەکارکەوتن دەبن.

لەرۆژو گرتندا دیسانەوە تایبەتمەندیەکی ئاکاری بەرزی تێدایە ئەویش بریتیە لەوەی کە رۆژووەوان واهەست دەکات میوانی پەروەردگاریێتی، وە ئەگەر کەسێکیش وا هەست بکات کە میوانی پەروەردگاریێتی ئەوا ڕازی نابێت مەگەر لەسەر جوانترین وبەرزترین رەوشت وئەدگار خۆی برازێنێتەوەو ئامادەسازی خۆی بکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: " الصِّيَامُ جُنَّةٌ (وقاية) ، فَإِذَا كَانَ أَحَدَكُمْ صَائِمًا فَلاَ يَرْفُثْ (يفحش) وَلاَ يَجْهَلْ ، فَإِنِ امْرُؤٌ قَاتَلَهُ أَوْ شَاتَمَهُ فَلْيَقُلْ : إِنِّي صَائِمٌ"[١] واتە: بەڕاستی رۆژو پارێزەرە، جا ئەگەر یەکێکتان بەرۆژو بوو، ئەوا با قسەی پیس وناشرین نەڵێت و کرداری نەفامانەی لێ نەوەشێتەوە، وئەگەریش کەسێك شەڕی لەگەڵدا کرد یان جنێوی پێدا، بابڵێت: من بەرۆژوم، من بەرۆژوم، من بەرۆژوم.

پێویستە رۆڵە ونەوەکان لەسەر ئەم واتاو مانا جوانانەی رۆژوو پەروەردە بکرێن وڕابهێنرێن بەشێوەی کرداری، بۆ ئەوەی بەڕوونی بسەلمێنرێت بۆیان کە

[١] رواه البخاري في كتاب الصوم، باب هل يقول إني صائم إذا شُتم برقم (١٩٠٤)، ومسلم في كتاب الصيام، باب فضل الصيام برقم (١١٥١).

ڕۆژوی بەتاڵ لەم مانایانە و بەتاڵ لەخشوع و ڕەوشت جوانی، وەکو ئەوە وایە بەرۆژو نەبێت، لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: " رُبَّ صَائِمٍ لَيْسَ لَهُ مِنْ صِيَامِهِ إِلَّا الْجُوعُ وَالعَطَشُ "[١] واته: هەندێك لەرۆژوەوانان هەیە هیچی بۆ نامێنێتەوە لەرۆژوەکەی تەنها برسێتی و تینوێتی نەبێت.

بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە کە رۆژو گرتن ئامادەسازی تێدایە بۆ موسڵمانان – تاك وكۆمەڵ- بۆ ئەوەی وەکو یەك خێزان بژین، بەشێوەیەك هەریەکەیان هەستی براکەی بزانێت و لێی بێ ئاگانەبێت، و پرۆڤەیەکیش بێت بۆ هەموو تاکێك لەسەر بەرزترین سیفەتەکانی دان بەخۆداگرتن و ئارامگری لەسەر ڕووبەڕوبونەوەی ناڕەحەتی وسەختیەکان، و خۆ ڕازاندنەوە بە جوانترین ئاداب و ڕەوشت بەرزی بەهەموو ماناکانیەوە.

هەرچی حەجیشە ئەوا ئامانجی پەیوەستکردنی ئوممەتی ئیسلامە، بە هۆکارێکی بتەوی نەپساو، بەشێوەیەك کە موسڵمانان لەرۆژهەڵات و رۆژئاوای زەویەوە بەیەکتر دەگەن و شاد دەبنەوە بەدیداری یەکتر، لەچەند مانگێکی

---

[١] رواه ابن ماجة في كتاب الصيام، باب ما جاء في الغيبة والرفث للصائم برقم (١٧١٤)، والحاكم في كتاب الصوم، ٤٣١/١، وقال الألباني في صحيح ابن ماجة: حسن صحيح.

دیاری کراودا، کە ناخ و دەروونیان پاك دەبێتەوە و دڵەکانیان خاوێن دەبێتەوە، و دیـــداری یـــەکرتبینیان دیـــداری بەیەکگەیشـــتنی برایانـــەی پڕلەســـۆز و خۆشەویســـتیە، کـــە دوورە لـــە شـــتی پڕوپـــوچ و نابـــەجێ و ئاکـــاری نادروســـت وناپەسەند و گفتوگۆی تونـدی بـێ سـوود، هـەموویان ملکـەچ وزەلـیلن بـۆ پـەروەردگاری ئاسمانـەکان و زەوی و وەڵامـدەرەوەی بانگـەوازی خودایـین و فەرمانبەردارو گوێڕایەڵی فەرمانەکانین.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ فَمَنْ فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلا رَفَثَ وَلا فُسُوقَ وَلا جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِي يَا أُولِي الأَلْبَابِ (١٩٧)﴾{البقرة}

واتە: حەج لەچەن مانگێکی دیاری کراودایە و(خـۆی بـۆ ئامـادە دەکرێـت ونیەتی لێ دەهێنرێت) جا ئەوەی کەلەو مانگەدا دەستبەکار بوو وبڕیاریدا حەج بکـات، ئـەوە دەبێـت نزیکـی هاوسـەری نەکـەوێت وشەڕەچـەپۆك وگونـاهو موجادەلەو گوفتاری نادروست ئەنجام نەدات، بێگومـان هـەر خێـرو چـاکەیەك ئەنجام بدەن خوا پێی دەزانێت و ئاگادارە لێی، بەردەوام هەوڵ بدەن کـە زەخیـرەو

تویٚشوو پیٚش بخەن، بیٚگومان چاکترین زەخیرەش تەقواو پاریٚزکاریە، بەردەوامیش لەمن بترسن ئەی خاوەن بیرو هۆشەکان.

هاتنی موسڵمانان لە باکور وباشورو خۆرئاواو خۆرهەڵاتی زەویەوە بۆ شاری مەککەی پیرۆزو دواتر سەردانی شاری مەدینەی پڕنوریش، هەل ودەرفەتیٚکی زیٚڕین وگونجاوە کە موسڵمانان بەیەکتر شاددەبن و ئاشنا دەبن بە شیٚوەو ڕوخسارو عورف و زمانی یەکتر و دیمانەی خۆش و گفتوگۆی هیٚمنانەو برایانە ڕوودەدات لەنیٚوانیاندا سەبارەت بە ئیسلام و نەخۆشی ودەردەکانی وچارەسەریان وکیٚشەو ئاستەنگەکانی بەردەم بانگەواز وهۆکاری لاوازی موسڵمانان و چەندین بابەتی تری پەیوەست بە ئیسلامەوە و دواتر پیٚشنیارکردنو دۆزینەوەی ڕیٚگەچارە بۆ سووککردنی ئازارەکان و لابردنی گرفتەکان و چارەسەری کیٚشەکان، ئەوەش بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون وشارەزایی یەکتر و هاریکاری ویارمەتی دانی یەکتر لەپیٚناو بەهیٚزکردنی ئیسلام و پیشاندانی بەو جوانی ودادپەروەریەی کە هەیەتی.

ئابەو شیٚوەیە دەبینین کە تەواوی ئەو پەرستشانەی لە ئیسلامدا فەرمانیان پیٚکراوە لەڕاستیدا دەرفەتیٚکی حەقیقین بۆ پەروەردەکردنی تاك وکۆمەڵگە،

وپێکهێنـــانی پەیوەنـــدی بەتـــــین ونەپســـاو، و پەیوەســـت کردنـــی ڕیزەکـــانی موسڵمانان بەهۆکارێکی بەهێزی بەردەوام، بەهەموو ڕەنـــگ و زمـــان و نەتـــەوە جیاوازەکانیەوە، بۆ ئەوەی گشت موسڵمانان بـــبن بەیـــەك ئوممـــەتی گـــەورە، کـــە خۆشەویستی دڵەکانیان گرێ بدات بەیەکەوە و سۆز وبەزەیی بەیەکتردا هاتنەوە ئەوەندەی تر لێکیان نزیك بکاتەوە، وپشتی یەکتر بگرن و سەرخەری ئەوی تر بن و بەرژەوەندی یەکدیان بوێت، بەهۆی ئەم بەها جوانانەوە کۆمەڵگـــەی جیهـــانی دەبێتە کۆمەڵگەیەکی پاك ونموونـــەیی، بەهـــەموو ماناکانیـــەوە. دەبـــا هـــەموو ئەوانەی تۆمەت دەدەنە پاڵ ئیسلام و جەستەی بێگەردی بریـنـدار دەکـــەن ئـــەم ووشانە بـــخوێننەوە وئەمانە بدرێت بەگوێیاندا وباببیسن بـــەجوانی، ئەوانـــەی کە شتەکان تەنها بە پێوەری ماددی لێـــك دەدەنـــەوە و تێکنۆلۆجیـــای ســـەردەم دەکەنە بەڵگەی ژیری. بەڵام بـــەهاو پرەنســـیپی ئاکـــارو ڕەوشـــت ودادپـــەروەری و یەکسانی وهاوکاری وبرایەتی و... تەواوی ئـــەو بـــەها مرۆییانـــەی کـــە ئیســـلام گرنگی پێدەدات، ئەوا لە دیدی ئەوانەوە بریتین لـــە نیشـــانەی دواکـــەوتوویی و سیمای دەشتەکی بوون، بەڕاستی سەیرە!!

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە ڕێگر نین لێمان لە ڕەخنەلەخۆگرتن لەوەی کە بەڵێ هەست بەئازار دەکەین و خەمناك دەبین بە دیتن وبیستنی هەندێ دیاردەی پێچەوانەو نادروستی موسڵمانان، ئەوانەی کە خراپە دەکەن بەرانبەر بەخودی خۆیان وبەرانبەر بە دینەکەشیان، ئەوەش لەمیانەی خراپ پەیڕەو کردن و پیادەکردنی ناتەواوی هەندێك لە موسڵمانانەوە بەرانبەر بە پیرۆزیەکانی وەك نوێژ وزەکات ورۆژو و حەج، و ئاوەدان کردنەوەی زەوی و ژێربارکردنی هەرچی لەم گەردوونەدایە بۆ خزمەتی موسڵمانان و دیتنی بەرهەمەکەی بۆ مرۆڤایەتی.

## هاوسەرگیری

هاوسەرگیری بریتیە لە کرۆکی بونیادنانی خێزان ودەستپێکی ئەو هەنگاوە، ئەوەش بەهۆی بەیەك گەیشتنی نێرو مێ کە سەرەتای زاوزێ و زۆربوونە کە بنچینەکەیەتی، زیاد لەوەش تێرکردنی هەندێ پێویستی تری تاك.

بێگومان خوای پەروەردگار مرۆڤی خولقاندووەو چەند پێویستیەکیشی لەگەڵدا دروست کردووە کە دەبێت بەجێ بهێنرێن وپڕ بکرێنەوە بەشێوەیەکی شەرعی ڕێگەپێدراو، وەکو پێویستی جەستە بۆ خواردن وخواردنەوە کە

پڕدەکرێتەوە، یان پێویستی بە ئاسوودەیی و پشوودان ئەوەش لە ڕێگەی خەوتنەوە دەستەبەردەبێت، و هەروەها پێویستی مرۆڤ بۆ تێرکردنی لایەنی زایەندی (جنسی) ئەوەش لەڕێگەی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ وە تەواودەبێت وئەنجام دەدرێت.

جا ئیسلام ڕێگەی دروست وتەواوی بۆ خەڵکی ڕوون کردۆتەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم پێویستیانەو بەجێ هێنانیان، حەڵاڵی لەحەرام جودا کردۆتەوەو دیاری کردووە بەشێوەیەك کە پێویستیەکانی مرۆڤی پێ پڕ ببێتەوە بەزیادیشەوە، لەخواردن وخواردنەوەو جل وبەرگ، و ئەوەش کە پەیوەندی بەلایەنی جنسیەوە هەیە بەهەمان شێوە. ئەمە لەکاتێکدا ماڵ بریتیە لە ناوکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، جا بەختەوەری خێزان شادی وکامەرانی وئاسوودەیی کۆمەڵگە بەدوای خۆیدا دەهێنێت وبەڵگەیە لەسەر خۆشبەختی ئەو کۆمەڵگەیە، و ئارامی وهێمنی خێزانیش ئارامیە بۆ کۆمەڵگە، ئالێرەوەیە کە ئیسلام ناوەندو پێگەی پیاو و ئافرەتی دەستیشانکردووە، و پەیوەندی هەریەکەیان بەوی تریانەوە دیاری کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو دووانە دوو ڕەگەزن کە خێزانی لێ پێك دێت ودروست دەبێت.

ئافرەت لە پێش ئیسلامدا بە مرۆڤێك سەیر نەدەكرا كـە شایسـتەی ڕێـز و بەگەورەزانین بێت، هیچ مافێكی نەبوەو پێـی نـەدراوە، بـەڵكو تـەنها ئـەركی لەسەر بووە. بەشێوەیەك كە تەنها جێگەی چێژلێ بینین بووە لەلایەن مێـردەوە، نەوەك هاوكارو هاوشانی بێت، تەنانەت میراتی پێ نەدەدرا و مافی خاوەندارێتی نەبووە، بەڵكو هەمیشە وەكو كۆیلە هەژمار دەكرا، ئیتر ئەگەر كیژۆڵـە بوایـە یان خوشك یاخود دایك، ئەگەر كچ بوایە ئەوا موڵكی باوك بوو، ئەگـەریش ژن بوایە ئەوا موڵكی مێردەكەی بوو، وە پرۆسەی هاوسەرگیری لەدیـدو بۆچـوونی نەصرانیەتدا وەكو بەردێكی ڕێگـر تەماشـا دەكـرا لـە رێگـەی پێشـكەوتن و بەرەوپێش چووندا. دواتر لەسـەردەمی مەدەنیەتـدا هەنـدێك لەمافـەكانی بـۆ گەڕایـەوە، بـەڵام بـێ بـەش بـوو لـە مـافی ئاسـوودەیی وئـۆقرەیی خێزانـی وهۆگربوونی بەماڵداری و پەروەردەكردنەوە، ئـەوەش بـەهۆی لاوازی هۆشـیاری ئاینیـەوە، و دژایـەتی كردنـی ئـاین و ئاینـداری كـە بـوە هـۆی پچـڕانی پەیوەسـتیەكانی ژن ومێردایـەتی و نـەمانی پەیوەنـدی هاوسـەرگیری وهەڵوەشاندنەوەی گرێكانی خێزانداری ودووركەوتنەوە لەو چێژ وئارەزوانەی كـە ماڵێـك دوو ڕەگـەز كۆبكاتـەوە بـۆ مەبەسـتێكی بـەپیت وپـیرۆز، هەربۆیـە خۆڕووتكردنەوەو بەدڕەوشتی بڵاوبوویەوەو سەری هەڵدا لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوادا

بەشێوەیەك كە زۆربەیانی گرتەوەو بوو بە بیروباوەڕ لایان، وەكو یەكێكیان دەڵێت: **ئەگەر تاكە پاڵنەر بۆ هاوسەرگیری بریتی بێت لە تێركردنی ئارەزوو ئەوا ئەو مەبەستە لە ڕێگەی هاوڕێیەتیشەوە بەدی دێت كە هەرزانترەو ئاسانتریش دەستدەكەوێت، و هیچ كۆت وبەندو مەرجێكیشی نیە، ئیتر بۆچی ئەو تێچوونە زۆرە لەسەر خۆمان پێویست بكەین و خۆمان ببەستینەوە بەپرۆسەی هاوسەرگیریەوە.**

## شێوازی میراتگری لە ئیسلامدا

ئیسلام سیستەمێكی داناوە بۆ گواستنەوەی سەروەت وسامان لە باوانەوە بۆ نەوەكان (نێرو مێ) و جگە لەوانیش كە شایستەی وەرگرتنی میراتی هەیەو ماف وپشكی خۆی هەیە لەو سەروەتەی كە بەجێماوە لەكەسی كۆچكردوو بەشێوەیەك كە سازش هەڵناگرێت وقابیلی گۆڕان ودەستكاری كردن نیە، لەبەر ئەوەی بەدەقی قورئان وفەرموودەی صحیح ئەو بابەتە ڕێكخراوەو ئەو مافە

دەستنیشان کراوە، ئەوەش بە گوێرەی ڕادەی پەیوەندی خزمایەتی و دوور ونزیکی کەس وکارەکە لە مردووەکەوە. جا ئیسلام مـاف وپشـکی پیـاوی دووئەوەنـدەی پشکی ئافرەتی داناوەو دیاری کردووە لەو ماڵەی کەبەجێ دەمێنێت لە کەسـی مردوو (ئەوەش دوای دانەوەی قەرزەکان کەلە ئەسـتۆی مردووەکەیـە) ئـەو دوو ئەوەندەیەش لەبەر ئەوەیە پیاوان چاودێرو سەرپەرشتیاری ئافرەتانن وبـەڕێوەیان دەبەن، هەروەکو چۆن ئافرەتانیش ئـەرکی چـاودێری منـداڵیان لەسـەر شـانەو بەرپرسن لە ئامادەکردن وسازاندنی ژینگەیەکی گونجاوو لەبار بۆ خێزان، بـەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە سەروەت وسامانی ئافرەت دەستی بەسەردا بگیرێـت و مامەڵەی پێوە بکرێـت مەگـەر بەڕەزامەنـدی خـودی ئافرەتەکـە نـەبێت کـە خاوەنێتی. هەروەکو چۆن شەریعەتی ئیسلامی زیاد لەسێ یەکی ماڵی میراتـی نەداوە بەو کەسەی میراتی لێ بەجێ دەمێنێت بۆ ئەوەی بریکارەکەی بـەگوێرەی وەسیەتەکە بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەوتی پێوە نـەکات، مەگـەر بـۆ دانـەوەی قەرزەکان نەبێت کەلەگەردنی مردووەکەدایە، هەربۆیە کوڕان لەبابەتی میراتدا لەپێشترن ئەوەش بەپێی ڕێساویاسـای بابـەتی مـیرات کـە دەڵێـت نێـــر دوو ئەوەندەی مێ دەبات.

هەروەکو چۆن ژن ومێرد لە پێشترن بۆ وەرگرتنی بەشەمیرات لەکاتی مردنی یەکێکیاندا، بەڵام پشك وئەندازەی میراتی هەریەکێکیان گۆڕانی بەسەردا دێت لەکاتی هەبوونی منداڵدا، خۆ ئەگەریش منداڵ نەبوو ئەوا مێردەکە نیوەی ماڵە بەجێماوەکە دەبات کەلە ژنەکەی بەجێماوە وەکو میرات، بەڵام ئەگەر منداڵیان هەبوو ئەوا چواریەك دەبات، خۆ ئەگەر پیاوەکە مرد ئەوا ژنەکەی چواریەکی میراتەکە دەبات ئەگەر منداڵیان نەبوو، بەڵام ئەگەر منداڵیان هەبوو ئەوا هەشت یەکی دەبات.

وە کوڕو کچەکانیش بەشە میراتی خۆیان دەبەن کوڕان دووئەوەندەی کچانیان دەکەوێت، دوای دەرکردنی مافی مردوو لەمیراتەکە، وەکو لە سورەتی (النساء ) دا هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿يُوصِيكُمْ اللَّهُ فِي أَوْلادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ﴾{الآية: ١١} واتە: خوا ڕێنمویتان دەکات و فەرمانتان پێ دەکات دەربارەی نەوەکانتان لەبواری میراتی گرتندا ئەویش ئەوەیە کە بەشی نێرینەکان ئەندازەی بەشی دوو مێینەیانە. وە ئەم ڕێسایانەش ناگۆڕێن مەگەر بە هەبوونی کەسێکی شایستەتر کە مافی وەرگرتنی میراتی هەبێت، ئەوەش بەگوێرەی ڕێسا میراتگریە جێگیرەکان، بەڵام مامەکان وئەوانەی حوکمیان وەکو ئەوان وایە ئەوا

میراتیان بەرناکەوێ لە میراتی نەوەکان مەگەر زیاد بێت لەو ڕێژەیەی کە شەرع دیاری کردووە لە بابەتی میراتدا، پاش دەرکردنی بەشی ژن و پیاو و کوڕ و کچەکان، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيباً مَفْرُوضاً (٧)﴾{النساء} .

واتە: پیاوان بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە باوك ودایك وخزمان بە میراتی لەدوایان بەجێ دەمێنێت، هەروەها ژنانیش بەشیان هەیە لەو شتانەدا کەبە میراتی لەباوك ودایك وخزمان بەجێ دەمێنێت، لەکەم وزۆری بەشی هەرکەسێك دیاری کراوە ودەبێت بیدرێتی.

وە تایبەت کردنی مافی نێر بە دووئەوەندە بەرانبەر بە مێ لە میراتدا لەبەر ئەوەیە خوای گەورە چەندین بەرپرسیارێتی خستۆتە سەر شانی پیاوان لە چاودێری ئافرەتان و دابین کردنی نەفەقە و مسۆگەرکردنی لایەنی ئابووری بۆیان، وەکو دەفەرموێت: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾{النساء: ٣٤} .

واتە: پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە ئەمەش بەهۆی ڕێزو زیادە ئەرکێکەوە کە خوا داویەتی بەهەندێك بەسەر هەندێکی تردا (سەرەڕای ئەوەی کە ) پیاوان لەماڵ وسامانیان خەرج دەکەن لەپێناوی ئاسوودەیی وخۆشگوزەرانی ئافرەتاندا.

## پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا

ڕێکخستنی ئیسلام بۆ خێزان و کۆمەڵگە سیستەمێکی دامەزراوی وردی تێروتەواوە، بەشێوەیەك کە هەموو شتێکی لەشوێنی دروستی خۆی داناوە. وەکو چۆن لەبواری خاوەندارێتیدا پرەنسیپی یەکسانی ڕەچاو کردووە لەنێوان ژن

وپیاودا بەپێی ئەوەی ئازادو سەربەستە لەو ماڵەی کە خاوەنێتی و بەوەی هەڵی دەگرێت یان دەیفرۆشێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا اكْتَسَبْنَ﴾{النساء: ٣٢} واتە: پیاوان بەشێکیان هەیە لەوەی بەدەستیان هێناوە، هەروەها ئافرەتانیش بەشێکیان هەیە لەوەی بەدەستیان هێناوە.

وە ئیسلام ئەو مافەی بە ئافرەت داوە کە لەماڵەکەی ببەخشێت چەندی بوێت وبە کێی دەبەخشێت، وەکو دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ طِبْنَ لَكُمْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ نَفْساً فَكُلُوهُ هَنِيئاً مَرِيئاً (٤) ﴾ {النساء} واتە: خۆ ئەگەر بە ئارەزووی ویستی خۆیان (ئافرەتان) دەستیان هەڵگرت لەهەندێك لەمارەیی وبەخشییان بە ئێوە، ئەوا ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن وبەکاری بهێنن وبەبێ دوودڵی نۆشی بکەن وسوودی لێ وەربگرن.

وە ئیسلام پشکی ئافرەتی دیاری کردووە و پێی بەخشیوە لە بەشە میراتدا وەکو دەفەرموێت: ﴿لِلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيباً مَفْرُوضاً

(٧)﴾{النساء} واتە: پیاوان بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە باوك ودایك وخزمان بە میراتی لەدوایان بەجیٚ دەمێنێت، هەروەها ژنانیش بەشیان هەیە لەو شتانەدا کەبە میراتی لەباوك ودایك وخزمان بەجیٚ دەمێنێت، لەکەم وزۆری بەشی هەرکەسێك دیاری کراوە ودەبێت بیدرێتی. ئەوەش لەبەر ئەوەی ئافرەتی عەرەب لە پێش ئیسلامدا میراتی پیٚ نەدەدراو لەو مافە بیٚ بەش دەکرا.

هەروەکو چۆن ئیسلام بچینەی یەکسانی ماددی داناوە لە نێوان ژن وپیاودا بەهەمان شێوەش بنچینەی رۆحی بۆ ئەم یەکسانیە داناوەو هاوبەشیانی کردووە وەکو یەك لەو بابەتەدا، بۆیە ئافرەتی کردووە بە هاوشان وهاوتای پیاو لە بابەتی پاداشت وسزادا، وەکو دەفەرمویێت: ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ﴾{آل عمران: ١٩٥} .

واتە: خودا دوعاو پاڕانەوەی دوعا خوازانی گیراکردو فەرمووی: بەڕاستی من کردەوەی چاکی هیچ کەسێکتان بزرناکەم، جا کەسەکە نێرینە بێت یان مێینە، چونکە هەندێکتان لەهەندێکی ترتانن و هاوکاری یەکن.

یان دەفەرمویێت: ﴿مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلا يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ (٤٠)﴾{غافر} .

واتە: ئەوەی گوناهو هەڵەیەکی کردبێت، تەنها بە ئەندازەی هەڵەو گوناهەکەی خۆی تۆڵەی لێ دەسێنرێت، ئەوەش کە چاکەی کردووە لە پیاوان وئافرەتان، لەکوڕان ولەکچان لە کاتێکدا کە خاوەنی باوەڕی دامەزراون، ئائەوانە دەچنە بەهەشتەوەو بێ سنوورو بێ حیساب ڕزق ورۆزی هەمەجۆر وهەمە چەشنیان پێ دەبەخشرێت.

وە ئیسلام ئافرەتی کردووە بە هۆکاری ئارامی و دڵنەوایی بۆ پیاوو بەهەمان شێوەش پیاوی بۆ ئافرەت وا لێ کردووە، کە ببێتە هۆی زیادبوونی گەشەی ڕۆحی وئاسوودەیی ناخ ودەروون، خوای گەورە دەفەرمویێت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١)﴾{الروم} .

واتە: یەکێك لەنیشانەو بەڵگەکانی هەبوونی خواو دەسەڵاتی ئەوەیە کە هەرلە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لەلایداو

لەنێوانتاندا خۆشەویستی وسۆز ومیهرەبانی فەراهەم هێنـاوە، بەڕاسـتی ئالـەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێك بیردەکەنەوەو تێ دەفکرێن.

هاوسەرگیری لە دیدو تێڕوانینی ئیسـلامەوە بریتیـە لـە تاکـە هۆکـار بـۆ پاراستنی کەرامەتی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەت وکۆمەڵگـەی جیهانی بەشێوەیەکی گشـتی، ئـەوە هاوسـەرگیریە کـە خۆشەویسـتی کردۆتـە سۆزێکی چالاکی کارای نێوان ژن ومێرد، ئەو خۆشەویستیەی کـە ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێـت، و بەتێکـەڵاوی کـردنیش زۆرتـر دەچەسـپێت وخۆگردەبێـت، بەشێوەیەك کـە وەفـاو ئاسـوودەیی وبەختـەوەری و کامـەرانی و دڵشـادی لـێ دێتەبەرهەم و لەوەش زیاتر بازنەکە گەورەترو فراوانتر دەبێت و پەل دەهاوێت بۆ منداڵ ونەوەکان و کوڕەزاو کچەزاو مام وخاڵ و پورو خزم وکەس وکارو عەشرەت بەگشتی، تا سەردەکێشێت بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. بـەو شـێوەیە خۆشەویسـتی وڕێزلێنانی یەکتر بلاو دەبێتەوەو خەڵکانی تر بەکەس وکـاری خـۆت دەزانـی و خوێنتان تێکەڵ دەبێت.

ئەمەش وامان لێ دەکـات جـەخت بکەینـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە ئیسـلام هاوسەرگیری داناوە بە باشترین هۆکار بۆ پەرەپێدانی مرۆیـی، و گەشـەی سـۆز

وخۆشەویستی و هەستی خێروچاکە وچاندنی تۆوی یەکتر قبوڵکردن لەنێوان تاکەکاندا، ئەمە جگە لەوەی هاوسەرگیری بەیەکگەیشتنی ژن وپیاوەو شادبوونیانە بەیەکتر، بۆیە دەبینین قورئان موسڵمانان تایبەت دەکات بە هاوسەرگیریەوەو هانیان دەدات بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە ودەفەرموێت:

﴿وَأَنكِحُوا الأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ﴾{النور: ٣٢} .

واتە: ژن بدەن بە پیاوانی بێ ژن وئافرەتانی بێوەژن بدەن بە شوو، هەروەها ژن بدەن بەبەندە صالحەکانتان وکەنیزەکەکانیشتان بدەن بەشوو.

وە پێغەمبەری خوایش ﷺ دەفەرموێت: " إذا تزوج العبد فقد استكمل نصف دينهِ فليتق الله في النصف الثاني "[١] واتە: ئەگەر کەسێك هاوسەرگیری بکات ئەوا نیوەی ئیمانی تەواو و کامڵ کردووە با لە خوا بترسێت لە نیوەکەی تری.

وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: " يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ الْبَاهَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغضُّ لِلْبَصرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ

---

[١] رواه الطبراني في الأوسط برقم (٧٦٤٣) وحسنه الألباني في الصحيحة برقم (٦٢٥).

بِالصَّوْمِ فَإِنَّ الصَّوْمَ لَهُ وِجَاءٌ "[٢] واتە: ئەی گرۆی لاوان ئەوەتان توانای پێکهێنانی هاوسەرگیری هەیە با ئەنجامی بدات چونکە ئەوە چاو دەپارێزێ لە حەرام و داوێن پاك ڕادەگرێ، وە ئەوەش نەتوانێت با بەرۆژو بێت، چونکە ئەوە پارێزەرە بۆی.

جا هاوسەرگیری لە تێڕوانینی ئیسلامەوە بەڵێننامەیەکە لەنێوان ژن و پیاوێکدا بەئامادەبوونی شاهێدەکان ئەوەش بۆ جیاکردنەوەی لە جۆرە هاوسەرگیریەك کە پێی دەوترێت (السفاح) کەبە نهێنی ئەنجام دەدرێت، بۆیە ڕاگەیاندن وئاشکرا کردنی کاری هاوسەرگیری شتێکی پێویستە، و تەنانەت لێدانی دەفیش بۆ ئەو بۆنەیە دروستە بۆ کچانی بالغ نەبوو، هەربۆیە مێرد لەم گرێبەستەدا لەسەریەتی کە بڕێك مارەیی بدات بە ئافرەتەکە وەکو ڕێزلێنانێك بۆی و نیشانەیەك لەسەر ڕاستێتی داواکاری مێرد بۆ ئەو پرۆسەیە، ئەم بەڵێننامەو گرێبەستەش هەردوولا پێویست دەکات بەوەی کە ئەو ئەرك ومافانەی لەسەریانە بەجێی بگەیەنن و پێویستی سەرشانیان بەرانبەر یەکتر

---

[٢] رواه البخاري في كتاب النكاح، باب قول النبي : من استطاع الباءة فليتزوج، برقم (٥٠٦٥)، ومسلم في كتاب النكاح، باب استحباب النكاح لمن تاقت نفسه إليه... برقم (١٤٠٠).

تەواو بکەن، ئەو مافانەی کە خوای میهرەبان فەرزی کردووە (سبحانه وتعالى) ، هەربۆیە ئافرەت هیچ مافێك لەدەست نادات کاتێك دەبێتە ئەندام لەو دەزگا کۆمەڵایەتیەی کە پێی دەوترێت خێزان، بەڵکو لەسەروی ئەوەشەوە چەندین مافی زیاتری پێ دەدرێت و زیادەڕێزێکی لێ دەنرێت لەمیانەیدا، و بەرپرسیارێتی زۆرتری لە ئەستۆدا دەبێت.

خوای میهرەبان دەفەرموێت:

﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٢٨)﴾{البقرة} واتە: ژنان مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بەوێنەی ئەو مافانەی کە بۆ پیاوانە لەسەر ژنان ئەوەش بەگوێرەی باوونەریتێك کەپەسەندە لەئیسلامدا وپیاوان بەسەر ئافرەتانەوە یەك پلەیان هەیە.

لەڕاستیدا گرێبەستی هاوسەرگیری گرێبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی بچووککراوەیە، کە هەریەك لە ژن وپیاو هەڵدەسن بە گێڕانی ڕۆڵی خۆیان تێیدا، و پیاو سەرۆکی ولاتە، و خوای گەورەش هۆکاری ئەو کردنە سەرۆکەی دیاری کردووە بۆ پیاو، وەکو دەفەرموێت: ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ﴾{النساء: ٣٤} .

واتە: پیاوان سەرپەرشیارن بەسەر هاوسەرەکانیانەوە، ئەمەش بەهۆی ڕێز و زیادە ئەرکێکەوە کە خوا داویەتی بەهەندێك بەسەر هەندێکی تردا (سەرەڕای ئەوەی کە) پیاوان لەماڵ و سامانیان خەرج دەکەن لەپێناوی ئاسوودەیی وخۆشگوزەرانی ئافرەتاندا.

ڕۆڵی پیاو لەم خێزانەدا بریتی دەبێت لە سەرۆکایەتی کردنی ماڵ وبەڕێوەبردنی، ئەوەش لەبەر ئەوەی پیاو لەڕووی جەستەیی وپێکهاتەییەوە لە ئافرەت بەهێزترە، بۆیە زیاتر گونجاوە بۆ بەرگەرگرتنی نارەحەتی وئیش وکاری سەخت و دان بەخۆداگرتنی لەسەر ئازارو بارودۆخە ماندووکەرەکان و ڕووبەڕوبونەوەی مەترسیەکان، هەرلەبەر ئەمەیە ئەو بەرپرسە لە خەرجی خێزان و مسۆگەرکردنی لایەنی ئابوری نێوماڵ.

ئەمە لەکاتێکدا ئافرەت لەسەرووی پیاوەوەیە لەڕووی سیفەتی خۆشەویستی و سۆز ونەرم ونیانی و سازان وگونجانی بۆ مندال هێنان، بۆیە چاودێری کردنی ماڵ وپەروەردەکردنی منداڵ لە ئەرك وپسپۆریەکانی ئافرەتە.

ئەم دابەشکردنی پۆست وئەرکانەش لەنێوان ژن وپیاودا، بریتیە لە ڕێسا گشتیەکە بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەرنا ئەمە مانای ئەوە نیە ئافرەت

دووربخێتەوە لەهەندێك چالاكی دیكە، جگە لە ئەركە سەرەكیەكەی خـۆی كـە بەرێوەبەری ناوخۆی ماڵەوەیەو بەرپرسی ئەو لایەنەیە، زیاد لەوەش بـۆی هەیـە ودەتوانێت بڕوات بۆ مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێـژەكان بەكۆمـەڵ و دەتوانێـت هاوشانی پیاوان بەشداری گۆڕەپانی شەڕبكات بەمەبەستی ئەنجامدانی چەندین كاروچالاكی كە دەتوانێت ڕایان بپەڕێنێت وەكو هەڵگرتنی خواردن وخواردنـەوە و گواستنەوەی برینداروو نەخۆش و.... هەروەها یارمەتی دانی مێردەكەی لەكاری كشتوكاڵیداو ڕاپەڕاندنی هەندێ كاروباری بازرگانی لەبار بۆی.

بەهەمان شێوەش هیچ ڕێگریەك نیە لەوەی پیـاوان هاوكـاری خێزانـەكانیان بكەن لە كاروباری ناوماڵدا، ئـەوەتا گێڕراوەتـەوە لـە پێغەمبـەری خـواوە كـە هاریكاری خێزانەكانی كردووە لـە كـاری ناومـاڵـدا، وەكـو دەپرسـن لەدایكـە عائشە: پێغەمبەری خوا ﷺ چی دەكرد لەماڵدا؟ ئەویش لەوەڵامـدا دەیـوت: ئەو لەیارمەتی دانی خێزانیدا بوو، ئەگەریش كاتی نوێژ بهاتایە ئەوا دەردەچوو بۆ ئەنجامدانی نـوێـــژ[1].

---

[1] رواه البخاري في كتاب الأذان، باب من كان في حاجة أهله فأقيمت الصلاة فخرج برقم (٦٧٦)، والترمذي في كتاب الزهد، باب برقم (٢٤٨٩).

ئیسلام داوا لە پیاو دەکات مامەڵـەی چـاك و بـاش لەگـەڵ خێزانەکەیـدا بکات، بەچاکی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات ونەرم ونیان بێت و هۆگری بـێ و سۆز وخۆشەویستی و ڕێزی بۆ دەرببڕێت، تەنانەت ئەگەریش ڕقی لێی بێت.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾{البقرة: ٢٣١} واتـە: بەشـێوەیەکی چـاك وجوامێرانـە ڕایـانگرن وبیانهێڵنەوە لای خۆتان وپێکەوە بژین، یان بەچاکی وشێوەیەکی جوان دەستیان لێ هەڵبگرن وتەڵاقیان بدەن، بەڵام وریابن مافیان نەخۆن.

دیسان دەفەرموێت: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِنْ كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً (١٩)﴾{النساء: ١٩} واتـە: بەباوونەریتێکی پەسـەند وجـوان هاوکاریـان بکـەن ومامەڵـەتان چـاك بێـت لەگەڵیاندا، وەکو ئێوە چاوەڕوانی چاکە لەوان دەکـەن، ئینجـا ئەگـەر بـەهۆی لاساریانەوە ژیان لەگەڵیاندا نەدەگونجا ددان بەخۆتاندا بگرن وئێوە هەر چاك بن چونکە گەلێ شتی واهەیە ئێوە خۆشتان لێ نایە، کەچی خوا خێـرو چـاکەیەکی زۆری تیا داناوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " خیارکم خیارکم لنسائهم "[١].

واتە: باشترینتان ئەوانەن کە بۆ خێزانەکانیان باشن.

هەروەها لە وتاریماڵئاواییدا فەرمووی: " أما بعد، أیها الناس، فإن لكم علی نسائكم حقاً، ولهن علیكم حقاً، فاستوصوا بالنساء خیراً، فإنهن عندكم عوان، لایملكن لأنفسهن شیئاً "[٢] واتە: ئەی خەڵکینە، لەڕاستیدا مافتان هەیە بەسەر خێزانەکانتانەوە، وە ئەوانیش مافیان هەیە بەسەر ئێوەوە، جا باهەڵسوکەوت و ڕەفتارتان باش وچاك بێت لەگەڵیاندا، چونکە ئەوان وەکو دیل (ئەسیر) وان لاتان، هیچیان بەدەست نیە بۆ خۆیان.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: " استوصوا بالنساء خیراً "[١].

واتە: باهەڵسوکەوت وڕەفتارتان باش وچاك بێت لەگەڵ ئافرەتاندا.

---

[١] رواه الترمذي في كتاب الرضاع، باب ما جاء في حق المرأة على زوجها برقم (١١٦٢).

[٢] رواه مسلم في كتاب الحج، باب حجة النبي ﷺ برقم (١٢١٨).

[١] رواه البخاري في كتاب النكاح، باب الوصاة بالنساء برقم (٥١٨٦)، ومسلم في كتاب الرضاع، باب الوصية بالنساء برقم (١٤٦٨).

هەروەها ئیسلام داوا لە ئافرەت دەكات كە مامەڵەیەكی دروست وباش لەگەڵ مێردەكەیدا بكات، بەوەی كە سەرپێچی نەكات (جگە لەو شتانەی كە تاوانە)، بۆیە لەسەری حەرامە كە گوێڕایەڵی نەبێت بەبێ هۆكارێكی شەرعی، وە بەوەی كە بیپارێزێت لەكاتی ئامادەبوونی خۆیدا ولەكاتی دیارنەبوونیشیدا، و ماڵ وسەروەت وسامانی بپارێزێت و نهێنیەكانی لای كەس باس نەكات و ڕێگەنەدات ئەو كەسەی كە مێردەكەی پێی باش نیەو ڕقی لێیەتی بێتە ماڵەوە.

وە هەروەها بەوەی كە مامناوەند بێت لەبارەی پارەخەرجكردن و بەخشینەوە، نە زیادەڕەو بێت نە دەستگیرۆ ورەزیل بێت، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " إِذَا أَنْفَقَتِ الْمَرْأَةُ مِنْ طَعَامِ بَيْتِهَا، غَيْرَ مُفْسِدَةٍ، كَانَ لَهَا أَجْرُهَا بِمَا أَنْفَقَتْ، وَلِزَوْجِهَا أَجْرُهُ بِمَا كَسَبَ "[٢] .

واتە: ئەگەر ژن لەخۆراكی ماڵەكەی ببەخشێت و زیادەڕەوی نەكات، ئەوە پاداشتی ئەو بەخشینەی دەست دەكەوێت، مێردەكەشی پاداشتی پەیداكردنەكەی.

هەروەها دووربكەوێتەوە لە خۆدەرخستن وپۆشینی جل وبەرگی ناشەرعی (كورت وتەنك وتەسك وڕەنگاوڕەنگ و سەرنجڕاكێش)، و پێویستە ڕێز

---

[٢] رواه البخاري في كتاب الزكاة، باب من أمر خادمه بالصدقة ولم يناول بنفسهِ برقم (١٤٢٥)، ومسلم في متاب الزكاة، باب أجر الخازن الأمين والمرأة إذا تصدقت من مال زوجها غير مفسدة برقم (١٠٢٤).

وحورمەتی خۆی بپارێزێت و لەماڵەوە بمێنێتەوەو زۆر دەرنەچێت (مەگەر بۆ کارێکی پێویست) وە بە ئیزنی مێردەکەی نەبێت دەرنەچێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلاَّ مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ {النور: ٣١}.

واتە: با ئافرەتان زینەت وجوانی وخشڵی خۆیان دەرنەخەن لەئاستی نامەحرەم، بێجگە لەوەی دەردەکەوێ[١].

**وە لەو مافانەی کە هاوبەشە لەنێوان ژن و مێرددا:** مافی هەریەکەیانە کە چێژی جنسی لەیەکتری ببینن و پێویستی یەکتر پڕبکەنەوە، و بەوەش ئەگەر خوای گەورە ئیزنی لەسەر بوو منداڵیان پێ دەبەخشێت، وە پشکی میراتی بۆ هەریەکەیان دەبێت و لەیەکتری میراتیان دەکەوێت (ئەگەر یەکێکیان بمرێت)، وە پارێزگاری کردنی ژن لە ناوو نازناوی بنەماڵەو خانەوادەکەی خۆی و نەوەك مێردەکەی تەنانەت دوای شووکردنیشی، بە پێچەوانەی ئەوروپیەکانەوە کە ژن

[١] بیضاوي لەتەفسیرەکەیدا دەڵێت: قسەی ڕاست ئەوەیە: مۆڵەت دان بۆ دەرکەوتنی دەم وچاو وهەردوو دەست تەنها بۆ کاتی ئەنجامدانی نوێژەکانە، نەك لە دەرەوەی نوێژەکان، چونکە هەموو جەستەو لاشەی ژنان عەورەتە ورەوا نیە دەرخستنی و تەماشاکردنی بۆ مێرد و مەحرەم نەبێت، مەگەر کاتی ناچاری، وەك: سەیرکردنی پزیشکی پیاو، کاتێ پزیشکی ژن نەبێت، یان بۆ هەڵگرتنی شایەتی، ...

لەو کاتەی شوو دەکات ئیتر دەبێت بدرێتە پاڵ مێردەکەی و بەناوی ئـەوەوە نـاو دەنرێت و دەناسرێت.

ئەو مانا و بەها جوانانەی کە ئیسلام ڕەچاوی کردووە لە بـارەی پێکهێنـانی خێزانەوە و دیاری کردنی ئەرك وبەرپرسیارێتی هەر تاکێك تێیـدا و پارێزگـاری کردنیش لێی و کۆکردنەوەیان لە ژێر چەتری خۆشەویستیدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە ئاسوودەیی وبەختەوەری لـەکانگای ئـەو خێزانـەوە هـەڵبقوڵێت و دەرونێکی بەختیارو جەستەیەکی سەلامەت دێنێتە کایـەوەو بـەوەش تـاکێکی ئارام وسوودبەخش پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکات، وە هـەروەها ئاراسـتەکردنی هەریەك لە ژن ومێرد بۆ خۆشویستنی یەکتـر و قووڵبونەوەی ئەو پەیوەندیە، و بەچاکە مامەڵەکردنی و هەڵسوکەوت وجـوان ڕەفتـاری بەرانبـەر بەیـەکتر، وا دەکـات هـەموو ئەنـدامانی خێزانەکـە وەکـو یـەك کـەس وابـن، بەهـەموو ماناکانیەوە، بەشێوەیەك کە وا دەکات پیاو هەمیشە لە خزمەتی ژنەکەیدا بێت و لەهەوڵی ئاسـوودەکردنی و دڵخۆشـکردنیدا بێـت، و ژنـیش لەهـەوڵی ڕازی کردنـی دڵـی پیاوەکەیـدا بێـت و کامـەرانی ئـەوی بوێـت، ئابـەم شـێوازەو مامەڵەکردنە دەرگای شەڕو خراپە دادەخرێت بەرانبـەر بەهەریەکـەیان، وهـیچ

کامیان بیــر لە ئارەزو وبەرژەوەنـدی تایبــەتی خـۆی ناکاتــەوەو ئــەوە نایــەت بەمێشکیدا کە لەزەت وچێژ لەدەرەوەی ماڵی خۆیدا وەربگرێت و ناپاکی ئــەنجام بــدات، بــەو شــێوەیەش دەســت ودەم وچــاوو داوێــن پــاك دەردەچــن و شــەرەف ونامـوسیش پارێزراو دەبێت، وخورەوشتەکانیش بەبەرزی و شکۆداری دەمێننەوە.

وە مادام کۆمەڵگەی ئیسـلامی لەچــەندین مــاڵ وخێـزان پێـك دێـت کـە بەختەوەری وخۆشبەختی باڵی بەسەردا کێشاوە و خۆشەویستی ویەکتــرویستی لێ هەڵدەقوڵێت، ئەوا ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی پەیوەسـت بەیەکتری و کامەران، و دەبێتە ڕەگەزێکی گـرنگ وپێویسـتیش لەکۆمەڵگــەی جیهانی، بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی وئاسوودەیی.

بەڵام ئەوانەی کە لەواتای ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤایەتی تێ نەگەیشـتون و گرنگی نادەن بە ئاداب وخوورەوشــتە بــەرز و بــەها باڵاکــان، و ئــەوەی بــەلای ئەوانەوە گرنگ وبەنرخ بێت تەنها وتــەنها بریتیــە لــە نغرۆبــوون لــە دەریــای ئارەزووەکانی خۆیاندا و هەسکەهەسك کردنە بەدوای تراویلکەی خەیاڵ و خــراپ تێگەیشتنی خۆیاندا، ئا ئەوانە ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن لەبارەی بابەتی فرەژنی،

**جا بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەینەوە بە هێمنی و دانایانە، وا دەچینە سەر ئەم بابەتە و ڕوونی دەکەینەوەو ڕاڤەی ئەو پرسە دەکەین، بە ویستی خوای کاربەجێ.**

# فــــرەژنــــی

بەڵێ، ئیسلام ڕێگەی داوەو بەڕەوای داناوە کە پیاو ژنێك یان دووان یان سیان یان چوار ژن بهێنێت، بەڵام ئایا ئـەم ڕێگەدانـە بەشـێوەیەکی ڕەهایـە و بـێ ومـەرجە؟

وەڵام: نەخـــێـــر.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُوا فِـي الْيَتَـامَى فَـانكِحُوا مَـا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْـتُمْ أَلاَّ تَعْـدِلُوا فَوَاحِـدَةً أَوْ مَـا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَـى أَلاَّ تَعُولُـوا (٣)﴾{النساء} واتـە: وە ئەگـەر ترسـان دادپەروەر نەبن لەمارەیی ئەو ئافرەتە بێ باوکانەدا[١] (مارەییان مەکەن) ئـەوە

---

[١] عورووەی کوڕی زوبەیر مانای ئەم ئایەتەی لە عائیشەی پوری پرسی (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەویش گووتی: خوشکەزاکەم! لەسەردەمی جاهیلیەتدا کچۆڵەی هەتیوی بێ باوك دەکەوتە لای کەسێك کەسەرپەرشتیاری بکات، هەتا گەورە دەبوو، ئەوجا هەرچی هەبوو تێکەڵی ماڵەکەی خۆی دەکرد، پاشان لەبەر ماڵ وسامانەکەی حەزی لێ دەکرد و دەیویست بەمارەییەکی کەمتر مارەی بکاو بەشووی بدات، جا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە ولابردنی ئەو ستەمە لەژنان خـوای گـەورە ڕێـی لـێ گـرتن وفـەرمووی: یا ئەوەیـە مـارەیی شـیاوی خۆیانیـان بـدەنێ ئەوسـا مارەیـان بکـەن، وە یـان بچـن ژنـانی تـر بهێـنن. زیادکراوی وەرگێڕ.

مارە بکەن لەو ئافرەتانەی حەڵاڵن بۆتان دوو دوو یا سیان سیان یان چوار چوار جا ئەگەر ترسان کە دادگەر نەبن ئەوە یەك ئافرەت مارە بکەن لە ئازادەکان یان ئەو کەنیزەکانەی کە موڵکتانن ئەوە نزیکترە کە ستەم نەکەن یان هەژار نەکەون.

جا بۆ ڕێگەدان بە فرەژنی دوو مەرجی سەرەکی هەن، ئەوانیش: **دادپەروەری نێوان ژنەکان و توانای بەڕێوەبردنیانە لەڕووی ماددیەوە (نەفەقەکێشانیان)**، بۆیە ئەوەی دەیەوێ زیاد لەیەك ژن بهێنێت پێویستە لەسەری کە دادگەر بێت لە نێوان ژنەکانیدا لەبوارەکانی خواردن وخواردنەوەو جل وبەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون و خەوتن (سەرجێی) و نەفەقە بەشێوەیەك کە نابێت یەکێکیان لەوانی تر جیاوازتر بێت بە ڕەهایی (جگە لە خۆشەویستی دڵ و حەزی سروشتی کە ئەویش بەدەست مرۆڤ نیە) جا ئەگەر موسڵمان نەیتوانی ئەم بەرپرسیارێتیە بخاتە سەرشان و ئەمە لەتوانایدا نەبوو، بۆی نەئەکرا یەکسان بێت لەنێوانیاندا، ئەوا لەم کاتەدا ئەوە لەپێشترە بۆی کە تەنها یەك ژن بهێنێت، وە بۆ کەسیش نیە اجتهاد بکات وفەتوا بدات لەم بابەتەدا بەجۆرێکی تر چونکە قورئان بە ئاشکرا و ڕاشکاوی دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً﴾ ،

مەرجی دووەمیش لە ڕێگەدان بە فرەژنی بریتیە لــە توانــای مەســروف کــردن بەشێوەیەکی تەواو بێ کەموکورتی، جا ئەو کەسەی کە لەتوانایدا نیە خەرجی زیاد لەیەك خێزان بکات و بۆی نارەخســێ لەوبارەیــەوە، ئــەوا دەبێــت یــەك ژن بهێنێت یان ئەوەندەی دەتوانێت لەسنووری شەرعدا.

فرەژنی لە ئیسلامدا (کە دیاری کراوە بە چــوار ژن نــەوەك زیــاتر) ئــافرەت دەپارێزێ لەوەی سوکایەتی بە مافەکانی بکرێــت و ڕێــز و کەرامــەتی پێشــێل بکرێت. هەروەکو چۆن چارەسەری زۆرێك لە کێشەو گرفتــە کۆمەڵایەتیــەکانی تێدایە.

چەندین هۆکار هەن کە وا پێویست دەکــات و وادەخوازێــت کــە پیــاو زیــاد لەیەك ژن بهێنێت، پێم باشە لێرەدا باسیان بکەم، بۆ ئەوەی ئەوانــەی ڕەخنــەی بێ جێ دەگرن قەناعەت بکەن و تەمومژی سەر دڵ وبینایان بڕەوێتەوە و ئەوجا بۆیان دەربکەوێت کە ئەوە بینینی خۆیانە وا لێڵ و نارِوونە نــەوەك ئاوێنەکــە ! چونکە ئەوان حیکمەتی بەرِەوادانانی فرەژنی نازانن کە هۆکارەکەی چیە.

١. ئارەزو و هێزی شەهوەتی مرۆڤ جیاوازە ولەکەسێکەوە بــۆ یــەکێکی تــر ڕێژەکەی دەگۆرێت، جا تیایاندا هەیە مامناوەندە

و هەشیانە ئەندازەکەی زۆرترەو ڕادەبەدەرە. جا ئیسلام بەحیکمەتی خۆی ڕەچاوی حاڵی ئەو دوو جۆرەی کردووە لەخەڵکی، لەپێناو ئەوەی ئەوەیان کە هێزی ئارەزووی زیاترە بۆشایی جنسی لە ناخیدا دروست نەبێت وبەو هۆیەوە سەربکێشێت بۆ کاری ناشەرعی لە دەرەوەی خێزان بۆ تێرکردنی خۆی. جا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەوروپییەکان بەڕاستی پەیڕەوی پرەنسیپی تاك ژنیان کردووە بەشێوەیەکی دروست وسەلامەت؟ با لێگەڕێین خۆیان وەڵامان بدەنەوە ئەگەر باوەڕمان پێ دەکەن و بەوەڵامی خۆیان قایلن[١].

٢. جەنگەکان، کە سەردەکێشن بۆ کەمبوونەوەی پیاوان، بەوهۆیەشەوە ڕێژەو ژمارەی ئافرەتان زیاتر دەبێت لەپیاوان، و ئافرەتیش پێویستی بەوە هەیە کە

---

[١] لە گۆڤاری (العربیة)دا هاتووە لە ژمارەی (١٠١) ی ساڵی ١٤٠٦ ی کۆچی، وەکو پیشاندانێك بۆ کتێبی نووسەرێکی ئەمریکی بەناوی (داینل ویس): ٢١٪ ی منداڵانی ئەمریکی لە دەرئەنجامی کرداری سێکسی ناشەرعی لەدەرەوەی خێزان لەدایك دەبن. ئەم ڕێژەیەش بەرزبوویەوە بۆ ٧١٪ لەساڵی ٢٠٠٨ ی زاینی.

هەروەها ڕۆژنامەی (الریاض ) کە ڕۆژانە دەردەچێت بەژمارە (٧٧٤٩) کە لە بەرواری ١٩٩٢/٩/١٥ دا دەرچووە چەند بەشێکی بڵاوکردۆتەوە لە لێکۆڵینەوەو شیکاریەك کەلە ویلایەتە یەکگرتووەکان بڵاوکرابووەوە، بەوەی کە : ٢٧٪ ی ئەو منداڵانەی کە مەوالیدی( ١٩٩٠)ن ناشەرعین و بەرهەمی زینان، وە ڕێژەی دایکانی شوونەکردوو لەماوەی( ٣٠) ساڵدا بە ئەندازەی پێنج ئەوەندەی پێشووتر زیادی کردووە.

بۆشاییە جەستەیی و ماددی ودەروونی وئارەزووەکانی پڕبکرێنەوە، جا ئـەو ڕێـژە زۆری ئافرەتان چی بکەن لەو کۆمەڵگانەی کـە شـەڕو کوشـتار تێیـدا سـەری هەڵداوە؟ ئایا هەروا وازیان لێ بهێنرێت تا لاڕێ بن؟ ئایا بەتەنها بیانهێڵینـەوە بۆ ئەوەی ئەوەندەی تر تێك بشکێن و نەخۆش بن؟ یان بە سـەڵتی بیانهێڵینـەوە بەبێ هاوسەرگیری لە ناخۆشی وتاڵیدا بژین؟

ئیسلام ئەم گرفتەی چارەسەرکردووە بە حەڵاڵکردنی هاوسەرگیری هەتا چـوار ژن بۆ ئەوانەی توانای جەستەیی و ماددیان هەیە، بەمەرجێك لە چـوار زیـاتر نەبێت، چونکە ئەوە لەسەرووی وزەو توانای خۆیەتی، ئابەو شێوەیە کەرامەت و ڕێز وشکۆ وبەختەوەری ئافرەت دەپارێزرێ، ئایا ئەمە ڕاست و ڕەوا نیە؟

٣. نەوە خستنەوە، لەوانەیە هەندێك لە ئافرەتان توانـای نـەوە خسـتنەوەیان نەبێت، لەبەرانبەر ئەوەشدا هاوسـەرەکانیان تینـووی منـداڵ ونـەوەن و حـەزی باوکایەتیان هەیە، ئەی ئایا چی بکەن؟ ئایا ئەم حەزە لەناخیدا بکـوژین؟ یـان ستەم لە ژنەکەی بکەین کەمنداڵی نابێت بەهۆی نەزۆکیەوە یان نەخۆشـیەوە و هانی مێردەکەی بدەین کە لێی جیابێتەوە، یان باشتر وایە ڕێگـەی پـێ بـدرێت

ژنێكی تر بهێنێت بە ئومێدی ئەوەی نەوەی چاك بخاتــەوەو هەســتی باوكایــەتی بەرجەستە بێــت؟

٤. پارێزگاری كردن لە ڕەوشت و ئاكار، ئایا كامیان باشترە بۆ ژن و خێـزان، فرەژنی دروست بێت لە سنووری ئەوەی ئیسلام دایناوەو بەرەوای داناوە یاخود واز لە پیاوەكە بهێنرێت و ڕێگەی بۆ پاك بكرێتەوە بۆ گەیشتن بە هەر ئافرەتێك كە خۆی دەیەوێت و كەی دەیــەوێت بــەناوی هاوڕێیــەتی و برادەریــەوە؟ ئــیتر ئــەو پەیوەندیە با ناپاكیش بێت لەخێزانەكەی و بەئاگاداری ئەو بێت یــان بزانێــت و لەترسی تەڵاق و جیابوونەوە قسەنەكات و ئەو ستەم وناپاكیە قبوڵ بكات؟

٥. زۆری ڕێژەی ئافرەتان بەرانبەر بە پیــاوان لەهەنــدێك لــە كۆمەڵگــەكان بەشێوەیەكی سروشتی یان بەهۆی بڵاوبونەوەی پەتاو نەخۆشیەوە بێت كە زۆرتر تووشی پیاوان دەبێــت، چەند سەرژمێریەك دەری خستووە كــە ڕێــژەی ئافرەتــان لەهەریەك لە وڵاتانی ڕوسیا و ویلایەتــە یــەكگرتووەكان وئــەڵمانیا و فیلیــپین وتایلەند لەسەرەتای نەوەدەكانی سەدەی بیستەمدا زۆر زیاتر بووە لە پیاوان بــە ئەندازەیەكی زۆر.

٦. ئافرەت لە ژیانیدا تووشی چەند حاڵەتێك دەبێت كە تێیدا ئامادە نیە بۆ ئەنجامدانی كاری سەرجێی لەگەڵ مێردەكەیدا، لەوانە: كاتی حەیز و نیفـاس و ڕۆژانی پێش ئەوەش، بۆ نموونە: ئافرەت لە هەموو مانگێكدا جارێك دەكەوێتـە حەیزەوە ئەوەش (بەزۆری) حەوت ڕۆژ دەخایـەنێت، بەلێكدانەوەیـەكی تـر واتـا ٢٥٪ ی تەمەنی ئافرەت پێـك دەهێنێـت، ئـەی ئایـا مێردەكـەی كـە حـەز و ئارەزوی كاری سەرجێی هەیە لەوكاتانەدا چی بكات و ڕوو لەكوێ بكات؟ ئایـا پەنا ببات بۆ سۆزانی و لەشفرۆشەكان و داوێن پیسی بكـات و تووشـی زینـاو سەرپێچی خوای پەروەردگار بێت؟ یان لەگەڵ هاوڕێ كچەكانیدا كـات بەسـەر ببات و ناپاكی هاوسەری بكات؟

لەڕاســتیدا فرەژنــی سیســتەمێكی كۆمەڵایــەتی مرۆییــە، كــە گرفــت و ئاستەنگی كۆمەڵگاكان كەم دەكاتەوە وباری قورسی سەرشانیان سووك دەكات، و پەنایەك بۆ ئافرەتانی بێ مێرد دەستەبەردەكات و لەلادان و پێ هەڵخلیسكان دەیانپارێزێـت و دەیكـات بـە ئـافرەتێكی داوێنپـاكی پـارێزراوی ڕێـزلێگیراو، هەروەكو چۆن هۆكارێكە بۆ نەوەخستنەوەو ئاوەدان كردنەوەی زەوی، چونكە ڕۆڵە و نەوە بریتین لە جـوانی و خۆشـی ژیـانی دونیـا و دەسـتێكی بەهێزیشـن بـۆ

پارێزگاری کردن لە نیشتیمان و خزمەتکردنی وڵات، وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " تزوجوا فإني مكاثر بكم الأمم يوم القيامة "[١] واتە: هاوسەرگیری ئەنجام بدەن چونکە من ئومێدم وایە زۆرترینی نێو ئوممەتەکان بن لەرۆژی قیامەتدا.

ئەمەش مانای ئەوە نیە کە فرەژنی بەتاڵە لە عەیب و لەکە وکەم وکورتی چونکە خەڵك وەکو مرۆڤ سروشتیان و حەزیان بۆ لای نادادپەروەریە، ئەگەریش فرەژنی فەرز و واجب بووایە، ئەوا ڕاماندەگەیاند و بەڕاشکاوی باسمان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی کە سوننەتی پێغەببەری خوایە ﷺ ئەو پێغەمبەرەی کە بەتواناو دادگەر بووە لەنێوانیاندا، بەڵام هەروەکو دیارە (فرەژنی) لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراوەو حەڵاڵە[٢]، ئەوەش بەچەند مەرجێك، و هیچیشی تێدا نیە ئەگەر بڵێین فرەژنی هەندێك جار سەردەکێشێت بۆ جۆرێك لە ئیرەیی و لێکدوورکەوتنەوەی نێوان ژنەکان، و غیرە کردن بەرانبەر بەیەکتر، هەربۆیە ئێمە لێرەوە ئامۆژگاری وئاگاداری هاوسەران (ژنان) دەکەینەوە کە گرنگی بدەن

---

[١] رواه البيهقي (٧/٨٧) و حسنه الألباني في الصحيحة برقم (٧٨٢).

[٢] واتە: واجب و فەرز نیە کە ئەگەر ئەنجامی نەدەیت ئەوا تاوانبار دەبیت.

بەم خاڵە و ئەم لایەنە فەرامۆش نەکەن، ونەهێڵن ئەو گلەیی وخەمۆکیانە سەربکێشێت بۆ کێشەی گەورەتر و سنووری خۆی ببەزێنێت، لە دەرئەنجامی هەندێك هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نەشیاو وساردی پیاوانەوەو حەزو خۆشەویستی زیاتر دەربڕینیان بۆ یەکێك لە خێزانەکان و ئەو جۆرە مامەڵانە، وە بێداریان دەکەینەوە کە ئەو ڕق و کینانە نەگوازرێتەوە بۆ نێو نەوەکان و پێویستە ئەوە فێریان بکرێت کە ئەوان براو خوشکی خۆشەویستی یەکترن و یەك باوکیان هەیە ئەگەرچی دایکەکانیان جیاوازە.

ئەو بارودۆخەی کە ئیسلام لە پێناویدا فرەژنی حەلاڵ کردووەو ڕێگەی پێداوە و چارەسەری کێشەکەی کردووە بە فرەژنی، لە کۆمەڵگاکانی تردا بەشێوەیەکی تر ئەو کێشەیە چارەسەردەکرێت و مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخەکەدا دەکرێت، ئەو چارەسەرەش بریتیە لە پەیوەندنی سێکسی نادروست، لەڕێگەی دەستدرێژ وزۆرەملێوە بێت، یان بەئارەزووی هەردوولا بۆ چێژوەرگرتن، یان بۆ دەستکەوتنی بڕێك پارەو داهات، ئەوەش لە شێوەی ئاشکراو نهێنی و هاوەڵێتی کچ کردن و لەگەڵیدا گەشتکردن و خۆشەویستی نواندن بۆ یەکتر و دواتر هەرکارێك کەبەدڵیاندا بێت بیکەن، لەدەرەوەی خێزان و لەگەڵ ئەوەی کە یەك ژنیشی

هەیە یاخود ژنەکە مێردیشی هەبێت، یان ئەگەریش سەڵت بن تەنها بۆ ساتێك خۆتێرکردن لە ڕەگەزی بەرانبەر، جا چ بێڕێزیەك لەوە قیزەونترە کەبە کەرامەت و حورمەتی مرۆڤەوە دەکرێت؟ و چ سەرشۆڕیەکە بە ئافرەت دەکرێت لەوەی بکرێتە جێگای خۆخاڵیکردنی پیاوان و هەریەکەو چێژ ولەزەتی خۆی لێ وەربگرێت و بەئارەزووی خۆی سووکایەتی پێ بکات و دواتریش وەکو زبڵ فڕێی بدات و دەستبەرداری بێت بۆ یەکێکی تر، بۆ ئەوەی پێشێل بکرێت لەسەر تاوێری کۆمەڵگەیەکی بێدەنگی بێ هەستی لووس.

هەندێك لە خاوەن پرەسیپ و بیروبۆچوونەکان لە رۆژئاواییەکان ئەو بارودۆخە خراپ و دیاردە بەربلاوە ئازاریان دەدات و لەشفرۆشی و لارێ بوونی کچانیان خەمناکیان دەکات و لەو پێناوەشدا هیچ ڕێگەچارەیەك شك نابەن تەنها فرەژنی نەبێت، ئەوەتا ئافرەتێکی ئینگلیزی دەڵێت: لەڕاستیدا سنووردارکردنی پیاو بەوەی تەنها بۆی هەبێت یەك ژن بهێنێت، ئەوە هۆکاری لەدەستدانی کچەکانمانەو بەردەوامیش شەڕ و خراپە لەزیاد بووندا دەبێت هەتا ڕێگەنەدرێت بە پیاو زیاد لەیەك ژن بهێنێت، وە ئەم ئافرەتەش ئاماژەی بۆ قسەو بۆچوونی زانایەکی ئینگلیزی کردووە بە ناوی " تۆمس" کە وای دەبینێت تاکە ڕیگەچارە

بۆ رۆژئاوا بۆ رزگار بوون لە دارِمانی رەوشت وئاکارو گەرِانەوەی بەهاو نرخی مرۆڤ وبەتایبەت کچانمان بریتیە لە رِێگەدان بە فرەژنی، هەربۆیە ئەم ئافرەتە زۆر بە نامۆیی و سەیرەوە سەیری ئەو هەموو مندالە ناشەرعیانە دەکات کە بوونە بەپەلە ولەکە بەنێوچاوانی رۆژئاواو کۆمەلگاکانیانەوە، هەربۆیە ئەگەر فرەژنی ریگەپێدراو بوویایە ئەوا هەموو ئەو ئافرەتانە وا زەلیل و ژێردەستە نەدەکران و کرین وفرۆشتیان پێوە نەدەکرا و بەلکو دەبوونە دایکی مندالّ و بەرِێوەبەری مالّ و بەخێوکەری مرۆڤێك بەسەر بەرزیەوە، بەوەش هاوکێشەکە رِێك و رِاست دەبوویەوە[١].

وە فەیلەسوفی ئینگلیزی " سپنسر" پێویستی دەکات کە فرەژنی هەبێت بەتایبەت لەدوای تەواو بوونی شەرِو جەنگەکان، و دەلّێت: مانەوە لەسەر سیستەمی تاك ژنی وا لە کۆمەلّگەدەکات کە دارِماوو دارِوخاو بێت وهەرەس بهێنێت بەرانبەر

بە کۆمەلّگەیەك کە رِێگە بە فرەژنی دەدات و باوە ناویاندا.

---

[١] **بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم بابەتە برِوانە کتێبی** " الإسلام و مشكلات العصر " **کە هی دکتۆر مستەفا** رافعية، دار الكتب اللبناني بيروت ١٩٨١.

وە هەروەها جۆستان لۆبۆن ( خاوەنی کتێبی شارستانیەتی عەرەب) سەیری دێت لە ئەوروپییەکان کە چۆن دژایەتی فرەژنی دەکەن، وپێداگری دەکەن لەسەر تاك ژنی، و بۆ ئەو مەبەستە چەندین یاسا و ڕێسای توندیان داناوەو ئەو ڕێگەیەیان تەسك کردۆتەوەو بەستوویانە، و دەڵێت: لەڕاستیدا فرەژنی شەرعی و ڕێگەپێدراو لای رۆژهەڵاتیەکان باشترە لە فرەژنی نهێنی لای رۆژئاواییەکان.

مامۆستا العقاد لە کتێبی " حقائق الإسلام وأباطيل خصومه " لە جۆستان لۆبۆنەوە گێڕاویەتیەوە کە دەڵێت: " بێگومان یاسا ئەوروپییەکان ماوەیەکی تر فرەژنی ڕێگە پێدەدەن".

وە هەروەها لە گێرانەوەیەکی تریدا لە (آصر نفيل )ەوە دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: " لە ڕاستیدا فرەژنی پێویستە لەپێناو سەلامەتی خێزانیدا ".

مێژونووس (وستر مارك) دەڵێت: " بابەتی فرەژنی بەتەواوەتی یەکلایی نەکراوەتەوە بەوەی کە قەدەغەیە و ناکرێت لە ڕێسا ویاسا رۆژئاواییەکاندا، جار لە دوای جار پێداچونەوەی بۆ دەکرێت و سەیر دەکرێت، هەرکاتێك بارودۆخی کۆمەڵگا سەبارەت بە کێشەو ئاستەنگەکانی خێزان ڕوولەزیادبوون بکەن و نائارام بن ".

وە کتێبی " الإسلام روح المدينة " کە هی مامۆستا مصطفى الغلايينـــيە بابەتێکی گێڕاوەتەوە لە کتێبی " كلمة عـن النسـاء " کـە هــی فەیلەسـوفی ئەڵمانی (شۆپـنهـۆر)ە، و دەڵێت: " لەو کۆمەڵگایانەی کـە ڕێگـە بـەفرەژنی دەدەن ئافرەتێك نیە کە پیاوێك سەرپەرشتی نەکات و کاروباری نەبات بـەڕێوەو بەڕێزەوە سـەیر نـەکرێت، بـەڵام لای ئێمـە (ئـەرووپا) ئەوانـەی کـە پرۆسـەی هاوسـەرگیریان کـردووە زۆر کـەمن، و ئەوانـەش کەهاوسـەرگیریان نـەکردوەو نایشیانەوێ بیکەن لە ژماردن نایەن، دەیانبینی کەسێك نیە خەمخۆریان بێـت و سەرپەرشتیان بکات، و دوور لە ژیانی هاوسـەرێتی دەمێننـەوەو چاولەدەسـتی خەڵکین و بۆشـایی دەرونیـان هەیـە، و وەکـو چـینێکی نـزم سـەیردەکرێن، و تاکەکانی لاواز و بێ پشت وپەنان، و بێ نەواو سەرپەرشـتیارن، و لـەوپێناوەدا ناچارن کاری قورس و گران ئەنجام بدەن، و نارەحەتی بچێژن بەهۆی سەڵتیانەوە، ئەمە جگە لەکاری ئابڕووبەرانـەی نامرۆڤانـە و تێرکردنـی ئـارەزووی هـەرگیز تێرنەبوو. هەر لەشاری (لەندەن)دا هەشتا هەزار(لەسەردەمی شۆپنهۆر) کچـی شوونەکردوو هەیە کە قوربانی سیستەمی تاك ژنیـن و ئابڕویان براوە تەنها لە

پێناو سەرسەختی ئافرەتانی ئەوروپا بەوەی ڕێگەنادەن مێردەکانیان ژنی تر بهێنن، و بانگەشەی ناڕەوا دەکەن بۆ خۆیان ".

دیسان لە کتێبی " أحكام الأحوال الشخصية " کە هی دکتۆر محمد موسایە[1]، باسێك هەیە لەسەر کۆنگرەی لاوانی جیهانی کەلە شاری (میونخ)ی ئەڵمانیا بەسترا لە ساڵی ١٩٤٨، کەچەند توێژەرێکی موسڵمانی وڵاتە عەرەبیەکانی تێدا بەشداربوو. یەکێك لە لیژنەکانی ئەو کۆنگرەیە لیژنەیەك بوو دەیکۆڵیەوە لە کێشەی زیادبوونی ڕێژەی ئافرەت لە ئەڵمانیا بەچەندین قات بەبەراورد لەگەڵ نێردا، لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیەوە. ئەوەبوو ئەندامە موسڵمانەکان چارەسەرێکیان پێشکەش کرد کە بریتی بوو لە ڕێگەدان بە فرەژنی، ئەو پێشنیارەش بە خۆشی و گرنگیەوە باسی کراو پەسەندیش کرا، و دوای گفتوگۆکردن لەسەری بۆیان دەرکەوت کە هیچ ڕێگەچارەیەك نیە تەنها ئەمە نەبێت، و لیژنەکەش دانی پێدا ناو پێشنیاری کرد کە ڕێگەبدرێت بە فرەژنی.

---

[1] محمد يوسف موسى، أحكام الأحوال الشخصية، القاهرة (ب ت) ص: ١٢١.

لەساڵی ١٩٤٩ دانیشتوانی شاری (بۆن) ی پایتەختی ئەڵمانیا داوایان لە کاربەدەستانی شارەکەیان کرد کە سیستەمی فرەژنی ڕێگەپێبدات و لە یاسادا دەقی لەسەر تۆماربکات و جێگیری بکات، وە لە کتێبی " الإنسان بین المادیة والإسلام " کە هی مامۆستا (قطب) ە، باسی ئەوە دەکات کە ئەو وڵاتانەی ئەڵمانیایان داگیرکردبوو ئەم داواکاریەیان ڕەدکردەوە لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبوو سەربازەکانیان بەئاسانی ئافرەتی سۆزانیان دەست نەکەوێت بۆ کات بەسەربردن و چێژلێ وەرگرتن بەهۆی جێ بەجێ کردنی سیستەمی فرەژنیەوە.

وە هەروەها مامۆستا مصطفی السباعي لە کتێبەکەیدا بەناوی " المرأة بین الفقه و القانون ص:٧٦ " باسی ئەو ڕووداوە دەکات کە حکومەتی ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٦١ پەیامێکی نارد بۆ زانایانی زانکۆی ئەزهەر لە مصر وتێیدا داوا دەکات سیستەمی فرەژنیان بۆ ڕوون بکەنەوە بەو شێوەیەی کەلە ئیسلامدا هاتووە، چونکە بیریان لەوە دەکردەوە کە سوود لەو سیستەمە وەربگرن بۆ چارەسەری گرفتی زۆربوونی ڕێژەی ئافرەتان. دوابەدوای ئەوەش نێردەیەك لە زانایانی ئەڵمانیا پەیوەندیان کرد بە شەیخی ئەزهەرەوە بۆ ئەو مەبەستە، و کۆمەڵێك ئافرەتی ئەڵمانی کە موسڵمان بووبون هاتن بۆ ئەزهەر

بۆ زانینی حوکمەکانی ئاینی ئیسلام سەبارەت بە ئافرەت بە شـێوەی گشـتی و حوکمی فرەژنی بەشێوەی تایبەت.

ئومێدەوارم ئەم پارچە نووسینە بەس بێت بۆ کەسێك بیــەوێت تــێ بگـات و پەند وەربگرێت، وە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکی دونیا ئەو ڕاستیە باش بـزانن کـە شەریعەتی ئیسلامی تاکە چارەسەرە بۆ تەواوی کێشەو گرفتەکانی ژیانی دونیا لە هەموو ڕویەکەوە، فرەژنیش نموونەیەکی زیندووی ئەو چارەسەرەیە.

# تــــەڵاق

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: " أبغض الحلال عندالله الـطلاق "[١].

واتە: بێزراوترین حەڵاڵێك بەلای خوای پەروەردگارەوە بریتیە لە تەڵاق.

بێگومان مرۆڤی باوەڕداریش هەرگیز ڕووناکاتە ئەنجام دانی کارێك کـە خـوای گەورە ڕقی لێی بێت و بەلایەوە بێزراو بێـت، مەگـەر لەکاتێکـدا نـەبێت کـە ڕێگاکان لەبەردەمیدا بەسترابن ودەرگاکان بەڕوویدا داخـرابن، و هـیچ هۆکـارو ڕێگەچارەیەك نەمابێتەوە بۆی بۆ دەربازبوون جگە لە تەڵاق نەبێت.

ئیسـلام زۆر پێـداگری دەکـات و سـوورە لەسـەر ئـەوەی کـە بنـەماکانی خۆشەویستی و یەکترقبوڵکردن لە چوارچێوەی مـاڵ و خێزانـدا چەسـپاوبێت و ڕەنگبداتەوە، وئاشتی وپێکەوەژیانی هاوسەرێتی تەواوی ژیانیان بگرێتەوە، جـا کاتێك خۆشەویستی نەما و یەکترویستن بوونی نەبوو، ئەوا گرێکانی بەستنەوەی ژیانی هاوسەرێتی دەکرێتەوەو بەرەو کرانـەوە دەڕوات، و ڕاجیـاوازی و نـاکۆکی

---

[١] رواه أبوداود برقم (٢٦١) قال الشيخ ابن باز: رواه النسائي وجماعة بإسنادٍ صحيح وهو يدل على أن ترك الطلاق أفضل إذا لم تدع الحاجة إليهِ. مجموع فتاوى ومقالات متنوعة (٢٥٣/٢٥). وضعفه الألباني في الإرواء برقم (٢٠٤٠) وضعيف أبي داود برقم (٣٧٣/٣٧٤) .

وبەربــەرەکانێ جێگــەی دەگرێتــەوە، و رۆژ لــە دوای رۆژ ئامــاژەی خــراپ و قوولّبونەوەی شەڕو ناكۆكی زیاتر پەرەدەسـێنێت و تونـدتر دەبێـت، و هـەنگاو بەرەو داهاتوویەكی خـراپ ودڵتـەنگ و بێزاركـەر دەنێـت، ئـیتر لـەو كاتـەدا ئامۆژگاری و ڕێكخستن و قسەبۆكردن سوودێكی نابێت، ئا لەو كاتەدا پچـڕانی پەیوەندی هاوسەرێتی بە جیابوونەوە ڕێگەپێدراوە، وە ناكرێ بووترێت كە تەڵاق ژیانی هاوسەرێتی تێكداو خراپی كرد، بەڵكو ژیانی ئەو خێزانە ڕزگار دەكـات لەوەی تووشیان بووە لە خراپەو بۆ ئەوەی سەربۆ خراپەی مەترسیدارتر وگەورەتر نەكێشێت، لەبەر ئەوەی هیچ هۆیەكی پەیوەستی ژن ومێردایەتی لەنێوانیانـدا نەماوەو ئامادەن لەوەها كاتێكدا یەكتر تووشی زەرەرو زیان بكەن.

لە جوانترین ئەو شتانەی كە ئیسلام فەرمانی پێ دەكات ئەوەیە كـە ئەگـەر تەڵاقی گەڕاوە (الطلاق الرجعي ) كەوت (تەڵاقی گەڕاوە ئەو تەڵاقەیە كە مێرد دەتوانێت تێیدا ژنەكەی بگەڕێنێتەوە) لەو ماوەیەدا دەبێـت ئافرەتەكـە مـاوەی تەواوكردنی كاتی تەڵاقەكە لە ماڵی مێردەكەیدا بەسەر ببات، بەشێوەیەك كـە یەكتر ببینن و لەپێش چاوی یەكترەوە بـێن و بـڕۆن و دەشتوانێــت خـۆی بـۆی بڕازێنێتەوەو جوان بكاتەوە وەكـوپێش تـەڵاق، بەئومێـدی ئـەوەی لـەو كاتـەدا

هەردوولا بیرێك بكەنەوە لەبەرژەوەندی خۆیان و هەستی خۆشەویستیان چەكەرە بكات وزیندووبێتەوەو یەكتر قبولّ بكـەن وبەخۆیانـدا بچـنەوەو دان بەهەڵـەی خۆیاندا بنێن و سازش بكەن لە هەندێك لە مافەكانی خۆیـان و بـەو هۆیـەوە مێردەكە ژنەكەی بگەڕێنێتەوەو سەرلەنوێ ژیانی بەختەوەری وخێزانداری درێـژە پێ بدەن. جا بەسەربردنی ئـەو ماوەیـە لـەماڵی مێردەكەیـدا خـۆی لەخۆیـدا دەرفەتێكە لەبەرانبەر پیاودا بۆ هەڵوەشـاندنەوەی بڕیـاری تـەڵاق. وە خـاڵێكی گرنگی تریش هەیە كە هیچی لەخاڵی یەكەم كەمتر نیـە ئـەویش ئەوەیـە كـە تەڵاقدان نابێت لە دووكاتدا بێت: یەكەم: كاتی حەیـز وبێ نوێژی، دووەم: كاتی پاكبونەوەیەك كە پیاو تێیدا چـووبێتە لای ژنەكـەی، ئـەوەش لـەپێناو ئـەوەی هەلێكی باشترو كاتێكی درێژتر بدرێتە ژن ومێرد بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو كاریگەری هەڵچوون و توڕەبوون لەناخیانـدت نـەمێنێت، بۆیـە دوورنیـە لـەو ماوەیـەدا بگەڕێنـەوە سـەرخۆیان و خۆشـی وكامـەرانی سـەرلەنوێ ژیانیـان بگرێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿یا أیها النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمْ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِـدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لا تُخرِجُوهُنَّ مِـنْ بُيُـوتِهِنَّ وَلا يَخـْرُجْنَ إِلاَّ أَنْ

يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ﴾{الطلاق:١} واتە: ئەی پێغەمبەر (بە ئوممەت ڕابگەیەنە) کاتێك ژنانتان تەڵاق دەدەن لەکاتی دیاری کراویاندا تەڵاقیان بدەن (کەبریتیە لەو کاتەی ئافرەت لە عادەی مانگانەی پاك بۆتەوە)، حسابی ئەو کاتەش بەوردی ڕابگرن، لەپەروەردگاریشتان بترسن وماوەکەیان بۆ درێژ مەکەنەوە، ئەگەر لەو کاتە دیاریکراوانەدا یەکجار تەڵاقتان دان ئەوا با لەماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە ودەریان مەکەن لەماڵەکانی خۆیاندا و ئافرەتەکانیش با لەماڵ دەرنەچن، مەگەر کارێکی ناشرین وناڕەوای ئاشکرا ئەنجام بدەن.

ئایا چی ڕێگرە لەوەی کە ئەو دوو هاوسەرە بگەڕێنەوە بۆ ژیانی ئاسایی و پڕ لەخۆشەویستی خۆیان و سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بە ژیانی هاوسەرێتی و ڕابردوو بسڕنەوەو لەبیری بکەن؟ بۆچی هاوسەرەکان ئەم مانا جوانانە پێشێل دەکەن و بیریان لێ ناکەنەوە و لەژیانی خۆیاندا پەیڕەوی ناکەن؟ بەڵکو لەبری ئەمانە تووڕەبوون و ناکۆکی و دوبەرەکی و ڕق وکینە دەنێژن و بەوەش ژیانیان بەرەو داڕمان و کۆتایی پێهێنان دەڕوات.

هیچی تێدا نیە ئەگەر ئەو دوو هاوسەرە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ژیانەی کە لێوان لێو بووە لە یەکترویستی و سۆز و بەزەیی بۆ بەرانبەر و دەست بکەنەوە بە

ژیانێکی نوێ و لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدەنەوەو لە کۆشی ئارامی و بەختــەوەری و ئەو کامەرانیەدا بن کە خوای گەورە لێیانی دەوێـت، بـەوەی کـە هەریەکـەیان ئارامگەیەك بێت بۆ ئەوی تریان، وەکو دەفەرموێـت: ﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾{الروم: ٢١} واته: یەکێك لە نیشانەکانی بـوون و دەسـەڵاتی خـوا ئەوەیـە کـە هـەر لـە خۆتـان هاوسەری بۆ دروست کردوون بـۆ ئـەوەی ئـارام بگـرن لایانـدا و لەنێوانتانـدا خۆشەویستی وسۆز و میهرەبانی فەراهەم هێناوە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَعَاشِـرُوهُنَّ بِـالْمَعْرُوفِ فَـإِنْ كَرِهْتُمُـوهُنَّ فَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئاً وَيَجْعَـلَ اللَّـهُ فِيـهِ خَيْـراً كَـثِيراً (١٩)﴾{النسـاء} واتـه: بەباوونەریتێکی پەسەند و جوان هاوکاری و تێکەڵاویان بکەن و ژیانیان لەگەڵ ببەنە سەر و مامەڵەتان باش بێت لەگەڵیانـدا، وەکـو ئێـوە چاوەڕوانی چـاکە لەوان دەکەن، ئینجا ئەگەر بەهۆی لاساریانەوە ژیان لەگەڵیاندا نەدەگونجا ددان بە خۆتاندا بگرن و ئێوە هەرچاك بن، چونکە گەلێ شتی وا هەیـە ئێـوە پێیتـان ناخۆشە کەچی خوا خێرو چاکەیەکی زۆری تێدا داناوە.

دیسان دەفەرمویت: ﴿الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ﴾{البقرة: ٢٢٩} واتە: تەلاقێك كە پیاو بتوانێت تێیدا هاوسەرەكەی بگێڕێتەوە دووجارە (دوو كەڕەتە)، لەوەودوا واتە بۆ سێهەم جار ئیتر ئەگەر دەیەوێت ژیانی هاوسەرێتی بباتە سەر دەبێت بە مامەڵەو ڕەفتارێكی جوان هەڵسوكەوتی لەگەڵدا بكات (نابێت تەلاق بەدەمیدا بێت و ئەگەر هات) دەبێت بە چاكی وبەرێكی وپێكی دەست بەرداری ببێت.

هەموو ئەمانەش بە واتایەكی دی بەخشینی دەرفەت و هەلە بۆ بەخۆداچوونەوەو تازەكردنەوەی ئەو فرسەتەیە بەڵكو لەو حاڵەتی توڕەیی و لەسەرخۆنەبوونە پەشیمان بێتەوەو دەستبەرداری هەڵەكانی خۆی بێت و بێتەوە سەر هۆش و ژیری خۆی، ئەمەش لە پێناو خۆشەویستی بۆ مانەوەو درێژەدان بە ژیانی ئاسوودەیی وكامەرانی هاوسەرێتی و گەڕانەوە بۆ ئامێزی یەكتر، و ڕق بوون لە جیابوونەوەو دووركەوتنەوەی ئەو دوو رۆح و هەستەی كە تێكەڵ بەیەكدی بوونەوەو وەكو یەك پارچەیان لێ هاتبوو. جا ئەگەر هاتوو پیاو بڕیاری ئەوەی دا كە هاوسەرەكەی بهێنێتەوە لای خۆی و گەڕایەوە، پاشان هەڵەكانیان دووبارە بوویەوەو دیسانەوە ناكۆكی كەوتە نێوانیانەوە و لەیەكتر زویر بوون، و بە

هۆی تەڵاقەوە لەیەكتر جیابوونەوە بۆ جاری دووەم، و ئینجا بۆیان دەركەوت كە ئەو پەندو وانەیەی كە دەبوو فێری بن لە ژیانەوە فێری بوون و هاتنەوە سەر خۆیان، ئەوا سەر لەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ لای یەكتر، و دەبنەوە بە دووهاوسەری خۆشەویستی یەكتر، و كارێكی پەسەندیان كردووە، بەڵام ئەمەش لەگەڵ ئینزار و ئاگاداركردنەوەیەك بۆیان كە ئەگەر هاتوو بۆ جاری سێیەم تەڵاق بكەوێتە نێوانیانەوەو لەیەكتر جیاببنەوە، ئەوا مافی ئەوەیان نابێت بگەڕێنەوە بۆلای یەكتر، و هیچ كامیان حەڵاڵ نابن بۆ ئەوی دیكەیان، مەگەر ئافرەتەكە شوو بكات بە پیاوێكی تر و ژیانێكی ڕاستەقینە دەست پێبكەن و لای ئەم پیاوەش سەركەوتوو نەبێت و كێشەیان بۆ دروست بێت و تەڵاقی بدات. جا ئەگەر هاتوو ڕەگ و تۆوی خۆشەویستی چەكەرەی كردو زیندووبویەوە لە ناخ وهەستی هەردوو لایاندا (ژنەكەو پیاوی یەكەمی) ئەوا ئەوكاتە دەتوانن سەرلەنوێ هاوسەرگیریەكی تازە بكەن و

دەست بكەن بە ژیانی خۆیان.

ئەو كەسەشی كە بڕیاری تەڵاقی بەدەستە لە ئیسلامدا پیاوە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی كە دەبێت تەواوی مافەكانی ئەو ژنە بدات كە تەڵاقی

دەدات: مافی ئەوەی کە هاوسەرێتی، لەو مارەیییەی کەماوەو لەگەردنیدایـە، و نەفەقە و دابین کردنی خەرجی و پێداویستیەکانی، مـافی ئـەوەی کـە دایکـی منداڵەکانێتی، لە بەخێوکردنیان وشیرپێدانیان.

ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئافرەت هیچی بەدەست نیـە لـەبارەی تەڵاقـەوەو دەسەڵاتی ئەوەی نیە لە مێردەکەی جیابێتەوە، ئەگەر هاتوو ژیانی لەسەر تەسك بوویەوەو گوزەرانی ناخۆش و چەرمەسەری بوو، بەڵکو ئیسلام حـەڵاڵی کـردووە بۆی ورێگەی پێداوە بەوەی کە داوای تەڵاق و جیابوونەوە بکات لە مێردەکـەی، لەڕێگەی خولعەوە، کە بریتیە لە وازهێنان لەهەندێك لەمارەییەکەی خۆی لـە پێناو کۆتایی هێنان بە گرێبەستی هاوسەرێتی، ئیتر هەموو مارەییەکـەی یـان بەشێکی. ئەمەش واتا ئەو لایەنەی کە داوای جیابوونەوە دەکات دەبێت هەندێك زەرەرو زیانی ماددی بکات و بەشـێك لەسـامانەکەی لەدەسـت بچێـت، ئـیتر پیاوەکە بێت یان ژنەکە.

با هەریەك لە ژن و مێرد پێش ئەوەی بڕیاری تەڵاق و لێکجیابوونـەوە بـدەن بیرلەو فەرموودانە بکەنەوە کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕراونەتەوە، وەکـو

فەرمووەدەی: " ما خلق الله مباحاً أبغض من الطلاق "[1] واتە: خوای گەورە هیچ حەلاڵێکی دروست نەکردووە بێزراوترییێت لە تەڵاق.

یان دەفەرمویێت: " لا تُطَلِّقُوا النِّسَاءَ، إلا مِنْ رِيبَةٍ، فَإِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الذَّوَّاقِينَ وَلا الذَّوَّاقَاتِ"[1].

یان سەبارەت بەو ئافرەتەی کە داوای بەبێ هۆ داوای جیابوونەوە دەکەن دەفەرمویێت: " أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا الطَّلَاق مِنْ غَيْرِ ما بَأْسٍ فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ"[2] واتە: هەر ئافرەتێك بەبێ هۆ داوای تەڵاق لە مێردەکەی بکات ئەوا بۆنی بەهەشتی لەسەر حەرام دەبێت.

---

(1) رواه أبوداود في كتاب الطلاق باب في كراهية الطلاق برقم (٢١٧٧) و **ضعفه الألباني** في ضعيف أبي داود برقم (٣٧٣).

(1) الطبراني في المعجم الكبير **وهو حديث ضعيف**.

(2) رواه ابوداود في كتاب الطلاق باب في الخلع برقم (٢٢٢٦) والترمذي في كتاب الطلاق واللعان باب ما جاء في المختلعات برقم (١١٨٧) وأحمد في المسند (٢٨٣/٥) وصححه الألباني في صحيح أبي داود برقم (١٩٢٨).

وەهەروەها دەفەرمویێت: " تزوجوا ولا تطلقوا، فإن الطلاق يهتز له العرش الرحمن"[٣].

وا ئێستاش دێینە سەر وەڵامدانەوەی ئەوانەی کە هەڵکەتێکی هەڕەمەکیان دەست پێکردووە لە ڕەخنەگرتن لە ئیسلام لەسەر ڕێگەدان بە تەڵاق و بەوەی کە پیاو بڕیاربەدەستە وکردوویەتیە مافێك لە مافەمانی پیاو.

ئیسلام شەریعەتێکە بۆ مرۆڤ نێردراوە کەلەسەر زەوی دەژین، و هەموو مرۆڤێکیش تایبەتمەندی و ئامادەسازی خۆی هەیە، و بارودۆخێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە جیاوازەو دەگۆڕێت بۆ کەسێکی تر. بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر سروشتی دوو مرۆڤ پێکەوە هاوتا بوون و ڕێکبوون و وەکو دوو هاوسەر ژیانێکی بەختەوەر ببەنە سەر. بەهەمان شێوە کارێکی ئاساییە ئەگەر دوو سروشت وەکو یەك نەبن و پێکەوە هەڵنەکەن، بەشێوەیەك کە نەتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن و لە ژێر یەك چەتردا بەردەوام بن، جا ئایا لە وەها کاتێکدا ئەوە باشە کە بە زۆر حوکمی ئەوەیان بەسەردا بدەین کە دەبێت پێکەوە بمێننەوەو هەرچۆنێك بێت بیگوزەرێنن، و با ژیانیشیان وەکو دۆزەخ وابێت؟

---

[٣] قال الألباني في الضعيفة برقم (٧٣١) حديث موضوع.

کەوابوو لەو کاتەدا رزگار بوون لە هاوسەرێتی بریتی دەبێت لە ئاسوودەکردن و ئازادکردنی هەریەکە لەو ژن و مێردە، لەو نارەحەتی و چەرمەسەریەی کە تێیدا دەتلانەوەو پێوەی دەیانناڵاند، بەڵام ئەوەش بە چەند کۆت و مەرجێك.

ئایا دادپەروەری لەوەدا هەیە کە سووربین و پێداگری بکەین لەسەر مانەوەو بەردەوامی دان بە ژیانی دوو هاوسەر لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو یەکێك لە هاوسەرەکان تووشی نەخۆشیەکی ترسناك بوو، یان عەیبەو کەموکورتیەکی شاراوەی هەبوو، یاخود رەفتار و هەڵسوکەوتێکی ناوازەو نامۆی هەبێت بەشێوەیەك کە تێکەڵاوی کردنی ئاستەم بێت؟

وە ئایا دەگونجێت یەکێك لە هاوسەرەکان بێبەش بکەین لەو حەزو ئارەزووەی کە لەناخیدا بۆ هەبوونی منداڵ و ئەو هەستەی پێشێل بکەین و پشتگوێی بخەین، لەکاتێکدا ئەگەر دەرکەوت کە یەکێك لە هاوسەرەکان نەزۆکە و منداڵ ناکات، و ئامانجی خێزانداری ناپێکێت؟

ئا لەم کاتانەدا تەنها تەلاّق چارەسەرە، چونکە ژیانی هاوسەریّتی نابیّت بونیاد بنریّت لەسەر پیّناخۆش بوون و ڕق وکینە لەیەکتر، و لەدەستدانی بەرژەوەندی و کپت کردنی هەستی مرۆیی شەرعی.

وە ئیسلام ڕیّگەی بە تەلاّق نەداوە تەنها لەبەر ناکۆکیەکی لەناکاو پەیدابوو، یان ئاژاوەیەکی کتوپڕ وکاتی، یان کیّشەو گرفتیّك کە لەتوانادا هەبیّت بەسەریدا زالّ بیت، لەم کاتانەدا ئیسلام داوای چارەسەر دەکات بە جوانترین شیّواز و دوورکەوتنەوە لە جیابوونەوە.

خوای پەروەدگار دەفەرمویّت: ﴿وَإِنِ امْرَأَةٌ خَافَتْ مِنْ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا وَالصُّلْحُ خَيْرٌ وَأُحْضِرَتِ الْأَنْفُسُ الشُّحَّ وَإِنْ تُحْسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (١٢٨)﴾{النساء}

واتە: ئەگەر ئافرەتیّك لە لووت بەرزی یان پشت هەلّکردنی میّردەکەی ترسا، ئەوە باشتر وایەو هیچ گوناهیّکیان لەسەر نیە وکاریّکی چاکە ئەگەر نیّوان خۆیان چاك بکەن و لەسەر شیّوازیّك ڕیّك بکەون، هەمیشە ڕیّککەوتن وئاشتی وتەبایی شتیّکی چاك و پەسەندە، هەرچەندە خەلّکی بەسروشت حەز بە ڕەزیلی دەکەن و تەنها بەرژەوەندی خۆیان دەویّت، جا ئەگەر چاکەکارو ڕەفتارجوان بن

لەگەڵ هاوسەرەکانتاندا وخاوەن تەقواو پارێزکار بن و ستەمیان لێ نەکەن، ئەوە دڵنیابن بەڕاستی خوا هەمیشە وبەردەوام بە ئاگایە بە کارو کردەوەتان.

وە یان دەفەرمویێت: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا (٣٥)﴾{النساء} واتە: خۆ ئەگەر ترسان لەوەی نێوان ژن و مێرد بشێوێت و کێشەیان چارەسەر نەکرێت، ئەوا دادوەرێك لە خزمی پیاوەکەو دادوەرێك لە خزمی ژنەکە بنێرن بۆ ڕێکخستنیان، ئەگەر نیەتی چاکسازی وڕێکخستنیان بوێت ئەوە خوای گەورە پێکهاتن فەراهەم دەهێنێت و سەرکەوتوویان دەکات بۆ ئەو کارە و نێوان ژن و مێردەکە چاك دەبێتەوە، بێگومان خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو بە ئاگایە.

هەروەها دەفەرمویێت: ﴿فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا (٣٤)﴾ {النساء} واتە: ئەگەر (ئافرەتان) وازیان هێنا لە یاخی بوون و سەرکەشی و گوێڕایەڵی ئێوەیان کرد، ئیتر ئێوەش (پیاوان) هیچ ڕێگەیەکی تر مەگرنە بەر بۆ ئازاردانیان وستەم لێکردنیان بەڕاستی خوا پایەبەرز و بڵندە، گەورەو زانایە، هەرکەسێك دەستدرێژی بکات تۆڵەی لێ ئەسێنێ.

ئەوەش سەبارەت بە سووربونی ئیسلام لەسەر بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەرێتی و نەپچڕانی ئەو پەتە، و ئەو هۆکارانەی کە دەگیرێنە بەر لەپێناو پاراستنی ژیانی هاوسەرێتی لە داڕمان و هەرەسهێنان. تەنها بۆ ئەوەی دووربکەونەوە لە تەڵاق چەندین دەرگای بۆ دەکاتەوەو ڕێگەی تری بۆ دەدۆزێتەوە، و هانیان دەدات بۆ پەشیمان بوونەوەو وازهێنان لەسەرکەشی و گەڕانەوە بۆ نێو ئارامگەی یەکترو تێربوون لە کانگای ناخی یەکتر و ئامێزی خێزانداری کە تەنراوە بە خۆشەویستی و سۆز.

**بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بابزانین ڕەخنەگران چیان هەیە دەربارەی شەریعەتی ئیسلامی و ئەوانەی سیستەمی تەڵاقیان لا پەسەند نیە و بەرهەڵستی دەکەن؟**

لە ڕاستیدا ئەوان کەوتوونەتە نێو چەندین حەرام و تووشی زۆرترین ڕێسای قەدەغەکراوو نارەوایەتی بوونەو ڕووبەڕوی چەندین کێشەو ئاستەنگ بوونەتەوە، لەکاتێکدا هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونیان بۆ نیە جگە لە دان نان بە ڕەوایەتی تەڵاق و کردنەوەی ئەو دەرگایە نەبێت. با پرسیاریان لێ بکەین سەبارەت بە مەزهەبی کاسۆلیکی کە بەڕەهایی تەڵاقی حەرام کردووەو قەدەغەی کردووە،

ئایا چی ڕوودەدات لە حاڵەتی ڕوودانی ناپاکی هاوسەرێتیدا؟ هیچ، تەنها ئەوە نەبێت کە لە ڕووی جەستەییەوە ئەو دوو هاوسەرە لەیەکتر جیادەکرێنەوە، و گرێبەستی هاوسەرێتیەکەش بە هەڵبەستراوی لە نێوانیاندا دەمێنێتەوەو هیچ کامێکیان بۆی نیە و حەڵاڵ نیە بۆی کە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تریشدا بکات. جا ئایا ئەمە ڕەوایە و هاوتایە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا و دەگونجێت لەگەڵ عەقڵ و ژیریدا؟!

ئەی ئەوانەی بانگەشەی ژیری دەکەن و لافی عەقڵ و هۆشمەندی لێ دەدەن، ئایا ئەو دوو هاوسەرە بە دوورکەوتنەوەیان تەنها لە ڕووی جەستەییەوە چی بکەن، ئایا وەکو ڕاهیبەکان ژیان ببەنە سەر و تەمەن بگوزەرێنن؟

ئەی ئەو گەنج و لاوانە چی بکەن کە ناخ و دەروونیان بەپەرۆشە بۆ تێرکردن لە ڕووی جنسیەوە؟ دەکرێ پشتی لێ بکەن و خۆیان بگرن و کچەکەش لە پێش چاویان بێت نە ژنیان بێت لە ڕووی شەرعیەوە نە دەتوانن ژنێکی تر بهێنن نەش دەتوانن تەڵاقیان بدەن تا ئازاد بن؟!!

ئایا ئەمە دەکرێ و لەتوانادا هەیە؟ یاخود ناچارن پەنا ببەن بۆ کاری ناشەرعی حەرام و بەدڕەوشتی؟ بەخەبەر بێنەوە ئەی خەوتووەکان.

بەڵام هەندێك كۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی هەن كە ڕێگەیان بە تەڵاق داوە تەنها لە دوو حاڵەتدا، ئەوانیش: هەبوونی بەڵگە كە بیسەلمێنێت بەوەی كە یەكێك لە ژن و مێردەكە مامەڵەی خراپ و ڕەفتاری وەحشیگەرانە ئەنجام دەدات بەرانبەر ئەوی تر، یان بەسەریدا ساغ بێتەوە كە زینای كردووە لەگەڵ كەسێكی تردا.

پرسیارەكە ئەمەیە: ئەگەر هاتوو یەكێك لەو حاڵەتانەی كەباس كران ڕوویاندا، و لایەنی گومان لێكراویش نەیتوانی بەڵگە بهێنێتەوەو بیسەلمێنێت، ئایا چی دەكەن؟ و چارەنووسی چی دەبێت؟ پاشان بۆچوون چیە سەبارەت بەو دوو هاوسەرەی كە تۆمەتیان داوەتە پاڵ یەكترو خۆیان لەكەدار كردووە، بۆ ئەوەی لەیەكتر جیاببنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ناچارن شایەتی درۆو بەڵگەی ساختە دروست بكەن بۆ سەلماندنی ئەوەی كە زینا كراوە، هەتاوەكو بتوانن تەڵاق بدرێن؟ ئایا ئەمە پیاوەتیە؟ ئەی كوا ناموس وشەرەفی مرۆڤ كە ئاینە ئاسمانیەكان بۆ پاراستنی و هێشتنەوەی هاتوون؟

كۆمەڵگەی ئینگلیزی پرۆتستانتی ڕێگە بە تەڵاق دەدات بۆ یەكێك لەو هۆكارانەی كە پێشتر باسكران، بەڵام هەوڵ دەدات بۆ كردنەوەی دەرگای تازەتر

بۆ تەلاق، وەکو جیاکردنەوەی ژن و مێرد ئەگەر هاتوو هەردووکیان ڕێککەوتن لەسەر تەلاق، و بانگەشەی ئەوەیان کرد، ئەوا ژیانی هاوسەرێتی کۆتایی پێ دێت[1].

ئابەم شێوەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە کۆمەڵگەو وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە دەرئەنجامی ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوە تاڵ و ناخۆشانەی کە سەلمێنرا بۆیان، هەندێك جار ویژدانیان دەیانهەژێنێت و دەبزوێت، و دەگەڕێنەوە سەرخۆیان و چارەسەری ئیسلامی بە ڕێگەی دەربازبوون دەزانن و پەنای بۆ دەبەن، و ئەوکاتەش لە سازگاری پاکی ئیسلام تینوێتییەك دەشکێنن و شەریعەتەکانی پیادە دەکەن و لە سەرسەختی خۆیان دەکەون، و ئەو ڕێگەدانە بە فرەژنی و حەڵاڵکردنی تەلاقەکەش نموونەیەکی زیندووە بۆ سەرەتایەکی باش لە گەڕانەوەیان بۆ ئیسلام: ﴿وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (٣٢)﴾ {التوبة}.

---

[1] لە گۆڤاری العربیەدا هاتووە لە ژمارەی (١٠١)ی ساڵی ١٤٠٦ی کۆچی کە نووسەرێکی ئەمریکی بەناوی (دانێل دیس) نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا باسی ئەوە دەکات کە ٥٠٪ ی حاڵەتی هاوسەرگیری لە ئەمریکا حەوت ساڵ زیاتر ناخایەنێت، و لە وڵاتی بریتانیاش ٥٠٪ ی پرۆسەی هاوسەرگیری لە سنووری پێنج ساڵدا بە تەلاق کۆتایی پێ دێت.

# بـــەشی چـــوارەم

## جێ بەجێکردنی (سزا دیاریکراوەکان) حەددەکان لە ئیسلامدا

دوژمنانی ئیسلام و ناحەزانی چاویان بە ڕووناکی و نوری ئیسلام هەڵنایـەت و لەهەوڵی کوژاندنەوەی ئەو رۆشناییەدان، و دەیانەوێت حەق وڕاسـتی ئـاوەژوو بکەنەوە بۆ نارەوایەتی و ناڕاستی، ئـەوەش لـەو تۆمەتانـەدا دەردەکـەوێت کـە ئاراستەی ئیسلامی دەکەن، و لافی ئەوە لێ دەدەن کە جـێ بـەجێکردنی سـزاو حـەدەکانی ئیسـلام بەسـەر مرۆڤـدا لـە دونیـادا نیشـانەی وەحشـیگەری و کۆنەخوازیە و دیاردەیەکی نامرۆڤانەیـە، وە ڕق و کینـە و ناخۆشـی دەردەبـڕن ئەگەر ببینن حـەدێکی خـوایی جـێ بـەجێ دەکرێـت بەسـەر تاوانبارێکـدا، و تۆڵەسەندنەوە لەکەسێکی دەستدرێژیکارو ستەمکار بەگوێرەی ستەمەکەی.

لەڕاستیدا ئێمە نازانین ئەوانە بۆچی بەلایانەوە سەیرە کە تاوانبار بـەگوێرەی تاوانەکـەی خـۆی سـزا بـدرێت و سـزاکەش لەرەگـەزی تاوانەکـە بێـت، و فرمانەکانیش ئاشکرا و ڕاشکاو بـن واتـە سـزا و تۆڵەسـەندنەوەکە تونـدتر و سەختتر نەبێت لەو تاوانەی کە ئەنجام دراوە.

ئایا ئەوان دەیانەوێ تاوانبار بە کەیف و ئارەزوی خۆی بەرەڵا و ئازاد بێت، و ئاژاوە پەرەبسێنێ و کۆمەڵگە بڕوخێت، و کەس دڵنیا نەبێت لە خۆی و ماڵ وسامانەکەی، بەشێوەیەك کە بەهێز و دەسەڵاتدار بێ هێز و لاواز بچەوسێنێتەوەو مافی بخوات هەروەکو یاسای دارستان و ئاژەڵە دڕندەکان بێت؟

یاخود دەیانەوێ جۆر و چۆنێتی سزا و تۆڵەسەندنەوە لە تاوانبار زۆر ئاسان و بێ ئازار بێت، بەشێوەیەك کە تاوانبارەکە بۆی بڕەخسێت تاوان ودەستدرێژیەکەی دووبارە بکاتەوە و بەسووك سەیری دادگا و حوکم و بڕیاری قازی بکەن، و هیچ ترسێکیان نەبێت و ترس و تۆقاندن لە نێو خەڵکدا بڵاوبکەنەوە؟

ئایا ئەو هەموو بەڵگەیە بەس نیە بۆیان کە ڕۆژانە دەیبینن و دەیبیسن کە چۆن تاوان و دەستدرێژی زۆر بووەو پەرەی سەندووە بە هەموو شێوەکانیەوە، لە ڕفاندن و دەستدرێژی سێکسی و دزین و بڕینی بانك و دوکان و بازاڕەکان؟

ئایا بیرێك ناکەنەوە لەو تێکەڵ وپێکەڵەیەی سیستەمی دانراو و دروستکراوانەی مرۆڤ کە چۆن توانای ڕێگەگرتنی نیە لە تاوان و دەستدرێژی و خۆی پێ تەواوناکرێت؟

تەنانەت ئەگەر مەنتقی یاسا دانراوەکان وەربگرین و چاوێکیان پێدا بخشێنین لەم سەردەمەی خۆماندا یان هی سەردەمێکی تر، دەبینین تێیدا هاتووە: کە سزا هەر لە ڕەگەزی تاوانەکەیە، یان سزا بە گوێرەی تاوانەکەیە، یاخود کەس سزا نادرێت بەبێ تاوان و هیچ تاوانێکیش نیە سزایەکی نەبێت .... جا هەموو ئەمانە لە ئیسلامیشدا هەن، بەڵام لەگەڵ تاکە جیاوازیەکدا، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام سوورە لەسەر دادپەروەری و لەسەر ئەوەی کە کەس نابێت سزا بدرێت بەهۆی تاوانی جگە لە خۆیەوە، یان بە هۆی دەستدرێژیەکەوە کە خۆی نەیکردبێت، لەگەڵ پێداگری لەسەر ئەوەی کەپاڵنەرێکی ناوەکی هانی مرۆڤ بدات بۆ چاك بوون و تاوان نەکردن، لە ناخەوە ئەو هەستەی هەبێت، نەوەك لە ترسی سزاکە و بەندکردن.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ (٣٨)﴾{المدثر} واتە: لە قیامەتدا هەموو کەسێك بە کردەوەکانی خۆیەوە بەستراوەتەوەو بارمتەی کردەوەکانی خۆیەتی.

وە هەروەها دەفەرمویێت: ﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى (٣٨)﴾{النجم} واتە: هیچ گوناهبارێك تاوان و گوناهی تاوانبارێکی تر هەڵناگرێت.

جا هەرکەسێك تاوان و دەستدرێژی بکات و پشێوی و ئاژاوەگێڕی بکات، ئەوا دەبێت سزای دادپەروەرانەی خۆی وەربگرێت، بۆ ئەوەی تاوانەکەی دووبارە نەکاتەوەو ببێتە پەندو وانەیەك بۆ جگە لەخۆی، ئەمەش تەنها لە ئیسلامدا نیە وەکو ئەم دوایین شەریعەتە، بەڵکو لە شەریعەتە ئاسمانیەکانی پێشووشدا هاتووە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى (٣٦) وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى (٣٧) أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى (٣٨) وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسَانِ إِلَّا مَا سَعَى (٣٩)﴾{النجم} واتە: ئایا ئاگادار نەکرابوو بەوەی لە پەڕاوەکانی موسادا بوو؟ یان ئەو ئیبراهیمەی کە هەموو پەیمانەکانی بەجێ هێنا بەتەواوی؟ (لەو پەڕاوو کتێبانەدا هاتووە)کە هیچ گوناهکارێك گوناهی تاوانبارێکی تر هەڵناگرێت، بەڕاستی ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێك نیە تەنها ئەوە نەبێت کە خۆی کردوویەتی.

پێدەچێت هەر ئەوە هۆکاری ئەوە بێت کە ناوی ئەو سزایانەی لەسەر هەندێك تاوان دانراوە بە (حدود) ناوببرێت، لەبەر ئەوەی (حەد) بریتیە لە لەمپەر و ڕێگر لەنێوان دووشتدا، بە واتای ئەوەی لەمپەرو ڕێگرە لەبەردەم خەڵکیدا کە تاوان بکەن و سەربکەنە گوناه وسەرپێچی.

وە حەد لە زمانەوانیدا واتە: (مەنع) یان ڕێگەگرتن و قەدەغـەکردن، و لـە زاراوەی شەرعیدا واتە: سزایەکی بڕیاردراو لەپێناو شکاندنی مـافێکی خـوادا وپێشێلکردنیدا، وە مافی خوا لەم بوارەدا بریتیە لە مافی کۆمەڵگـە، چـونکە شکاندن و پێشێل کردنی ئەو سنورو مافە سەردەکێشێت بۆ زیان گەیانـدن بـە هەژموون و کیانی کۆمەڵگە و ڕەوشت و ئاکار لاواز دەکات. وە ئەو سزایەش کە دانراوە بۆ جێ بەجێکردنی ئەو حەدە لە مافی خوادا، ڕەفزنـاکرێ و نـاگۆڕدرێ، نە لەلایەن قازی و دادوەرەوە نە جگە لەویش، چونکە ئایا کـەس مـافی ئـەوەی هەیە کە مافێك لە مافەکانی خوا جێ بـەجێ نـەکات و بـە ئـارەزووی خـۆی بیگۆڕێت؟ وە لە قورئاندا وشەی حەد بەشێوەیەکی ڕەهایی بەکارهێنراوە بۆ ئەو ئەمر و نەهیانەی کە سەردەکێشن بۆ تاوان و سەرپێچیەك وەکـو دەفـەرموێت: ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَـا﴾ {البقـرة: ١٩٠}. هەربۆیـە زانایـان دەفـەرموون ئەگەر ئەو حەد وسنوورانە بۆ بابەتی نەهی بێت واتە ئەو کارانـەی کـە نابێـت بکرێن ئەوا بە شێوەی ﴿فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾دێت واتە نزیکی مەکەونەوە، وە ئەگەریش بۆ بابەتی ئەمر وفەرمانەکان بێت ئەوا بە شێوەی ﴿فَلَا تَعْتَـدُوهَا﴾ دێـت واتـە ئەو سنوورە مەبەزێنن.

هەربۆیە ئیسلام ئەو حەد و سزایانەی واجب کردووە وەکو تۆڵە و پاداشتێکی ترسێنەر لە ژیانی دونیادا، بۆ ئەوانەی کە سنوورەکانی خوا دەبەزێنن و دەستدرێژی دەکەنە سەر حورمەتی کۆمەڵگا، و دەبنە مەترسی بۆ ماڵ و سامان و دارایی و خوێن و گیان و هەستی خەڵکی، بۆیە ئیسلام جێبەجێکردنی ئەو سزایەی پێویست کردووە لەسەریان بۆ ئەوەی چیتر نەبنە سەرچاوەو هۆکاری ترس و دڵەڕاوکێ و ئاسایش و سەلامەتی کۆمەڵگا بکەوێتە مەترسیەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنْصُرَنَّ اللَّهُ مَنْ يَنْصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ (٤٠)﴾{الحج} واتە: ئەگەر خوا خەڵکی نەدا بەیەکدا و حەق دژی بەتاڵ نەوەستێنێت و هەندێکیان بە هەندێکیان لەناو نەبات، ئەوا هەرچی شوێنی خواپەرستی جوولەکەو گاور هەیە لە خەلوەتگە وکڵێسا وکەنیسە، هەروەها مزگەوتەکانیش کەناوی خوای زۆر تێدا دەبرێت، هەمووی کاول دەکران و دەڕوخێنران، سوێند بێت بێگومان خوا ئەو کەسە

سەردەخات کە پشتگیری ئـاین وبەرنامەکـەی دەکـات و هـەوڵی سەرخسـتنی دەدات، بەڕاستی خوا زۆر بەهێز و باڵادەستە.

لە ئایەتێکی تردا دەفـەرموێت: ﴿وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَفَسَدَتِ الْأَرْضُ وَلَكِنَّ اللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ (٢٥١)﴾{البقرة} واتـە: ئەگەر خوا هەندێك لە خەڵکانی بە هەنـدێکی تـر لـەناو نـەبات، ئـەوا هـەر هەموو زەوی پڕدەبێت لە تاوان وخراپە، بەڵام خـوا فـەزڵ و ڕێـزی زۆرە بەسـەر هەموو جیهانیانەوە.

ئاخۆ ئەوە چیە کە کەسانێك لـە ڕۆژهەڵاتناسـان و قوتابیـەکانیان ئەوانـەی لەسەر دەستی ئەوان گۆش کراون، هـەوڵی چەواشـەکاری دەدەن بـۆ لێـدان لـە ئیسلام لەم ڕوانگەیەوە، و دەیانەوێ لێڵی و ناڕوونیەك ببەخشنە ئیسلام و جـێ بەجێکردنی حەدەکان بەسەر کەسانی شایستەدا دەکەن بە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجە خراپەکانیان. لەکاتێکـدا ئـەوان بانگەشـەی دڵ ناسـکی و هەسـت بریندارکردن دەکەن بۆ ئەو دیمەنانـە بـەڵام لەڕاسـتیدا خزمـەت بـە ئامـانج و مەبەستێکی پیس دەکەن و سەردەکێشێت بۆ داڕمانی کۆمەڵگاو لەناوبردنی، و بڵاوبوونەوەی خراپەو ئاژاوە لـە نێـوان خەڵکیـدا. ژیـانی نائـارامی و ناشـادی

کۆمەڵگاکانی ئەورووپاو ئەمریکا و ڕوسیا وزۆرێك لە وڵاتانی تر بەڵگەی زیندووی حاشاهەڵنەگرن سەبارەت بەم دۆزە، بەشێوەیەك کە دارِمانی ڕەوشت و ئاکار پەرەی سەندووەو ئەنجام دانی زینا وداوێن پیسی هیچی تێدا نیە ئەگەر ئەنجام بدرێ بەناوی ئازادی تاکەوە و مەدەنی بوون و ناونانی شتەکان بە جگە لەناوی خۆیان، و بەئاشکرا دزی و کوشتن ڕوودەدات بەپێش چاوی خەڵکیەوە.

ئایا ئەوە بەس نیە بۆ ئەو ڕەخنەگرانە کە زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا گەڕاونەتەوە بۆ شەریعەتی ئیسلام، هەرچەندە ئەگەر بە ڕاشکاوی دانی پێدا نەنێن، ئەوەش وەکو پارێزگاریەك لە کۆمەڵگاکانیان لەو ئاژاوە و پشێویەی کە لەسەرووی ژیانی ئاژەڵانەوەیە لە دارستان و جەنگەڵستان، چونکە ئاژەڵ هەتا برسی نەبێت ناخوات، ولەکاتی وەزری زاوزێشدا نەبێت جووت نابێت، ئەی مرۆڤ لە چاو ئەمەدا لەکوێدایە؟

زۆرجار ئەوە دووبارە دەکەینەوەو دەیڵێین کە ئەو حوکمانەی ئیسلام هێناویەتی، ئەگەر هەر کۆمەڵگەیەك دەستی پێوەنەگرێت و پەیڕەویان نەکات ئەوا کاروباری تێکدەچێ و ژیان و گوزەرانی دەشێوێ، و مرۆڤبوونی لەدەست دەدات. ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو حوکمانە لەلایەن خوایەکەوە هاتوون کە

پەروەردگاری هەموو جیهانیانەو داناو زانایە بە هەموو شتێك، ئەوەی ڕووی داوەو ئەوەشی لە ئایندەدا ڕوودەدات ئەو دەیزانێت بە ئیزنی ئەو دەبێت، بە گوێرەی ئەم زانست و داناییەش ئەو حوکمانەی بۆ ئێمە دابەزاندووەو ڕەوانەی کردوون. لەلایەکی تریشەوە جێ بەجێ کردنی ئەو حەدانە پارێزگاری کردنە لە ژیانی ئوومەت و تاك دەپارێزێت و ئاشتی و سەلامەتی و ئاسایش دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵگە.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧٩﴾﴾{البقرة} واتە: ئەی خاوەنانی فام و ژیری! لەم تۆڵە وەرگرتنەوەدا ژیانی خۆش و مەزنتان هەیە، ئەم یاسایە دەبێتە مایەی مانەوەی ژیانی مرۆڤ و خۆدوورگرتن لە کوشت و کوشتار، چونکە کابرای بکوژ بزانێ، کەسێ بکوژێ دەکوژرێتەوە، ئیتر دەسدرێژی بۆ سەر گیانی ئەم و ئەو ناکات، بەڵکو لەبەر ئەو یاسایە لەسنوورەکانی خوا خۆبپارێزن و تەقواتان هەبێت.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ﴾{المائدة} واتە: لەتەوراتدا پێویستمان کردووە لەسەریان کە بەڕاستی

هەر کەسێك کەسێك بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە و چاوی یەکێك کوێر بکات دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوە ولووتی یەکێك عەیبدار بکات دەبێت لووتی عەیبدار بکرێتەوەو گوێی یەکێك ببڕێت دەبێت گوێی ببڕدرێتەوەو ددانی یەکێك بشکێنێت دەبێت ددانی بشکێنرێتەوەو برین و زامەکانیش تۆڵەیان بە گوێرەی خۆیان بۆ دەسەنرێتەوە.

خوای گەورە ئەو حوکم و تۆڵانەی لەسەر گەلانی پێش ئێمەش فەرز و پێویست کردبوو، بەڵام ئەوان دینەکەیان پێ جێ بەجێ نەکراو بەلایانەوە سەیربوو، بۆیە دەستیان کرد بە گۆڕانکاری و لەبری ئەو دەقانە هاتن دەقی نووسراو دەستکردیان بۆ دانا بەو شێوەیە ژیان و گوزەرانیان بەرەو گۆڕان و شێوان چوو، بۆیە هەتا شێوەی ژیانیان بگۆڕێت ئەوانیش ناچارن حوکمەکان بە ئارەزووی خۆیان بگۆڕن و دەستکاری بکەن.

# جۆری ســــــزاكان

خوای گەورە حەد و سزاكانی لـە قورئانـدا دیـاری كـردووە، و هـەروەها لـە فەرمـوودەكانی پێغەمبەری خوایشدا ﷺ دەستنیشان كراون، و دەتوانرێـت لـە حەوت تاواندا كۆبكرێنەوە، ئەوانیش: زینا، تۆمـەت وبوختـانی داوێـن پیسـی (قذف)، دزی، تالآنی و ڕێگەبرین، دەســتدرێژی، هەڵگەڕانــەوە لـەدین، مـەی خواردنەوە.

لە قورئاندا سزای پێنج تاوانەكەی سـەرەتا دیـاری كـراوەو ئایـەتی لەسـەر هاتووە، و دووانەكەی دواییش كە هەڵگەڕانەوە لەدین و مەی خواردنەوەیە، لـە سوننەتی پێغەمبەردا هاتووە.

جا بۆ ئەوەی خاوەن دڵە ناسـكەكان، ئەوانـەی كـە ترسـیان لـێ دەنیشـێت بەبینینی سزایەك كە جـێ بـەجێ بكرێـت بەسـەر تاوانبارێكـدا، ئـەوەش بـە كوشتنی بكوژ و بڕینی دەستی دز و ڕەجم كردنی زیناكەر، ئەوا ئێمە دڵنیایـان دەكەینەوە كە مەبەست لە جێ بەجێكردنی ئەو سزایانەدا بریتیە لە پارێزگاری كردن لـە هێمنـی و سـەلامەتی و ئاسایشـی كۆمەڵگـە و سـووربون لەسـەر

پارێزراوی ژیان وسامان و کەرامەتی تاکەکان، و دڵنیابوونی تاکەکان بەوەی کە سیستەم و شەریعەتێك هەیە دەیانپارێزێت، و بڵاوکردنەوەی ڕێز و گەڕانەوەی بەهای خوێن و گیان ومالّ وموڵك و ناموسی خەڵکی، و لەولاشەوە پاکبونەوەی تاوانبار لە تاوانەکەی و پەشیمان بوونەوەی. هەربۆیە جێ بەجێ کردنی ئەو سزایانە نایەتە جێ مەگەر تەنها بەسەر ئەو کەسەدا نەبێت کە تاوانەکەی کردووە و شایستەی ئەو تۆڵەلێ سەندنەوەیەیە، ئەویش لە حاڵەتێکدا ئەگەر ساغ بێتەوە بەسەریدا کە تاوانەکەی کردووە و سەلمێنرا کە ستەمکارەو دەستدرێژی کردووە، بەوەی کە خۆی دانی پێدا بنێت وسووربێت لەسەری کە خۆی کردوویەتی، یان کەسانی دادپەروەر و ڕاستگۆ شاهێدی لەسەر بدەن. بەلاّم ئەگەر تەنها بانگەشە و تۆمەتبار کردن بوو ئەوا ماف و کەرامەتی تۆمەتبار پارێزراوەو دەستی بۆ نابرێت، و ئەو تۆمەتانەی کە دەدرێنە پالّی هەمووی ڕەد دەکرێنەوە مەگەر بەڵگەی لەسەر هەبێت، بەشێوەیەك کە کەمترین و بچووکترین گومان هەڵنەگرێت، ئەگەر هەموو ئەمانە نەبوو ئینجا سزاکە جێ بەجێ دەکرێت بەسەریدا.

بەڵام ئەگەر هاتوو بەڵگەکان گومانیـان تێـدا هـەبوو، وە دڵنیانـەبوون لـە ڕاستێتی ڕوودانی ئەو تاوانە، لەو کاتەدا تۆمەتبار دەپارێزرێت لەوەی سـزاکەی بەسەردا ئەنجام بدرێت، نەك هەر ئەوەش بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی کـە سـزاکە تووشی ئەو کەسە بێت کە سکاڵاکەی کردووە یان بانگەشەی کردووەو شـاهێدی ناڕەوای لەسەر داوە، ئەوەش لـە پێنـاو بەسـتنی دەرگـای ئـاژاوەو پشـێوی کـە دروست دەبێت بەهۆی ئەو بانگەشە ناڕاست و ناڕەوایانەی کەلەسەر بنەمایەکی بەهێز وبتەو نیـن. تەنانەت شاهێدی دان ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت کە ئیسلام دیاری کردوون، ئەوا سـزاکە دەبێـت بەسـەر شـاهێدەکەدا جـێ بـەجێ بکرێت، بەهۆی ئەو خراپە و قسەڵۆکانەی کە ئاراسـتەی تۆمـەتباری کـردووە، وەکو کەسێك کەشاهێدی بدات بەوەی کەسێکی تر زینای کـردووەو لەکاتێکـدا چوار شاهێد نەهێنێت کە بەچاوی خۆیان ڕاستێتی ڕووداوەکەیان نەبینیبێت.

جا ئەی ئەوانەی کە سوورن لەسەر مافی مرۆڤ بەخەبەر بێنەوە، سزایەك کـە هاوپێچ بێت لەگەڵ ئەو هـەموو پارێزگاریـەدا و ببێتـە هـۆی پاراسـتنی ئـەو هـەموو مافـە، ئـەوا لەڕاسـتیدا لـە بـەرزترین پلـەکانی شایسـتەبوون و ڕەوایەتیدایە.

ئەو بانگەشەیەی کە ئەوان لەهەوڵی ئەوەدان بیدەنە پاڵ پرەنسیپی سزا لە ئیسلامدا، بریتیە لە ئامادەکردنی شایەت لەکاتێکی سەخت و مەحاڵدا، واتە دەڵێن: چۆن دەکرێت لەکاتی زینادا چوار شایەت هەبن و هەمویشیان بەچاوی خۆیان کردارەکەیان بینیبێت؟! ئەوە مەحاڵە و لەڕاستیەوە دوورە، ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین: ئەی ئەگەر وانەبێ وبەوشێوە سەختە مەرجدار نەکرابێت، ئەی چۆن ناموس وکەرامەتی خەڵکی دەپارێزرێت و سومعەی مرۆڤ پارێزراو دەبێت؟

بەسە بۆ ئەوەی ئەو ڕووداو وبەسەرهاتانەی لە مێژووی دوور و نزیکدا ڕوویانداوە بکرێنە بەڵگە بۆیان بۆ ئەوەی باوەڕبهێنن و لەو ڕاستیە تێبگەن، بۆنموونە: سەبارەت بە گۆڕان و دەستکاری کردنی یاسای مرۆڤکرد لە یەك کۆمەڵگەدا ولای حزبێکی فەرمانڕەوا لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت، بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و خواستی خەڵکەکە، وەکو لەسەردەمی سەرۆك (نیکسۆن)دا جگەرەی ماریجۆنا قەدەغەکرا، یان لە ئەڵمانیا – لە ڕابردوویەکی نزیکدا- بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان ڕێگەی پێدراو بەئاشکرا ولەشوێنە گشتیەکانیشدا، وە نێربازی یان هاوڕەگەزبازی لە هەندێك لە وڵاتانی ئەوروپادا ڕێگەی پێ درا.

بەبێ درێژە پێدان هەندێك لەو سزایانەی کە ئیسلام داینـاوە هـەوڵ دەدەیـن ڕوونـی بکەینـەوە، بـۆ ئـەوەی بەڵگەکـەی و چـۆنێتی ئەنجامـدانی و مـاف ودەسـتەبەری و ئـەو پاڵنەرانـەی کـە وا دەکـەن جـێ بـەجێ بکرێـت یـان نـا ئاشکرابێت، چونکە ئەوانە سزای جەستەیی و دەروونـیـن.

بۆ نموونە: دەست بڕین دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە جەستەو کەمئەندامبوونی لاشەو تێکدانی سومعەو ناوبانگی کەسەکەی تێدایە، بۆیە زۆر پێداگری کـراوە لەوەها کاتێکدا زۆر وردبینـەوەو دڵنیـایی تـەواو هـەبێت، پـێش ڕاگەیانـدنی تاوانەکە و پاشانیش دڵنیابن پێش ئەنجامدانی سـزاکە. پێغەمبـەری خـوا ﷺ بەمە فەرمانی بە موسڵمانان دەکـرد، وەکـو دەفـەرموێت: " ادرءوا الـحدود بالشبهات " واتە : لە کاتی هەبوونی گوماندا جێ بەجێکردنی سزاکان ڕاگرن.

هەروەها دەفەرموێت: " ادفعوا الحدود ما وجدتم له مدفعا "[١] واتـە: ئەگـەر ڕێگەیەکی دەربازبونتان هەبوو ئەوا سزاکە جێ بەجێ مەکەن.

---

[١] ضعيف ، الإرواء (٢٣٥٦).

دیسان دەفەرمویت: " ادْرَءُوا الْحُدُودَ عَنْ الْمُسْلِمِينَ مَا اسْتَطَعْتُمْ فَإِنْ كَانَ لَهُ مَخْرَجٌ فَخَلُّوا سَبِيلَهُ فَإِنَّ الْإِمَامَ أَنْ يُخْطِئَ فِي الْعَفْوِ خَيْرٌ مِنْ أَنْ يُخْطِئَ فِي الْعُقُوبَةِ"[٢] واتە: هەتا ئەتوانن جێ بەجێ کردنی سزاکان ڕابگرن لەسەر موسڵمانان، ئەگەر هۆی دەربازبوونی هەبوو ئەوا وازی لێ بهێنن، چونکە ئەگەر پێشەوا لە لێبوردەیی و عەفودا هەڵە بکات باشترە بۆی لە سزاو تۆڵە سەندنەوەدا هەڵە بکات.

وە ئەگەریش سزاکە جێ بەجێ کرا ئەوا دەبێتە کەفارەت و پاکبونەوەی ئەو کەسە لەو تاوانەی کردوویەتی، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: " بَايِعُونِي عَلَى أَنْ لَا تُشْرِكُوا بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا تَزْنُوا وَلَا تَسْرِقُوا وَلَا تَقْتُلُوا النفسَ التي حرم الله إلا بالحق، فَمَنْ وَفَى مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ وَمَنْ أَصَابَ شَيْئًا مِنْ ذَلِكَ فَعُوقِبَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ وَمَنْ أَصَابَ شَيْئًا مِنْ ذَلِكَ فسَتَرَهُ اللَّهُ فأمرهُ إِلَى اللَّهِ إِنْ شَاءَ عَفَا عَنْهُ وَإِنْ شَاءَ عذّبَهُ "[١] واتە: بەیعەتم پێ بدەن لەسەر ئەوەی

---

[٢] رواه ابن ماجة برقم (٢٥٤٥) و **ضعفه الألباني** في الإرواء برقم (٢٣٥٥).

[١] **بەڵام لە بوخاریدا بەم شێوەیە هاتووە:** أَنَّ عُبَادَةَ بْنَ الصَّامِتِ (رضي الله عنه) وَكَانَ شَهِدَ بَدْرًا وَهُوَ أَحَدُ النُّقَبَاءِ لَيْلَةَ الْعَقَبَةِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ وَحَوْلَهُ عِصَابَةٌ مِنْ أَصْحَابِهِ بَايِعُونِي عَلَى أَنْ لَا تُشْرِكُوا بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا تَسْرِقُوا وَلَا تَزْنُوا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ وَلَا تَأْتُوا بِبُهْتَانٍ تَفْتَرُونَهُ بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَأَرْجُلِكُمْ وَلَا تَعْصُوا فِي مَعْرُوفٍ فَمَنْ وَفَى

کە هیچ هاوبەشێك بۆ خوا بڕیار نەدەن، و زینـا وداوێـن پیسـی نەکـەن و دزی نەکەن و ئەو کەسەی خوا کوشتنی حەرام کردووە مەیکوژن مەگەر لەسەر حەق نەبێت، جا ئەوەتان وەفای هەبیٚ بۆ پـەیمان وبەیعەتەکـەی ئـەوا پاداشـتی لای خوایە، وە ئەوەشی تووشی ئەو تاوانانە بوو، وە سزا بەسەریدا جـیٚ بـەجیٚ کـرا ئەوا دەبێتە کەفارەت بۆی و پاك دەبێتەوە، وە ئەوەشتان تووشی تاوانێکیان بوو، وە خوا بۆی ستر کردوو شاردیەوە، ئـەوا کاروبـاری لای خوایـە، ئەگـەر (خـوا) بیەویٚ لێی خۆش دەبێت و ئەگەریش ویستی لیٚ بیٚ سزای دەدات.

ئای ئیسلام چەند گەورە ومەزنە، و پرەنسـیپ و حـوکم و بڕیارەکـانی چـەند لەجێی خۆیـەتی و دانایانەیـە، چـۆن وانیـە لەکاتێکـدا لەلایـەن خوایەکـەوە دابەزیوە کە داناو کاربەجێیـە، بـا بێبـاوەڕ و هاوبـەش پەیداکـەرانیش پێیـان ناخۆش بێت.

---

مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَعُوقِبَ فِي الدُّنْيَا فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا ثُمَّ سَتَرَهُ اللَّهُ فَهُوَ إِلَى اللَّهِ إِنْ شَاءَ عَفَا عَنْهُ وَإِنْ شَاءَ عَاقَبَهُ فَبَايَعْنَاهُ عَلَى ذَلِكَ [صحيح البخاري، كتاب الإيمان، برقم ١٨].

**وا ئێستا دێینە سەر باسکردنی هەریەك لە سزای ئەو حەوت تاوانە و ڕوونیان دەکەینەوە:**

## ١- حـــەدی زیـــنا

دامەزراندن و بونیادنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی سەلامەت وا دەخوازێت کە چارەسەرێك بۆ کێشەی جنسی لـە پـێش چـاو بگرێـت و ئامـادە کرابێـت، لەڕاستیدا مرۆڤایەتی پێگـەی دروسـتی ئـافرەتی نـەدەزانی هـەتا بەچـەندین ئەزموونی مێژوویی دووردرێژدا تێنەپەڕی. چونکە لە قۆناغە سـەرەتاییەکانی مێژوو هەروەها سەردەمەکانی دواترو پێش هاتنی ئیسلام ئافرەت وەکـو کۆیلـە تەماشا دەکـرا ومامەڵـەی بەندایـەتیان لەگەڵیـدا دەکـرد، و هـیچ مـافێکی خاوەندارێتی و بازرگانی کردنی نەبوو، هەتا شووی نـەکردبوو مـوڵکی بـاوکی بوو، کە شووی کرد دەبوو بە موڵکی مێردەکـەی، وە کـە مێردەکەشـی دەمـرد دەبوو بە موڵکی میراتگرانی و وەکو کاڵایەك سەیر دەکرا. بەو شێوەیە پرۆسـەی هاوسەرگیری ببوە بەردێکی گـەورە لەبـەردەم پێشـکەوتن و ئاسـوودەیی نـاخ و

دەروونندا، هەروەکو چۆن لە دینی گاورەکاندا دیاردەی گۆشەگیری و ڕەبەنی[1] لەنێوان پیاوانی دیندا تەشەنەی کردو پەرەی سەند، ئەوەش ئەو ڕەهبانیەت و گۆشەگیریە بوو کە خۆیان دایانهێناو خوا پێویستی نەکردبوو لەسەریان و دواتریش مافی خۆیان پێی نەداو نەیانبردە سەر.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنْجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ (٢٧)﴾{الحديد} واتە: دواتر عیسای کوڕی مەریەممان نارد وە ئینجیلمان پێ بەخشی و لەدڵی ئەوانەدا کەشوێنی کەوتوون سۆز و بەزەییمان دروست کرد وگۆشەگیریەك کە خۆیان دایان هێنابوو ئێمە ئەوەمان لەسەر پێویست نەکردبوون بەڵام خۆیان دایان هێنا بۆ ڕەزامەندی خوا کەچی وەك پێویست پارێزگاری ئەو گۆشەگیریەیان نەکرد ئێمەش بەخشیمان بەوانەیان کە باوەڕیان هێنابوو پاداشتی خۆیان وە زۆریشیان لەسنوور دەرچوون.

---

[1] واتە خۆیان یەکلا دەکردەوە بۆ دین و وازیان لە دونیا دەهێناو پیاوەکانیان ژنیان نەدەهێناو ژنەکانیشیان شووی نەدەکرد.

جا كاتێك مەسیحیەت بەرەو لاوازبـوون رۆیشـت و ماددیـەت پێشـكەوت و گەشەی كرد ، ئافرەت هەندێ لە مافەكانی چنگ كەوت و بۆی گەڕایەوە، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەتەنهایی و بێ نەوایی مایەوە چونكە خۆشی وكامـەرانی نێومالّی لەدەستدا و بێبەش بوو لـەوە، ئـەوەش بـەهۆی ئـەوەی كـە شۆڕشـی مادیەت هەستی ئاینی و دینداریێتی پەراوێز خستبوو، و سەری كێشا بۆ ئـازاد كردنی هەریەك لە ژن و پیاو لەوەی كە پرۆسـەی هاوسـەرگیری ئـەنجام بـدەن و پەیوەندی خێزانی كاڵ بوویەوە و بەرەو نەمان و پووكانەوە چوو، ئافرەت بـەدوای لەشفرۆشی و داوێن پیسیدا هەڵپەی دەكرد و ئازادانە خرایـە بەردەسـتی پیـاو، بەبێ هیچ كۆت و بەندێك، پیاویش بە ئارەزوی خـۆی چـێژی لـێ وەردەگـرت و دیسانەوە كۆیلایەتی لەبەرگێكی نوێدا سەری هەڵدایەوە، چونكە هەریـەك لـە ژن و مێرد پرۆسەی هاوسەرگیریان وەلاناو وازیان لێ هێنا وەكـو خـۆ دزینـەوەو ڕاكردن لەو ئەرك وماف و بەرپرسـیارێتیەی كـە دەكەوتـە سەرشـانی هـەردوو لایان، ئەوەش بووە هۆی ڕاكردن و هەسكە هەسك كردن بۆ خۆتێركردن لەڕووی جنسیەوەو بەها و مانای خێزان بوونی نەما. جا ئەگەر خێزان پـردی پەیوەنـدی خۆشەویستی نێوان ژن و مێردی بتەو دەكرد و وای لـێ دەكـردن كـە خۆشـی و

شادییەکان بەش بکەن لەنێوان خۆیاندا، ئەوا بەرەڵایی و داوێن پیسی وایان لێ دەکات کە خۆپەرست بن و هەریەکەیان هەوڵی خۆتێرکردن بدەن و تەنها خـۆی چێژی تەواوەتی وەربگرێت و وەکو کەرەستەیەکی چێژلێوەرگرتن تەماشای یەکتر بکەن، و هەرکە کردارەکە تـەواو بـوو ئـیتر هەریەکـەیان ئـەوی تریـان بـەجێ دەهێڵێت لەنێو خەمەکانیدا دەتلێتەوە.

هەروەها زینا و داوێن پیسی دارِمان و نەهێشتنی هەموو ئەو بـەها و نرخـە بەرز و بەپیزانەیە کە ئیسلام هێناویـەتی و شـەریعەتە پێشـووە ئاسمانیـەکانی تـریش برەویـان پـێ دابـوو، و دامـاڵینی ژن و پیـاوە لـە ئاکـارو رەوشـت و رووتکردنەوەیانە لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە، و بـێ مانـا کـردن و سـووك کردنی ئەو ژیانەیە کە دەبوو بەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیەوە بـەڕێیان بکردایـە. جا مەبەستی ئیسلام لە جێ بەجێکردنی حـەدی زینـا ئەوەیـە کـە نـاموس و کەرامەت و ڕەچەڵەك بپارێزێت. بۆیە ئەوانـەی کـە گاڵتـەیان دێ بـە ئیسـلام لەسەر ئەوەی کە سوورە لەسەر ناموس وشـەرەف کـە ئـەتك بکرێـت و نـەوەو منداڵ کە لەدەست بچێت، کاتێك کە حەدێکی زینا جـێ بـەجێ دەکرێـت، ئـا ئەوانە هیچ نرخ وبەهایەك دانـانێن بـۆ نـاموس و شـەرەف و سـەنگێکی نیـە

بەلایانەوە، بۆیە دەبێ بە خۆیاندا بچنەوەو بیرێك لەحاڵی خۆیان بکەنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئاژەڵان بەهاو پێگەی ئاکارو ڕەوشت و شەرەف نازانن لە مەملەکەتی خۆیاندا. جا ئایا دەیانەوێت لە ئاستی ئاژەڵاندا بژین؟ بەڵکو هەندێك ئاژەڵیش هەیە کە غیرەو ئازایەتی تێدایە لەو بارەیەوە، بۆیە ئایا ئەوان ڕازین بەوەی کە تەنانەت لە خوار ئاستی ئاژەڵانیشەوە بن و هاوشێوەی ئەوان بن؟

وە مەرجی جێ بەجێ کردنی حەدی زینا دووشتە: یەکەمیان دان پێدا نانە لەلایەن خودی کەسەکەوە، دووەمیان بەڵگەیە، بەڵگەیش بەجێ نایە هەتا چوار شایەتی ڕاستگۆی پیاو شایەتی نەدەن لەسەر ئەو کارەو ئەو چوارەش چرکە ساتی ڕووداوەکەیان ببینیبێت و بەچاوی خۆیان شمشێریان لە کالاندا دیبێت. ئەمەش بەڵگەی تێدایە لەسەر ئەوەی کە مەبەستی ئیسلام لە سزادانی زیناکار ئەوەیە کەبەسووك سەیری زینا وشەرەف و ناموس وکەرامەتی خەڵکی دەکات ، چونکە کەسێك کاتێك کە زینا دەکات و لەولاشەوە چوار پیاو ئامادەی کردارەکە بن وتەماشایان بکەن و ئەمیش لەسەر کاری خۆی بەردەوام بێت و شەرم وئابڕوو نەیگرێت و دەستی لێ هەڵنەگرێت، ئەوا دیارە ئەم کەسە دەیەوێ

خراپەو بەدڕەوشتی بڵاوبێتەوەو داوێن پیسی پەرەبسێنێت، بۆیە شایستەی ئەوەیە کە نەهێڵرێت و سزای توند بدرێت. بەڵام ئەگەر یەکێك هات و خۆی دانی بە تاوانەکەیدا نا چوارجار ولەچوار کاتی جیاوازدا، ئەوا دیارە کە تۆبەکارەو پەشیمانە لەوکارە قیزەونەی و دەیەوێت پاك بێتەوە.

وە حەدی زینا دەگۆڕێت لەنێوان کەسێك کە سەڵت بێت (کوڕ یان کچ) و کەسێکیش کە هاوسەرگیری کردبێت واتە ژن بێت یان پیاو، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو دوو کەسە حاڵەت و بارودۆخیان جیاوازە ودەبێت سزایەکەش جیاواز بێت، ئەمەش لە دادپەروەری ئیسلامەوەیە کە ڕەچاوی حاڵی مرۆڤەکان دەکات، بۆنموونە، سزای ژن وپیاوی زیناکار بریتیە لە ڕەجم کردن، لەبەر ئەوەی ئەوان هێزی ئارەزوویان شکاوەو ئەو پاڵنەرە وشەهوەتەی کە پاڵیان پێوە دەنێت دەتوانن لەگەڵ ژن یان پیاوی خۆیدا ئەنجامی بدەن و پێشتر ئەو کارەشیان بینیوە و وەکو کەسێکی سەڵت نیە کە تامەزرۆ و پەرۆشی ئەو کارە بن و نەیانبینیبێت، بۆیە سزاکەیان سەختتر وقورسترە. بەڵام وەکو ئاشکرایە کە کوڕو کچی گەنج ولاوی سەڵت کەمتر توانای خۆگرتنیان هەیە لەسەر ئەو کارەو

ئەگەری تووش بوونیان زۆرترە، بۆیە سزاکەیان بریتیە لە لێدانی سەد جەڵت بۆ هەر یەکەیان.

لە قورئانیشدا حوکمی جەڵت لێدان هاتووە بە ڕاشکاوی وەکو دەفەرموێت: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٢)﴾{النور} واتە: ژن و پیاوی زیناکەر(سەڵت) هەر یەکێکیان سەد دار (شەلاق) یان لێ بدەن وە بەزەیی هاتنەوەتان پێیاندا نەتانگرێ لە جێ بەجێ کردنی فەرمانی خوادا ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەخواو بە ڕۆژی دوایی وە با ئامادەی بینینی سزادانی ئەو دووانە بن کۆمەڵێك لە باوەڕداران.

بەڵام سزای ڕەجم کردنی ژن و پیاوی هاوسەردار، لەسوننەتدا هاتووەو ڕوون کراوەتەوە، ئەوەتا پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب ﵁ دەفەرموێت: " فَأَخْشَى إِنْ طَالَ بِالنَّاسِ زَمَانٌ أَنْ يَقُولَ قَائِلٌ وَاللَّهِ مَا نَجِدُ آيَةَ الرَّجْمِ فِي كِتَابِ اللَّهِ فَيَضِلُّوا بِتَرْكِ فَرِيضَةٍ أَنْزَلَهَا اللَّهُ وَالرَّجْمُ فِي كِتَابِ اللَّهِ حَقٌّ عَلَى مَنْ زَنَى إِذَا

أُحْصِنَ مِنْ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ إِذَا قَامَتْ الْبَيِّنَـةُ أَوْ كَـانَ الْحَبَـلُ أَوْ الِـاعْتِرَافُ "[1]

واتە: دەترسم ئەگەر زەمانێکی زۆر بەسەر خەڵکیدا بچێت و لەو کاتەدا کەسی وایان هەبێت بڵێت: سوێند بەخوا ئایەتێك نیە لـە قورئانـدا کـە باسـی ڕەجم کردن بکات، بۆیە تووشی گومڕایی وسەرلێشێواوی بن بە هۆی وازهێنانیان لە فەرزێك کە خوا پێویستی کردووە و دایبەزاندووە، وە بزانن کە ڕەجم کردن حەقە و پێویستە جێ بـەجێ بکرێـت بەسـەر ژن و پیـاوی زیناکـاردا ئەگـەر هـاتوو بەڵگەی تەواو هەبوو یان سکپڕی ڕوویدا یان خۆی دانی پێدا نا.

وە پێدەچێت نهێنی ئەوەی کە قورئان بە ڕاشکاوی باسـی جەڵـدی کـردووە و بەڵام باسی ڕەجم کردن لە سوونەتدا هاتووە نەوەك قورئان، ئەوەبێت کـە زیـاتر کوڕ و کچ تووشی زینا دەبن و زۆرتر لای ئـەوان ڕوودەدات و ئەگـەری ڕوودانـی زیاترە، بەڵام ژن وپیاو کەمن کە ئەو کـارە بکـەن بەبـەراورد لەگـەڵ کەسـانی سەڵتدا، بۆیە ئیسلام بوونی بۆیان دانەناوە، بەشـێوەیەك کـە شایسـتەی ڕەجم کردن بن. وە هەریەك لە ڕەجـم و جـەڵت لێـدان بـە ئاشـکرا و بـەپێش چـاوی

---

[1] رواه البخاري في كتاب الحدود باب الإعتراف بالزنا برقم (٦٨٢٩) و مسلم في كتاب الحدود باب رجم الثيب الزاني برقم (١٦٩١).

خەڵکەوە دەبێت جێ بەجێ بکرێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی تەمبێ بن وپەند وەربگرن و ئابڕوویان بتکێ کە چۆن دەستدرێژی دەکەنە سەر ناموس و شەرەفی خەڵکی، بۆیە بەو شێوە نارەحەت و ئابڕووبەرەیە سزا دەدرێت، جا ئەگەر پەشیمان بوویەوەو وازی هێنا ئەوا کەسایەتی بۆ دەگێڕێتەوەو بەچاوی ڕێزەوەو وەکو تۆبەکارێك تەماشای دەکرێت.

هەموو ئەمانەش دەرئەنجامی ئەو بێ باکی و گوێ پێنەدانەیە کە زیناکار هەیبووە بەرانبەر بە کۆمەڵگەو ڕەوشتی خەڵکی، بەشێوەیەك لە ئاستێکدا بێت کە بە ئاشکراو بە پێش چاوی خەڵکیەوە داوێن پیسی ئەنجام بدات، هەربۆیە شایەنی ئەو سزا قورسە دەبێت، لەڕاستیدا ئەوە تۆڵەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ئەو ڕەچاوی هەستی تێدا نەکردووەو حسابی بۆ تاکەکانی نەکردووە، و حورمەتی نەپاراستووەو ناپاکی بەرانبەر ئەنجام داوە، جا ئەگەر ئەو کەسە خۆی لە مرۆڤبوونی خۆیدا نەهاتبێتە خوارەوەو لەو چوارچێوەیە دەرنەچووبێت و ئەو هەموو بەربەست و لەمپەرانەی نەبڕیبێت کە ڕێگربوون لە کردنی ئەو تاوانە، ئەوا شایستەی ئەو سزا توندو سەختە نەدەبوو، کە هەم سزادانی جەستەیەتی و هەمیش ناخ و دەروونی و هەمیش کەسایەتی و

ناوبانگی. چونكە ئەویش لەو سێ ڕێگەیەوە تاوانی دەرهەق بە كۆمەڵگە و هەمیش كەسی بەرانبەر كردووە.

جا با ئەوانەی كە دەڵێن كە ئیسلام بە جێ بەجێ كردنی ئەو سزایە مرۆڤبوونی زیناكاری پێشێل كردووەو دەستدرێژی كردۆتە سەر ئازادی و ژیانی، بابزانن كە ئیسلام چەند ڕێگرو لەمپەری داناوە لەپێناو ڕوونەدانی ئەو تاوانەدا، لەوانە:

١. ئیسلام هەوڵی نەداوە ئەو تاوانەی كە نهێنیەو شاراوەتەوە دەربخرێت و ئاشكرا بێت، وەكو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: " من رأى عورة فسترها كان كمن أحيا موءودة في قبرها "[١] واتە: ئەوەی عەیبەیەك ببینێت و پاشان ستری بكات و بیشارێتەوە وەكو ئەوە وایە كچێكی زیندەبەچاڵی زیندووكردبێتەوە لەگۆڕەكەیدا.

٢. هیچ تاوانێكی زینا وداوێن پیسی ناسەلمێنرێت مەگەر بە دان پێدانانی ئاشكراو ڕاشكاوی زیناكارەكە نەبێت وسووریش بێت لەسەری ، یان بە شایەتی

---

[١] رواه أبوداود برقم (٦٨٣٠) و **ضعفه الألباني** في الضعيفة برقم (٢٦٥).

چوار پیاوی ڕاستگۆ کە بیسەلمێنن ئەو ژن وپیاوە زینایان کردووەو شمشێریان لە کالاندا بە چاوی خۆیان دیوە، ئەمەش ڕوونادات مەگەر لەکاتی بێهۆشیدا و مەست بووندا یان حاڵەتێکی تایبەت.

٣. جێ بەجێکردنی حەدەکان ڕادەگیرێت و دەوەستێنرێت لەکاتی هەبوونی گوماندا، واتە گومان لە شایەتیدا لەبەرژەوەندی تۆمەتبار دەشکێتەوە و حەدەکەی لەسەر جێ بەجێ ناکرێت، وەکو لە فەرموودەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " فهلا كان هذا قبل أن تأتيني به"[١] واتە: بریا ئەو بەڵگەیەت پێشتر بهێنایە بۆم.

٤. هەرکەس تۆمەتی داوێن پیسی بکات بۆ ژن و پیاوی داوێن پاك دەبێت هەشتا جەڵدەی لێ بدرێت ئەگەر هاتوو چوار شایەتی نەهێنا کە ئەو ڕوداوەیان بەچاوی خۆیان بینیبێت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٤)﴾{النور} واتە: ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك وخاوەن مێرد، پاشان ناتوانن چوارکەسیش بەشایەت

[١] رواه أبوداود في كتاب الأدب باب الغيبة برقم (٤٨٨٠) وصححه الألباني في صحيح ابن ماجة برقم (٢٥٩٥).

بهێنن، ئەوانە هەشتا قامچیان لێ بدەن و هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن، ئەوانە لەڕیزی تاوانبارو لەسنوور دەرچوو ویاخیەکاندان.

٥. ئیسلام هانی خەڵك دەدات بۆ پۆشین و شاردنەوەی عەورەت و عەیبەی موسڵمانان، و بەستنی زمان لە وتنی ئەو عەیبانەی کە بەچاو دەیبینێت لەکاتی نهێنی و تەنهاییدا، ئەوەتا خوای گەورە هەڕەشە دەکات لەوانەی کە پێیان خۆشە عەیبەو لەکەی موسڵمانان ئاشکرا بن و خراپە بڵاوبێتەوە لەریزی موسڵماناندا، وەکو دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ (١٩) ﴾{النور} واتە: بەڕاستی ئەوانەی حەز دەکەن زینا و تاوان و داوێن پیسی لەناو کۆمەڵی بڕواداراندا بڵاوبێتەوەو پەرەبسێنێت، سزای پڕئێش و ئازاریان بۆ هەیە لەم جیهان و لەو جیهاندا، وە خوا خۆی چاك دەزانێت سەرئەنجامی زیناو شەڕواڵ پیسی بەرەو کوێ دەچێت ئێوە نایزانن.

وە هەروەها پێغەمبەری خوایش ﷺ دەفەرموێت: " لاتتبعوا عورات المسلين، فإن من تتبع عوراتهم يتبعِ اللهُ عورتهُ، ومن تتبع اللهُ عورتهُ يفضحهُ في

بيتهِ "[١] وفي لفظٍ آخر: " لا تغتابوا المسلين ولاتتبعـوا عـوراتهم ". واتـه: شـوێن عەیبەی موسڵمانان مەکەون، چونکە ئەوەی شوێن عەیبەیان بکەوێن ئەوا خوا شوێن عەیبەی دەکەویت و ئەوەش خوا شوێن عەیبەی بکەویت ئـەوا ئاشـکرای دەکات لەماڵەکەی خۆیدا.

٦. ئیسلام ڕێگری کردووە لە هەموو ئەو هۆکارو ڕێچکانەی کە سەردەکێشن بۆ زیناو ڕوودانی داوێن پیسی ئاسان دەکەن و تەواوی ئەو دەرگایانەی داخستووە کە دەبنە هۆی وروژاندنی ئارەزووی جنسی بۆ جگە لـە ژن و مێـرد، وەکـو خـۆ ڕووت کردنەوەو سفوری و ڕۆیشتنی ئافرەتان بە لەنجەولارو شێوەی سـەرنجڕاکیش و خۆدەرخستن بۆ پیاوانی بێگانـه، و فـەرمان بـه ژن وپیـاو کـراوە کەچـاویان دابـخەن لەئاستی یەکترو تەماشای یـەکتر نەکـەن، وەکـو دەفـەرموێت: ﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (٣٠) وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾{النور} واتـه: ئـەی پێغەمبـەر بـه پیـاوانی ئیماندار بڵێ: چـاویان بپـارێزن لەسـەرنجدانی ئافرەتـانی نامـەحرەم هـەروەها

---

[١] رواه أبوداود في كتاب الأدب باب الغيبة.

نامووس وعەورەتی خۆیان لەحەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاکتر وپوختترە بۆیان بۆ دڵ ودەروون وڕواڵەت وڕۆح ولاشەیان بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس وکەوت وڕەفتارانەی کە دەیکەن، وە بەئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ: چاویان بپارێزن لەتەماشای نامەحرەم وداوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناهو جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە.

٧. زەرەرو زیانەکانی زینا و داوێن پیسی زۆرن جگە لەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، بۆ نموونە: زینا دەبێتەهۆی دەرکەوتن و بلاوبونەوەی نەخۆشی ترسناك ولەناوبەر، وە سەردەکێشێ بۆ کوشتن وبڕین ودروست بوونی دوژمنایەتی بە هۆی غیرە و پارێزگاری کردن لەشەرەف وناموسەوە، وە سەردەکێشێ بۆ نەمان و لەناوچوونی وەچەو نەوەو کیان وبوونی خێزان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی فەوتان، وە توخم و نەوەکان تێکەڵ بەیەك دەبن، و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوسەری ساختە پەروەردەی نادروستی منداڵی کەسی تر بکات بە نادڵسۆزی، و کەسانێك دەبن بەمیراتگر و بەشەمیراتی وەردەگرن کە شایستە نین و منداڵ و نەوەی ڕاستەقینەی ئەو خانەوادەیە نین، بەوەش ستەمکاری دروست دەبێت، ئەمە جگە لەوەی بووەتە هۆی پەرەسەندنی جۆرە نەخۆشیەکی مەترسیداری بێ چارەسەر دەرئەنجامی کاری بەدڕەوشتی.

٨. ئیسلام بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پێی بوترێت خاوەن مێرد، چەند مەرجێکی داناوە کە دیارو کەمن وەکو: عاقڵ و ژیربێت، بۆیە کەسی شێت وەکو خاوەن مێرد تەماشا ناکرێت، منداڵ، بەڵام منداڵ وەکو ئەدەبدانێك ئەگەر هەستا بەو کارە ئەوا سزایەك دەدرێت کە بگونجێت لەگەڵی، هەروەها دەبێت کەسەکە ئازاد بێت واتە کۆیلە نەبێت، ئیتر نێربێت یان مێ، لەبەر ئەم ئایەتە:
﴿فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ﴾{النساء: ٢٥}
واتە: ئەگەر ئافرەتانی کەنیزەك و کۆیلە شوویان کرد و پاشان خراپەیەکی وەکو زینایان ئەنجام دا ئەوە نیوەی سزای ئافرەتە ئازادەکانیان لەسەرە. بەڵام لەبەر ئەوەی سزایەکی وەکو ڕەجم کردن ناتوانرێت بەش بەش بکرێت ئەوا لەسەر کۆیلە جێ بەجێ ناکرێت لەبەر ئەوەی مامەڵەی خاوەن مێردی لەگەڵ ناکرێت. بۆیە دەبێت ئەو هاوسەرێتیەی کە ژنی پێ دەبێتە خاوەن مێرد و پیاویشی پێ دەبێتە خاوەن ژن ئەوەیە کە گرێبەستێکی تەواوو دروست بێت و بە هاوسەرگیریەکی فاسد و ناڕەوا نابنە ژن وپیاوی یەکتر. وە هەروەها ئەگەریش دوای تەڵاقیش ئەو کارە ڕوویدات ئەوا هەر ڕەجم دەکرێن، چونکە وەکو کوڕو کچی سەڵت سەیریان ناکرێت و پێشتر ئەو کارەیان بینیوە.

٩. وە ئیسلام یان موسڵمان بوون مەرج نیە بۆ جێ بەجێکردنی حەد و سزاکان، بۆ نموونە کەسی زیمی[١] ئەگەر کێشەکەی ڕەوانەی دادگای موسڵمان و قازی کرا و ئەو کەسەشی کە هەڵدەگەڕێتەوە لە ئیسلام، ئەم دوو جۆرە کەسە ئەگەر زینایان لەسەر سەلمێنرا ئەوا حەدی تاوانی زینایان لەسەر جێ بەجێ دەکرێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە سزای ڕەجم کردنی زیناکار لە تەوراتدا هاتووە، وە ئەو حوکمەشی کەلە تەورات و ئینجیلدا نەسخ نەکرابێتەوە ئەوا کاری پێ دەکرێت. وە ڕووداوێکی لەم چەشنە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ ڕووی دا، کاتێك کە ژن و پیاوێکی جولەکە زینایان کرد، جولەکەکان ووتیان: بڕۆن بۆ لای موحەممەد، ئەگەر فەرمانی پێتان کرد بە جەڵد لێدان ئەوا پەسەندی بکەن و ئەگەریش فەتوای ڕەجم کردنی بۆ دان ئەوا وریا و ئاگادار بن، جا کاتێك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێیان کرد: **لە کتێبەکەی خۆتاندا ئەو کارە حوکمی چیە؟** کاتێك ویستیان خۆیان دەرباز بکەن و ئەو حوکمە بشارنەوە و ئاشکاری نەکەن، خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کرد کە پێیان بڵێت: ﴿قُلْ فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ فَاتْلُوهَا إِنْ كُنْتُمْ

---

[١] ئەو بێباوەڕانەن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا دەژین.

صَادِقِينَ (٩٣)﴾{آل عمران} واتە: ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: دەی تەورات بهێنن و بیخوێننەوە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن[٢].

١٠. بۆ جێ بەجێکردنی حەدی زینا چەند مەرجێکی تری هەیە، لەوانە: جگە لە عەقڵ و باڵغ بوون، دەبێت زیناکە بە ویست و ئارەزوو کرابێت و زۆرلێ کردنی تێدا نەبووبێت، بۆیە ئەو سزایە جێ بەجێ ناکرێت بەسەر کەسێکدا کەبە زۆر زینای پێ کرابێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: "رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه "[١] واتە: خوای گەورە قەڵەمی نووسینی تاوانی هەڵگرتووە لەسەر ئوممەتەکەم لە کاتی هەڵەکردن(نەزانین) و بیرچوونەوەو زۆرلێکردندا.

دیسانەوە یەکێکی تر لەو مەرجانە بریتیە لەوەی کەسەکە بزانێت کە زینا حەرامە، بۆیە حەدی بەسەردا جێ بەجێ ناکرێ ئەگەر هاتوو نەیزانی کە

---

[٢] رواه البخاري في كتاب الحدود باب أحكام أهل الذمة و إحصانهم إذا زنوا.... برقم (٦٨٤١) ومسلم في كتاب الحدود باب رجم اليهود أهل الذمة في الزنى برقم (١٦٩٩).

[١] رواه ابن ماجة في كتاب النكاح باب طلاق المكره والناسي برقم (٢٠٧٥) والحاكم ١٩٨/٢ و صححه الألباني في الإرواء برقم (٨٢).

حەرامەو پێی نەگەیشتبوو، وەکو کەسێك کە تازە موسـڵمان بوویێـت یـان لـە وڵاتی ناموسڵماندا گەورەو پەروەردە کرابێت و ئەم حوکمانە نەزانێت[٢].

١١. ئەگەر کەسێك دانی نا بەوەی کە زینای کردووەو دواتر پەشیمان بوویەوە لە دانپێدانانەکەی – کە دەبێت چوار جار بێت ولە چوار کاتی جیـاوازدا بێـت – لەهەرکام لەو چوارجارەدا پەشیمان بوویەوە ئەوا حەدی لەسـەر جـێ بـەجێ ناکرێ[٣]. ئەگەریش دانی نا بە ئەنجامدانی زینادا بەسەر خۆی و هاوەڵەکەیـدا، بەڵام هاوەڵەکەی (ئەو کەسەی زینای لەگەڵ کردووە) ئینکاری کردو دانی پێـدا نەنا، ئەوا حەدەکە تەنها بەسەر ئەوەدا جێ بەجێ دەکرێت کە دانـی پێـدا نـاوە بەسەر خۆیدا، بەبێ هاوەڵەکەی ئەگـەر هـاتوو بەڵگـەی تـەواو لەبەردەسـتدا نەبوو، بەسەریدا ساغ نەبوویەوەو نەسەلـمێنرا.

١٢. شایەتی دان بۆ بابەتی زینا چەندین مەرجی توندی هەیەو کە وەك هیچ شایەتی دانێك نیە لە هیچ باب وبابەتێکی تردا و هاوشێوەی حوکمـەکانی تـر نیە، ئەو مەرجانەش وەك: ئەو شایەتانە دەبێت چوار پیاوی بـاڵغی دادپـەروەری

---

[٢] انظر المغني لإبن قدامة، تحقيق د/ عبدالله التركي وآخر (١٢/٣٢٨).

[٣] ئەوەش بە مەرج و بارودۆخی تاوانەکە دەبێت و درێژەی باسی خۆی هەیـە لای شەرعناسـان و کتێبـە فقهیەکاندا نەك هەر بەو سادەییە، چونکە ئەگەر وابێت ئەوا هیچ حەدێك جێ بەجێ ناکرێ (وەرگێڕ).

موسڵمان بن (شایەتی غەیرە موسڵمان وەرناگیرێت)، بینینی تەواوی کردارەکە بە چاو بەوەی کە شمشێری لە کالاندا دیبێت، شایەتیەکە بە لەفز و قسەی ڕاشکاوو ئاشکاربێت نەوەك بە توانج و ئاماژە و نیشانە بۆ کردن. هەر چوار شایەتەکە لەیەك کۆڕ و مەجلیسدا شایەتی بدەن نەك لە چەندین مەجلیسی جیاوازدا. شایەتیەکە دەبێت ڕاستەوخۆ دوابەدوای تەواوبوونی تاوانەکە بێت، نەك لە دوای تاوانەکە بە کاتێکی زۆر، چونکە گومانی ئەوە دەکرێت لەبەر ڕق و دوژمنایەتی شایەتیەکەی دابێت، مەگەر نەخۆش بێت یان لە سەفەر دابێت و ڕێگاکەی دووربێت.

١٣. حاکم و قازی بۆی نیە بە زانینی خۆی حوکم بکات، بەلاّم دەکرێت لۆمەو سەرزەنشتی بکات بەو زانینەی.

١٤. ئەگەر ڕێگریەك هەبوو لەوەی کە زیناکە ڕووبدات ئەوا تاوانی زیناکردنەکە ناسەلمێنرێت، بۆ نموونە: ئەگەر ئافرەتەکە ئەندامی شەرمی بەسترابێ، یان کچ بێت و پەردەی کچێنی مابێ، یان عەیب و کەموکورتیەك هەبێت لەلاشەیدا کە زینای لەگەڵ نەکرێ، یان پیاوەکە گێلۆکەبێت و پیاوەتی لەدەست دابێت، یان خەسێنرابێت و توانای زینای نەبێت.

١٥. حەدی زینا بەسەر نێربازیشدا جێ بەجێ دەکرێ، چونکە ئەو کارە پێچەوانەی شەرع وسروشتی مرۆڤەکانەو هیچ بەرهەمێکی لێ بەدی نایەت جگە لەنەخۆشی ودارمانی ئاکارو ڕەوشت نەبێت، و تێکچوونی دەروون و نەخۆشکەوتنی هەست و ویژدانی لێ بەرهەم دێت، ئەوەتا خوای گەورە گەلی پێغەمبەر لوتی لەناوبرد چونکە ئەو کارە قیزەونەی ئەنجام دەدا. ئەوانەش ئەمڕۆ ئەو کارە ئەنجام دەدەن و تێیاندا بەربلاوە لە ولاتانی رۆژئاواو شوێنکەوتوەکانیان، چاك دەزانن کە دەستەوسان و بێ دەسەلات ماون بەرانبەر بە ترسناکی ڤایرۆسی نەخۆشی (ئەیدز)[١] و کەمبوونەوەی بەرگری جەستە دژ بە نەخۆشیەکان، و کەسیان لەتوانایاندا نیە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، لەکاتێکدا ئەو جۆرە نەخۆشیە لەرێگەی تێکەڵ بوونی خوێنی تووشبو بەکەسێکی تر دەگوازێتەوە بە ئاسانی، و هەروەها کاری بەدڕەوشتی و نێربازیش. جا ئێوە ئەگەر دەتانەوێ شیفاتان بۆ بێت و رزگارتان بێت لەم نەخۆشیە لەناوبەرە و

---

[١] ژمارەی ئەوانەی کە بە حەدی زینا کوژراون ئەوەندە کەمن کە بەراورد ناکرێت بە ژمارەی ئەوانەی بەهۆی نەخۆشی ئەیدزەوە مردوون سالانە، ئەو ئەیدزەی کە جیهان رێژەی ١،٠٪ ی داهاتی نیشتیمانی بۆ قەلاچۆکردنی تەرخان کردووە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم (یو ئێس وۆڵد ریپۆرت).

ژیانی کۆمەڵایەتیتان باش بێت، ئەوا ئەو حەد و سنوورانە بپارێزن کە ئیسلام داوای جێ بەجێکردنیان دەکات(٢).

١٦. ئەگەر حاکم و کاربەدەست وای بینی کە چەند سزایەك جێ بەجێ بکات وەکو ئەدەبدانێك لەدەرئەنجامی ئەو تاوانانەی کە دووبارە دەبنەوە و بەڵگەی دروست لەبەردەستدا نیە بۆ سەلماندیشی، ئەوا دروستە بەمەبەستی پاراستنی کۆمەڵگە لە هەڵوەشاندنەوەو دارمان، وە پێش ئەوەی دوژمنان دەمدرێژی بکەن و ئیسلام تۆمەتبار بکەن بە توندوتیژ و دڵڕەق و ئەو قسە نابەجێ و خراپانەی کە دەیڵێن، پێویستە ئەو پەندو وانانە فێربن و بیزانن کەلە پشت جێ بەجێ کردنی ئەو حەدانەوەیە و ئەو بەرژەوەندیە گەورانە لەپێش چاویان بێت لەپاراستنی ناموس و ماڵ وگیانی تاك، لەئەنجامی جێ بەجێ کردنی سزاکانەوە، و ئەو ڕێ وشوێنانەش لەبەرچاو بگرن کەبۆ سزایەك دەگیرێتە بەر تا لە تەسکترین حاڵەتدا جێ بەجێ دەکرێت، و لەدوای دڵنیابوونی تەواوەتی لە ڕوودانی تاوانەکەو زانینی زەرەروزیانەکانی بۆ کۆمەڵگە و سوکایەتی کردن بە ئاداب و عورفی گشتی. بۆیە هیچ کەسێکی دادپەروەر نیە

---

(٢) انظر سنن ابن ماجة برقم (٤٠٩١) في كتاب الفتن.

مەگەر شایەتی ڕاست دەدات بەوەی حەق و ڕەوایەتی لەوەدایە کە ئەو حەد وسزایانە جێ بەجێ بکرێن لەکاتی سەلماندنی تاوانەکەدا.

## ٢- حەددی (قـذف)

قەزفی شتێك واتە وەشاندنی ئەو شتە بە هێز وتواناوە، لەناو عەرەبدا بە لێدانی دوژمن بە تیر دەوترێت قەزف و ڕەمی کردن. وە ئەمڕۆ لەبواری سەربازیدا قازیفەش هەر لەو وشەیەوە وەرگیراوە کە ئەو گوللەیە دەوەشێنرێت. جا قسەی ئازاردەر کەبەرانبەری پێ ئەزیەت و ئازار دەدرێت پێی دەوترێت قەزف، ئیتر ئەگەر قسەپێکراوەکە ئامادە بێت یان لەوێ نەبێت. و بەئەندازەی خراپی و ناڕەوایەتی قسەکەش ئەو کەسە خراپ دەبێت و لەنێو کۆمەڵگەدا دەڕوخێت. هەندێك جاریش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی خەڵکی لێی دووربکەونەوەو لەپێش چاویان بکەوێت.

جا بۆیە ئیسلام غەیبەتی حەرام کردووەو بەتاوانێکی نەخوازراو هەژماری کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ (١٢)﴾{الحجرات} واتە: لەپاش ملە باسی یەکتری بەخراپ مەکەن و غەیبەتی یەکتری

مەکەن، ئایا کەستان پێی خۆشە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە، دەی کەواتە لەخوا بترسن و پارێزگاربن، چونکە بەڕاستی خوا گەڕانەوەی خەڵکی وەردەگرێت و میهرەبانە بۆتان.

وە پێغەمبەری خوایش ﷺ ماناو واتای غەیبەتی بۆ ڕووین کردونەتەوە کاتێك پرسیاری لەبارەیەوە لێ کرا، ئەویش فەرمووی: " **باسکردنی براکەت بەوەی پێی ناخۆشە** " وترا ئەی ئەگەر ئەوەی ڕاست بوو دەربارەی؟ ئەویش فەرمووی: " **ئەگەر ئەو سیفەتەی تێدابێت ئەوا غەیبەتت کردووە، خۆ ئەگەر تێیدا نەبێت ئەوا بوهتانت بۆی کردووە**"[١].

جا ئەم پێشەکیە پێویست بوو، بۆ ڕوون کردەوەی ئەوەی کە ئیسلام چەند سوورە لەسەر پاراستنی کەرامەت و کەسایەتی مرۆڤ. گومانیش لەوەدا نیە کە ناموس وشەرەفی موسڵمان بەنرخترین و گرانبەهاترین شتێکە کە سوورە لەسەر پارێزگاری لێ کردنی، و ڕازی نابێت بەوەی کە گومان و قسەو قسەلۆك بە دەوریدا پەیدا بێت و بکەوێتە بەر تانەوتەشەر، چونکە هەردەستدرێژیەك بۆ

---

[١] رواه مسلم في كتاب البر والصلة والأدب باب تحريم الغيبة برقم (٢٥٨٩) والترمذي في كتاب البر والصلة باب ما جاء في الغيبة برقم (١٩٣٤).

سەر شەرەف و ناموس لەڕاستیدا دەستدرێژیە بۆ سەر ناسنامەی کەسەکە، و پیس بوونی مرۆڤبونی، و درز و کەموکورتیەکە لە دین و ڕەوشت و پیاوەتیەکەیدا. کەوابوو سەیر لەوەدا نیە کە ئیسلام سزایەکی داناوە بۆ ئەو کەسەی کە تۆمەت ئاراستەی کەسانی تر دەکات، و شەرەف وناموسی لەکەدار دەکات و حورمەتی دەشکێنێت. ئیسلام ئەم تۆمەتبارکردنەی بە پێشێل کردنی حورمەتی مرۆڤ و دەستدرێژی ڕاستەقینە تەماشا دەکات، هەربۆیە سزایەکی بۆ ئەو کارە داناوە کە بریتیە لە لێدانی هەشتا جەڵدە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (٤) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٥)﴾{النور} واتە: ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك وخاوەن مێرد، پاشان ناتوانن چوارکەسیش بەشایەت بهێنن، ئەوانە هەشتا قامچیان لێ بدەن و هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن، ئەوانە لەڕیزی تاوانبارو لەسنوور دەرچوو وياخيەكاندان، جگە لەوانەی کە تۆبەی ڕاستەقینەیان کردووە دوای تەمێ کردنەکەیان، خۆیشیان چاك کردووە، ئەوە بێگومان خوا ( بەنیسبەت ئەو جۆرە کەسانەوە) لێخۆشبوو میهرەبانە.

ئەمەش دەقێکی ڕاشکاوە لەسەر سزای کەسێك کە تۆمەتی ناپاکی بۆ ئافرەتێکی داوێن پاك یان پیاوێك بکات، بەوەی کە هەشتا جەڵدەی لێ بدرێت، ئەگەر هاتوو بۆ سەلماندنی قسەکەی جگە لە خۆی سێ شاهێدی تری نەهێنا. بەڵام لە ئایەتەکەدا تەنها باسی ئافرەت هاتووە وەکو ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە لەکەدار کردن و تۆمەت دانە پاڵ ئافرەت ئازارو کاریگەری نەرێنی زۆرتر و خراپترە بەبەراورد لەگەڵ پیاو، چونکە ئافرەت دەبێتە بنچینەو پیاویش وەکو لقێك وایە.

بۆیە سزادانی ئەو کەسەی کە تۆمەت بۆ خەڵك دروست دەکات بە جەڵدە لێ دان بەم شێوەیە، پارێزگاری کردن و پاراستنی ناموس و کەرامەتی خەڵکی تێدایە لەوەی پێشێل بکرێت و سوکایەتی پێ بکرێت بەناڕەوا، لە ئەنجامی ڕقێکەوە یاخود تۆڵەی دوژمنایەتی و دڵ ئاوخواردنەوە.

جا ئیسلام سوورە لەسەر پاراستنی کۆمەڵگەی ئیسلامی و هێشتنەوەی ناموسی بە پاکێتی و دەروونی بە خاوێنی و ڕەوشتی بە جوانی، هەربۆیە خوای گەورە هەڕەشەی سەخت لەو کەسانە دەکات کە پێیان خۆشە خراپەو بەدڕەوشتی لەنێو کۆمەڵی موسڵمانان و بڕواداراندا بڵاوبێتەوە بەوەی کە سزایەکی سەخت

و بەئازاریان بۆ هەیە لە دونیا و دوارۆژدا. لە دونیـادا بـە جـێ بـەجێ کردنـی حەدەکان بەسەریدا و لە دوارۆژیشدا بە سزای نەبڕاوەی دۆزەخ.

خوای پەروەرگار دەفەرمویێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّـهُ يَعْلَـمُ وَأَنْـتُمْ لَـا تَعْلَمُـونَ (١٩)﴾{النـور} واتە: بەڕاستی ئەوانەی حەز دەکەن زینا و تاوان و داوێن پیسـی لـەناو کۆمـەڵی بڕواداراندا بڵاوبێتەوەو پەرەبسێنێت، سزای پڕئێش و ئازاریان بۆ هەیە لەم جیهان و لەو جیهاندا، وە خوا خۆی چاك دەزانێت سەرئەنجامی زیناو شەڕواڵ پیسی بەرەو کوێ دەچێت ئێوە نایزانن.

جا ئەوەی مێشك و دەماغی دەخاتە کار بۆ تێگەیشتن لەم پەروەردە خواییـە، ئەوا بێگومان بۆی ساغ دەبێتەوەو بـۆی دەردەکـەوێت کـە تـەواوی مرۆڤایـەتی پێویستە بپارێزرێت بەهۆی ئەو دەستورەی خوا دایناوە، ئەوەش بەم ڕێگایانە:

١ ـ جەڵدە لێدان لە بوهتانکەر: ئەو کەسـەی کـە لەهـەوڵی ئـابڕووبردنی خەڵکیدایە بەبێ بەڵگەو ڕوونکردنەوە، و ناموسـی خـەڵکی لەکـەدار دەکـات بەبێ بنەما، ئەوە خـۆی لەخۆیـدا زمـان بڕینێکـی مەعنەویـە بـۆ خراپـە، و

پارێزگاری کردنە لە زمان درێژی بۆ ناموسی خەڵکی، و لەکەدار کردنی کەسە پاك و بێ تاوانەکان.

٢. ڕەجم کردنی ئەو کەسەی تاوانی زینای بەسەردا ساغ بێتەوەو بسەلمێنرێت، ئەمەش بریتیە لە لەناوبردنی میکرۆبی شەڕو خراپە بۆ ئەوەی تەشەنە نەکات و بڵاونەبێتەوە بە کۆمەڵگادا.

٣. کەسی تۆمەتبار کاتێك کە تاوانەکەی بەسەردا دەسەلمێنرێت، یان خۆی دانی پێدا دەنێت، ئەوە خۆیەتی کە ئابڕوی خۆی بردووەو کاری بەدڕەوشتی ئەنجام داوە بەپێش چاوی خەڵکیەوەو بەئاشکرا وبێ شەرمانە. ئەمە جگە لەو تاوانە، هاندانی خەڵکی تێدایە بۆ ئەو کارەو برەوپێدانێتی و بەسووك سەیرکردنی ناموسی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە ئەوی تێدا دەژی.

٤. زۆرجار شاردنەوەی عەیبەو پەڵەی خەڵکی و ئابڕوونەبردنیان هۆکارێکە بۆ گەڕانەوەو پەشیمان بوونەوەیان، و وازهێنانیان لەو تاوان و سەرپێچیە، ابن عباس ﵄ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " مَنْ سَتَرَ عَوْرَةَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ سَتَرَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَمَنْ كَشَفَ عَوْرَةَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ

كَشَفَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ حَتَّى يَفْضَحَهُ بِهَا فِي بَيْتِهِ"[1] واتە: ئەوەی عەورەت و عەیبەی برایەکی موسڵمانی بشارێتەوەو داپیۆشێت ئەوا خوا عەیبەی دادەپۆشێت لە ڕۆژی دواییدا، وە ئەوەشی عەیبەی برایەکی موسڵمانی ئاشکرا بکات ئەوا خوا عەیبەی ئاشکرا دەکات لەناو ماڵەکەی خۆیدا ئابڕووی دەبات. بەڵام ئەمە ڕێگر نیە لە ئینکاری کردن لە خراپەو تاوان بە دەست و زمان و دڵ، بەو ڕیزبەندیە هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە، ئەوەش بە گوێرەی توانا، بەتایبەت بۆ کەسێك کە چەند جارێك تاوانی لێ بوەشێتەوەو دووبارەی بکاتەوە، و سنورەکان بشکێنێت و تاوانە گەورەکان بە ئاشکرا ئەنجام بدات.

### أ) تۆمەتبار کردنی هاوسەر:

حوکمەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت ئەگەر هاتوو تۆمەتەکە لەلایەن مێردی ژنەکەوە بێت، چونکە – زۆرجار- پیاو بەو تۆمەتبارکردنە مەبەستی ناوزڕاندنی خێزانەکەی نیە و نایەوێ ئابڕووی ببات، لەبەر ئەوەی ئەویش وەکو مێردی ئەو ژنە پشکێکی بەردەکەوێت لەو ناو زڕاندن و ئابڕچوونە.

[1] رواه ابن ماجة برقم (٢٥٩٤) وحسنه الألباني في الصحيحة برقم (٢٣٤١).

تۆمەتبارکردنی ( هیلالی کوڕی ئومەیە ) بۆ خێزانەکەی خۆی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ هۆکار بوو بۆ هاتنە خوارەوەی ئەم چەند ئایەتەی کە دەفەرمویێت: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُمْ شُهَدَاءُ إِلَّا أَنْفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ (٦) وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (٧) وَيَدْرَأُ عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ (٨) وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٩) ﴾{النور} واتە: ئەوانەی کە تۆمەتی زینا دەدەن پاڵ هاوسەرەکانیان و هیچ شایەتیێکیشیان نیە جگە لە خۆیان، شایەتی ئەو جۆرە کەسانە بەوە دەبێت کە چوار جار سوێند بخوات کە بێگومان لە ڕاستگۆیانە (بەچاوی خۆی تاوانەکەی بینیوە)، پێنجەم جاریش بڵێت بەڕاستی نەفرینی خوای لەسەرە ئەگەر (بوختانچی بێت) و لە درۆزنان بێت، (لەلایەکی تریشەوە) سزا لەسەر ژنەکە لا دەبرێت کاتێ کە چوار جار سوێند بخوات کە مێردەکەی درۆ دەکات و (بوختانی بۆ هەڵدەبەستێت)، پێنجەم جار ژنەکە دەڵێت کە خەشم و قینی خوای لەسەرە ئەگەر مێردەکەی ڕاست بکات.

بەو شێوەیە پێغەمبەری خوا فەرمانی کرد بە هیلالی کوڕی ئومەیەو هاوسەرەکەی کە سوێند بخۆن ئەوانیش کارەکەیان بەو جۆرە ئەنجام دا و لەیەکتری جیابوونەوە[١].

جا ئەگەر ئەو تۆمەتەی کە پیاو بۆ ژنەکەی خۆی دەیکات بەوەی کە زینای کردووە سەلمێنراو ڕاست دەرچوو، و دانی پێدا نا، ئەوا دۆسیەکەی بەرزدەکرێتەوە بۆ لای کاربەدەست و ئەویش پێویستە ڕەجمی بەسەردا جێ بەجێ بکات لەبەر ئەوەی خاوەن مێردە. بەڵام خاڵێکی گرنگ لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە کاتێك پیاو ژنەکەی دەبینێت لەسەر ئەوحاڵەتی زیناکردنە لەوکاتەدا ناتوانێت و خۆی پێ ناگیرێت تا بڕوات چوار شایەتی ڕاستگۆ پەیدا بکات و بیانکات بە شاهێد بەسەرکارەکەوەو، لەولاشەوە ئەوان لەسەر ئەو حاڵەتە بەردەوام نابن و چاوەڕێی پیاوەکە بکەن تا شایەتەکان دەهێنێت، بۆیە ئیسلام ڕێگەچارەیەکی تایبەتی بۆ ئەو حاڵەتە داناوە، ئەویش بریتیە لە (الملاعنە) لەحاڵەتێکدا ئەگەر یەکێکیان دانی پێدا نەنێن و بەڕاستی نەخەنەوە، ئەو ملاعەنەیەش بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

---

[١] رواه البخاري في كتاب الطلاق باب يبدأ الرجل بالتلاعن برقم (٥٣٠٧) وأبوداود في كتاب الطلاق باب في اللعان برقم (٢٢٥٤).

١. پیاو چوارجار شایەتی دەدات لەسەر ژنەکەی و هەرچوارجارەکە سوێند دەخوات بەوەی کە ڕاستگۆیەو ڕاست دەکات لەوەی کە ژنەکەی زینای کردووە (بە ڕوونی و ئاشکرایی دەیلێیت) پاشان لە پێنجەم جاردا دەڵێت نەفرەتی خوام لێ بێت ئەگەر درۆ بکەم.

٢. ئەگەر هاتوو ژنەکە ئینکاری کردوو دانی پێدا نەنا بەو تۆمەتەی کە مێردەکەی ئاراستەی کردووە، ئەوا چوارجار شایەتی دەدات و تێیاندا سوێند دەخوات بەوەی کە مێردەکەی درۆ دەکات لەو تۆمەتەی ئاراستەی کردووە، پاشان لەجاری پێنجەمدا دەڵێت: خەشم وتووڕەیی خوام لەسەر بێت ئەگەر مێردەکەم ڕاست بکات.

جا ئەگەر ئەم پرۆسەی ملاعەنەیە بەم شێوەیە کۆتایی پێ هات، ئەوا هیچ ڕێگەیەك نامێنێتەوە بۆ مانەوەی ژن ومێردەکە لەگەڵ یەکتریدا، بەڵکو دەبێت لەیەکتر جیاببنەوە. وە پێغەمبەری خوا ﷺ لەم حاڵەتەدا فەرمانی کردووە بەوەی کە کوڕەکە نابێتە هی پیاوەکە و دەدرێت بە دایکەکەو نابێت کەس تۆمەتی ئەوە بداتە پاڵ منداڵەکەی بەوەی کە کوڕی زینایە، وە ئەگەریش

یەکێك وای وت و ئەو تۆمەتەی ئاراستە کرد، ئەوا دەبێت حەدی لەسەر جێ بەجێ بکرێت[1].

ب) تۆمەتی ناڕاستەوخۆ (ڕاشکاونەبێت):

پلارتێگرتن لە بابەتی تۆمەت کردن بۆ کەسێك بە شێوەی توانج و هێما بۆکردن، لەبری قسە و دان پێدانانی ئاشکراو ڕاشکاو، هەندێك لە زانایان فەتوایان داوە بەوەی کە لە حاڵەتی وەهادا حەدی لەسەر جێ بەجێ ناکرێ، بەڵکو بەشێوەی سەرزەنشت و لۆمەکردن سزا دەدرێت، بەڵام هەندێك لەزانایانی تر ڕایان وایە کە حەدی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت، بەبەڵگەی ئەوەی کە پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب ﵁ حەدی جێ بەجێ کردووە لەحاڵەتی پلارتێگرتندا (التعریض ) واتە لەحاڵەتی وەهادا.

بەڵام پلارتێگرتنی پیاو بۆ ژنەکەی خۆی حوکمی دەگۆڕێت بەبەراورد بەوەی بۆ ژنێکی تری بێگانەی بیکات، بۆیە پلارتێگرتن بۆ ژنی خۆی بە تۆمەت

---

[1] رواه أبوداود في كتاب الطلاق باب في اللعان برقم (٢٢٥٦) **وضعفه الألباني** بهذا اللفظ وقد صح مختصراً بنحوه عند البخاري برقم (٤٧٤٧) وأبوداود برقم (٢٢٥٤) وانظر تعليق الشيخ شعيب على المسند برقم (٢١٣١).

هــەژمارناکرێت، چــونکە مێــرد مەبەســتی کەمکردنــەوەو ســووککردنی گومانەکانێتی لە خێزانەکەی. بەڵام پلارتێگرتن بۆ ژنی تر و بێگانــە ئــەوا بــە تۆمەت دەژمێردرێت و حەدی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت لای ئەو زانایانەی کــە بۆچوونیان وایە، یاخود سەرزەنشت دەکرێت بەلای کۆمەڵێکی ترەوە لە زانایان.

ئیسلام سوورە لەسەر پاراستن و پاکهێشتنەوەی کەرامەت و ناموسی مــرۆڤ، هەر لەبەر ئەوەیە واجبی کردووە لەسەر موسڵمان کە عەوەرت و عەیبــەی بــرا موسڵمانەکەی بپۆشێت، و ئاشکرای نەکات لــەنێو خەڵکیــدا. هــەروەکو چــۆن واجبە لەسەری کە عەورەت و عەیبەی خۆی بشارێتەوەو دەری نەخات و بــەپێش چاوی خەڵکەوە تاوان نەکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إِلَّا الْمُجَاهِرِينَ وَإِنَّ مِنْ الْمُجَاهَرَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلًا ثُمَّ يُصْبِحَ وَقَدْ سَتَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ فَيَقُــولَ يَــا فُلَانُ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّــهِ عَنْهُ"[١] واتە: هەموو ئوممەتم ئومێدی لێ خۆشبوونیان بۆ هەیــە تــەنها ئەوانــە

---

[١] رواه البخاري في كتاب الأدب باب ستر المؤمن على نفسهِ برقم (٦٠٦٩) و مسلم في كتاب الزهد والرقائق باب النهي عن هتك الإنسان ستر نفسه برقم (٢٩٩٠).

نەبێت کە بەئاشکرا تاوان و سەرپێچی دەکەن، وەکو کەسێك کە تاوانێك بەشەو دەکات و رۆژی لێ دەبێتەوە خوا بۆی ستر کردووەو شاردویەتیەوە، کەچی خۆی ئاشکرا دەکات و دەڵێت: ئەی فلانەکەس ئەمشەو ئەوەو ئەوەم کرد، بەو شێوەیە خوا بۆی دەپۆشێت بەڵام ئەو پەردەیەی خوا لەسەر خۆی لادەبات و خۆی ئاشکرا دەکات.

ئا بەو شێوەیە دەبینین کە ئیسلام تاکەکانی دەپارێزێت لەوەی ئابڕویان بچێت و ناموسیان لەکەی تێ بکەوێت، بە ئەندازەی ئەوەی کە لەهەوڵی پاراستنی کەرامەت وسامانی خۆیدایە، دەی ئایا دەشێت دوای هەموو ئەمانەش هەر ئیسلام تۆمەتبار بکرێت بەوەی کە دژ بەمرۆڤایەتیە و نامرۆڤانەیە؟

## ٣- حەددی دزی کردن

جێگەی داخە کەسانێك سەیری دەست بڕینی دز دەکەن وەکو ئەوەی دیاردەیەکی نامرۆڤانەیە، و دەست بڕین مامەڵە کردنە لەگەڵ مرۆڤدا بەشێوازی ئاژەڵانە. ئەوانە بیریان چوویەوە کە ئەوەی شایستەی ئەم سزایەیە، کەسێکە کە تاوانبارە بە دەستدرێژی کردنە سەر ماڵ وسامانی خەڵکانی تر، و

ئاسایش وسەلامەتیانی خستۆتە مەترسیەوەو مافیان زەوت دەکات و ژیانیان لیَ تالّ دەکات. وە ئەوانەی ئیسلام بەم هەلّوێستە تۆمەتبار دەکەن، ئەگەر ژیریان بخەنەکارو سەیرێکی حالّی خۆیان بکەن لەنێو مالّی خۆیشیاندا، ئیتر لەکۆمەلّگە رۆژئاواییەکاندا بن وەکو ئەوروپا و ئەمریکا یاخود لە رۆژهەلاّت بن وەکو ڕوسیا و ولاّتە شیوعیەکان، ئەوا بەباشی ئەو ترس و بیم و نائارامیە هەست پیَ دەکەن کە تێیدا دەژین، بەهۆی ئەو دزی و تالاّنی و ڕێگرانەی کە بوونیان هەیە، و دەستدرێژی دەکەنە سەر مالاّن و دوکان و بازاڕ و شوێنە بازرگانیەکان وبانکەکان، بەشەو و بەرۆژ، بۆ ئەوەی هەرچیەك دەستیان بکەوێت ببەن و هیچ شتێکیش نیە لەو کارە بیانگەڕێنێتەوە، و لەمپەرو ترسێك نیە وایان لیَ بکات ئەو تاوانە ئەنجام نەدەن. بەلاّی هەندێك لەو دزانەشەوە سزای بەندکردن و خستنە بەندیخانە ئەو شوێنە گونجاوەیە کە ئەوان تێیدا پشوو دەدەن و ئەو جێگایەیە کە خواردن و خواردنەوەیان دەست دەکەوێت بە ئاسانی، و لە ژێر چاودێری باشدان.

بە دلّنیاییەوە ولاّتە پێشکەوتووەکان لە ڕووی مادیەوە و پێشنەکەوتووەکانیش، ئەگەر بهاتایەو شەریعەتی ئیسلامیان پەیڕەو بکردایە سەبارەت بە دزی، ئەوا ئاشتی و سەلامەتی و دلّنیایی سەقامگیر دەبوو. چونکە

چەند کەسێك دەبوون کە دەستیان دەبڕێتەوە کەبە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، وپاشان ئەم هەواڵە ترسناکە دەگاتە دڵ و ناخی دزەکانی تر و وایان لێ دەکات بڕیاری وازهێنان لە دزی بدەن، و بەتەواوەتی دەستبەرداری ببن. پاشان ئەگەر بەراوردێك بکرێت لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە شەریعەتی ئیسلامی پەیڕەو دەکەن لەم بارەیەوەو ئەو وڵاتانەش کە یاسای تر جێ بەجێ دەکەن سەبارەت بەدزی، ئەوا بەڕوونی جیاوازیەکەت بۆ دەردەکەویت لەبارەی ڕێژەی دزی و تاڵانی و ڕێگر.

ئەوەیشی دەیەوێت با سەیرێکی مێژووی موسڵمانان بکات و بزانێت جێ بەجێ کردنی ئەم سزایە چۆن کۆمەڵگەی ئیسلامی و مرۆیی پاراستووە لە دزی و بنەبڕی کردووە، زیاد لەوەش خودی دزەکانیشی وا لێ کردووە کە وازبهێنن و ئەو کەڵکەڵە خراپەی کە لەناخیاندایە بۆ دزی و دەستدرێژی نەمێنێت و ڕیشەکێش بکرێت.

ئەوەی دەیەوێ با سەیرێکی وڵاتی سعودیە بکات، ئەو وڵاتەی کە شەریعەتی تێدا پەیڕەو دەکرێ و دەستی دز دەبڕرێت، بزانێت ئایا کەسێك لەو وڵاتە هەیە دڵنیا نەبێت لە خۆی و ماڵ وسامانی؟

کەسێك هەیە هەست بە ترس و تۆقین بکات لەوەی یەکێك پەلاماری بدات و دزی لێ بکات؟

لەڕاستیدا ماڵ وسامانی خەڵکی پارێزراون و دڵیان بێباکە، و جاری وا هەیە دوکاندارێك دوکانەکەی بە کراوەیی بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات بۆ نوێژکردن لە مزگەوت، پاشان دەگەڕێتەوە نابینێت دەستێکی بۆ درێژکرابێت بەخراپە، مەگەر بەدەگمەن نەبێت، ئەو حاڵەتانەش حەدیان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت.

یاخود جاری وا هەیە کەسێك شتێکی بەنرخیش دەدۆزێتەوە کەلەسەر ڕێگاکە کەوتووە، دەیەوێت پاش ئەوەی کە ئەگەر هەڵی گرتەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی و ئەگەریش نەیدۆزیەوە لای خۆی پارێزگاری لێ بکات و بۆی هەڵبگرێت. یان بەشەو ڕێکردن بەسەر جادەو شەقامەکاندا بە ئەوپەڕی سەلامەتی و بێباکیەوە، با جارێکی تر وڵاتی سعودیە بەراورد بکەین بەو وڵاتانەی تر کە شەریعەتی تێدا پیادەناکرێت، ئەوجا بە ڕوونی جیاوازیەکەت بۆ دەردەکەوێت. وا دەبینی خەڵکی بۆ نوێژی عیشا و بەیانی دەڕۆن بە دڵخۆشی و بێ ترس (بە ژن و پیاوەوە).

جا نمونەکان زۆرن و سەرنجڕاکێشن، ئەوەی دەیەوێت بە سەلامەتی و بێ ترس بژیت با چاویان لێ بکات و ئەو شەریعەتە جێ بەجێ بکات.

با بگەڕێینەوە بۆ حەد و سزای دزی و گوێ لەو ئایەتەی خوا ڕادێرین کە دەفەرموێت: ﴿وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٣٨) فَمَنْ تَابَ مِنْ بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٣٩)﴾{المائدة} واتە: دەستی پیاوی دزو ئافرەتی دز ببڕن لەپاداشتی کاری ناڕەوایاندا ئەمەش تۆڵەیەکە لەلایەن خواوە، خواش باڵادەست و دانایە، جا ئەوەی دوای ستەم و تاوانەکەی تەوبە بکات و چاکسازی لە خۆیدا بکات، ئەوە بێگومان خوا تەوبەکەی لێ وەردەگرێت، چونکە بەڕاستی خوای گەورە لێخۆشبوو میهرەبانە.

لەم ئایەتەدا خوای کاربەجێ بە ڕوونی و ڕاشکاوی فەرمان دەکات بە بڕینی دەستی پیاو و ژنی دز، واتە ئەو کەسەی کە دەستی ستەم درێژ دەکات بۆ ماڵ وسامانی خەڵکی. چونکە سەروەت و سامانی خەڵکی مافی پاراستنی هەیە و دەبێت پارێزراو بێت، جا ئەو کەسەی پێشوەخت بزانێت دەستی دەبڕێتەوە، و ئەم دەست بڕینەش حاڵی ئاشکرا دەبێت و ئابڕووی دەچێت و پەڵەیەکە بەنێو

چـاوانیەوە و عەیبەیەکـە لەســەر شـانی بەدرێـژایی ژیـانی، لـەناخی خۆیـدا بەراوردێك دەکات لەنێوان ئەم دەرئەنجامانەو دەستکەوتنی برێك پـارەی دزراوی حەرام یان ماڵ و کەلوپەلێك کە هی خۆت نەبێـت، و بەدڵنیاییەوە بڕیار دەدات واز بهێنێت و پەشیمان دەبێتەوە لەو کارە، لەکاتێکیشدا چاك بزانێت ئەم سزایە جدیەو بێگومـان جێ بەجێ دەکرێت و هیچ پێچ و پەنایەکی تێدا نیە و گاڵتـەو گەپ نیە.

## ڕێــکارەکانی جێ بەجێ کردنی سزای دزی کردن:

لەکاتێکدا ئیسلام سوورە لەسەر پاراستنی سەلامەتی و ئاشتەوایی خەڵکی، و بەرگری دەکات لە ماڵ وسەروەت و سامانی خەڵکی و دەستی دەستدرێژکاران دەبڕێتەوە لەو پێناوەدا، لەهەمان کاتدا دەبینین زۆر سووریشە لەسەر پاراستنی سـەلامەتی تـاك، و دوور خســتنەوەیانە لــەوەی بکەونــە بارودۆخێکــەوە کـە کەرامەتیان بشکێت و تووشی ڕیسوایی وخەجاڵەتی و شەرمەزاری بن. هەربۆیە دەستی دز نابڕێتەوە لەبەر ئـارەزوو و خۆشــی و لــەزەت لــێ وەرگــرتن، بــەڵکو چەندین ڕێکارو ڕێوشوێنی لەو پێناوەدا داناوە بۆ ئـەوەی ســزاکە لــە شــوێن و کاتی گونجاوی خۆیدا بەجێ بگەیەنرێت، و ستەم لەکەس نـەکرێت، و تۆمـەتی ناڕەوا نەدرێتە پاڵ کەس، ئەو ڕێکارو مـەرجانەش وەکو:

- دەستی دز نابڕێتەوە مەگەر بۆ شتێکی دزراو نەبێت کە نرخ و بەهایەکی ئابووری هەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: "تُقْطَعُ الْيَدُ فِي رُبُعِ دِينَارٍ فَصَاعِدًا"(١) واتە: دەستی دز لە روبعە دینارێك بەرەو سەرەوە دەبڕدرێت. وە ڕوبعە دینارێکی ئاڵتون دەکاتە سێ درهەمی زیو. ئەوەش ئەندازەکەیەتی، کە دەکرێت لە هەموو سەردەمێکدا پێوانەکەی بزانرێت.

- دەستی دز نابڕێتەوە ئەگەر هاتوو، شتە دزراوەکە لە شوێنێکی قایم و توندوتۆڵدا نەپارێزرابوو، بەشێوەیەك کە بینین و دەست پێگەیشتنی ئاسان نەبێت، بەڵام سەرزەنشت دەکرێت و جۆرە سزایەکی بۆ دادەنرێت، بۆ کەسێك کە شتێکی لەو شێوەیە بدزێت، یان شتێك لەسەر رێگە هەڵبگرێت، یان میوەی دارو بەروبومێك بکاتەوە بەدارەوە کە دیوارو شورای بۆ نەکرابێت و پارێزراو نەبێت، یان ئەوەی مەرێك ببات لە ڕانێك کە شوانی نەبێت و لەژێرچاودێریدا نەبێت.

(١) رواه البخاري في كتاب الحدود باب قول الله تعالى (( والسارق والسارقة فاقطعوا أيديهما)) وفي كم يقطع .... برقم ٦٧٨٩ و مسلم في كتاب الحدود باب حد السرقة ونصابها برقم ١٦٨٤.

ئەو سزایەش کاربەدەست و حاکمی شوێنەکە بۆ دادەنێت بەگوێرەی بارودۆخ و چۆنێتی تاوانەکە.

- دەستی کەسێك نابڕێتەوە ئەگەر هاتوو لەبەر برسێتی چەند میوەیەك یان خورمایەکی خوارد لە باخێك یان دارێکی بەردار، بەمەرجێك هیچ لەگەڵ خۆی نەبات و لێی نەکاتەوە کاتێك کە دەڕوات، ئەگەر بەو شێوەیە بوو ئەوا هیچی لەسەر نیەو سەرزەنشتیش ناکرێت، بەڵام ئەگەر پڕ بە کەلوپەلەکەی یان هەر شتێکی تری برد لەگەڵ خۆی ئەوا دوو ئەوەندەی نرخەکەی دەبێ بېژێرێ و چەند جەڵدێکیشی لێ دەدرێت وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك لێی و چاوترساندنێکیش بۆ کەسانی تر. وەکو لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " من أصاب بفيه من ذي حاجة غير متخذ خبنة فلا شيء عليه"[1] واتە: ئەوەی لەبەر پێویستی و برسێتی لە بەروبومێکی بخوات، بەبێ ئەوەی تورەکەی لێ پڕبکات ئەوا هیچی لەسەر نیە.

---

[1] رواه أبوداود في كتاب اللقطة باب التعريف باللقطة برقم (١٧١٠) والترمذي في كتاب البيوع باب ما جاء في الرخصة في أكل الثمرة للمار بها برقم (١٢٨٩) و حسنه الألباني في الإرواء برقم (٢٤١٣).

- لەکات و بارودۆخی برسێتی و قات وقڕیدا دەستی دز نابڕێتەوە ئەگەر دزیەکەی لەبەر برسێتی کردبێت، بەڵکو بە جۆرە سزایەك سەرزەنشت دەکرێت.

- دەستی دز نابڕێتەوە ئەگەر خۆیشی دانی پێدا بنێت، و کەس شایەتی بۆ نەدات لەسەر دزیەکەی، مەگەر زۆر نکوڵی لێ بکات و بیسەلمێنێت کە دزیەکەی کردووەو کەسیش ناچاری نەکردبێت.

- دەستی کۆیلە نابڕێتەوە ئەگەر هاتوو شتێکی لە (بیت المال) دزی، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی ئەو کۆیلەیەی نەبڕیەوە کە شتێکی لە ماڵی موسڵمانان دزی، و فەرمووی: " مالِ الله عزوجل یسرق بعضه بعضا "[٢].

- دروستە خاوەن ماڵە دزراوەکە خۆش بێت لە دزەکە و چاوپۆشی لێ بکات بەو مەرجەی کێشەکەیان نەبردبێتە لای دادوەر، بەڵام ئەگەر کێشەکەیان بردە لای دادوەر و قازی و بەڵگەی هەبوو لەگەڵ ماڵە دزراوەکەدا، ئەوا لەو کاتەدا چاوپۆشی ناکرێت و دەبێت حەدەکە جێ بەجێ بکرێت، ئەگەریش خاوەن ماڵ بیبەخشێت و لێی خۆش بێت، چونکە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ صەفوانی

---

[٢] رواه ابن ماجة في كتاب الحدود باب العبد يسرق برقم (٢٦٣٩) و **ضعفه الألباني** في الإرواء برقم (٢٤٣٤).

کوڕی ئومەیە هاتــە لای پێغەمبــەر و وتــی مــن لــەو کەســە خۆشــبووم کــە کەلوپەلەکەی منی دزیبوو، ئەوەبوو پێغەمبەری خوایش فەرمووی: " **نـەدەبوو پێشتــر بهاتبای**"[1] واتە پێش ئــەوەی دزەکــە یــان قوماشــەکەم بــۆلا بهێـنن بهاتبایەی، چونکە لێخۆشبوون لەم کاتەدا ناکرێت.

- سزای دەست بڕین جێ بەجێ دەکرێت بەسەر دزێکدا کــە تــاوانی دزیەکــە بەسەریدا ساغ بێتەوەو بسەلمێنرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ناوبانگی لــەنێو خەڵکیــدا، دایکــە عائیشــە ڕەزای خــوای گــەورەی لــێ بێـت دەگێڕێتەوە کە قورەیش خەفەتبار بوون سەبارەت بەو ئافرەتە مەخزومیــەی کــە دزی کردبوو، بۆیە وتیان: کێ دەتوانێ قسە لەگەڵ پێغەمبەری خــوادا بکـات ﷺ بۆ ئەوەی تکای بۆ بکەین بەڵکو دەستی نەبڕێتەوە؟ جا وتیــان کــەس بــۆ ئــەو کــارە ناوێرێــت جگــە لــە ئوســامەی کــوڕی زەیــد نــەبێت رضي الله عنه چــونکە خۆشەویستی پێغەمبەرە، جا ئوسامەش سەبارەت بەبابەتەکە قســەی لەگەڵــدا کرد، و پێغەمبەریش فەرمووی: " أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ ثُمَّ قَامَ فَاخْتَطَبَ ثُمَّ قَالَ إِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ قَبْلَكُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ فِيهِمْ الشَّرِيفُ

---

[1] رواه أبوداود في كتاب الحدود باب من سرق من حرز برقم (٤٣٩٤) وابن ماجة في كتاب الحدود باب من سرق من حرز برقم (٢٦٤٤) و صححه الألباني في الإرواء برقم (٢٣١٧).

تَرَكُوهُ وَإِذَا سَرَقَ فِيهِمْ الضَّعِيفُ أَقَامُوا عَلَيْهِ الْحَدَّ وَايْمُ اللَّهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا"[٢] .

واتە: ئایا تکا دەکەی بۆ ئەوەی حەدێك لە حەدەکانی خوا جێ بەجێ نەکرێت؟ پاشان پێغەمبەری خوا هەستاو ووتارێکی دا و تێیدا فەرمووی: لەڕاستیدا ئوممەتانی پێش ئێوە بە هۆی ئەوەوە لەناوچوون کاتێك کە کەسێکی ڕێزدارو ناودار لەناویاندا دزی بکردایە ئەوا وازیان لێ دەهێناو لێی خۆش دەبوون، و ئەگەریش کەسێکی لاواز و بێ دەسەڵات دزی بکردایە ئەوا حەدیان لەسەری جێ بەجێ دەکرد، سوێند بە خوا ئەگەر فاتیمەی کچی محمد دزی بکات دەستی دەبڕمەوە.

- قورئانی پیرۆز پایەی ماڵ و سامانی بە گران بەها سەیرکردووەو، بە ڕزق و نیعمەتی خوا هەژماری کردووە، و لەهەمان کاتیشدا وریای موسڵمانان دەکاتەوەو لە فیتنەی ماڵ و زۆر شوێن کەوتنی بەشێوەیەك قیامەت لە بیربباتەوە. کە (٧٦) جار لە قورئاندا هاتووە. جا ئیسلام نرخ و بەهای ماڵ و سامان دەزانێت و دەستدرێژی کردنیش بۆی بە ستەمکردن دایناوە بۆ سەر گیان

[٢] رواه البخاري في كتاب الحدود باب كراهية الشفاعة في الحد إذا رفع إلى السلطان برقم (٦٧٨٨) ومسلم في كتاب الحدود باب قطع السارق الشريف وغيره ... برقم (١٦٨٨).

ولەش. پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " مَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ"[١] واتە: ئەوەی لەسەر ماڵەکەی بکوژرێت ئەوە شەهیدە. جا بۆیە سەیر نیە کە سزای دزی کردن بریتیە لە دەست بڕین بۆ ئەوەی چیتر کەس دزی نەکات.

- دەست بڕین لە دزی کردنێکدا دەبێت بۆماڵ و سامانێك کە بەنهێنی و پەنهانی ئەنجام بدرێت و لەشوێنێکی پارێزراویشدا بێت، بەڵام بردنی بەئاشکرا، ئەوە پێی دەوترێت ڕفاندن یان زەوتکردن یان تالآنی و فەرهوود[٢] ، لەم حاڵەتانەدا دەست نابڕێتەوە بەڵام بەجۆرە سزایەکی سوکتر سەرزەنشت و لۆمە دەکرێت کە کاربەدەست وحاکم بۆی دیاری دەکات.

---

[١] رواه البخاري في كتاب المظالم باب من قاتل دون ماله برقم (٢٤٨٠) ومسلم في كتاب الإيمان باب الدليل على أن من قصد أخذ مال غيرِهِ بغير حق كان العاص مهدر الدم برقم (١٤١).

[٢] الإختلاس و الغصب والنهب.

جابر رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " لیس على خائن ولا منتهب ولا مختلس قطع "[1] واتە: دەست بڕین نیە بۆ ناپاك و تالأنچی و ئەو کەسەی بە ئاشکرا شتێك دەڕفێنێت.

- دەستی دز نابڕێتەوە هەتا ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت: ئازاد بێت یان کۆیلە، نێربێت یان مێ، یان زمی ( ئەو جولەکەو گاورانەی کەلە ژێر دەسەلاتی ئیسلامیدا دەژین)، ژیربێت، باڵغ بووبێت، ئیسلامی پێ گەیشتبێت، بەشێوەیەك کە حوکمی دزی کردن بزانێت لەشەرعدا.

[1] رواه أبوداود في كتاب الحدود باب القطع في الخلسة والخيانة برقم (٤٣٩١-٤٣٩٢) والترمذي في كتاب الحدود باب ما جاء في الخائن والمختلس والمنتهب برقم (١٤٤٨) وقال الترمذي : (هذا حديث حسن صحيح والعمل على هذا عند أهل العلم). وصححه الألباني في صحيح الترمذي برقم (١٤٤٨).

## ٤- حەددی ڕێ گرتن

ئیسلام دەرچوون لە سیستەم و ڕێگەو بەرنامەی خوا ڕەتدەکاتەوە لە گەردووندا، بەهەرشێوەو هەرناوێکەوە بێت، بۆیە هیچ کەسێکی دەرچووی لە فەرمانی خوا بەبێ سزا وازلێ نەهێناوە، و سوورە لەسەر پاراستنی سەلامەتی و سەقامگیری کۆمەڵگە، و بارودۆخ و ژینگەیەکی وەها دەهێنێتە کایەوە کە هەموو تاکێك بەئارامی و ئەوپەڕی ئاسوودەییەوە بژیت و گوزەران بکات، و دڵئارام بێت لەوەی کە کەس دەستدرێژی ناکاتە سەری و بەمەبەستی خراپەوە تەماشای ناکەن چ لە شوێن و جێگای خۆیدا بێت یاخود لە گەشت و سەفەردا، چونکە باوەڕبوون بە خوا لەهەموو ئارەزووەکانی ژیانی دونیا بەهێزتر و کاریگەرترە، هەربۆیە خاوەن دڵە نەخۆشەکان، ئەوانەی کە سنووری خوا دەبەزێنن، دەبێت بگەن بە سزای گونجاو و شایستەی خۆیان.

گەشتیار (مسافر) پێویستی بە سەلامەتی و پارێزراوی هەیە لە گەشتەکەیدا، و ئومێدەوارە مرۆڤە گورگ ئاساکان پەلاماری نەدەن و ماڵ و سەروەتەکەی لە دزین وتالآنی و فەرهوودی پارێزراو بێت، و گیانی لە مردن بەدووربێت و ناموسی لە ئەتك کردن پارێزراوبێت، یان زەوی و کێڵگەکەی ترسی داگیرکردن و دەستبەسەراگرتنی نەبێت. هەربۆیە پێداگری ئیسلام لە

سووربونی بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانە بـۆ هـەموو تـاکێکی گەشـتیار ئاشکرایە و ڕەچاوی کردووە، بەشێوەیەك کە وابڕیاری داوە هەرکەسێك هەستا بە ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانانە، ئەوە بەتەنها دژایەتی گەشتیارو خانەوادەکـەی ناکـات بـەڵکو ئـەوە لەڕاسـتیدا دژایـەتی و بەربـەرەکانێ لەگـەڵ خـواو پێغەمبەرەکەیدا دەکات، ئەوەتا خوای پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٣٣) إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٣٤)﴾{المائدة} واتە: بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە دەجەنگێن و دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن وبەگـەرمی هـەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی فەساد وبەدڕەوشتی و خراپە لە زەویدا هەر ئەوەیە: (ئەوانەیان کە خەڵکیان کوشتووە) دەبێت بکوژرێن، (ئەوانـەش کـە خـەڵکیان کوشـتوەو جەردەییشیان کردووە) دەبێت لە خـاچ بـدرێن، (ئەوانـەیان تـەنها جـەردەییان کردووە) دەست و قاچێکیان بە پێچەوانەوە ببڕدرێت، (ئەوانـەیان کەمەترسـیان لێدەکرێت) ئەوە دووردەخرێنەوە لە وڵات، ئەو سـزایە خەجاڵـەتی وسەرشـۆڕیە بۆیان لە دونیادا، لەقیامەتیشدا سزای سـەخت و گـەورەیان بـۆ هەیـە، جگـە

لەوانەیان کە تۆبەیان کردووە، پێش ئەوەی دەستی ئێوەیان بگاتێ، ئـەوە بـزانن کە بەڕاستی خوا لێخۆشبوو میهرەبانە.

ئەوەش واتای ئەوەیە کە ئەو دەستدرێژیکار و ستەمکارانە شـەڕیان لـە دژی خوای گەورە ڕاگەیاندووە، بۆیە ئەو سزایەی کە دەبێت تووشیان بێت دەبێت توند و سەخت بێت، نەك هەر ئەوەش بەڵکو ئەو سزا سەرشۆڕکەرەی کە چـاوەڕوانیان دەکات لە دوارۆژدا سەختتر و ناڕەحەتترە. جا ئەگەر هاتوو لەخۆیانەوە پەشـیمان بوونەوەو وازیان لەو کارانە هێناو گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە و دەسـتبەرداری ئەو شەڕە بوون لەگەڵ خوادا، ئەوا خوای میهرەبان خاوەن لێخۆشبوون و بەزەییە.

ئەو تۆڵەو سزایەی کە تووشی جەردەو ڕێگر دەبێت، جیاوازی نیە لـە نێـوان موسڵمان و غەیرە موسڵماندا، یان تاك بێت یاخود کۆمەڵـە کەسـێك، بـەڵکو هەموو ئەو کۆمەڵ و دەسـتەو تاقمانـە دەگرێتـەوە کـە پێچـەوانەی بەرنامـەو شەرعی خوا دەجوڵێنەوە کە بۆ دروستکراوەکانی داناوە، یان دژی ئەو عورف و ئادابانە دەجوڵێنەوە کە کۆمەڵگە بۆ ژیـانی خـۆی دانـاون لـە ژێـر سـێبەی شەرعی خوادا.

جا ئەوانەی کە ئەگەری ئەوەیان هەیە تووشی ڕووبەڕونەوە بـبن لەگـەڵ ئـەو جەردەو ڕێگرانەدا، ئەوا ئیسلام ڕێگەی پێداون کە چەك لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و ترساندنی ئەو ڕێگرانە، بۆ ئەوەی پێیان نـەوێرن، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ فَلَيْسَ مِنَّا"[١] واتە: ئەوەی چەك لە دژمان هەڵبگرێت ئەوا لە ئێمە نیە.

## جۆری ئەو سزایانەی کە بەسەر شەڕکەرو جەردەو ڕێگردا جێ بەجێ دەکرێ

وەکو لە ئایەتەکەی پێشووەوە دەرکەوت، حوکمی ئەو کەسانەی کـە دژایـەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن و لەهەوڵی بڵاوکردنەوەی خراپەو فەسادین لەسـەر زەویدا، ئەوەیە کە حاکم و کاربەدەسـت سـەیری حـاڵ و بارودۆخیـان بکـات، و گونجاوترین و شایستەترین سزا هەڵبژێرێت بۆیان لەنێو ئەو سزایانەی کە دیاری کراون و بـریتین لـە: **کوشـتن و لـەخاچ دان و بڕینـی دەسـت وقاچـێکی (بـە پێچەوانەوە) لەگەڵ دوورخستنەوەی لەو شوێنە.**

---

[١] رواه البخاري في كتاب الفتن باب قول النبي ﷺ من حمل علينا السلاح فليس منا برقم (٧٠٧٠) و مسلم في كتاب الإيمان باب قول النبي ﷺ : من حمل علينا السلاح فليس منا. برقم: (٩٨).

زۆرێك له زانایان لەسەر ئەوەن كه ئەو سزایانه بـەم شـێوازانه دەبێـت جـێ بەجێ بكرێن: ئەگەر هاتوو ڕێگرەكه تـەنها هەسـتا بـه كـاری كوشـتن، ئـەوا دەكوژرێت، ئەگەر كوشتی و ماڵەكەشی برد ئـەوا سـزا دەدرێـت بـه كوشـتن و پاشان له خاچ دان، ئەگەر تـەنها ماڵەكـەی دزی و نەیكوشـت ئـەوا دەسـت و قاچێكی دەبڕرێتەوە، و ئەگەریش گومان لەسەری هەبوو، وە ترسی ئـەوەی لـێ دەكرا كه هەستێت بەو كارانە، ئەوا دوور دەخرێتەوە.

دیسانەوە ئەوەی له ئایەتەكەوە دەردەكەوێت، مەرجی جێ بەجێ كردنی هـەر سزایەك لەو سزایانه ئەوەیـه كـه تاوانبارەكـه تۆبـەی نـەكردبێت و پەشـیمان نەبووبێتەوە لەلایەن خۆیەوەو نەگەڕابێتەوە بۆ ئامێزی موسڵمانان، پێش ئـەوەی دەست بەسەر بكرێت، بەڵام ئەگەر خۆی پەشیمان بوویـەوەو گەڕایـەوە بـۆ نێـو كۆمەڵگـەی موسـڵمانان و وازی هێنـا لـەو كـارە خراپانـەی، ئـەوا سـیفەتی تاوانباری لێ نانرێت و سزا نادرێت، بەڵام ئەوەی بردوویەتی لێی دەسـەنرێتەوەو دەدرێت بەخاوەنەكەی.

## جەردەو ڕێـــگر کێ یە؟

ئەوەی ڕێگەی خەڵکی بگرێت و ترس لە ڕێگەو هاتوچـۆدا دروسـت بکـات، ئەوا بەشەڕکەر دادەنرێت، و ئەو سزایەی کە بۆی گونجاوە بەسەریدا جـێ بـەجێ دەکرێـت، ئەگـەر هـاتوو کـاری کوشـتنی ئـەنجام دا، یـان ناموسـی خـەڵکی دەشکاند، یان کێڵگەو کشتوکاڵی تێك دەدا و وێرانـی دەکـرد، یـان پشـێوی و ئاژاوەی دەنایەوە.

**جا بۆ ئەوەی سیفەتی جەردەو ڕێگری بەسەردا ساغ بێتەوە، چەند مەرجێکی هەیە:**

١- دەبێـت شێت و منداڵ نەبێت.

٢- چـەکی هـەڵگرتبێت، هـەر جـۆرە چـەکێك بێـت (بـا گۆچـانێك یـان بەردێکیش بێت).

٣- دوور بێت لە ئاوەدانیەوە ( ژن بێت یان پیاو وەکو یەك وایە).

٤- موسڵمان بێت یان زمی.

لەم سەردەمەی خۆشماندا چەند دیاردەیەك دەركەوتوون كە دەتوانرێت بخرێتە ژێر ئەم ناونیشانەوەو وەكو جەردەو ڕێگر مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت و هەمان سزای بەسەردا جێ بەجێ بكرێت، وەكو:

١- ڕێگرەكان، ئەوانەی لە بۆسەدان بۆ هاولاتیان لە وێستگە و شەمەندەفەرو ئۆتۆمبیل و فڕۆكەكاندا، یان تەنانەت لە كوچەو كۆلانە تەنگ و تەسكەكاندا، و دەبنە هۆكاری ترس وتۆقاندن بۆ هاولاتیان و بەچەك و چەقۆ هەڕەشە لەخەڵكی دەكەن و دەیانكوژن و پارەكانیان دەبەن.

٢- ئەوانەی چەك هەڵدەگرن بەڕووی پیاوانی ئاسایشدا، و هێرش دەكەنە سەر هەركەسێك ڕووبەڕویان بێتەوە، لەكاتێكدا ئەوان مادەی بێهۆشكەر دەڕفێنن و دەیشارنەوەو دواتر بەكاری دەهێنن یان دەیفرۆشن، و هەركەسێكیش لەو پێناوەدا دەستیان بۆ ببات ئەوا دەیكوژن ئیتر سەربازی ولات بێت یان هاولاتی مەدەنی.

٣- ئەوانەی بازرگانی دەكەن بە مادده بێهۆشكەرەكان و هاوشێوەكانیەوە كە هەڕەشەیە بۆسەر ئومەت لەڕووی تەندروستیەوەو لەڕووی ئاكارو

ڕەوشتیشەوە. ئەو ئایەتەی کە پێشتر باس کرا، زانایان دەڵێن[1] هۆکاری هاتنە خوارەوەکەی ئەوەبوو کە کۆمەڵێك عەرەبی دەشتەکی هاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ڕایان گەیاند کە موسڵمان بوونە، بەڵام ژینگەو بارودۆخی مەدینە بۆیان نەگونجا و نەخۆش کەوتن، پێغەمبەری خوایش بەزەیی پێیاندا هاتەوەو هەندێك لە ووشتری صەدەقەی پێ دان و فەرمانی پێیان کرد کە بچنە دەرەوەی شارو لەلادێ ماوەیەك بمێننەوەو شیری ووشترەکان بەکار بهێنن و لەبەرهەم و گۆشتەکەیشی بخۆن هەتا چاك دەبنەوە، ئەوانیش ئەو کارانەیان ئەنجام داو ئەوەبوو چاك بوونەوەو نەخۆشیان نەما، بەڵام بوونە جەردە و ڕێگریان کرد لە کرێکارەکانی سەر کۆکردنەوەی صەدەقە وووشترەکانیان لێ بردن و کوشتنیشیان، و بەمردوویی جەستەیانیشیان شێواند!! هەرکە هەواڵەکە گەیشتە پێغەمبەری خوا ﷺ کەسانێکی نارد بە شوێنیاندا تا بیانهێنن. دوای ئەوەی کە کەوتنە دەست موسڵمانەکان ئەو ئایەتانە دابەزی، بۆ ئەوەی پێغەمبەر حوکمەکان لەسەریان جێ بەجێ بکات، ئەویش فەرمانی کرد و دەست و قاچیان بە پێچەوانەوە بڕایەوە.

[1] رواه البخاري في كتاب الحدود باب كتاب المحاربين من أهل الكفر والردة برقم (٦٨٠٢) و مسلم في كتاب القسامة والمحاربين باب حكم المحاربين والمرتدين برقم (١٦٧١).

ئابەو شێوەیە دەبێت پارێزگاری لە کۆمەڵگە بکرێت، و بەو شـێوەیە دەبێـت مامەڵە لەگەڵ کەسانی لادەردا بکرێت، ئەوانەی کە دڵ و ناخیان پڕپڕە لە ڕق و کینـەو دوژمنایـەتی بەرانبـەر بـە مرۆڤایـەتی، ئـەوە پاداشـتی جـەرگبڕی خراپەکارانە لە دونیادا بۆ کوژاندنەوەی ئاگری خراپەکاری و ڕیشەکێش کردنـی ڕەگی ستەمکاری، و ئەوەش بیری لێ دەکاتەوەو پێی هەڵدەسێت. جا بۆیـە هـەر کەمتەرخەمیەك بەرانبەر بە جێبەجێ نەکردنی حوکمێکی خوای گەورە سەر بۆ ئەوە دەکێشێت کە ناتەواوی لە هاوسەنگی ژیانی کۆمەڵایەتی دروسـت بێـت و چاوەڕوانی ڕووداوی نەخوازراو بکرێت، و پێشبینی ئەوە بکرێت کـە زاڵ بـوون و دەسەڵات لاواز بێت بەرانبەر ئەوانەی کە لەخوا ناترسن و خـەڵکی دەتـۆقێنن و لەبۆسەدان بـۆ کوشـتنی هاوڵاتیـان و شـکاندنی ناموسـیان و بردنـی مـاڵ و سامانیان. جا ئەوەی دژایەتی و بەربەرەکانی خواو پێغەمبەر بکـات ئـەوا خـوا سزاو تۆڵەی زۆر سەخت و بەئازارە.

## ٥- حــەددی هەڵگەڕانەوە لە دیــن

هەڵگەڕانەوە لەدین بەدی نایەت هەتا لەئیسلام پاشگەز نەبێتــەوە، چــونکە ئیسلام دوایین دین و پەیامی خواییە بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. بۆیە هەڵگەڕانــەوە پەیوەندیەکی بتەوی لەگەڵ بابەتی ڕێگریدا هەیە کە پێشتر باســی لێــوە کــرا، لەبــەر ئــەوەی کەســی هەڵگــەڕاوە لــەدین لەڕاســتیدا شــەڕی دژ بــە ئیســلام ڕاگەیاندووە، پاش ئەوەی کە خوا هیدایەتی دابوو، هاتە ناو ئیسلامەوەو لەگەڵ موسڵماناندا ژیا. بۆیە پاشگەزبوونەوەی لــە ئیســلام بــە ئاشــکرایی، بــەفێل و تەڵەکە هەژمار دەکرێت لەدینی خوادا، و بەسەرچاوەی نانەوەی فیتنەو ئاشووب سەیردەکرێ لەنێوان موسڵماناندا. هەڵگەڕانەوە واتە ڕاگەیاندنی شەڕ بەرانبــەر ئیسلام و بەرزکردنەوەی ئاڵای گومڕایی و هاندانی کەسانی تر بــۆ چــاولێکەری ودەرچــوون لــەدین، لەبــەر ئەمەیــە کــە کەســی هەڵگــەڕاوە لــەڕیزی ئەوانــە دەژمێردرێن کە شەڕیان هەڵگیرساندووە لەدژی خواو پێغەمبەرەکەی.

ئیسلام شوێنەکەی بریتیە لە دڵ، وتەو کردەوەش بــوونی یــان نــەبوونی ئــەو ڕاستیە دەسەلمێنن لە مرۆڤدا، و هیچ کەسێکیش دەسەڵاتی نابێت بەســەر دڵ و ناخدا جگە لە خوای پەروەرگار نەبێت. هەربۆیە لــەدەقی ئایەتــدا هــاتووە کــە دەفەرمویت: ﴿لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾{البقرة: ٢٥٦} واتە: بــەهیچ جۆرێــك زۆرکــردن

نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا، دینداری بە زۆر نابێت بکرێت ودین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا، جا ئەگەر یەکێك دەرچوونی لە ئیسلام بەئاشکرا ڕاگەیاند و دەیشیزانی کە ئەوەی شاردوویەتیەوە لەناخیدا کەس نایزانێت و دەسەڵاتی بەسەردا نیە، ئەوا بێگومان ئەوەی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو پەسەندکردووە کە شەڕ ڕابگەیەنێت لەدژی ئیسلام و شەپێوری جەنگی لێ داوە بەرانبەری، و بەناڕاستەوخۆ بانگەوازی ئەوانەش دەکات کە هاوبیر وهاوشێوەی ئەون بۆ ئەوەی بەیەك ئاراستەدا بڕۆن لە دوژمنایەتی کردنی خواو پێغەمبەردا، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ڕەوا نیە کە واز لەو جۆرە کەسانە بهێنرێت بەبێ ئەوەی سزای شایستەی خۆیان وەرنەگرن و بەرانبەر ئەو دوژمنکاریەیان هەڵوێست وەرنەگیرێت، و بەتوندی وەڵام نەدرێنەوە، جا ئەو سزایەش چی بێت کە شایەنی ئەو جۆرە کەسانە بێت جگە لە کوشتن نەبێت؟ لە کتێبی (الموطأ) دا هاتووە لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " مَنْ غَيَّرَ دِينَهُ فَاضْرِبُوا عُنُقَهُ "[1] واتە: ئەوەی دینەکەی گۆڕی ئەوا بدەن لە ملی. مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کە واز لە دینی ئیسلام بهێنێت بۆ دینێکی تر،

---

[1] رواه مالك في الموطأ في كتاب الأقضية باب القضاء فيمن ارتد عن الإسلام برقم (١٥٤٢). وصححه الألباني بلفظ : " **مَن بدَّلَ دينَهُ فاقتُلوهُ** " في صحيح الجامع برقم ٦١٢٥.

چونکە موسڵمانان کاریان بەسەر کەسێکەوە نیە کە دینێکی تری هەیە و دەیگۆڕێت بۆ دینێکی تری جگە لە ئیسلام، بۆ نموونە: جولەکەیە و دەبێت بە گاور.

ئمامی مالك لە کتێبی (الـموطأ ) دەڵێت: " وَلَمْ يَعْنِ بِذَلِكَ فِيمَا نُرَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ مَنْ خَرَجَ مِنْ الْيَهُودِيَّةِ إِلَى النَّصْرَانِيَّةِ وَلَا مِنْ النَّصْرَانِيَّةِ إِلَى الْيَهُودِيَّةِ وَلَا مَنْ يُغَيِّرُ دِينَهُ مِنْ أَهْلِ الْأَدْيَانِ كُلِّهَا إِلَّا الْإِسْلَامَ ". واتە: ئـەوەی دەیبیـنین – خـواش زاناترە- مەبەست لێی ئەوە نیە کەسێك لە ئاینی جولەکە دەربچێت بۆ ئـاینی نەصرانی و بەپێچەوانەوە یان هەر دینێك لە دینەکانی تر جگە لە دینی ئیسلام نەبێت[٢] .

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (٢١٧)﴾{البقرة} واتە: هەرکەس لە ئێوە پاشگەز بێتەوە لە ئاینەکەی وبەکافریش بمرێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە کارەکانیان پووچەڵ دەبێت لەدونیاو

---

[٢] الموطأ برقم (١٥٤٢).

قیامەتدا و ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن وژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنە سەر.

بۆ ئەوەی خاوەن دڵە نەخۆشەکان دڵنیابنەوەو دڵئارام بن، ئەوانەی کە ئیسلام تۆمەتبار دەکەن بە هەمەجیەت و دواکەوتویی، پێیان دەڵێین حوکمی کەسی هەڵگەڕاوە لەدین بە کوشتن پاداشتی ئەوەیە کەبە ئاشکرا هەڵگەڕانەوەی ڕاگەیاندووە لەدین. بەڵام لەپێشدا ڕێ وشوێنێکی تریش دەگیرێتە بەر، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیسلام هەلی تەواوەتی دەدات بۆ بەخۆداچوونەوەو بیرکردنەوەی تەواو، بەئومێدی ئەوەی بەڵکو تاوانبار پەشیمان بێتەوەو لە تاوانەکەی پاشگەز بێتەوەو بگەڕێتەوە ئامێزی ئیسلام، پێش ئەوەی سزاکەی بەسەردا جێ بەجێ بکرێت، ئەو ڕێ وشوێنەش بریتیە لەوەی کە داوای پەشیمان بوونەوەو تۆبەکردنی لێ دەکرێت و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مۆڵەتی دەدرێت و چاوەڕوان دەکرێت. بەڵێ هەلێکی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەڵگەڕانەوەکەی پەشیمان بێتەوە، جا ئەگەر لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا یان لە کۆتاییدا پەشیمان بوویەوە ئەوا سزای بەسەردا جێ بەجێ ناکرێ، ئەگەر نا حەدەکەی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت، و دەکوژرێت، لەبەر ئەوەی بە شەڕکەر دادەنرێت دژی خواو پێغەمبەرەکەی، و سووریشە لەسەر ئەو دژایەتی کردنەی،

بۆیە پاداشتەکەی دیاری کراوە، وەکو دەفەرمویێت: ﴿إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (٣٣)﴾ واتە: بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە دەجەنگێن و دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن وبەگەرمی هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی فەساد وبەدڕەوشتی و خراپە لە زەویدا هەر ئەوەیە: (ئەوانەیان کە خەڵکیان کوشتووە) دەبێت بکوژرێن، (ئەوانەش کە خەڵکیان کوشتوەو جەردەییشیان کردووە) دەبێت لە خاچ بدرێن، (ئەوانەیان تەنها جەردەییان کردووە) دەست و قاچێکیان بە پێچەوانەوە ببڕدرێت، (ئەوانەیان کەمەترسیان لێدەکرێت) ئەوە دووردەخرێنەوە لە وڵات، ئەو سزایە خەجاڵەتی وسەرشۆڕیە بۆیان لە دونیادا، لەقیامەتیشدا سزای سەخت و گەورەیان بۆ هەیە.

ئەمە لەکاتێکدا خوای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی کە خەڵکی بانگ بکات بۆ ئیسلام بە حیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری جوان و شێوازی گفتوگۆ، و ئیسلام زۆریش لە بێباوەڕان ناکات کەبێنە ناو دینەوە بە قەناعەت وتێگەیشتنی خۆیان نەبێت، و کە هاتنە نێو ئیسلامیشەوە ئەوا ئازادی هەڵبژاردنیان نامێنێت لە نێوان ئاینەکاندا، چونکە ئیسلام دوا پەیام و ئاینی

خواییە بۆ مرۆڤایەتی. ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: " مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ "[١] واتە: ئەوەی دینەکەی گۆڕی ئەوا بیکوژن.

جا ئایا چ شەڕ و خراپەیەك هەیە لەسەر زەویدا لەوە گەورەتر بێت کە هێرش بکرێتە سەر دینی خواو دەرگای فیتنە و ئاشوب بکرێتەوە لە دینی خوادا؟

هەروەکو چۆن بە ووتنی ووشەی کوفر بە ئاشکرایی وڕاشکاوی باوەڕەوە و سووربون لەسەری بە هەڵگەڕانەوەو پاشگەزبوونەوە لە دین هەژماردەکرێت، بەهەمان شێوەش چەند کردارێك هەن دیسان واتای کافربوون دەگەیەنن و بێباوەڕی لێ چاوەڕوان دەکرێت، وەکو نکۆڵی کردن لە فەریزەکانی ئیسلام هەمووی یان یەك دانەی، یان ڕەخنەلێگرتنی و باوەڕنەبوون پێی، هەروەها بەئەنجام دانی چەند کارێك کە تەنها بێباوەڕ و هاوبەش پەیداکەران لێیان دەوەشێتەوە، وەکو سوکایەتی کردن بە قورئان یان پێغەمبەر و سنووربەزاندنی شەرعی بە ئەنقەست و گاڵتەپێکردنی و بەسووك سەیرکردنی.

---

[١] رواه البخاري في كتاب استتابة المرتدين باب حكم المرتد والمرتدة واستتابتهم برقم (٦٩٢٢) و أبوداود في كتاب الحدود باب الحكم فيمن ارتد برقم (٤٣٥١).

هەروەها ئەوەی لە دیندا زیادەڕەوی بکات و هێرش بکاتە سەر دادپەروەریتی ئیسلام و چەك هەڵبگرێت بۆ مەبەستی توندوتیژی نواندن بەرانبەر بەو کاربەدەستەی کە ئیسلام پەیڕەو دەکات و بەرنامەیەکی ئیسلامخوازی جێ بەجێ دەکات، ئەوا دیسان بە تاوانبار و لەسنوور دەرچوو دەژمێردرێت.

وە پیاو و ئافرەت یەکسانن و وەکو یەك وەهان سەبارەت بە جێ بەجێ کردنی حەد و سزا بەسەریاندا، هەرچەندە هەندێك لەزانایان پێیان وایە کە ئافرەتی هەڵگەڕاوە ناکوژرێت، بەبەڵگەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لە کوشتنی ئافرەت لە شەڕەکاندا، بەڵام ڕێگری پێغەمبەر لە واقعدا کورت دەکرێتەوەو تایبەت دەکرێت بە حاڵەتی شەڕو جەنگەوە، و پەیوەندی نیە بەبابەتی هەڵگەڕانەوەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی ئافرەت ڕەچاو دەکرێ پێش ئەوەی سزای بەسەردا جێ بەجێ بکرێت، ئەگەر هاتوو دووگیان بوو یان شیردەر بوو، ئەوا سزای کوشتنی بەسەردا جێ بەجێ ناکرێت لەو کاتەدا، بۆ ئەوەی ئەو سزایە سەرنەکێشێت بۆ کوشتنی کەسێکی بێ تاوان، کەلەسکیدایە یان شیری پێ دەدات، ئەگەر هاتوو کەس نەبوو شیری پێ بدات، ئا لەم حاڵەتەدا چاوەڕێ

دەکرێ هەتا ماوەی دووگیانیەکەی تەواو دەبێت و لەشیردەبڕێتەوە، یان کەسێك هەبێت کە شیری پێ بدات.

حیکمەتی ئیسلام ڕوون و ئاشکرایە لەوەی کە کەسی هەڵگەڕاوە بە پاشگەزبوونەوەی لە ئیسلام شەڕی دژی ئیسلام ڕاگەیاندووە، و خراپەکاری لەسەر زەویدا دەنێتەوە، و ڕێنموونی خوایی ڕەد دەکاتەوە پاش ئەوەی کە خوا هیدایەتی دابوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا حاڵ و بارودۆخی ڕەچاو دەکرێت بۆ ئەوەی بچووکترین گومان نەمێنێت لەسەر بێباوەڕبوونی، ئەوەتا سێ ڕۆژ چاوەڕوانی لێ دەکرێت و ئەگەر ئافرەت بوو سزاکە دوادەخرێت ئەگەر دووگیان بوو وەکو ڕێزێك بۆ ئەو منداڵە بێ تاوانە، یاخود ئەگەر شیردەر بوو، هەتا مافی منداڵەکە نەفەوتێت.

ئای ئیسلام چەند بەرز و کاردروستە، و پرەنسیپەکانی چەند جوان و مەزنن، جا ئایا دوژمنان و دڵپڕلەقینەکان بەئاگا دێنەوەو ئەوە دەزانن؟.

### ٦- حەددی دەستدرێژی کردن (شەڕو ئاژاوەنانەوە لەنێوان موسڵماناندا)

سەلامەتی و سەقامگیری کۆمەڵگەی ئیسلامی و موسڵمانان پارێزراوە، و پێویستە ئەوە ڕەچاو بکرێت هەرچەندە نیشتیمان و وڵاتیان جیاواز و دوور بێت لەیەکتر. موسڵمان برای موسڵمانە، و وێنەی ئەندامێکە لە جەستەی، و جیاوازی لەوەدا نیە ئەگەر خەڵکی شارەکەی بێت یاخود خەڵکی شوێنێکی دوورە دەست و وڵاتێکی تریش بێت، چونکە برایەتی لە ئیسلامدا سنوور و چوارچێوەی نیە. وە موسڵمانان سەبارەت بە سەلامەتی یەکتری بەرپرسن بەرانبەر بەیەکتری، بۆیە دروست نیە کۆمەڵێکیان دەربچێت بۆ کوشتنی کۆمەڵێکی تریان. ئەگەریش هاتوو ئەوە ڕوویدا، ئەوا ئەرکی هەموو وڵاتە ئیسلامیەکانی ترە کە هەوڵی ڕێکخستنی نێوان ئەو دوو گرووپە بدەن کەبەرانبەر بەیەکتر شەڕو کوشتار دەکەن و نێوەندگیری بکەن. جا ئەگەر لایەکیان هەرسوور بوو لەسەر ستەم و دەستدرێژی کردنە ناڕەواکەی، و ملکەچ نەدەبوو بۆ ڕاوبۆچوونی تێکڕای موسڵمانانی تر، ئەوا فەرمانی خوای گەورە ڕوون و ڕاشکاوە بۆ موسڵمانان کە بجەنگن دژ بەو گرووپە لادەرەو بەرەنگاری بوەستنەوە، هەتا دەگەڕێتەوە ژێر فەرمانی خوا، و واز لەستەم دەهێنێت، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ

إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِنْ فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٩)﴾{الحجرات} واته: ئەگەر دوو دەستە یان دوو تاقم لە موسڵمانان بوو بەشەڕیان، ئەوە دەسبەجێ هەوڵ بدەن ڕێکیان بخەن وئاشتیان بکەنەوە، خۆ ئەگەر لایەکیان هەر دەستدرێژی دەکردە سەر لایەکەی تر، ئەوا ئێوە بەگژ ئەوەیاندا بچن کەستەم و دەستدرێژی دەکات، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا، جا ئەگەر لایەنە سەرکەشەکە بۆ فەرمانی خوا سەری دانەواند، ئەوا ئێوە ناوبژیوانیێکی دادگەرانە لەنێوانیاندا بکەن و دادپەروەری ئەنجام بدەن، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە دادپەروەری ئەنجام دەدەن.

وەکو جێ بەجێ کردنێك بۆ فەرمان وبڕیاری خوا، شەڕ بەرانبەر بە گروپە ستەمکارەکە دەکرێت تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا، و دوای ئەوەش کە گەڕایەوە صوڵح لەنێوانیاندا دەکرێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، کە لایەنگیری تێدا نەبێت بۆ لایەکیان دژ بەو لاکەی تر، وە ئیسلام هەمیشە و لەهەموو کات و بارودۆخێکدا ڕەچاوی دادپەروەری دەکات و دژ بە گروپ و لایەك پشتگیری لایەکی تر ناکات، لەبەر هەر هۆیەك بێت. بنچینەی دەوڵەتی ئیسلامی ئەوەیە کە یەکڕیز و یەکپارچەیە، و دروست بوونی کێشەو گرفتیش

شتێکی مەحاڵ نیەو هەر ڕوودەدات، بەڵام ئەوە بەدەست درێژی نارەواو دەرچوون لە ئیسلام دانانرێت.

ئەوەی کە بەدەست درێژی نارەوا دادەنرێت دەرچوونە دژ بە کاربەدەستانی موسڵمانان، ئەو کاربەدەستەی کە هەموو خەڵکی ڕازین لێی و پەسەندیان کردووە، یاخود ڕێگری کردن لە جێ بەجێکردنی مافی خواو مافی خەڵکی بەسەریانەوە، وەکو زەکات و خەراج بۆ (بیت المال)، جا ئەوەی خەراج و پشکی خۆی دەرنەکات بۆ بیت المال ئەوە بە دەرچوو هەژمار دەکرێت.

دیسانەوە ئەوەی کە دەستدرێژی دادەنرێت ئەوەیە کە کەسانێك لە رۆڵەی ئەو خاك و نیشتمانە هەوڵی ئەوە بدەن کە بارودۆخی سەقامگیری وڵاتی ئیسلامی تێك بدەن و لەهەوڵی نانەوەی پشێوی و ئاژاوەدا بن، ئەوا ئەو جۆرە کەسانە دەبێت شەڕیان لەگەڵدا بکرێت هەتا واز لەو کارەیان دەهێنن و دەگەڕێنەوە ژێر فەرمانی خوا.

هەروەها زیادەڕەوی کردن لە دیندا، کەسەربکێشێت بۆ دژایەتی موسڵمانانی ڕاستڕەوو شەرعڕەو، ئەوا دەبێت بەرەنگاریان بوەستینەوە.

ئا لێرەوە بە دوژمنان و ناحەزانی ئیسلام دەڵێین: ئایا لە هەموو دونیادا وڵاتێکی ئیسلامی یان نائیسلامی بوونی هەیە کە ڕازی بێت بەوەی رۆڵەکانی خۆی دژی بوەستنەوەو لەفەرمانی دەربچن؟ ئەی ئایا بۆچی ئێمەی موسڵمان لۆمەو سەرزەنشت دەکرێین کاتێك پارێزگاری لە کیان و بوونی خۆمان بکەین؟ هەر کۆمەڵگایەك پارێزگاری لە کیانی خۆی نەکات و یەکڕیزی وپەکپارچەیی خۆی نەپارێزێت و مافی کاربەدەستانی خۆی نەدات، ئەوا کۆمەڵگایەکی ڕووخاوەو خۆی بڕیاری دارمانی خۆی داوە و دەبێت هەڵبوەشێتەوە. وە ئیسلام سوورە لەسەر پەیوەست کردن و گرێدانی کۆمەڵگە پێکەوە، و توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی لەگەڵ یەکتردا، بەشێوەیەکی هەمیشەیی ناچاری، هەموویانی پێکەوە کردووە بە دڵێك لە سنگی کەسێکدا، جا هەرچەند وڵاتیان لەیەکتر دووربێت و نیشتیمانیان جیاوازبێت.

ئەوان بەبێ پەیماننامەو گرێبەستێکی نووسراویش، لەناخەوە بەڵێنیان بەیەکتر داوە کە براو دۆستی یەکتربن، و لەکاتی تەنگانەو ناخۆشیدا پشتیوان و یارمەتیدەری بێت و لەکاتی پێویستیشدا بەهانایەوە بچێت و فریای بکەوێت. جابۆیە موسڵمانان بانگخوازی شەڕ و خراپە و پەرتەوازەیی نین، هەربۆیە لەکاتی ناکۆکی و دووبەرەکیدا سەرەتا هەوڵی ئاشتەوایی و ڕێککەوتن دەدەن،

ئەگەر نەهاتە ژێربارو لووت بەرز بوو، و ملکەچ نـەبوو بـۆ حـوکمی ئیسـلام، پاداشتەکەی ئەوەیە هەموو موسڵمانان بەرەنگاری ببنەوە، هەتا دەگەڕێتەوە ژێر فەرمانی خوا، ئەگەریش گەڕایەوە بۆ حوکم و بڕیاری خوا ئەوا پەیماننامەیـەکی دادپەروەرانە لەنێوانیاندا مۆردەکرێت و پشـتگیری لایـەکیان ناکرێـت دژ بـەو لایەکەی تر. ئا بەو شێوەیە دەبێت دادگەری و نێوەندگیری ئیسلام، و بەو شێوەیە هەموو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لە ئارامی و سەلامەتیدا دەژیـن و بـارودۆخی کۆمەڵ سەقامگیر دەبێت، و شەڕ و کوشتار بنەبڕ دەکرێت و بوونی نابێت.

## ٧- حەددی مـەی خـــۆر

مەی کاریگەری لەسەر خاوەنەکەی دەبێـت بـە ئەنـدازەی ئـەو ڕێژەیـەی کـە دەیخواتەوە. هەروەکو چۆن کاریگەری لەسەری دەبێت بەپێی ڕاهـاتن و خووپێـوە گرتنی کەسەکە. هەرچۆنێك بێت ڕێژەیەکی کەمیش لـە مـەی هـەر سروشـتی مرۆڤ دەگۆڕێت، و هەستی شەرم کردنی تێدا ناهێڵێت، پاشان ئەو کاریگەریەی پلەبە پلە زیاد دەکات هەتا دەگاتە ئەوا ڕادەیـەی کـە هەسـت بـەو ڕێگـری و بەربەستانە ناکات کە خودی خۆی پێش مەست بوونی بـۆ خـۆی دانـابوو، یـان کۆمەڵگە یان دین بۆی دانابوو، کە سەردەکێشێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەگەلێك کەلە کاتی هۆشداری و بەئاگاییدا جورئەتی نەبوو توخنی ئەو کارانە بکەوێت. چەندین خەڵك هەن کە مەی خواردنەوە دەیانکـات بـە ئامێرێـك وەکـو ئـاژەڵ هەڵسوکەوت بکەن و ڕەفتاری نامرۆڤانەیان لێ بوەشێتەوە، جاری وا هەیە عەقڵ و ژیری کەسەکە بەتەواوەتی لەدەست دەدات، و هاوسەنگی و توانای خۆڕاگرتنی نامێنێت، و هۆش و ئاگای لەخۆی نیـە، بۆیـە چـەند ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتی ناشایستە هەن کە چاوەڕوان دەکرێت لەو کەسە بوەشێتەوە لەبەر ئـەو حاڵەتـە نائاساییەی کە تێیدایەتی.

ئەوەش لەبەر ئەوەی ئیسلام ڕێزی مرۆڤ دەگرێت بەگوێرەی پێویست، و پلەوپایەی بەرزی مرۆڤ بەبڵندی دەهێڵێتەوە، بەو ئاستەی کە خوا پێی بەخشیوە، و بەڕێزەوە سەیری دەکات چونکە خوی ڕێزلێگیراوە، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا (٧٠)﴾{الإسراء} واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لەنەوەی ئادەم گرتووە و بەسەر ووشکانی و دەریادا هەڵمان گرتوون و لەڕزق و ڕۆزی پوخت وچاکی جۆراوجۆر بەهرەوەرمان کردوون، بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لەهەموو ڕوویەکەوە تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن).

ئا لەبەر ئەمەیە کە ئیسلام بڕیاری سزادانی داوە بەسەر کەسێکدا کە خوی سووک و ڕیسوا دەکات و خۆی دادەبەزێنێت بۆ ئاستێکی زۆر نزم لەو ئاست و پایە بڵندیەی کە خوا پێی بەخشیوە، بەشێوەیەك کە شایستەی سزایەکی وەکو جەڵدە لێدان بێتەوە، بۆ ئەوەی تام و چێژی سەرشۆڕی و ئەو خۆسووك کردنەوەی هەست پێ بکات، و چاك بزانێت و بۆی دەربکەوێت کە شکاندنی کەرامەت و ڕێز و شکۆی مرۆڤ چەندە ئازاربەخش و نەگونجاوە، و چیتر نەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارە خراپ و ناپەسەندە.

ئیتر ئایا ئەوانەی هێرش دەکەنە سەر ئیسلام، ئەوە چی یە کە ئازاریان دەدات و پێی قەڵسن؟

ئایا پێیان ناخۆشە کە ئیسلام ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگرێت؟

ئایا ئەوە ئازاریان دەدات کە بە کەسێك سووك سەیری خۆی بکات و خۆی سەرشۆڕ بکات، و مەست بێت و خەڵکی پێی پێ بکەنن و بیکەن بەجێگەی گاڵتەجاری، بووترێت: بگەڕێوە بۆ عەقڵ و ژیری خۆت، بیری ئەو نیعمەتەی خوا بکەرەوە کە پێتی بەخشیوە، و پارێزگاری بکە لەو ڕێز و شکۆ بەرزەی کە خوا بۆتی داناوە، چونکە ئەگەر ئەو کارە نەکەیت، ئەوا سزایەکت دەدەین، خودی ئەو سزایەیە کە خەڵکی پێتی دەکەن لەکاتی مەست وسەرخۆشیەکەتدا، کە ئەگەر بهاتبایەو بەئاگا بوویتایە ئەوجا دەتزانی ئەو تەماشا کردنەو پێکەنینەی خەڵکی بۆت چەند ئازار بەخش و ڕیسواکەرە. ئا لەو کاتەدا بۆت دەردەکەوێت کە ئەوەی ڕێگریت لێ دەکات لە مەی خواردنەوە، ئەوە ڕاست و دروستە و پێکاویەتی، ئەوەیە کە شیاوە لەگەڵ مرۆڤبووننتدا، و گونجاوە بۆ موسڵمانێتیت، جا ئەی سەرسەختەکان هەرگیز مەڵێن سزای مەی خۆر سەخت و نارەحەتە و بێ بەزەییە، چونکە پاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکەیە، و سزایش بە ئەندازەی تاوانەکەیە.

هەموو ئاینە ئاسمانیەکان لە پێش ئیسلامدا مەی خواردنەوەیان حەرام کردووە، بەهۆی زۆری خراپەو زیانەکانیەوە، تەنها لە ئیسلامدا حوکمی حەرامبوونی نەدراوە، بەڵکو لە ڕۆژەوەی مرۆڤ مەی خواردەوە. لە ئیسلامدا مەی خواردنەوە بە دایکی تاوان و شتەپیسەکان ناوزەد کراوە، مەی خۆر مەست و سەرخۆش دەبێت، و ئەگەریش سەرخۆش بێت ئەوا دەسبەرداری زۆرێك لە سیفاتەکانی پیاوەتی دەبێت، و ئەو بەربەستانە دەشکێنێت کە لەنێوان خۆی و گوناه و سەرپێچیەکاندا هەبوو، بەو هۆیەوە کردەوەگەلێکی نەشیاوی لێ دەوەشێتەوە کە پێچەوانەی کەرامەتیەتی و لە ڕێز و پلەوپایەی دادەبەزێنێت، وەکو پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالب ﵁ دەربارەی مەی خۆر دەڵێت: " إذا سكر هذي، وإذا هذي افترى"[1] واتە: مەی خۆر ئەگەر سەرخۆش بێت وڕێنە دەکات، ئەگەریش وڕێنە بکات درۆ دەکات. بەو هۆیەوە بوهتان بۆ خەڵکی دەکات، بەڵکو ئێمە ئەوەشی بۆ زیاد دەکەین کە ئەگەر سەرخۆش بێت دەستدرێژی دەکاتە سەر کەرامەتی خۆی و خەڵکی تریش.

---

[1] رواه مالك في الموطأ كتاب الأشربة باب الحد في الخمر برقم (١٦٧٧) وهو موقوف **ضعيف** قال الحافظ ابن الحجر في التلخيص الحبير (٤/٧٥): وهو منقطع لأن ثوراً لم يلحق عمر بلا خلاف.

ئەوانـەی کـە سـەرقاڵی لێکۆڵینـەوەن سـەبارەت بـە شـوێنەواری خـراپ و کاریگەریەکانی مەی خواردنەوە لەسەر بەکارهێنەرانی، حیکمەتی ئیسـلامیان بەچاکی بۆ دەردەکەوێت کە بۆچی حەرامی کردووە، و دەگەن بەو ڕاسـتیەی کـە مەی چەندین شوێنەواری نەرێنی و خراپی هەیە لەڕووی تەندروستی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەوە:

لە ڕووی تەندروسـتیەوە خواردنـەوەی مـەی کاریگەریـەکی خـراپ دروسـت دەکات لەسەر جگەر و دەمار و سوڕی خوێن.

لە ڕووی ئەخلاقیەوە مەی خۆر سەنگینی و پاکێتی و شـەرەف و کەرامـەتی لەدەست دەدات ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت.

لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە مەی خۆر سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کـۆنترۆڵی خـۆی پێ نەکرێت و سەرپێچی یاسا و داب و نەریتە جوان وشەرعیەکان بکـات، کـە دەبێتە هۆی ڕوودانی چەندین کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و پچڕانی پەیوەنـدی، و هەندێك جاریش سەری لە کوشتنی کەسی بێ تاوان و پاکەوە دەردەچێت.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە بریتیە لە ڕووداوەکانی هاتووچۆ کە زۆرترین ڕێژەی لەو کەسانە ڕوودەدەن کە سەرخۆشن و ئاگایان لە خۆیان نیە ئەگەر بەراورد بکرێت بە خەڵکانی تر.

لە ڕووی ئابووریشەوە، مەی خواردنەوە ماڵ وێرانی لە دواوەیە، ئەگەر هاتوو مەی خۆر دەوڵەمەند بوو، ئەوەی سەرفی دەکات بۆ کڕینی مەی و جۆرەکانی ئەوا بە فیڕۆ دەچێت، و نەخۆشی بۆ خۆی دەکڕێت و دەردو پەتا بەدەستی خۆی بۆ خۆی پەیدا دەکات، کە دیسانەوە دەبێت پارە وسامانێکی زۆریش دابین بکرێت بۆ گەڕان بە دوای چارەسەری ئەو نەخۆشیانەدا کە تووشی بووە.

دوور نیە ئەم لایەنە ئابووریە بێت کە وای لە هەندێك ولآتان کردووە – وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا- کە لە هەوڵی کەمکردنەوەی مەیدایە و تێکۆشان دەکەن بۆ دژایەتی کردنی و قیزەون کردنی، ئەوەش لەسەرەتاکانی ئەم سەدە زاینیەدا، لە ئەنجامی هەست کردن بە مەترسیەکانی لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی زەرەرو زیانەکانی لەڕووی ئابووریەوە. دەبینین ئەو کارانەی ئەوان ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن بۆ نەهێشتن و دژایەتی کردنی مەی خواردنەوە هەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەیە کە ئیسلام داویەتی لەبەرەبەیانی سەرهەڵدانیدا تاوەکو ئەمڕۆمان.

لە ئیسلامدا حەد لەسەر مەی خۆر جێ بەجێ ناکرێت، هەتا دڵنیا نەبین لەوەی ئەو تاوانەی کردووە، ئەوەش بەوە دەبێت کە خۆی دانی پێدا بنێت یاخود دوو شاهێدی دادپەروەر گەواهی لەسەر بدەن. هەرچەندە هەندێك لە زانایانی ئیسلام بۆچوونیان وایە ئەگەر بۆنی دەمی مەی خۆر هات ئەوا بەڵگەیە لەسەر ئەو کارەی و پێویست بەشتی تر ناکات، بەڵام زانایانی تر تەنها ئەوە بە پێویست نازانن و دەڵێن پێدەچێت مەی خۆرەکە زۆرلێکراو بێت یان لە حاڵەتی ناچارکرایدا بووبێت. یان شلەیەکی خواردبێتەوە کە بۆنەکەی وەکو مەی وابێت بەڵام سەرخۆشکەر نەبێت، بەهەر حاڵ مەی خۆر حەدی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١. ئەگەر کەسەکە ژیر و عاقڵ بێت ( حەد لەسەر شێت و وڕو کاس جێ بەجێ ناکرێت).

٢. ئەگەر باڵغ بێت (حەد لەسەر منداڵ جێ بەجێ ناکرێت ئەگەر مەیشی خواردەوە).

٣. ئەگەر بە ئارەزووی خۆی مەی خواردەوە ( حەد لەسەر کەسێك جێ بەجێ ناکرێت کە زۆری لێ کرابێت) چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ

فەرموویەتی: " إن الله تجاوز عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه"[١]

واتە: خوای گەورە قەڵەمی نووسینی تاوانی هەڵگرتووە لەسەر ئوممەتەکەم لە کاتی هەڵەکردن(نەزانین) و بیرچوونەوەو زۆرلێکردندا. وە لە کاتی ناچاریشدا هەمان حوکمی هەیە، وەکو کەسی تینوو کە هیچ نەبێت بیخواتەوە مەی نەبێت، ئەندازەیەکی کەم دەخواتەوە تەنها بۆ ئەوەی نەمرێت لە تینواندا.

٤. ئەگەر بزانێت ئەوەی دەیخواتەوە مەیە، یان بزانێت کەسەرخۆشی دەکات، چونکە ئەگەر خواردیەوەو نەیزانی کە مەیە و سەرخۆشکەرە، ئەوا حەدی لەسەر جێ بەجێ ناکرێ.

٥. ئەگەر مادەیەکی خواردەوە، کە زانایان ڕاجیاوازیان هەبوو لەسەر حوکمەکەی، ئەوا حەدی بەسەردا جێ بەجێ ناکرێ، هەروەها کەسی ئازاد و موسڵمان مەرج نین لە خواردنەوەی مەیدا، واتە ئەگەر کۆیلە یان ناموسڵمانیش بیخواتەوە، هەر حەدیان لەسەر جێ بەجێ دەکرێت، هەرچەندە حەنەفی مەزهەبەکان ئەم بۆچوونەیان نیە.

برینپێچی (التداوي) بە مەی و جۆرەکانی لەڕووی شەرعیەوە دروست نیە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " ما جعل الله شفاء أمتي فيما

[١] رواه ابن ماجة في كتاب الطلاق المكره والناسي برقم (٢٠٧٣) وصححه الألباني في المشكاة برقم (٦٢٨٤).

حـرم علیها "[1] واتە: خوای گەورە شیفای ئوممەتەکەمی نەخستۆتە شتێکەوە کە حەرامی کردبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕیسایەکی فیقهی هەیە کە دەڵێت: پێویستیەکان حەرامکراوەکان حەلاڵ دەکەن[2]، ئەگەر هاتوو حاڵەتێکی ناچاری هاتە پێشەوە بۆ برینپێچی نەخۆشێك و لەو کات و شوێنەدا هیچ مادەیەکیش دەست نەکەوێت بۆ نەخۆشەکەو مەترسی مردنیشی لێ بکرێت، ئەوا دروستە بە گوێرەی پێویست بەکار بهێنرێت، نەك بەشێوەی چێژلێ وەرگرتن، بەڵکو بۆ ڕزگار کردنی گیانی کەسێك لە فەوتان.

## مەبەست چیە لە مەی ؟

زۆربەی زانایانی موسڵمان لەسەر ئەوەن کە: هەموو مادەیەکی سەرخۆشکەر حەرامە، ئیتر ڕێژەکەی کەم بێت یان زۆر، ئەوە پێی دەوترێت (خمـر)، بەبێ گوێدانە ئەوەی لە چ مادەیەك دروست کرابێت.

---

(١) رواه البخاري (١٠/٨١)، ورواه أبو يعلى، وابن حبان، والبيهقي. وعن ابن مسعود موقوفاً عليهِ " إن الله لم يجعل شفاءكم فيما حرم عليكم" إسناده صحيح. السلسلة الصحيحة تحت حديث رقم: ١٦٣٣.

(٢) الضروريات تبيح المحظورات.

ڕیوایەت کراوە لە ابن عمرەوە رضي الله عنه کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ وَكُلُّ خمرٍ حَرَامٌ"[٣] واتە: هەموو سەرخۆشکەرێك خەمرە و هەموو خەمرێکیش حەرامە.

لە جابرەوە رضي الله عنه کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: " ما أسكر كثيره فقليله حرام "[١] واتە: ئەوەی بڕێکی زۆری سەرخۆش بکات، ئەوا کەمیشی حەرامە.

لە عائیشەوە، دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرمووی: " كل مسكر حرام "[٢] واتە: هەموو سەرخۆشکەرێك حەرامە.

لە وتەیەکی مەزهەبی ابی حنیفە هاتووە کە حەد لەسەر کەسێك جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر سەرخۆش بێت، یان ئەوەی دەیخواتەوە لە خەمر بریتی بێت لە گیراوەی ترێ یان خورما، تەنانەت ئەگەر سەرخۆشیشی نەکات، بەڵام ئەگەر گوشرابێت و کەفی لێ دەرچووبێت، یان کوڵێنرابێت و کەمتر لە سێ یەکی

---

[٣] رواه مسلم في كتاب الأشربة باب بيان أن كل مسكر خمر وأن كل مسكر حرام برقم (٢٠٠٣)، وابوداود في كتاب الأشربة باب النهي عن المسكر برقم (٣٦٨٠) وأحمد في مسندهِ (٢/٢٩).

[١] رواه ابوداود في كتاب الأشربة باب النهي عن المسكر برقم (٣٦٨١).

[٢] رواه ابوداود في كتاب الأشربة باب ما جاء ما أسكر كثيره فقليله حرام برقم (١٨٦٦).

چووبێت، یان ئەوەی دەیخواتــەوە خۆشــاوی میــوژ و خورمابیــت، ئەگــەر بــەبێ کولآنیش گوشرابێت. وە بەڵگەی أبی حنیفە لەمەدا، ئەوەیە کە ریوایەت کـراوە لە ابن عباسەوە کە وتویەتی: " حرمت الخمر بعينها قليلـها وكثيرهـا والسـكر من كل شراب" [٣] واتە: خودی مەی حەرامــە زۆر بێــت یــان کــەم و هــەموو سەرخۆشکەرێکیش لەهەموو خواردنەوەیەك.

بەڵام ئەوەی زۆربەی زۆری زانایانی موسڵمانی لەسەرە ئەوەیە کـە مەبەسـت بریتیە لە شاردنەوەو بێ هۆش کردنی عەقڵ و ژیری، ئیتر هەمووی حەرامە، با شلەمەنی بێت یا خواردن یا بۆن کردن، ولەهەر مادەیەکیش دروست کرابێت[٤].

## حــوکمی مادە بێهۆشکەرەکان

مادە بێ هۆشکەرەکان لەبەر خودی خۆیان حەرام نەکراون بەڵکو لەبەر ئــەو دەرئەنجامانەیە کە لێیانەوە دەکەوێتەوە، هەربۆیە هەموو ئەو شتانەی کە عەقڵ

---

[٣] رواه النسائي في كتاب الأشربة باب ذكر الأخبار التي اعتل بها من أباح شراب المسكر برقم (٥٦٨٩).

[٤] بەو مەرجەی بەکارهێنانی ئەو مادە بێهۆشکەرە بۆ چێژوەرگرتن و خۆشی بەکاربهێنرێت (على وجه التلذذ والطرب)، نەوەك بۆ مەبەستی تر، بۆ نموونە: بەنج لێدان ڕاستە کە مرۆڤ بێ هۆش دەکات بـەڵام بۆ مەبەستی پزیشکیە کە دروستە وپێشی دەوترێت " مادەی سڕکەر". زیاد کراوی وەرگێڕ.

تێك دەدات حەرامە، وە ئایا مەی بۆ ئەوە حەرام نەكراوە كە عەقڵ لەكاردەخات و تێكی دەدات؟

بەهەمان شێوە هەموو ئەو مادانەی كە عەقڵ تێك دەدەن، هەمان حوكمی مەیان هەیە لە حەرامێتیدا، حەشیشە لەسەر ئەو بنچینەیە حەرامە لەبەر ئەوەی لە مەی پیسترو خراپتر و مەترسیدارترە بۆ تێكدانی و پەكخستنی ژیری و میزاجی مرۆڤ، و فەرموودەی پێغەمبەریشی لەسەر جێ بەجێ دەبێت كە دەفەرمویت: " كلُّ مسكرٍ حَرام "، ئیتر ئەو سەرخۆشكەرە مادەیەكی شلەمەنی بێت یاخود هەر مادەیەك بێت ولەهەر دۆخێكدا بێت، و بەهەر ڕێگەیەكەوە بەكاربهێنرێت، وەكو قوتتدان و خواردن و خواردنەوە بێت لەڕێگەی دەمەوە، یان هەڵمژین بێت لە ڕێگەی لووتەوە، یاخود لەڕێگەی دەرزی لێدان و هاوشێوەكانیەوە بێت، هەمان حوكمی هەیە.

وە مادە بێهۆشكەرەكان سەبارەت بە تێكدانی میزاج و عەقڵی مرۆڤ زیاتر لە مەی كاریگەرترن، و زۆرتر مرۆڤ تووشی سەرشۆڕی و سووكی و نەفس نزمی دەكات. كەوابوو حەرامە، و بەلای ابن تەیمیەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) حەدی مەی خۆر بەسەر بەكارهێنەرانیدا جێ بەجێ دەكرێت. وەكو چۆن خانەی فەتوای مصری لەساڵی (١٩٤٠) فەتوای بۆ ئەو مەبەستە دەركردووەو جەخت

لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە شەریعەتی ئیسلامی هیچ جۆرە مادەیەكی بێهۆشكەری حەڵاڵ نەكردووە، لەبەر ئەوەی زیانێكی زۆری هەیە بۆ ئوممەتی ئیسلام چ وەكو تاك یان وەكو كۆمەڵ، و لەڕووی مادی و تەندروستی وئەخلاقیشەوە زەرەرەكانی ڕوون و دیارن. وە بەلای شافعی مەزهەبەكانەوە جۆرە سزایەك لە جیاتی حەدی مەی خۆر بەسەر بەكارهێنەرانی مادەبێهۆشكەرەكاندا جێ بەجێ دەكرێت، هەرچەندە حوكمی حەرامیشیان هەیە وەكو حشیشە و ئەفیون و هاوشێوەكانی. ئەگەر مەی تەنها عەقڵ تێك بدات و لەكاری بخات ئەوا مادە بێهۆشكەرەكان عەقڵ و جەستەیش تێك دەدەن و پەكی دەخەن، و لەڕووی پزیشكیەوە ئەوە سەلمێنراوە كە لە ٧٠٪ ی تووشبوان بە نەخۆشی (ئەیدز) لەڕێگەی بەكارهێنانی مادە بێهۆشكەرەكانەوە تووشی لادانی ئەخلاقی بوونەتەوە، چونكە وایان لێ دەكات كە ئارەزوویان بوروژێنێت و بەربەستیش لەبەردەمیاندا نەهێڵێت بۆ ئەنجامدانی كاری بەدڕەوشتی.

وە دادوەر و كاربەدەست مافی ئەوەیان هەیە كە جۆرە سزایەك بۆ بەكارهێنەرانی مادەبێهۆشكەرەكان دابنێن، بەتایبەت ئەگەر بوو بە دیاردەیەك و پەرەی سەند و پێویستی بەوە دەكرد كە بنبڕ بكرێت لە كۆمەڵگەدا

ڕیشەکێش بکرێت. و جۆر و چۆنێتی ئەو سزایەش پەیوەستە بە چۆنێتی ڕوودانی حاڵەتەکەوە و ئەو دەرئەنجامانەی کەلێی دەکەوێتەوە لە ئێستا و ئایندەدا.

## ئەنـدازەی حـەددی مـەی خواردنـەوە

دەگێڕنەوە لە پێشوا عومەرەوە ﵁ کە پـرس و ڕاوێـژی بەخـەڵکی کـردووە سـەبارەت بـە حـەدی مـەی خواردنـەوە، و عبـدالرحمن ی کـوڕی عـەوف ﵁ وتوویەتی: بیکە بە سووکترین حەد کە هەشتا جەڵدەیـە، ئـەوەبوو عومـەریش هەشتا جەڵدەی بە مەی خۆر دەدا، و بۆ ئەو مەبەستە نووسراوی نارد بۆ خالد و أبی عبیدە لە شام. وە هەروەها دەگێڕنەوە کە پێشەوا عـەلی ﵁ لـەو پـرس و ڕاوێژەدا وتوویەتی: " مەی خۆر ئەگەر سەرخۆش بێت وڕێنە دەکات، ئەگەریش وڕێنە بکات درۆ دەکات. بەو هۆیەوە بوهتان بۆ خەڵکی دەکـات، بۆیـە حـەدی بوهتانچی بۆ دابنێن "، وە زانراویشە کە حەدی کەسێك بوهتان بۆ ئـافرەتێکی داوێن پاکی موسڵمان بکات و نەیسەلمێنێت ئەوا هەشتا جەڵدەی لـێ دەدرێـت، ئـەم گێڕانەوەیـەش هەریـەك لـە جورجـانی و الـدارقوتنی و جگـە لـەوانیش گێڕاویانەتەوە[١].

---

[١] هذا الأثر ضعيف.

وە مەزهەب و بۆچوونی هەریەك لە پێشەوایانی وەكو مالـك و أبـی حنیفـە وسەوری و دوای ئەوانیش ئەوەیە كە حەدی مەی خۆر بریتیە لە هەشتا جەڵـدە، لەبەر ئەو بەڵگانەی لە پێشەوە باس كران، و كۆدەنگی هاوەڵانیش لەو بارەیەوە.

بەڵام پێشەوا أبوبكر رضي الله عنه و مەزهەبی شافعی ئەوەیە كە حەدەكەی بریتیە لە چل جەڵدە، لەبەر ئەوەی پێشەوا عەلـی چـل جەڵـدەی دا لـە وەلیـدی كـوڕی عوقبە، و پاشان ووتی: پێغەمبـەری خـوا چـل جەڵـدەی داوە لـە مـەی خـۆر، هەروەها أبوبكر، بەڵام عومەر هەشتای لێـداوە، و هەموویشـیان سـوننەتن، و ئەمەم پێ خوشە[1].

ئەنەس رضي الله عنه دەگێڕێتەوە كە كەسێكیان هێنا بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا كـە مەی خواردبووەوە، ئەویش چل جەڵدەی بە نەعال لێ دا، پاشـان دواتـر بـۆ لای أبوبكر هێنایان ئەویش هەمان كاری ئەنجام دا لەسەردەمی خۆیدا، پاشـان بـۆ لای عومەریان هێنا ئەوەبوو پرس و ڕای بەخەڵكی كرد و ابن عەوف پێی ووت: كە سووكترین حەد هەشتا جەڵدەیە، ئەویش كاری پێكرد (متفق علیه ).

---

[1] رواه البخاري في كتاب الحدود باب الضرب بالجريد والنعال برقم (٦٧٧٩) و مسلم في كتاب الحدود باب حد الخمر برقم (١٧٠٧) واللفظ له.

زانای بەڕێز ابن قدامە لە کتێبی ( المغنی) دا دەڵێت: " کارو کردەوەی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەیە، دروست نیە وازی لیٚ بهێنرێت بۆ کاری کەسێکی تر، و کۆدەنگی دروست نابێت و پێکنایەت سەبارەت بە پێچەوانەکردنی کاری پێغەمبەر ﷺ ، و ابوبکر و عەلی، ئەو زیادەیەش لەلایەن پێشەوا عومەرەوە ئەوە زیادە ئەدەبدانێکە کە دروستە کاری پێبکرێت، ئەگەر کاربەدەست بەچاکی زانی "[٢].

وە ئێمەش بڕوامان وایە کە کەس وازی لە کاروکردەوەی پێغەمبەر نەهێناوە، و کۆڕایش لەئارادا نیە پێچەوانەی کاری پێغەمبەر، و أبوبکر و عومەریش لە دوای ئەو کاریان پیٚ کردووە، چۆن دەگونجێت پیشەوا عومەر کاری وەهای لیٚ بوەشێتەوە، یان عبدالرحمنی کوڕی عەوف، هەروەها زانایانی وەکو مالك و أبی حنیفە و سەوری ؟ ئەمەش واتاکەی ئەوەیە کە حەدی مەی خۆر جاری وا هەیە هەشتا جەڵدە دەدرێت و جاری واش هەیە چل، و ئەمەش پێچەوانەی کارو سوننەتی پێغەمبەر نیە، بەڵکو جیٚ بەجیٚ کردنی فەرمانی خواو پێغەمبەرە ﷺ، و ڕەچاوکردن و خوێندنەوەی ئەو بارودۆخ و حاڵەتەیە کە مەی خواردنەوەکەی تێدا ڕووی داوە، و خودی مەی خۆرەکەش، ئەوە کاربەدەست

---

[٢] إبن قدامة، المغني، (جزء ٩، ص: ١٤٢).

وپێشەوایە کە ئەو بریارە دەدات. کـەوابوو حـەدی مـەی خـۆر نابێـت لـە چـل کەمتربێت و لە هەشتا زیاتر بێت.

وە حەدەکەش لەسەر مەی خۆرەکە لەکاتی سەرخۆشیدا جێ بەجێ ناکرێـت، هەتا بەهۆش نەیەتەوە و ئاگای لە خۆنەبێت، بۆ ئەوەی لۆمە وسەرزەنشـتەکەی بەچاکی هەست پێ بکات و تێ بگات لە مەبەستەکە.

أبو حنیفە و شافعی دەڵێن: مەی خۆر دەبێت بـە پێـوە حـەدی لەسـەر جـێ بەجێ بکرێت، بەڵام مالکی و أحـمـد دەڵێن: بە دانیشتنەوە، بەڵام ئافرەت هەر دەبێت بەدانیشتنەوە بێت، پێشەوا عـەلی رضي الله عنه دەڵێت: " ئافرەت بە دانیشتنەوە جەڵدەی لێ دەدرێت و پیاویش بە وەستانەوە ".

## بـەڵگەکانی حەرامبوونی مـەی

خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿يَـا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـوا إِنَّمَـا الْخَمْـرُ وَالْمَيْسِـرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّـيْطَانِ فَـاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُـمْ تُفْلِحُـونَ (٩٠) إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّـيْطَانُ أَنْ يُوقِـعَ بَيْـنَكُمُ الْعَـدَاوَةَ وَالْبَغْضَـاءَ فِـي الْخَمْـرِ وَالْمَيْسِـرِ وَيَصُدَّكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَعَنِ الصَّـلَاةِ فَهَـلْ أَنْـتُمْ مُنْتَهُـونَ (٩١) وَأَطِيعُـوا اللَّـهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَاحْذَرُوا فَإِنْ تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُوا أَنَّمَا عَلَى رَسُـولِنَا الْبَلَـاغُ الْمُـبِينُ

(٩٢)﴾{المائدة} واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیا بن کە عەرەق وقومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵك بەپیرۆزی داناوە نەك ئیسلام، و بورج حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەر پیسن ولەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دووربگرن و وازیان لێ بهێنن، بۆ ئەوەی سەرفرازی و بەختەوەری بەدەست بهێنن لەهەردوو جیهاندا، بەڕاستی شەیتان هەر دەیەوێت لەڕێگەی عەرەق و قومارەوە دوژمنایەتی و بوغز و کینە بخاتە نێوانتانەوە ولەیادکردنی خوا و ناوە پیرۆزەکانی ویڵتان بکات، هەروەها سست و تەمەڵتان بکات لەئەنجامدانی نوێژەکان بە شێنەیی، ئایا ئیتر بەس نیە؟ ئایا کۆڵ نادەن؟ ئەی باوەڕداران فەرمانبەرداری خوا بن، فەرمانبەرداری پێغەمبەریش بن و وریاو ئاگادارbن نەکەن سەرپێچی لەفەرمان و ڕێنماییەکانیان بکەن جا ئەگەر پشت هەڵکەن ویاخی بن ئەوە بزانن بەڕاستی کاری پێغەمبەری ئێمە تەنها ڕاگەیاندنی ئاشکراو ڕوونی پەیامەکەیە.

ئەو خراپەکاریانەی کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەیان بۆ کراوە، بریتین لە: مەی، قومار، سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جگە لەخوا، وهەڵدانی زار بۆ زانینی بەختەوەری و بەدبەختی، هەموو ئەمانە ئیمانی باوەڕدار ناهێڵن و دووری دەخەنەوە لە پاك و خاوێنی دەروونی و جەستەیی، و وای لێ دەکات کاتەکانی بە

فێرۆ بڕوات و هەمیشە سەرقاڵ بێت بە شتی پڕوپوچەوە و نەپەرژێتە سەر خواپەرستی و پەیوەندی نێوان بەندەو پەروەردگاری دەپچڕێنێت. خوای کاربەجێ ئەو تاوانانەی بەوە وەصف کردووە کە پیس و چەپەڵن، و لەکاروکردەوەی شەیتانن. ئەمەش واتای پیسی لەسەر پیسیە، چونکە کردەوەی شەیتان تەنها پیسە. و دەروونی مرۆڤیش هەر بەسروشت حەزناکات لە شتی پیس و لێی دووردەکەوێتەوە، بەڵام وەکو دڵنیایی کردنەوەو جەخت کردنەوەیەك لەسەر ئەم مانایە بەڕاشکاوی فەرمان بەباوەڕداران دەکات بە دوورکەوتنەوە لێی و دەفەرموێت: ﴿فَاجْتَنِبُوهُ﴾.

ئەم سووربونەش لە شەریعەتی ئیسلامدا بۆ دوورکەوتنەوە لەو کردەوە لەناوبەرانە بریتیە لە زیادە چاودێری کردنی مرۆڤ، و پاسەوانی کردنی لەوەی نەوەك لەناوبچێت و تەمەنی لەدەست بچێت. هەربۆیە لە ئایەتەکەدا لایەنێکی تری باسکردووە بۆ دوورکەوتنەوە لەو کارە قیزەونانە بەوەی کە بەدوورکەوتنەوە لێیان مرۆڤ سەرفراز و ئاسوودە دەبێت: ﴿لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾، ئەمە جگە لەوەی کە دوورکەوتنەوەیە لە پیسی و لەولاشەوە دەبێتە خواپەرستی و جێ بەجێ کردنی فەمانی خوای گەورە وپاداشت لەسەری وەردەگری. وە خودی

دووركەوتنەوە لە پیسی پاك وخاوێنیە. كەوابوو ئەوەی دووركەوتەوە لەوانە ئەوا خۆی پاك و خاوێن ڕاگرتووە.

دیسان ئایەتەكە خراپەیەكی تری ئەو كردەوانەی باس كردووە، ئەویش ئەوەیە كە هەركەسێك توخنی ئەوا خراپەكاریانە بكەوێت و ئەنجامیان بدات، ئەوا لەڕاستیدا وەڵامی بانگەوازی شەیتانی داوەتەوە، و شەیتانیش تەنها شەڕو ئاژاوەی دەوێت بۆیان، و لەهەوڵدایە ئاگری فیتنەو ئاشووب دابگیرسێنێت لەنێوانیاندا، ئەمە لەكاتێكدا مەی خۆر عەقڵی لەدەست دەدات لەوكاتەدا و ناتوانێت خۆی بگرێتەوە لە ووتنی وتەو قسەی خراپ و نابەجێ، وبەوهۆیەوە دوژمنایەتی و شەڕ و ئاژاوە بەرپا دەبێت و كۆمەڵگە پەرتەوازە دەبێت و ڕق و كینە و ناحەزی پەرەدەسێنێت، و كۆمەڵگە لەسەر یەك بارودۆخ ناوەستێت.

پاش ئەوەی ئایەتەكە زیان و خراپیەكانی ئەو تاوانانەی باس كرد، ئەوەشمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە ئەو كردەوانە ڕێگری خەڵكی دەكات لە زیكری خوا و ئەنجام دانی نوێژەكان. دواتر پرسیارێك ئاراستە دەكات كە هیچ ژیرێك نیە بەرگوێی بكەوێت ئیلا بەبەڵێ وەڵام دەداتەوەو فەرمانبەرداری و گوێڕایەڵی خۆی دەردەبڕێت، پرسیارەكەش بریتیە لە: ﴿فَهَلْ أَنْتُمْ مُنْتَهُونَ﴾. لە كۆتاییشدا ئایەتەكە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە بۆ خەڵكی كە گوێڕایەڵی و خواو

پێغەمبەرەکەی بن، و وریابن لە پیلانی پیس و کردەوەی چەپەڵی شەیتان، وە ئەگەریش خەڵکی بەو شێوەیەیان نەکرد، لەپاش هەموو ئەو ڕوون کردنەوانە، ئەوا کەس بیانووی نامێنێت چونکە ئاگادار کراونەتەوە، و پێغەمبەریش تەنها ئەرکی ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەی لەسەرە بەڕوونی.

لەچەند هاوەڵێکی پێغەمبەرەوە گێڕدراوەتەوە کە کاتێك ئەم ئایەیان بەرگوێ کەوتووە دەستبەجێ ووتویانە: **"وازمان هێنا وازمان هێنا"**.

لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: " كل مسكر خمر، وكل مسكر حرام، ومن شرب مسكرا بخست صلاته أربعين صباحا فإن تاب، تاب الله عليه، فإن عاد الرابعة كان حقا على الله أن يسقيه من طينة الخبال. قيل: وما طينة الخبال؟قال: صديد أهل النار "[1]، واتە: هەموو سەرخۆشکەرێك حەرامە، وە ئەوەی سەرخۆشکەرێك بخواتەوە ئەوا بۆ ماوەی چل ڕۆژ پاداشتی نوێژەکەی بەتەواوەتی بۆ نانوسرێت، ئەگەر تۆبەی کرد، ئەوا خوا تۆبەکەی لێ

[1] والحديث رواه ابوداود بهذ اللفظ: "كل مخمر خمر وكل مسكر حرام ومن شرب مسكرا بخست صلاته أربعين صباحا فإن تاب تاب الله عليه فإن عاد الرابعة كان حقا على الله أن يسقيه من طينة الخبال قيل وما طينة الخبال يا رسول الله قال صديد أهل النار ومن سقاه صغيرا لا يعرف حلاله من حرامه كان حقا على الله أن يسقيه من طينة الخبال" . برقم( ٣٦٨٠)، وصححه الألباني في الصحيحة برقم (٢٠٣٩).

وەردەگــرێت، ئەگەریش بۆ چوارەم جار گــەڕایەوە سەری، ئەوا حەقە لەسەر خوا کە (طینة الـخبال)ی دەرخوارد بــدات، وتــرا: (طینــة الخبــال ) چــیە؟ ئــەویش فەرمووی: کێم و زوخاوی دۆزەخیەکانە.

لە جابرەوە ﷺ کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمـوویەتی: " ما أسکر کثیــرهُ، فَـقَلِیلهُ حَرام "[٢].

واتە: ئەوەی بڕێکی زۆری سەرخۆش بکات، ئەوا کەمیشی حەرامە.

## بنچینەی حەرامێتی مـەی

هەندێك لەوانەی کە دەدرێنە پاڵ ئیسلام، یـان ئەوانــەی فێـڵ و پـیلان بــۆ ئیسلام دەکێشن و ڕەشەبا بەڕووی ئیسلامدا بەرپا دەکەن، لافی ئەوە لــێ دەدەن گوایا قورئان بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو مەی خواردنەوەی حەرام نەکردووە، و لە ڕیزی تاوانەگــەورەکان و حەرامکراوەکانــدا هــەژماری نــەکردووە، و دەڵــێن: بەڵگەمان ئەوەیە کە خوای گەورە بە دەقێکی ڕاشکاو حەرامی نەکردووە، وەکـو

---

[٢] رواه ابوداود في كتاب الأشربة باب النهي عن المسكر برقم (٣٦٨١). والترمذي في باب ما جاء ما أسكر كثيره فقليله حرام برقم (١٨٦٥).

چۆن هەندێك شتی تری بە ڕاشكاوانە حەرام كردووە، وەكو ئەم ئایەتە: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ﴾، یان ئەو ئایەتەی كە دەفەرمویێت: ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ﴾.

**ئەو كەسە دڵ پڕ لە گومانانە دەڵێن:** حەرام كردنی مەی دەقێكی ڕاشكاوی لەسەر نەهاتووە، بەڵكو تەنها فەرموویەتی: ﴿رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ﴾ ئەمەش بەلای ئەوانەوە واتە مەی خواردنەوە لە تاوانە گەورەكان نیە و بەڵكو مەكروهە.

**وەڵامی ئەو كەسانە و هاوشێوەكانیان:** ئەوەیە كە ڕوونمان كردەوە لە تەفسیرو وباسی ئایەتەكە لەپێشەوە، بەوەی كە ئەو تاوانانەی لە ئایەتەكەدا باس كراون، پیس وچەپەڵن، و لەكاروكردەوەی شەیتانن، و دەبنە هۆی نانەوەی ئاژاوەو دوژمنایەتی و دروست بوونی ڕق و كینە، و دەبنە ڕێگر لە ئەنجامدانی زیكری خواو نوێژكردندا، و خاوەنەكەی هەرگیز سەرفراز نابێت. جا ئەم وەصفانە كە بۆ مەی كراون بێ گومان ئەوە دەسەلمێنێت كە مەی خواردنەوە لەخراپترینی

تاوانەکانەو بێزراوترینی گوناهەکانە و قیزەونترین سەرپێچیە، و فەرمانی خوای گەورەیش بۆ دوورکەوتنەوە لێی بۆ هەموو باوەڕدارانە کە گوێڕایەڵی بکەن و پابەند بن پێوەی، وەکو چۆن دووردەکەونەوە لەو دوژمنانەیان کەلە بۆسەدان بۆ کوشتن و لەناوبردنی موسڵمانان.

**بەڵکو من دتوانم زیاد لەوەش بڵێم – دڵنیام لەو قسەیەی خۆم-:** کە فەرمان کردن بە دوورکەوتنەوە لە شتەکان زیاتر توندترە لەوەی کە تەنها بە شتەکان بووترێت حەرام، چونکە فەرمان کردن بە دوورکەوتنەوە بۆ هەتا هەتایە حەرامی دەکات، بەشێوەیەك کە هەرگیز حەلاڵ نابێت، بەلاّم شتە حەرام کراوەکان جاری وا هەیە بارودۆخێکی بەسەردا دێت حەلاڵی دەکات، بۆ نموونە: خواردنی مردارەوەبوو یان گۆشتی بەراز کە حەرامن، کەچی لەکاتی ناچاریدا حەلاڵ دەبن بەگوێرەی پێویست، یان ئافرەتی مێردار حەرامە بۆ پیاوی تر، بەلاّم ئەگەر تەلاّق درا و عدەی کۆتایی هات، ئەوا دروستە شووبکات بە پیاوی تر.

بەلاّم ئەگەر خوای گەورە فەرمانی دوورکەوتنەوەی بە شتێك کرد، ئەوا بۆ هەتاهەتایە حەرام دەبێت، وەکو دەفەرموێت: ﴿فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ (٣٠)﴾{الحج} واتە: دووربکەونەوە لەپەرستنی بتە ناپوخت

وبێ نرخەکان و هەروەها لە گوفتاری درۆو قسەی هەڵبەستراو خۆتان دووربگرن. ئەوەتا بتپەرستی و قسەی درۆ بۆ هەمیشە حەرامن و سیفەتی حەرام بوونیان هەرگیز لەسەر لاناچێت.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾{النحل: ٣٦} واتە: سوێند بەخوا بێگومان ئێمە لەناو هەر گەل ونەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردووەو پێمان ڕاگەیاندووە کە پێیان بڵێت: تەنها خوا بپەرستن و دووربکەونەوە لە هەموو پەرستراوێکی تر.

یان دەفەرموێت: ﴿وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الْأَصْنَامَ (٣٥)﴾{إبراهيم} واتە: خۆم و نەوەکانیشم بپارێزەو دوورمان بخەرەوە لەوەی کەبتەکان بپەرستین. جا ڕوونە ئەوەی دوورنەکەوێتەوە لە تاغوت وبت پەرستی ئەوا هاوبەش پەیداکەرە بۆ خوای گەورە.

هەربۆیە فەرمان بە دووركەوتنەوە لە مەی و ئەو خراپانەی تر، فەرمانێکە پەیوەستین پێیەوە، بەشێوەیەکی هەمیشەیی، کە ناتوانرێت لێی جیابێتەوە. لەبەر ئەمەیە کە دووركەوتنەوە لە مەی دەبێت بە هەموو شێوەکانیەوە بێت و بە گشت هۆکارو وەسیلەیەك بێت، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: "

لعن اللّه في الخمر:عاصرها، وحاملـها، وبائعهـا، وسـاقيها، وشـاربها، وحاضـر مجلسها "[١] واتە: خوا نەفرەتی کردووە لە مەی، لەوەی دەیگوشێت لەوەی بـاری دەکات لەوەی دەیفرۆشێت لەوەی تێی دەکـات و لەوەیشـی دەیخواتـەوە و ئـەوەی ئامادەی مەجلیسەکە دەبێت.

عَنِ ابْنَ عُمَرَ يَقُولُ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ " لُعِنَتِ الْخَمْـرُ عَلَى عَشْرَةِ وُجُـوهٍ لُعِنَـتْ الْخَمْـرُ بِعَيْنِهَـا وَشَـارِبُهَا وَسَـاقِيهَا وَبَائِعُهَـا وَمُبْتَاعُهَـا وَعَاصِرُهَا وَمُعْتَصِرُهَا وَحَامِلُهَا وَالْمَحْمُولَةُ إِلَيْهِ وَآكِلُ ثَمَنِهَا "[٢] واتـە: نـەفرەت کراوە لە مەی لە دە ڕووەوە: خودی خۆی، ئەوەی دەیخواتـەوە، ئـەوەی دەیگێـڕێ، فرۆشیارەکەی، وکڕیارەکەی، ئەوەی دەیگوشێت، ئـەوەی بـۆی گوشـراوە، ئـەوەی هەڵی دەگرێ، ئەوەی بۆی بارکراوە، و ئەوەی پارەکەی دەخوات.

ئایا ئیتر دوای ئەم ڕوون کردنەوەیە دەوترێت فەرمان کردن بە دوورکەوتنـەوە سووك و ئاسانترە لە حەرام کردن؟

---

[١] رواه أبوداود في كتاب الأشربة باب العصر برقم (٣٦٧٤).

[٢] رواه الترمذي في كتاب البيوع باب النهي أن يتخذ الخمر خلاً برقم (١٢٩٥) وابن ماجة في كتاب الأشربة باب لعنت الخمر على عشرة أوجه برقم (٣٤٤٤) وصححه الألباني في غاية المرام برقم (٦٠).

نەخێر، بەڵکو نەفرەتەکە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان هەبێت بە مەیەوە و لێی نزیك بکەونەوە، جا با ئەوانەی وا گومان دروست دەکەن و لە گوماندا دەژین بزانن کە بەسووك سەیرکردنی یان نکۆڵی کردن لە حوکمێك لە حوکمەکانی خوا جۆرێکە لە جۆرەکانی بێباوەڕی.

حەرام کردنی مەی لە ئیسلامدا بە چوار قۆناغدا تێ پەڕیوە، یەکەمیان ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کە خواردنە چاك وپاکەکان لەبەرهەمەکان باش وپڕسوودن، و سەرخۆشکەر بەوە باس نەکراوە، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ ثَمَرَاتِ النَّخِيلِ وَالْأَعْنَابِ تَتَّخِذُونَ مِنْهُ سَكَرًا وَرِزْقًا حَسَنًا﴾{النحل: ٦٧}، پاشان قۆناغی دووەم لەسەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامدا بوو، کاتێك دەفەرموێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا﴾{البقرة: ٢١٩}، لەم کاتەدا مەی حوکمی حەرام کردنی نەهاتبوو. قۆناغی سێیەم سەرەتای حەرام کردنی مەی بوو، کاتێك کە مەی خۆر هەڵەی دەکرد لەکاتی قورئان خوێندندا، ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْرَبُوا الصَّلَاةَ وَأَنْتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُوا مَا تَقُولُونَ﴾{النساء: ٤٣}، لەم قۆناغەدا هەندێك لەخەڵکی بەرتەسك کردەوە کە مەی بخۆنەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی نوێژەکاندا لە حاڵەتی ژێریدا بن. پاشان بۆ دواجار مەی بۆ هەمیشەیی حەرام

کرا بەم ئایەتە: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ **فَاجْتَنِبُوهُ** لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٩٠)﴾.

# بـەشی پێـنـجەم

## تـــۆڵە سەندنـەوە

تۆڵەسەندنەوە بریتیە لە دەسەڵات دان بەو کەسەی کە دەسـتدرێژی کراوەتـە سەری (یان هەر ئەندامێکی جەستەی) یان وەلیەکەی بـەوەی کـە بەئەنـدازەی ئەو زەرەرو زیانە تۆڵە بکاتەوە، یـان لێـی خۆشـبێت. بنچـینەی ئەمـەش ئـەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ الـنَّفْسَ بِـالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّـنَّ بِالسِّـنِّ وَالْجُـرُوحَ قِصَـاصٌ فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّـارَةٌ لَـهُ﴾{المائدة} واتـە: لەتەوراتـدا پێویسـتمان کـردووە لەسەریان کەبەڕاستی هەرکەسێك کەسێك بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە وچـاوی یەکێك کوێربکات دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوە ولووتی یـەکێك عەیبـداربکات دەبێت لووتی عەیبدار بکرێتەوەو گوێی یەکێك ببڕێت دەبێت گوێی ببڕدرێتـەوەو ددانی یەکێك بشـکێنێت دەبێـت ددانـی بشـکێنرێتەوە و بـرین وزامـەکانیش هەروەها تۆڵەیان بەگوێرەی خۆی بۆ دەسەنرێتەوە، جا ئـەوەی لـەتاوانبار خـۆش بێت، ئەو چاوپۆشی و لێخۆشبوونە دەبێتە کەفارەتی گوناهانی.

## ١- لە کوشتندا ... تۆڵە سەندنەوە بۆچی؟

خوای گەورە ئاگادارمان دەکاتەوە بەوەی کە مرۆڤ حەزی لە سنووربەزاندنە ئەگەر هاتوو بەربەست و ڕێگرێك لە ئارادا نەبێت، ئەوەتا خوای کاربەجێ دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٧٩)﴾{البقرة} واتە: ئەی هۆشمەندەکان ژیانتان تەنها لە تۆڵەسەندنەوەدایە (لەو کەسانەی خەڵکی بەناحەق دەکوژن) بۆ ئەوەی تەقواو لە خواترسان ببێتە پیشەتان وخۆ لە دەستدرێژی وتاوان بەدووربگرن. بەم ئایەتە ئەو برا بێ ئاگایانەمان بەخەبەر دەهێنینەوە کە پڕوپاگەندەی ژەهراوی دژ بە ئیسلام هەڵی خەڵەتاندوون، و لافی ئەوە لێ دەدەن کە ئیسلام بە کوشتنی بکوژەکە، دوو کەس دەکوژرێت لەبری ئەوەی هەریەك کەس بوایە، و دەڵێن ئەمەش حوکمێکی ناڕەواو ناتەندروستە.

جا دوور لە دەمارگیری لێرەدا پرسیارێك دەکەین، دەپرسین: ئایا ئەو کەسەی کە ناخی هانی دەدات بۆ کوشتنی کەسانی تر چۆن بیوەستێنین و لەو کارە دووری بخەینەوە؟

چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکێکدا بکەین کە کەسێکی بێ تاوانی کوشتووە بەستەم و دەستدرێژی، و ئایا چاوەڕێی چی لێ دەکرێ ئەگەر بزانێت کە ڕزگاری دەبێت لەو تاوانی کوشتنە؟

شتێکی بەڵگەنەویستە کە گیانی هەر کەسێك بەنرخ و بەبەهایە لای خۆی، و هەوڵ دەدات لە هەموو مەترسیەکان بیپارێزێت و هەمیشە سەلامەت بێت، جا بۆیە ئەگەر هاتوو مرۆڤێك چاك زانی کە ئەگەر کەسێك بکوژێت ئەوا دەکوژرێتەوە، بێگومان دووردەکەوێتەوە لە کرداری کوشتن، و حەزی شەڕخوازی و کوشتن لە دەروونیدا دەمرێت و چەکەرە ناکات. جا سەیرکردنی حوکمی قصاص بەوەی کوشتنی دووکەسە، لەڕاستیدا سەیرکردن وخوێندنەوەیەکی ڕووکەشیانەیە بۆ ئەو بابەتە، چونکە لە حەقیقەتدا ئەو کوشتنە بریتیە لە هێشتنەوەی ژیانی هەموو خەڵکی، و دڵنیاکردنەوەیانە لەوەی دەستدرێژیان بکرێتە سەر لەلایەن کەسانی ترەوە. بەڵکو خودی بکوژەکەش لە مردن رزگاری دەبێت کاتێك دەزانێت حوکمی ئەو کارەی کوشتنە، بۆیە خودی خۆی و کەسانی دەوروبەریش ژیانیان بۆ دەمێنێتەوە بە هۆی قصاصەوە.

ئا بەوە ژیان دەگەڕێتەوە بۆ هەموو خەڵکی. و ئەگەر قصاص نەبووایە ئەوا خەڵکی بە سووك و ئاسان تەماشای کوشتنیان دەکرد، و خوێن لە کۆڵان و

شەقامەکان دەکەوتە ڕێ، و بەڵگەی بینراویش هەیە لەو بارەیەوە، ئـەوەبوو لـە هەریەك لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمریکادا حوکمی لەسێدارەدان سڕایەوەو نەما، وەکو بەزەیی هاتنەوەیەك بـە مرۆڤایەتیـدا، بـەڵام بارودۆخەکـە بەپێچـەوانەوە دەرکەوت و دۆخێکی مەترسیدارتر جێگەی گرتەوە، بۆیە هەر زوو ئەو حـوکمی کوشتنە گەڕایەوە بواری جێ بەجێکردن لە ئەمریکا، و لە ڕێگەی گەڕانەوەشـە لە هەریەك لە بریتانیا و فەرەنسا و جگە لەوانیش.

## قصاص پلەوپایەی مرۆڤ دەپارێزێت

لە بابەتەکانی پێشوودا ئەوە بە جوانی ڕوون بوویەوە کە ڕێز و پایـەی مـرۆڤ لای خوا بەرز و گەورەیـە، و خـوێنی بەنرخـە، و حـەڵاڵ نیـە بڕژێـــت، وەکـو دەربڕینی نەشیاوێتی و خراپی دەستدرێژی کردنە سەر گیانی مرۆڤایـەتی، ئـەم ئایەتە لە قورئـان هاتـە خـوارەوە دوای ئـەوەی یـەکێك لـە کوڕەکـانی ئـادەم دەستدرێژی کردە سەر ئەوی تریان بە کوشتن: ﴿مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا﴾{المائدة: ٣٢} واتـە: لەبـەر ئـەوەی کارەساتی کوشتنی ناڕەوای ئاوها ڕوونەدات ئێمە پێویستمان کرد لەسەر نەوەی

ئیسرائیل ئەوەی کەسێك بەناحەق بکوژێت ولەجیاتی کوژراوێـك نـەبێت، یـان گوناه وتاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لە زەویدا (وەکو جەردەیی و دەسـتدرێژی و ...) ئەوە وەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی کوشتبێت، ئەوەش کەسێك لە مـردن ڕزگار بکات، هەر وەك ئەوە وایە هەموو خـەڵکی لەمــەرگ ڕزگـار کردبێـت و ژیانی پێ بەخشیبن.

ئەوەش لەبەر ئەوەی بابەتی مردن و ژیان لە دەسەڵاتی خوای گەورەدایە و بـۆ هیچ کەسێك نیە لەو بارەیەوە دەسەڵاتی هەبێت، مەگەر لەو سـزا وحدودانـەدا نەبێت کە خوا فەرمانی پێ کردووە. هەربۆیە کوشتنی کەسێکی بێتاوان وپـاك لەڕاستیدا بریتیە لە دەستدرێژی کردن بۆ سەر ئەو دەسـەڵاتەی خـوا هەیـەتی سەبارەت بە مردن و ژیـانی مرۆڤـەکان، وە ئـەوەش حـەد و سـنوورەکانی خـوا ببەزێنێت و بویرێت دەست بۆ دەسەڵاتی خوا ببات ئەوا لای خوا حورمەت و ڕێز و پایەی نامێنێت. چونکە هەر لەبەر ڕێز و شکۆی مرۆڤە کە خوا بڕیـاری داوە کوشــتنی کەســێکی بــێ تــاوان وەکــو کوشــتنی تــەواوی خــەڵکی وەهایــەو ڕزگارکردنی کەسێکیش لە مردن و کوشتنێکی ناڕەوا، وەکو گێڕانەوەی ژیانە بۆ گشت خەڵکی، وە مـرۆڤ هـەمووی لەیـەك کەسـەوە دروسـت کـراون و بـەدی هێنراون، وەکو خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿يَـا أَيُّهَـا النَّـاسُ اتَّقُـوا رَبَّكُـمُ الَّـذِي

خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً﴾{النساء:١} واتە: ئەی خەڵکینە لە خەشم و نارەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لەتاکە نەفسێك دروست کردووە، و هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناوە و لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستۆتەوە و بڵاوکردۆتەوە.

شەریعەتی ئیسلامی مافی مرۆڤایەتی دەدات لە رێز و کەرامەت، و لەهەمان کاتیشدا حوکمی کوشتن بەسەر کەسێکدا دەدات کە دەستدرێژی کوشتن دەکاتە سەر کەسانی تر وستەمیان لێ دەکات. بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو ئەوەی خۆی دەکوژێت، دیسان لە رێزی پیاوکوژەکان هەژمار دەکرێت، و پاداشتی دادگەرانەی ئەو کارەی وەردەگرێت و لە دوارۆژدا پێی دەگات. چونکە خۆکوژ حەقی خوای بەزاندووە، و رۆحی خۆی دەرکردووە لەکاتێکدا خوا بڕیار دەدات لەسەر ئەو کارە. وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:"مَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ، فَهُوَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ، يَتَرَدَّى فِيهَا، خَالِدًا فِيهَا أَبَدًا، وَمَنْ تحسّى سُماً فَقَتَلَ نَفْسَهُ، فَسمه في يدهِ، يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ، خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا، مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ، فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ، يَتَوَجَّأُ بِهَا فِي بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ

"[١] واتە: هەر كەس لەشاخێك خۆی بەرداتــە خــوارەوە و خــۆی بكوژێــت ئــەوا بەردەوام لەناو ئاگر خۆی بەردەداتە خوارەوە و بۆهەتا هەتایی تێیدا دەمێنێتەوە، هەر كەس ژەهراو بخواتەوە و خۆی پێ‌بكوژێت ئەوە لەناو ئاگری دۆزەخدا قوم لە دوای قوم دەیخواتەوە بە هەتا هەتایی دەمێنێتەوە لەناو ئــاگری دۆزەخــدا، هــەر كەس خۆی بەپارچە ئاسنێك بكوژێت. ئەوا پارچە ئاســنەكە لەدەســتیا دەبێــت ورگی خۆیی پێ ڕادەدات لەناو ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە بە هەتا هەتایی.

## بەئــاگاهاتنەوەی ڕۆژئــاوا

ئەوە پلەو پایەو ڕێزی ژیانی مرۆڤانەیە لای پەروەردگار و بەدی هێنەری كــە سـزای كەسـێك دەدات بەسـزایەكی سـەخت لــە دونیــاو دوارۆژدا، كەكەسـێك بكوژێت بــە نــاڕەوا، بــەڵام خــاوەن دڵــە ناســكەكان لــە دوژمنــانی ئیســلام و ڕۆژئاواییەكان و ئەوانەی پێیان سەرسامن، ئەو نورو ڕۆشــناییە بــە تــاریكی و ناڕوونی دەبینن، و ئەو چارەسەرە بنەبڕە كە مرۆڤ و شارستانیەت دەپارێزێــت بــە وەحشیگەری و توندوتیژی و تینوێتی بۆ خوێن ڕشــتن دەژمێــرن و وای دادەنــێن،

---

[١] رواه مسلم في كتاب الإيمان باب غلظ تحريم قتل الإنسان نفسه ...برقم (١٠٩).

هەندێك لە یاسا دانراوەكانی زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوا حوكمی بكوژ بەوە دەدەن كە بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە بەندیـخانە بێت، بەبڕوای خۆیان – یـان خـۆینی پێ هەڵدەخەڵەتێنن- كە ئەو حوكم و سزایە دەبێتە هۆی چاكبونی و وازهێنانی لەو ئاكارە دڕندانەیەی. ئەمە لە كاتێكدا ئەزموونە زانستیەكان ئەو ڕاستیەیان دەرخستووە كە تاوانی كوشتن لە ژێرسایەی یاسا دانراوەكانـدا بـە ئاشـكرایی و بەپێش چاوی خەڵكیەوە ڕوو دەدات و ئەنجام دەدرێت. بەڵكو زیاد لەوەش تاوانی كوشتن بووەتە یـاری و دڵ ئاسـوودەبوون بـەبینینی، كاتێـك بكوژێـت هـەموو فیشەكەكانی دەمانچەكەی تەواو دەكات لە گیانی بەرانبەرەكەیدا.

لە دەرئەنجامی ئەو حوكمە خراپە ئەوەبوو زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوا گەڕانەوە بۆ فیترەت وهەستی تەواوی خۆیان، لەپاش ئەوەی كـە حـوكمی لـە سـێدارەدان قەدەغەبوو، دووبارە هێنایانـەوە بـواری جـێ بـەجێ كـردن و بـەكاریان هێنـا لەدادگاكانیانـدا، لەنێوانیانـدا ویلایەتـە یـەكگرتووەكانی ئـەمریكا. وە لـە فەرەنسا و بریتانیا و ئەو حوكمە زیاد لە جارێك گفتوگـۆی لەسـەر كـراوە لـە پەرلەمانەكانیاندا، و ئەگەری نزیكی ئەوەش هەیە كە بگەڕێتەوە بۆ بواری جێ بەجێ كردن، جا بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە لەو بارەیەوە هیچ لێـدوانێكمان نیـە، ئەوە نەبێت كە دینە حەق وڕاسـتەكەمان لەلایـەن خـوای كاربـەجێوە هـاتووە

بۆمـان و بەتـەنها ئـەویش سـوود بەخـەڵك دەگەیـەنێت و توانـای چاكسـازی كاروبارییانی هەیە و ژیانیان ڕێك دەخات لە هەرشوێنێك بن، چونكە ئەو خـۆی دروستی كردوون و لە ناخی خۆیان شارەزاترە پێیان و سروشت و هەڵسـوكەوتی مرۆڤەكان دەزانێت.

بەڵگەش بۆ نەگونجانی یاسـا دانراوەكـانی دەسـتی مـرۆڤ لەگـەڵ سروشـتی مرۆڤدا ئەوەیە كە ئەو كەسانەی لە ماوەی سێ ساڵدا كوژراون بەهۆی ڕووداوی غافڵكوژی سەرۆكی ئەمریكا ( جۆن كەنەدی) ژمارەیان گەیشتە ١٣٠ كـەس لەوانەی كـە هـەوڵیان داوە ئـەو زانیاریانـە بخەنـە ڕوو كـە دەیـزانن لـەبارەی ڕووداوەكەوە و ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە.

## جـۆری ئەو كوشتنانەی كە تـۆڵەی لەسەر دەكـرێتەوە

لەوانەیە كوشتنەكە بە هەڵە ڕوویدات، یان بە ئەنقەست، وە ئیسلام جیاوازی كردووە لە نێوان ئەو دوو جۆرە كوشتنەدا، ئەوەش بە گوێرەی نیەت و مەبەسـت و ویستی بكوژەكە. بۆیە حساب بۆ كوشتنێك ناكات كە بـەبێ مەبەسـت ڕووی داوە، یان بەناچاری و زۆرلێكردن یاخود بەهۆی بیرچوونەوەوە ڕووی داوە.

خوای پەروەردگار دەفەرمویت: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾{الأحزاب:٥} واتە: ئەگەر بەهەڵە کاریکتان ئەنجام دا ئەوا قەیناکا و گوناهیکتان ناگات لەو هەڵەیەدا، بەڵکو گوناح لەوەدایە کە ئەگەر بەدڵەوەو بەدەست ئەنقەست ئەو کارە بکەن.

یان لە ئایەتیکی تردا دەفەرمویت: ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ (٢٢٥)﴾{البقرة} واتە: خوای گەورە ئەو سوێندانەتان لیٚ ناگریت کەلە دەمتان دەردەچیت ولەسەری ڕاهاتوون، بەڵکو لەسەر ئەوە لیتان دەگریت ولیپرسینەوەتان لەگەڵ دەکات کەنیەتی دڵتانی لەسەرە، وە خوا لیخۆشبووە (بۆ گوناهەکانتان) و ئارامگرو خۆڕاگرە (زوو تۆڵە لەیاخی و سوێند خۆران ناسێنیت).

وە پێغەمبەری خوایش ﷺ دەفەرمویت: "رفع عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه "[1] واتە: خوای گەورە قەڵەمی نووسینی تاوانی هەڵگرتووە لەسەر ئوممەتەکەم لە کاتی هەڵەکردن(نەزانین) و بیرچوونەوەو زۆرلیکردندا.

---

[1] رواه ابن ماجة في كتاب النكاح باب طلاق المكره والناسي برقم (٢٠٧٥) والحاكم ١٩٨/٢ و صححه الألباني في الإرواء برقم (٨٢).

### أ) كوشتنی بەهەڵە:

ئەوە ڕاستە كە كوشتنی كەسێك بریتیە لە دەستدرێژی كردن بۆ سەر دەسەڵات و فەرمانی خوای گەورە، وە دیسان ئەوەش ڕاستە كە خوای میهرەبان لەمرۆڤەكان ناگرێت ئەگەر لەكردنی كارێكدا مەبەستیان نەبێت و نەیانەوێت بیكەن و ڕووبدات. بۆیە خوای پەروەردگار چاوپۆشی كردووە لەو كردارانەی كە لە مرۆڤێكەوە دەوەشێنەوە بە هەڵە یان بیرچوونەوە یان ناچاری وزۆرلێكردن، بەڵام سەبارەت بە كوشتن بەشێوەیەكی تەواوەتی ناچێتە ژێر ئەم چاوپۆشیەوە، چونكە ناكرێت خوێنی مرۆڤێك بە فیڕۆ بڕوات بەبێ لێپرسینەوە لەگەڵ بكوژدا هەرچەندە كوشتنەكە بە هەڵەو نەزانینیش بێت، لەگەڵ جیاوازی لە لێپێچینەوەكەدا لەنێوان نەزانین و ئەنقەست لە كوشتنەكەدا.

بۆیە وەكو سووككردن و ئاسانكاریەك بۆ ئەو كەسەی كە نیەت ومەبەستی كوشتنی نیە، خوای كاربەجێ سزاكەی بەجیاواز داناوە بەبەراورد لەگەڵ كەسێكدا كە نیەت و مەبەستی كوشتن بووە، وەكو دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ

رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا (٩٢)﴾{النساء} واتە: بۆ هیچ ئیمانداریك نیە ئیمانداریکی تر بکوژێت مەگەر بەهەڵە، خۆ ئەگەر کەسێکی ئیماندار بە هەڵە ئیمانداریك بکوژێت، ئەوە دەبێت بەندەیەکی ئیماندار ئازاد بکات وخوێن باییەکەی بدات بەکەسوکاری کوژراوەکە (وەك میراتی دابەشی بکەن) مەگەر لێی ببورن ولەخوێنەکەی خۆش بن، خۆ ئەگەر کوژراوەکە لەناو قەوم و دەستەیەکدا بوو دوژمنی ئێوەبوون، بەڵام ئەو کوژراوە ئیماندار بوو، با بکوژەکە بەندەیەکی ئیماندار ئازاد بکات وئەگەر ئیماندارە کوژراوەکە لەناو قەوم و دەستەیەکدا بوو کەپەیمان لەنێوانتاندا هەبوو، دەبێت خوێنبایی بدرێت بەکەس و کاری و بەندەیەکی ئیمانداریش ئازاد بکرێت، خۆ ئەگەر بکوژەکە ئەوەی بۆ نەڕەخسا ودەستی نەکەوت (بەندە ئازاد بکات وبەندایەتی باوی نەمابوو ماڵ وسامانیشی نەبوو) ئەوە دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەرۆژو بێت، ئەمە بڕیارێکە بۆ ڕاستی ودروستی تەوبە وگەڕانەوەکەی، ئەمەش لەلایەن خواوەیە، بێگومان خوای گەورە هەمیشە وبەردەوام زاناو دانایە.

ئەگەر ئێمە وورد ببینەوە لەم ئایەتە بۆمــان دەردەکــەوێت، ئــەو ڕێگایانــەی دیاری کردووە کە بکوژی کەسێك بەهەڵە و نەزانین دەیانگرێتە بــەر بــۆ ئــەوەی دەروونی خۆی ئاسوودە بکات لەو ســزاو دڵتەنگیــەی کــە نــاخی داگیرکــردووەو ویژدانی خۆی شاد بکات سەبارەت بە لەناوبردنی کەسێك بەهەڵە، مرۆڤێك کە خوای گەورە ڕێزی لێناوەو پلەی بەرزکردۆتەوە و زیادەڕێزی داوە بەســەر هــەموو دروستکراوەکانی تریدا، و ڕزگارکردنی ئەو کەسەی لە مردن وەکو ڕزگارکردنی هەموو خەڵکی داناوە، و کوشتن ولەناوبردنیشی بە کوشــتنی هــەموو خــەڵکی سەیردەکات. لەبەر ئەمەیە کە بکوژەکە هەمیشــە هەســت بــە غــەم و پــەژارە دەکات و دڵتەنگی دایدەگرێت لە هەرشوێنێك بێت، جا خــوای میهرەبــان ئــەو ڕێگەیــەی پیشــان دەدات کــە بەهۆیــەوە دڵــی ئاوبخواتــەوەو ئاســوودەبێت و قەرەبوویەك پێشکەش بکات لــەبری ئــەو هەڵەگەورەیــەی کــە ئــەنجامی داوە، ئەوەش بە:

**یــەکــەم:** ئـــازاد کردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار لە کۆت وبەندی کۆیلایەتی، وەکو ئەوە وایە لە مــردن ڕزگــاری کردبێــت لــەبری ئــەو کەســەی کەبەهەڵــە کوشتویەتی.

**دووەم:** سووککردنی ئەو بەڵاو موصیبەتەی کەبەسەر کەس و کاری کوژراوەکەدا هاتووە، ئەوەش بەپێدانی بڕێك پارە کەپێی دەوترێت (دیە)، بەڵکو ببێتە سەرەخۆشیەك بۆیان بەلەدەستدانی کەسەکەیان.

جا ئەگەر کەس و کاری کوژراوەکە باوەڕدار بوون، و ئەو دیەیە وەرنەگرن و دان بەخۆیاندا بگرن و ئارامیان هەبێت سەبارەت بەو غەم وخەفەت و دڵتەنگیە و ئەو دیەیە بکەن بە خێرو صەدەقە و وەری نەگرن هەرچەندە مافی خۆیانیشە، ئەوا ئەو سازش و لێخۆشبوونەیان لێ وەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کەس و کاری کوژراوەکە باوەڕدار نەبوون و دوژمنایەتی و شەڕخوازیان هەبوو بەرانبەر بە ئیسلام، ئەوا دیەیان پێ نادرێت بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیە نەبێتە هاوکار و پشتیوان بۆیان بۆ دژایەتی پێ کردنی موسڵمانان، و بەردەوام بوون لە دەستدرێژی کردنیان، ئەگەریش کارەکە بەو شێوەیە نەبوو بەڵکو لە نێوان ئەوان و موسڵماناندا بەڵێن و پەیمان هەبوو، ئەوا دیەیان پێ دەدرێت، ئەمە لەکاتێکدا لە هەموو ئەو حاڵەتانەی پێشوودا کەباس کران دەبێت کەسە کوژراوەکە باوەڕدار بێت.

ئازاد کردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار واجبە لەهەموو ئەو حاڵەتانەدا، ئەگەر کۆیلەیەکی باوەڕدار دەستکەوت لای بکوژەکە، یان لای کەسێکی تر دەست

بکەوێت و ئەمیش ئەوەندە پارەی هەبێت بتوانێت بیکڕێت و دواتر ئازادی بکات. بەڵام ئەگەر هاتوو کۆیلە دەست نەکەوت یان بکوژەکە توانای کڕین و ئازادکردنی کۆیلەی نەبوو، ئەوا دەبێت دوو مانگی لەسەریەك بە ڕۆژوو بێت، و داوای تۆبەو پەشیمانی و لێبوردن لە خوای گەورە بکات سەبارەت بەو هەڵەیەی کە ئەنجامی داوە، خوایش زاناو کارسازە، ئەم کارانەش کە دەبێتە کەفارەتی ئەو هەڵەیە سوودی ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە بکوژەکە چیتر بە وریایی و ئاگاییەوە هەڵسوکەوت دەکات لەو بارودۆخانەی کە سەردەکێشێت بۆ کوشتنی بەهەڵە، هەروەکو چۆن دەبێتە پەند و وانە بۆ خەڵکانی تر لە خۆدوورخستنەوە لەو جۆرە کارانە.

## ب) کوشتنی ئەنقەست:

هیچ بڕوادارێك بۆی نیە بەئەنقەست بڕوادارێك بکوژێت، لەهەر بارودۆخێکدا بێت، مەگەر بە فەرمانی خوا نەبێت، ئەو خوایەی کە خۆی مرۆڤی بەدی هێناوەو هەرخۆیشی بەرەهایی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، جا کوشتنی کەسێك بە نارەوا (بەبێ فەرمانی خوا) لە گەورەترینی گوناهە گەورەکانە و لوتکەی تاوانەکانە، هەربۆیە هیچ دەروازەو ڕزگاربوونێك نیە لەمردن بۆ کەسێك کە یەکێك بکوژێت، چونکە ئەوە پاداشتێکی هاوشێوەیە بۆ ئەو دەستدرێژیەی کە

کردوویەتی. بۆیە دیە و رۆژو و ئازادکردنی کۆیلەی لێ وەرناگیرێت، وەکو کوشتنی بەهەڵە کە لێی وەردەگیرا، بەڵام دەشێت کەس و کاری کوژراوەکە لە حەقی خۆیان خۆش بن و دەست بەرداری ئەو مافەی خۆیان بن بەرانبەر بە بکوژەکە.

زانای گەورە ابن تیمیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هۆکاری ڕەوایەتی قصاصی ڕوون کردۆتەوەو دەڵێت: " لەڕاستیدا کەس وکاری کوژراوەکە دڵیان توند و گەرم دەبێت و پڕودەبێت لەڕق و هەستی تۆڵەسەندنەوە، بەشێوەیەك کە ئەگەر بۆیان بکرێت نەك هەر بکوژەکە بەڵکو کەس و کارەکەشی دەکوژن، یان جاری وا هەیە ڕازی نابن تەنها بە کوشتنی بکوژەکە، بەڵکو خەڵکانێکی زۆر لە ئەهلی بکوژەکە دەکوژن، وەکو گەورەی هۆزەکە و کەسانی ناودارو پایەداری عەشیرەتەکە، بەو شێوەیە سەری لە ستەم ودەستدرێژیەوە دەردەچێت، کە بکوژەکە لە سەرەتاوە دەستدرێژی کرد، ئەمانیش بەهەمان شێوە بەڵام لە دواییدا، وەکو ئەهلی نەفامێتی ئەنجامیان دەدا کەلە شەریعەت دەرچوبوون لەو کاتەدا، لە دەشتەکیەکان و جگە لەوانیش. یان جاری وا هەیە کوشتنی بکوژەکە بە ئەستەم و مەحاڵ دادەنرێت و بابەتەکە گەورە دەکەنەوە ئەگەر هاتوو بکوژەکە کەسێکی پایەدارو گەورەی ناو عەشیرەتەکە بوو و پێیان وایە لە

کوژراوەکە ڕێزدارترە و نابێت بکوژرێتەوە، ئەوەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کە کەس وکاری کوژراوەکە هەرکەسێکیان دەست بکەوێت لە ئەهلی بکوژەکە بیکوژن. بەو هۆیەوە ئەوانیش دەڕۆن هاوپەیمانێتی دەبەستن لەگەڵ هۆز و لایەنێکی تردا بۆ شەڕکردن و دەبێتە هۆی دروست بوونی ئاژاوەو دوژمنکاریەکی گەورەو لەبن نەهاتوو، لەکاتێکدا هۆکاری هەموو ئەوانەش دەرچوونە لەو دادگەریەی کە قصاصە، بۆیە خوای گەورە قصاصی لەسەر پێویست کردووین، کە بریتیە لە یەکسانی و دادگەری"[١].

تۆڵەسەندنەوە لە بکوژەکە بە کوشتنی دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئاسایش و پارێزگاری بۆ هەموان لە بڵاوبوونەوەی تاوان و ڕقی تۆڵەسەندنەوەی نارەوا، و دڵ و ناخی کەس وکاری کوژراوەکەش هێور دەبێتەوەو ئارام دەبنەوە، ملکەچی دادگەری دەبن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (١٧٩)﴾{البقرة} واتە: ئەی خاوەنانی فام و ژیری! لەم تۆڵە وەرگرتنەوەدا ژیانی خۆش و مەزنتان هەیە، ئەم یاسایە دەبێتە مایەی مانەوەی ژیانی مرۆڤ و خۆدوورگرتن لە کوشت و کوشتار، چونکە کابرای بکوژ بزانێ،

[١] الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية (٢٨/٣٧٤).

کەسیَ بکوژیَ دەکوژریَتەوە، ئیتر دەسدریَژی بۆ سەر گیانی ئەم و ئەو ناکات، بەڵکو لەبەر ئەو یاسایە لەسنوورەکانی خوا خۆبپاریَزن و تەقواتان هەبیَت.

لەپاڵ مافی خودا لە قصاصدا لە بکوژەکە، کەس وکاری کوژراوەکە دیسان مافیَکی تریان بۆ هەیە کە پیَویستە دەستی پیَوە بگرن، ئەو مافەش کەف وکوڵی ئەهلی کوژراوەکە دادەمرکیَنیَتەوە، و بریتیە لە سووربوون لەسەر جیَ بەجیَ کردنی قصاص بە کوشتنی بکوژەکە، لەگەڵ ئەوەشدا – ئەگەر ویستیان – دەتوانن چاوپۆشی لە بکوژەکە بکەن و لیَی خۆش بن، وەکو خوای گەورە دەفەرمویَت: ﴿فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ﴾{البقرة:١٧٨} واتە: جا ئەوەی چاوپۆشی شتیَکی لیَکرا لەلایەن براکەیەوە، با حەقداری کوژراوەکە چاك رِەفتاربیَت لەگەڵ بکوژەکەداو بەجوانی خویَن بەهای کوژراوەکە بدات.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " مَا زَادَ اللَّهُ عَبْدًا بِعَفْوٍ إِلَّا عِزًّا "[1] واتە: هەر کەسێك چاوپۆشی بکات و لەهەڵەی کەسانی تر خۆش بێت ئەوا خوای گەورە عیزەت وسەربەرزی بۆ زیاد دەکات لەبەرانبەردا.

وە کاربەدەست قصاصەکە جێ بەجێ دەکات ئەگەرهاتوو ئەهلی کوژراوەکە لێی خۆش نەبوون، چونکە کاربەدەست نوێنەر وجێ بەجێ کاری حدود و حوکمەکانە بەسەر خەڵکیدا. هەندێکیش پێیان وایە کە بکوژەکە تەسلیمی کەس وکاری کوژراوەکە بکەن بۆ ئەوەی حوکمی قصاصی بەسەردا جێ بەجێ بکەن، بەڵکو بە واجبیان داناوە کە بکوژ خۆی بەدەستەوە بدات، و ئامادە و ملکەچ بێت بۆ فەرمانی خوا، و ژێربار بێت بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمی خوا بەسەریدا، بۆ ئەوەی جێ بەجێ کردنەکە هاوتا بێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا.

هەریەك لە پێشەوایانی وەکو مالك و شافعی دەڵێن: تۆڵە لە بکوژ دەکرێتەوە بە هاوشێوەی ئەو جۆرەی کە کەسەکەی پێ کوشتووە، ئەگەر هاتوو

(١) رواه الترمذي في كتاب البر والصلة باب ما جاء في التواضع برقم (٢٠٢٩) و أحمد في مسندهِ (٢/٣٨٦). **وصححه الألباني** في صحيح الجامع برقم (٥٨٠٩).

ئامێری کوشتنی بەکارهێنابوو ئەوا بەکاردەهێنرێتەوە لەکوشتنەوەیدا، ئەگەر بەردێکیش بێت بەکاردەهێنرێت لە تۆڵەسەندنەوەکەدا.

بەڵام ئەبو حنیفە و هاوەڵانی دەڵێن: بکوژ بە شمشێر دەکوژرێتەوە با ئەو بەهەر شێواز و ئامێرێك کوشتبێتی.

بەڵام ئەوە بە مەرج وەردەگیرێت لە کاتی تۆڵەسەندنەوەدا لە بکوژ، کە دەبێت بکوژەکە بە ئەنقەست بێت، بالْغ بێت، ئارەزوومەندبووبێت(نەك ناچارکرابێت).

هەروەها سەرخۆش تۆڵەی لێ دەکرێتەوە چونکە (مکلف)ە، هەرچەندە بۆچوونێك هەیە دەڵێت مەست و سەرخۆش وەکو لاڵ وایە، و تۆڵەی لێ ناکرێتەوە، وە ئافرەتی دووگیان ئەگەر تاوانی کوشتنی بەئەنقەستی ئەنجام دا ئەوا تۆڵەی لێ ناکرێتەوە هەتا دوای منداڵ بوونەکەی نەبێت لەبەر ئەوەی ئەو تۆڵە سەندنەوەیە سەرنەکێشێت بۆ کوشتنی کەسێکی بێ تاوان کەلە سکیدایە.

وە ئەنجامدەری تاوانی کوشتنی بەئەنقەست، ئەگەر هاتوو کەس وکاری کوژراوەکە لێی خۆش بوون و چاوپۆشیان لێی کرد، ئەوا دوا چارەسەر و کۆتایی نیە لەگەڵیدا، بەڵکو کاربەدەست وەکو ئەدەبدانێك جۆرە سزایەکی دەدات،

ئەگەر بینیی بەرژەوەندی گشتی لەوەدایە، پێشەوا مالك و لەیس دەڵـێن: سـەد جەڵدەی لێ دەدرێت و ساڵێك بەند دەكرێت، و ئەهلی مەدینەش پشتیوانی ئەم بۆچونەیان كردووە، بەڵام هەریەك لە پێشەوایانی وەك شافعی و أحمد و إسـحاق وئەبوسەور دەڵێن: ئەوەی لەسەر پێویست نیە. هەرچەندە ئەبوسـەور دەڵێـت: " مەگەر لە كاتێكدا كە بكوژەكە ناسراو بێت بەشەڕەنگێز و خراپەكار، ئەو كاتە پێشەوا بەگوێرەی بۆچوونی خۆی ئەدەبی دەدات".

بەڵام نزیكترین بۆچوون لـە شـەریعەتی ئیسـلامیەوە بۆچـوونەكەی پێشـەوا مالكە، كە پێویستە سزایەكی بدرێت وەكو ئەدەبدانێك بۆی كە كاربەدەست بەو كارە هەڵسێت و لەحاڵەتێكدا ئەگەر كەس وكاری كوژراوەكە لە بكوژەكە خۆش بوون، ئەوەش لەبەر ئەوەی خەڵكی بەسووك و ئاسانی سەیری كوشتن نەكەن بـە تەماحی لێخۆشبوون و چاوپۆشی كردن.

## ٢- تـــۆڵەسەنـدنەوەی بـــریـــن

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ

(٤٥)﴾{المائدة} واتە: لەتەوراتدا پێویستمان کردووە لەسەریان کە بەڕاستی هەر کەسێك کەسێك بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە و چاوی یەکێك کوێر بکات دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوە ولووتی یەکێك عەیبدار بکات دەبێت لـووتی عەیبـدار بکرێتەوەو گـوێی یـەکێك ببڕێـت دەبێـت گـوێی ببڕدرێتـەوەو ددانـی یـەکێك بشکێنێت دەبێت ددانی بشکێنرێتەوەو برین و زامەکانیش تۆڵەیان بە گـوێرەی خۆیان بۆ دەسەنرێتەوە، جا ئەوەی لە تاوانبـار خـۆش بێـت، ئـەو چاوپۆشـی و لێخۆشبوونە دەبێتە کەفارەتی گوناهەکانی، بێگومان ئـەوەی حـوکم و دادوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا داییەزاندووە، ئائەوانە هەر ستەمکارن.

وە قصاصی برین و زامـەکانیش – وەکـو لـەم ئایەتـەدا هـاتووە – لەسـەر جولەکەکانیش پێویست کرابوو لە تەوراتدا، بەهەمان شێوەش لەسـەر ئێمـەی موسڵمانیش دانراوە، چونکە شەرعی پێش ئێمە دیسانەوە شەرعیشە بۆ ئێمـە، ئەگەر ئەو بڕگەیە نەسخ نەکرابێتـەوەو هەڵنەوەشـێنرابێتەوە، و دەسـتەواژەیەك هاتبێت ئاماژەی ئەوەبدات بە دەستەوە کە ئەو حوکمە ماوەو کاری پێدەکرێت و تەنها پەیوەست نیە بە جولەکەکانەوە. وە دەستەواژەکەش ڕوون و ئاشکرایە لـەم ئایەتەدا، ئەوەیە کەلە کۆتایی ئایەتەکەوە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ لَـمْ يَحْكُـمْ بِمَـا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (٤٥)﴾، بۆیە ئەم حوکمەش گشتیە.

وە دەستەواژەی تریش ئەوەیە کە خوا فەرمان دەکات بەوەی کە دەستدرێژی نەکرێت بۆ سەر هیچ کەسێك، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا﴾.

یان لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا (٩٣)﴾{النساء} واتە: هەرکەسێك بە ئەنقەست ئیمانداریك بکوژێت، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تیایدا، هەروەها خوا لێی تورە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری بۆ ئامادە کردووە.

یان دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ﴾{الإسراء: ٣٣} واتە: کەسێك نەکوژن کە خوا کوشتنەکەی حەرام کردبێت مەگەر بەهۆی تاوانێکەوە شایستە بێت و کوشتنی ڕەوابێت.

یان دەفەرموێت: ﴿فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ﴾{البقرة: ١٩٤} واتە: ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەرتان ئێوەش مافتان هەیە بە ئەندازەی دەستدرێژیەکەی ئەو تۆڵەی خۆتان بکەنەوە.

هەموو ئەو ئایەتانەی کە ڕابورد ئەوە دەسەلمێنن کە قصاص و تۆڵەسەندنەوە لەبرین و زامەکانیش دانراوە لەسەر موسڵمانەکان، وەکو چۆن پێشتر ڕەوا درابوو لەسەر جولەکە.

وە قصاص لەو تاوانانەدا دەبێت کە خوێنی تێدا دەرژێت، نەوەك تاوانی تر، ئەوەش بۆ لابردن و نەهێشتنی ڕق و کینەیە لە ناخ و دەروونی ستەم لێکراوەکە و کەس و کارەکەی، ئەوانەی کە لە بۆسەدان بۆ تۆڵە سەندنەوە لە بکەری تاوانەکە، ئەگەر هاتوو تۆڵەی لێ نەسێنرایەوە. وە هەموو خەڵکی سەبارەت بە قصاص هاوتا و یەکسانن، دەوڵەمەندیان و هەژاریان، گەورە و بەدەسەلات و لاواز و بێ دەسەلاتیان، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " الْمُؤْمِنُونَ تَتَكَافَأُ دِمَاؤُهُمْ وَهُمْ يَدٌ عَلَى مَنْ سِوَاهُمْ"[١] واتە: باوەڕداران خوێنیان یەکسانە و دەستێکن بەسەر جگە لە خۆیانەوە.

لەکاتێکدا ئەو قەرەبوویانەی کە دەدرێت بە کەس وکاری کوژراو یان بریندار جیاوازەو گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەلای دادوەرێتی مەدەنی رۆژئاوایی، بەلام هاوڵاتیان لەبەردەم شەریعەتی ئیسلامیدا چوون یەکن ویەکسانن.

---

[١] رواه أبوداود في كتاب الديات باب إيقاد المسلم من الكافر برقم (٤٥٣٠- ٤٥٣١) وأحمد في مسنده (١١٩/١). **صححه الألباني في** " صحيح و ضعيف سنن النسائي برقم : ٤٧٤٥ ".

دوور نیە دوژمنان و ناحەزانی ئیسلام هەڵوەستەیەك بکەن لە ئاست ئەم فەرموودەیەدا و وەستانێك بکەن بە تێڕامانەوە کە چۆن دادگەرێتی شەریعەتی ئیسلامی و چاکسازێتی کۆمەڵگەی موسڵمان گەیشتۆتە ڕادەیەك کە هەژار و بێ نەوا دڵنیا و ئاسوودەیە لەوەی کەسێك نیە مافی بخوات و ڕێز و کەرامەتی هیچ لاواز و بێ دەسەڵاتێکیش لەکەدار ناکرێت و بەڵکو پارێزراوە، وە چۆن ڕێز لە مرۆڤ دەگرێت لەبەر ئەوەی مرۆڤە، نەك لەبەر ماڵ وسامانەکەی یان پلەو پایەکەی یاخود پێگە کۆمەلایەتیەکەی.

## مەرجەکانی قصاص لە کاتی برین و زامدارێتیدا

بۆ ئەوەی تۆڵە لە ستەمکار و دەستدرێژکار بکرێتەوە، دەبێت تاوانبارەکە (مکلف) بێت، واتە بالغ وپێگەیشتوو بێت، وە کەسی بریندارکراو خوێنەکەی هاوتا و یەکسان بێت لەگەڵ کەسە تاوانبارەکەدا، ئەمەش لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێت وابێت، مەگەر لەکاتێکدا کەسە بریندارکراوەکە کۆیلەبێت یان بێ باوەڕ بێت، چونکە کەسی بێباوەڕ هاوتا نیە بە کەسی باوەڕدار و کۆیلەیش هاوتا نیە بە ئازاد.

دیسانەوە لە مەرجەکانی قصاص ئەوەیە کە نابێت لەکاتی تۆڵەکردنەوەکەدا زیادەڕۆیی و لەسنوور دەرچوون بکرێت و زۆرتر لە ئەندازەی برینەکە

تۆڵەبسەنرێتەوە، لەبەر ئەم ئایەتەی کە دەفـەرموێت: ﴿فَمَـنِ اعْتَـدَى عَلَـيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَـا اعْتَـدَى عَلَـيْكُمْ﴾{البقرة:١٩٤} واتـە: ئـەوەی دەسـتدرێژی دەکاتە سەرتان ئێوەش مافتان هەیە بە ئەندازەی دەستدرێژیەکەی ئـەو تۆڵـەی خۆتان بکەنەوە.

یان ئەو ئایەتەی کە دەفـەرموێت: ﴿وَإِنْ عَـاقَبْتُمْ فَعَـاقِبُوا بِمِثْـلِ مَـا عُـوقِبْتُمْ بِهِ﴾{النحل:١٢٦} واتە: ئەگەر ویستتان تۆڵە بکەنەوە، دەبێـت هەر بـە ئەنـدازەی ئەو ستەمەی لێتان کراوە تۆڵە بکەنەوە.

لەو ئایەتانەی پێشوەوە ئەوە تێ دەگەین کە دروست نیە قصاص جـێ بـەجێ بکرێت بە زیادەوە، واتە زیاد لەو ئەندازەو سنورەی کە تاوانبـار ئـەنجامی داوە، بۆیە ئەگەر زیاد لە پێویست تۆڵە کرایەوە ئەوا دەستدرێژیکارەکە بـێ تـاوان و ئەستۆپاکە لەو برە زیادەیەو بە ستەم دێتە هەژمار. هەروەها قصاص جێ بەجێ ناکرێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەتوانرا بەو ئەندازەیە تۆڵەبکرێتەوە مەگـەر بـە زیادەوە نەبێت، لەم کاتەدا حوکمی قصاص دەوەستێنرێت وەکو رێزێك بۆ پاکی و بێتاوانی ئەو ئەندام و بەشە زیادەیە.

هەروەها دەبێت لەکاتی قصاصی برین و زامدارێتیدا، دەستدرێژی کردن و بریندارکردنەکە بە ئەنقەست ڕووی دابێت، نەوەك بە هەڵەو نەزانین، چونکە لەکاتی هەڵە و نەزانیندا قصاص جێ بەجێ ناکرێت، ئیتر دەستدرێژیەکە بۆ سەر گیان بێت یان خوارتر. هەروەکو چۆن دەبێت قصاصەکە گونجاو بێت، و لەبارێت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو حوکمە، و ترسی لەناوچوونی گیانی تێدا نەبێت، ئەگەر هاتوو ترسی ئەوە هەبوو ئەوا قصاص جێ بەجێ ناکرێ و بەڵکو لەبری ئەوەدا دیە دەدرێت، وەکو لەکاتی شکانی ئێسکی مل، و بڕبڕەی پشت، و سنگ، و ڕان و هاوشێوەکانی.

وە دروست نیە قصاص جێ بەجێ بکرێت بەسەر ئافرەتی دووگیاندا پێش ئەوەی منداڵەکەی ببێت، ئیتر لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا دووگیان بووبێت یان دواتر. وە قصاصەکە لە گیان بێت یان ئەندامەکان، چونکە ئەنجامدانی قصاص لەو کاتەدا دەبێتە هۆی زیان گەیاندن و ستەم کردن لەو منداڵەی کەلە سکیدایە و ئەوەش دەستدرێژی کردنە بۆ سەر کەسێکی بێ تاوان و لەشەرعدا دروست نیە.

ئەگەر ترسی ئەوە هەبوو لەکاتی جێ بەجێ کردنی قصاصەکەدا تاوانبار بمرێت بەهۆی سەختی سەرما یان گەرماوە، ئەوا لەوکاتەدا قصاصەکەدا

دوادەخرێت بۆ کاتێك کە گونجاو بێت لەڕووی کـەش وهــەواوە بـۆ تاوانبارەکـە، بەشێوەیەك کە ترسی مردنی تاوانبارەکەی لێ نەکرێت، چونکە گیانی کەسـێك نابێت لەناوببرێت لەبەر ئەندامێکی لاشە.

بۆیە قصاص جێ بەجێ دەکرێت لە هـەموو ئـەو حاڵەتانـەی کـە گونجـاوەو مەترسی گەورەتری لێ ناکرێت، ئەوەش کەلە تواناد‌ا نەبوو یان نـەتوانرا وەکـو خۆی جێ بەجێ بکرێت، ئەوا جۆرە سزایەك دەدرێت وەکو ئەدەبدانێك، نموونـەی ئەوانەی کە دەتوانرێت قصاصی بەسەردا جێ بەجێ بکرێـت وەکـو: چـوارپەل، دەست، قاچ، لاق، گوێ، لووت، چاو، پێڵو، ددان، زمان، لـێـــو.

بەڵام زانایان یەکدەنگن لەسەر دروستێتی چاوپۆشی ولێبوردن، و دەڵێن: ئەوە چاکـتـرە، لەبەر ئەم ئایەتە: ﴿فَمَنْ تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ﴾.

وە ئەنەسی کوڕی مالك رضي الله عنه دەڵێت: " مَا رَأَيْتُ رسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رُفِعَ إِلَيْهِ شَيْءٌ فِيهِ قِصَاصٌ إِلَّا أَمَرَ فِيهِ بِالْعَفْوِ "[1] واتـە: نـەمبینیوە

---

[1] رواه أبوداود في كتاب الديات باب الإمام يأمر بالعفو في الدم برقم (٤٤٩٧) وأحمد في مسنده (٢١٣/٣). أورده أبوداود بهذا اللفظ: " مَا رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رُفِعَ إِلَيْهِ شَيْءٌ فِيهِ قِصَاصٌ إِلَّا أَمَرَ فِيهِ بِالْعَفْوِ" ( **وصححه الألباني** في صحيح و ضعيف سنن أبي داود).

شتێکیان هێنابێ بۆ لای پێغەمبەری خـوا ﷺ کـە قصاصـی تێـدابێت ئـیلا فەرمانی کردووە بە لێخۆشبوون تێیدا.

## تــــــۆبــــەکـــــردن

شەریعەتی ئیسلامی دەرگای خستۆتە سەر پشت بۆ تۆبەو پەشیمان بوونـەوە لە تاوان و گونـاه، ئـەوەش لەبـەر ئـەوەی دەرگـای شـەڕو خراپـە داخرێـت، و تاوانبارەکە بە تۆبەکردنەوە دەمێنێتەوە دوای ئەوەی پاداشتی خـۆی وەردەگرێـت ئەگەر هاتوو نیەتی پاك وبێگەرد بوو بۆ خوای پەروەردگار.

گێڕراوەتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویـەتی: " إن السـارق إذا تـاب سبقته يده إلى الجنة، وإن لم يتب سبقته يده إلى النار" واتە: ئەگەر دز تۆبە بکات ئەوا دەستی پێشی دەکەوێت وبۆ بەهەشتی دەبات، و ئەگـەریش تۆبـە نـەکات ئەوا دەستی پێشی دەکەوێت و بەرەو ئاگـــری دەبات.

وە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْـرَكَ بِـهِ وَيَغْفِـرُ مَـا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ﴾{النساء: ١١٦} واتە: بەڕاستی خوا خۆش نابێت لـەوە هـاوەڵ

وشەریکی بۆ بڕیار بدرێت و جگە لەو هاوبەش دانانە لە گوناهانی تر بۆ هەرکەس بیەوێت و شایستە بێت و (پەشیمان بێت) خۆش دەبێت.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (٥٣)﴾{الزمر} واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: خوا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم ... ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووەو هەڵەتان زۆرە، نا ئومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تۆبەی ڕاست دروست بکەن، خوا لە هەموو گوناهو هەڵەکانتان خۆش دەبێت، چونکە بێگومان ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو لێبوردەیە و زۆر بە سۆز و میهرەبانیشە.

دەی ئایا ئیتر دوژمنان و ناحەزانی ئیسلام – لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستیانەی کە باسکرا- دەرچە و دەروازەیەك دەدۆزنەوە بۆ ڕکابەری کردنی ئیسلام، و بانگەشە کردن بۆ ئەوەی کە گوایا ئیسلام توندە بەرانبەر بە مرۆڤایەتی و بێ ڕەحم وبەزەیی و ڕەقە بەرانبەری؟ ئایا دەرگاکانی سۆز و میهرەبانی نابینن کە کراوەیە و لەسەرپشتە بۆ گشت مرۆڤایەتی و تەنانەت تاوانبار و گوناهبارانیش، دەتوانن و بۆیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ ئامێزی کۆمەڵگەو

سەرلەنوێ ببنەوە بە ئەندامێکی سوودبەخش و تاکێکی بێ زیان، ئەو مافەی بۆ خەڵکی تر هەبێت بۆ ئەمانیش هەیە و ئەو ئەرکەشی لەسەر شانی ئەوانی تر بێت لەسەر ئەمانیشە. وە ئەو دەستدرێژی و لادانەیان کە لێیان وەشاوەتەوە دەرهەق بە کۆمەڵگەکەی خۆیان هەموو دەرگا داخراوەکانی ژیانێکی شەریفانەیان بەڕوودا دەکاتەوە، و بەو شێوەیە هاوتا و یەکسان دەبن لەگەڵ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەکەدا.

لەڕاستیدا من بانگەوازێکی دڵسۆزانە ئاراستە دەکەم لە پێناو شارەزا بوون ولێکۆڵینەوە لە مەشخەڵ و ڕێنماییەکانی ئیسلامی ڕەسەن، و دەست پێوەگرتنی بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی جیهانی باشتر بێتەکایەوەو ژیانێکی مرۆڤانەی سەلامەتتر و ئارامتر بوونی هەبێت.

# بەشی شەشەم

# ئا ئەمەیە ئیسلام

## لە کۆتاییدا ئا ئەمەیە ئیسلام:

لە ڕاستیدا پێویستە ئەوە بزانرێت کە مەرج نیە هەموو ئەوانەی خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام کار بە هەموو ئەحکام و بڕیار و ڕێنماییەکانی بکەن بەگوێرەی ئەو بنچینە و بنەمایانەی کە دانراوەو زانراوە. جگە لەوەش ئیسلام هەندێك جار لێرەو لەوێ بە کارو کردەوەی هەڵەی موسڵمانان وەصف دەکرێت، هەربۆیە ئێمە لەم شیکردنەوەیەماندا هەوڵ دەدەین ئەحکام وپرەنسیپەکانی ئیسلام ڕوون بکەینەوەو بیانخەینە ڕوو، نەوەك بەرگری کردن لە پێشێلکاری و بەهەڵەپیادەکردنەکانی موسڵمانان.

پاش ئەوەی ڕووبەڕوی چەند خاڵێکی گەرم و مشت ومڕئامێز بووینەوە، کە بەهۆیانەوە ناحەزان تیری ڕەخنەو گومان ئاراستەی ئیسلام دەکەن، و ئێمەش بە پشتیوانی خوا ڕاوبۆچوونی دروست و تەواومان لەوبارەیەوە خستەڕوو، سەبارەت بە پوچەڵی و ناڕەوایەتی ئەو گومان و تۆمەتە هەڵبەستراوانە، ئەوەش بە پشت

بەستن بە بەڵگەی قورئـان و سـوننەت و پاشـان بەڵگـەی عـەقڵ و ژیـری بـۆ کەسانێك کە بیربکەنەوەو تێڕامێنن، وا ئێستاش بەئەرکی خۆمانی دەزانـین کـە زۆر بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێك لەو پرەنسیپانە بکەین کـە ئیسـلامی لەسـەر وەستاوە، بۆ ئەوەی تازە پێگەیشتوانمان لێی تێ بگەن و ئەوانەش کـە فریویـان خواردووە بە بانگەشەو پڕوپاگەندەی دوژمـنان دڵئارام بن وگومانیان نەمێنێت، و تۆز و خۆڵی گوماناویش لەسەر دڵ و چاوی ئەوانەش بڕەوێتەوە کە گاڵتەکردن بە هەموو جوانی وڕەوایەتیەك مەستیان دەکات و سەرسام دەبن پێی و لەهەوڵی ڕوخاندنیدان. بۆ ئەوەی ناحەزان و ئەوانـەی چـاویان بـە ڕوونـاکی و ڕاسـتڕەوی ئیسلام هەڵنایەت بزانن کە ئەوان هەرگیز بە ئاوات و ئامانجی خراپـی خۆیـان ناگەن لەو فێڵ و پیلان و نەخشە دوژمنکاریانەی کە بۆ ئیسلام و موسڵمانانی دەکێشن، مەگەر بە کردنەوەی ئاگرێك نـەبێت کـە هـەم ئـەوان بسـووتێنێت و هەمیش ببێتە مەشخەڵێك بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگا بۆ موسـڵمانان و بەهۆیـەوە گەنجینە لەبن نەهاتووەکانی ئیسلام بدۆزنەوەو چاویان ڕوون بێتەوە بە ئیسـلامە ڕەسەنەکە، ئەو ئاینەی کە کۆتایی بە هەموو پەیامە ئاسمانیەکان هێنا.

جا ئەو پرەنسیپانەی کە ئیسلامی لەسەر ڕاوەستاوە کۆڵەکەگەلێکی جێگیر و دامەزراون، قایم کراون بە ستوونی حەقیقەتی بەڵگەنەویست، بەشـێوەیەك کـە

هەتاوەکو گفتوگۆو مشتومڕی لەسەر بکرێت زیاتر ڕوون دەبێتــەوەو ئاشــکراتر دەبێت، و هیچ شتێکیش نیە کە ڕێگربێت لە تیشك و ڕووناکیەکەی و بەری لێ بگرێت. ئا ئەم پرەنسیپانەش بریتین لە نهێنی هێز و جوانی ئیسلام، و ئەمانەیە کە پشتیوانی دەبەخشنە هزرو فکری مرۆڤایــەتی بــەرەو ئاســۆی پێشــکەوتن و گەشەسەندن بەشێوازێك کە هەرگیز نەوەستێت بــەردەوام بێــت بــە بــەردەوامی هەبوونی ژیان لەسەر ئەم زەویە، ئەوە بەسە کە وڵاتــانی پێشــکەوتوو لــەڕووی فیکریــەوە، بڕێکــی زۆری پرەنســیپ و ئاکــاری ئیســلامیەکانیان بــۆ خۆیــان بەکارهێناوەو بەسەر گەلەکانیاندا پەیڕەوی لێ دەکەن و دەرچــوون لێیشــی بــە لادەر و سەرلێتێکچوو لەقەڵــەم دەدەن، جگــە لــەوەش ئــەوە بەدەســتکەوتێکی مەزنی دەزانن، ئەم ڕاستیشە وەکو پشتگیری کردنێك لەو پێشکەوتنەی ئیســلام کە زیاد لە هەزارو چوارسەد ساڵە پێشیان کەوتووە.

بۆنموونە سیستەمی دیمۆکراسی و ئەو وڵاتە ڕۆژئاواییانەی کە شــانازی پێــوە دەکەن لەم سەردەمەی ئێستاماندا، ئەو لایەنە ئەرێنیانە و چاکەخوازیانەی کــە دەدرێتەپاڵ ئەو سیستەمە، ئیسلام زۆر لە مێژە پێش ئــەو بابەتانــە کــەوتووە و ئەو باسانەی ورووژاندوەو گەلاڵەی کردوون لە چوارچێوەی بڕگەیەکــدا کــە پێــی دەوترێت (سیستەمی شورا) یاخود پرس و ڕاوێژ یان جاڕنامەی جیهانی مــافی

مرۆڤ کە لە پاش شۆڕشی فەرەنسی ڕاگەیەنرا، لەڕاستیدا کۆمەڵە مافێکن کە (زۆربەیان) ئیسلام لە زووەوە دانی پێدا ناون و بەرجەستەی کردوون.

هەروەها ئەو چواردە پرەنسیپەی کە بە پرەنسیپەکانی ولسۆن ناسراون (یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) کە لە ساڵی (١٣٣٤هـ – ١٩٩٤ ز) ڕاگەیەنرا، لە هەمان ئەو پرەنسیپانەن کە ئیسلام پێش (١٤) سەدە ڕای گەیاندبوون.

زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین بەدڵنیاییەوە گشت ئەو ئاکارو پرەنسیپ و سیستەمانەی کە مرۆڤایەتی باوەشی بۆ دەکاتەوەو لایەنەچاکەکانی دەردەکەون و سوود و بەرژەوەندی مرۆڤی تێدا بێت، لە ئایندەیەکی دوور بێت یان نزیك، لە ئیسلامدا هاتوون و باسیان لێوە کراوە.

وا ئێستا بە کورتی دێینە سەر باسی ئەو پرەنسیپ و بەها باڵایانەی کە خاوەن کاریگەرین لە ڕێکخستن و چاککردنی کاروباری ژیانی مرۆڤایەتی، و یارمەتی دەر و هۆکاری پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیین.

## ١- ئیسلام ڕێز لە مرۆڤایەتی دەگرێت

مرۆڤ یەکێکە لە نیشانە و پەرچووەکانی (معجزە) خوای گەورە لەسەر زەویدا، و خوای میهرەبان زێدەڕێزی لێ ناوەو ڕێزداری کردووە بەسەر زۆرێك لە دروستکراوەکانی خۆیدا، و پلەوپایەیەکی بەرز و بالاَی پێ بەخشیوە، بۆیە پرەنسیپە ئیسلامیەکان مرۆڤ دەپارێزن لە ستەم و دەستدرێژی و چەوسانەوە، و پاك ڕای دەگرن و دووری دەخەنەوە لە تاوانەکانی ژێردەستەیی و کۆیلایەتی، و دەیخاتە ئەو شوێنەی کە شایەن و شایستەی بەرزی و پیرۆزی ئەو بێت، ئەو شوێنەی کە خوای کاربەجێ بۆی دیاری کردووە، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا (٧٠)﴾{الإسراء} واتە: سوێندبەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لەنەوەی ئادەم گرتووە وبەسەر وشکانی و دەریادا (بەجۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت وچاکی جۆراوجۆر بەهرەوەرمان کردوون (لەخۆراك و پۆشاك وماڵ و ناوماڵ و ...) بەڕاستیی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لەهەموو ڕوویەکەوە تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن).

کاتێك یەکەم ئایەت لە قورئان دابەزی هەر لەو ساتەوەختەوە بڕیاری یەکسانی نێوانی مرۆڤەکانی دا، و ڕای گەیاند کە جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا

نیە بە هۆی ڕەگەز و ڕەنگ، وەکو دەفەرموێت: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢)﴾ {العلق} واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە، و ئادەمیزادی لەچەند خانەیەکی هەڵواسراو (لەناو منداڵداندا) دروست کردووە.

بەم ئایەتە ئەو بانگەوازەی ڕاگەیاند کە خوای بەدی هێنەر تەواوی مرۆڤەکانی لە تاکە ماددەیەك دروست کردووە ئەویش پێی دەوترێت (العلق) واتە خوێنپارە، لەگەڵ جیاوازی زمان ورەنگ و ڕەگەزیان، ئەمەش بێدارکردنەوەو ئاماژەیەکە بۆ خاوەن مێشکە زیندووەکان بەوەی کە خوای گەورە داوا لەسەرجەم بەندەکانی دەکات هاوسەنگی و یەکسانی ڕابگرن لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتردا مادام بنەچەو بنەڕەتیان یەکە. ئا بەوەش دادگەری بلاودەبێتەوە و گوێڕایەڵی بۆ تەنها خوا دەکرێت، و ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمانی دەکرێت، و خێرو چاکە پەرەدەسێنێت لەبەرژەوەندی گشتیدا، و کاردەکرێت بۆ بەختەوەری و خۆشبەختی مرۆڤایەتی، و زیندووکردنەوەو ڕزگارکردنی ئادەمیزاد، و ئەوەش تەنها شتێکە کە ڕێزی مرۆڤەکانی پێ جیادەکرێتەوە بەسەر یەکتریدا لەلای بەدی هێنەریان ( ئەو خوایەی کە کاروباریانی بەدەستە).

لە ڕاستیدا ئیسلام زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر پرەنسیپی یەکسانی و دادگەری لەنێوان خەڵکیدا بە شێوەیەك کە هیچ گومان و دوودڵی و لێکدانەوەیەك هەڵناگرێت، ئەوەش لە بابەتی ئەرك و مافەکاندا بەلاَم بەڕێزترینیان بریتیە لەو کەسەیان کە لە هەموویان خۆپارێزتر و لەخواترسترو بۆ خواصوڵحاوترە، ئەم بڕیار و ڕێسایەش لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صحیحی پێغەمبەری خوادا ﷺ بەڕوونی و ڕاشکاوی.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ﴾{النساء:١} واتە: ئەی خەڵکینە لە خەشم ونارەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لەتاکە نەفسێك دروست کردووە.

یان دەفەرمویت: ﴿وَهُوَ الَّذِي أَنْشَأَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ﴾{الأنعام:٩٨} واتە: هەر ئەو زاتە ئێوەی بەدی هێناوە لەتاکە کەسێك.

یان دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (١٣)﴾{الحجرات} واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروست کردووە ( کەباوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بە

چەندەها تیرەو گەل و هۆزی جۆربەجۆر، تایەکتر بناسن وپەیوەندیتان خۆش بێت پێکەوە ... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانن کە زۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری ئەوە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بە هەمووان.

یاخود پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمویت: "كُلُكُمْ لِآدَمْ، وَ آدَمْ مِنْ تُرَاب"[1] واتە: هەمووتان لە باوکە ئادەمەوە دروست کراون و ئادەمیش لە خۆڵەوە.

یان لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: " لَا فَضْلَ لِعَرَبِيّ عَلَى عَجَمِيّ، وَلَا لِعَجَمِيّ عَلَى عَرَبِيّ، وَلَا لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ، وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ، إِلَّا بِالتَّقْوَى"[2].

واتە: فەزڵی عەرەبی نیە بەسەر غەیری عەرەبییەوە، و غەیرە عەرەبیش بەسەر عەرەبییەوە، و فەزڵی پێست سوور نیە بەسەر ڕەش پێستەوە و ڕەش پێستیش بەسەر سوور پێستەوە مەگەر بە تەقوا نەبێت.

---

[1] رواه الترمذي في كتاب المناقب باب فضل الشام واليمن برقم (٣٩٥٥) ، ولكن جاء بهذا اللفظ : " ... الناس كلهم بنو آدم و آدم خلق من تراب" **وقال الألباني في صحيح الترغيب : حسن صحيح.**

[2] رواه البيهقي في شعب الإيمان برقم (٤٧٧٤) و **حسنه الألباني في الصحيحة برقم (٢٧٠٠).**

ئەمەش مانای ئەوە نیە ئەو پلەبەندیەی کە خوا بەهەندێکی بەخشیوە و جیاوازن لەیەکتری قەدەغەیەو نابەجێیە، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا﴾{الزخرف: ٣٢}

واتە: لە ژیانی دونیادا پلەوپایەی هەندێکمان بەرز کردۆتەوە بەسەر هەندێکیاندا، بۆ ئەوەی هەمووان کاروباری یەکتر تەواوبکەن وکەڵك لە توانا و لێهاتوویی یەکتر وەربگرن.

چونکە خەڵکی جیاوازن لە توانای عەقڵی و ئەندامی و هێزو توانایانەوە، وەکو چۆن جیاوازن لە بەکارهێنانی ئەو هێزو لێهاتووییانەی کە خوا پێیانی بەخشیوە، ئەوە وای کردووە کە هەندێك دەوڵەمەند بن، هەندێك زاناو بیرتیژبن، و هەندێك زاڵ بن بەسەر دەروونی خۆیاندا، بەڵام هەموویان بەرانبەر بە خوا یەکسانن، بەرانبەر بە شەرعیش بەهەمان شێوە.

**بەو کەسانەی کە درۆ و بوهتان هەڵدەبەسن بۆ ئیسلام دەڵێین:** وا ئێوە بەچاوی خۆتان سووربونی ئیسلامتان بینی سەبارەت بە یەکسانی نێوان خەڵکی، و بانگەوازی ئەوتان بیست بۆ جیاوازی نەکردن بەهیچ شێوەیەك لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و زمان. جا ئایا ئەم پرەنسیپە لە کوێی

ولاّتە شارستانیەتەکانی ئەمڕۆدایــە کــە چــەند دەمــارگیرن دەربــارەی ڕەگــەز و خۆبەگەورە زانن بەرانبەر بەوانی دی، و دابــەش کردنــی جیهــان بــۆ دووبــەرە و دووبەش: ولاّتانێك کە تــالاّنی بکــرێن و بــەزۆر خێــرو بەروبومــەکانیان ببرێــت وبخورێــت، ولاّتانێکی تری تالاّنچی و زلهێــز، کــە بــەڕەوای نــابینن ئــەو خێــرو نیعمەتانەی کە خوا بەخشیویەتی بەو ولاّتانە بۆ خۆیان بیخۆن و بەکاری بهێنن، بەڵکو دەستی بەسەردا دەگرن و لاوازی دەکەن و دەیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، و ئاودیوی دەکەن.

ئینگلیزەکان دەمارگیرن بۆ ڕەگــەزو نەتــەوەی ئینگلیــز و بەچــاوی ســووك و کەمەوە سەیری ئەوانی دی دەکەن، ئەڵمانی و فەرەنسی وئیتالیــەکان هــەرکات ولاّتێکیان داگیر کردبێت، لەدەرئەنجامی ئەو هەســتە دەمارگیریــەیان بــووە کــە هەیانبووە بەرانبەر بە ولاّتانی تر و بــە خــراپترین شــێواز بــەکاریان هێنــاون و کەرامەت و مرۆڤبوونیان ژێرپێ خستووەو زەلیل و ژێردەستەیانیان کردووە.

ئایا دوو جەنگە جیهانیە وێرانکەرەکەمان بیرچــوویەوە، کەبــەهۆی تــەماح و زێدەخوازی ولاّتە ئەوروپیەکانەوە بوو بۆ داگیرکردن و بەکارهێنانی خێراتی گەل و ولاّتانی ڕۆژهەلاّت، و کردنیان بە سووتەمەنی شەڕ بەبێ بەزەیی و مەردایەتی و دادگەری؟

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو وڵاتەی کە پەیکەری ئازادی لە نیویۆرك بەرزکردۆتەوە و بە سیمبول و هێمای ئازای و سەربەستی وێنای کردووە، کەچی بە ملیۆنان هاوڵاتی خاوەن ڕەنگ و ڕەگەزی جیاواز دەچەوسێنرێنەوەو مامەڵەی هاوڵاتی پلەیەکیان لەگەڵدا ناکرێت، وتەنانەت پۆستی سەرۆکایەتی لەو وڵاتەدا نەدەبوو جگە لە کۆمەڵێکی دیاری کراو زیاتر کەس خۆی بۆ کاندید بکات.

**وە بۆ ئەوەی هیچ کەس ئەو واقعەی کە موسڵمانانی ئەمڕۆی تێدایە بەبەڵگە نەهێنێتەوە بۆمان، دەپرسین:** ئایا ئەو موسڵمانانەی کە ئێوە دەتانەوێ بارودۆخ و واقعیان بکەن بە شاهێد بەسەرمانەوە، دەستیان گرتووە بە ئیسلامە ڕەسەنەکەوە و پابەندن پێیەوە؟

وە ئایا دواکەوتوویی و لاوازیان لەهەربوارێکەوە، بەهۆی ئیسلامەوە بووەو ئیسلام داوای کردووە؟

ئەگەر یەکێك لەو وەڵامانە بەڵێ بوو، ئەوا هێرش کردنە سەر ئیسلام ڕەوایە و ئاینێکی خراپە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئیسلام دوور و بەریئە لەهەموو ئەو پاشکەوتن و لاوازیەی کە تووشیان بووە. وە ئەوانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ

ئیسلام وەکو ناو بەڵام دوورن لێیەوە وەکو خواپەرستی ڕاستەقینەو واقع، ئەوانە خودی خۆیان بەڵگەی ڕوون و ئاشکران لەسەر دروستێتی ئیسلام و پاکی و ڕاستی پرەنسیپەکانی، و گونجاوی ڕێنماییەکانی بۆ هەموو خەڵکی لە گشت کات و شوێنێکدا، جا ئەو کەسەی هەرچەند دووربکەوێتەوە لێی، یان خۆی بکاتە نەزان و نەفام لێی، ئەوا خوای گەورە زەلیلی و سەرشۆڕی لەسەری نووسیوەو، هەرپشك و بەشێکی بەربکەوێت لە دونیادا تاکۆتایی بەدەستیەوە نامێنێت و زلهێز و ستەمکارەکان لەبندەستی دەری دەهێنن.

وە ئەگەر موسڵمانان بەڕاستی و دڵسۆزی داوای هاوکاری و کۆمەکی لەپەروەردگاری خۆیان بکەن و تەنها پشت بەو ببەستن و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن و دووربکەونەوە لە قەدەغەکراوەکانی، بەدڵنیاییەوە سەریان دەخات، و لە زەویدا دامەزراو دەسەڵاتداریان دەکات و ڕزق و رۆزی زۆریان بەسەردا دەبارێنێت لەلایەکەوە کە بەخەیاڵیاندا نەیەت، و ئەو لاوازی و ژێردەستەییەی کە تێیدان بۆیان دەگۆڕێت بۆ سەربەرزی و دەسەڵاتداریتی، و ترس و بیمیان دەگۆڕێت بۆ ئارامی و دڵنیایی، و دەیانکات بە چاکترینی ئومەتێك کە بۆ خەڵکی سەر زەوی دەرهێنرابێت تا ئێستا وەکو بەڵێن و پەیمانی پێ داون بەڵام بەو مەرجانەی کە خوای پەروەردگار بۆی داناون و دەفەرموێت:

﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ﴾{آل عمران: ١١٠} واتە: ئێوە باشترین ئوممەتێکن کەبۆ قازانج وکەڵکی خەڵکی وسوودپێ گەیاندنیان هێنرابنەکایەوەو بەدی هێنراون، بەوەی کە فەرمان دەکەن بەچاکەو ڕێگری دەکەن لەخراپە وباوەڕتان بەخوداو بەفەرمایشتی ئەو هەیە.

بەڵام دوورکەوتنەوە لەم ڕێباز و ڕێگاڕاستە ئەوە بەسەر موسڵماناندا دەهێنێت کە ئەمڕۆ بەسەریاندا هاتووە و دەیبینین کە تەنانەت ئەو وڵاتانەی خۆیانیش دەدەنە پاڵ ئیسلام، کار بە سەرچاوەکانی ئیسلام ناکەن کە قورئان و سوننەتی صحیحە.

ئێمە لەباسکردنی ئەم پرەنسیپە ئیسلامیانەدا هەوڵ دەدەین بنچینەو بنەڕەت و ڕێنماییە ڕاست و دروستەکانی ئیسلامی ڕەسەن ڕوون بکەینەوەو پێش چاوی خەڵکی بخەین، نەوەك بەرگری کردن لەو واقعە تاڵ و بەئازارەی هەندێکی زۆر لە موسڵمانان کەلە ئەنجامی پابەند نەبوونیانەوە بە ڕێنمایی و فەرمایشتەکانی ئیسلامەوە هاتۆتە کایەوە.

## ٢- ئیسلام ڕێـــز لە عـەقــڵ دەگـرێـت

ئیسلام لەسەر باوەڕپێ هێنانی ئارەزوومەندانە ڕاوەستاوەو بونیاد نراوە، واتە قەناعەت پێ هێنان، وەکو دەفەرموێت: ﴿لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنْ الغَيِّ﴾ واتە: بەهیچ جۆرێك زۆرکردن نیە لەوەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بکرێت ودین بەزۆر نادرێت بەسەرکەسدا) چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاك ودروست ڕوون وئاشکرا بووەو جیابۆتەوە لەگومڕایی وسەرکەشی.

وە قەناعەت پێ هێنانیش دەرئەنجامی بیرکردنەوەیەکی قووڵی ئازادانەیە. ئەو ئیسلامەی کە ڕێزی لە مرۆڤایەتی گرتووە بەهەمان شێوە ڕێزی لە عەقڵ و ژیریش گرتووە کەبەهۆیەوە بیردەکاتەوەو تێڕامان دەکات، و جیای کردۆتەوە لەهەموو دروستکراوەکانی تر، هەربۆیە ئەو کەسەی بەکارهێنان و بەگەڕخستنی عەقڵی پشتگوێ دەخات و پەکی دەخات، ئەوە پلەوپایەی مرۆڤایەتی خۆی لەدەستداوە، خۆی خستۆتە یەك ئاست لەگەڵ ئەو دروستکراوانەی خوا کە عەقڵی پێ نەبەخشیون و بیرناکەنەوە، و خۆی بێ بەش کردووە لە بەهای بوونی خۆی، و کردوویەتی بە ئامێرێکی بێ هەست و بێ گیانی ژێربار. وە ماڵ و سامان جێگەی عەقڵ ناگرنەوە لەبەکارهێنان و

بەگەڕخستنی لەپێناو بیرکردنەوەو وردبوونەوە لە گەردوون، و ناوازەیی دروستکراوەکانی خوای کارزان و کاربەجێ، و نهێنی ئەوەی کە خوا فەرمانمان پێ دەکات لە بیرکردنەوە لێی، و بەخشینی تەواوی ئەو نیعمەتانە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ و خزمەت کردنی. لە قورئانیشدا ئاماژە کراوە بۆ ووشەی بیرکردنەوە بەشێوەی ﴿تتفكرون﴾ یان ﴿يتفكرون﴾ ١٦ جار، و ئاماژەشی کردووە بۆ بەکارهێنانی عەقڵ بەشێوەی ﴿تعقلون﴾ یان ﴿يعقلون﴾ ٤٨ جار.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " لا يكونن أحدكم إمعة، يقول إنا مع الناس، إن أحسن الناس أحسنت، وإن أساءوا أسأت، ولكن وطنوا أنفسكم، إن أحسن الناس أن تحسنوا، وإن أساءوا أن تتجنبوا إساءتهم "[1] واتە: با کەستان نەڵێت من لەگەڵ تێکڕای خەڵکیدا دەبم، ئەگەر خەڵکی چاك بوون وچاکەیان هەبوو ئەوا منیش چاکە دەکەم، و ئەگەریش خراپ بوون منیش خراپ دەبم، بەڵکو خۆتان ڕابهێنن لەگەڵ چاکەکردن و ئەگەر خەڵکی چاکەیان

[1] رواه الترمذي عن حذيفة في كتاب البر و الصلة بلفظ: " لا تكونوا إمعة تقولون إن أحسن الناس أحسنا وإن ظلموا ظلمنا ولكن وطنوا أنفسكم إن أحسن الناس أن تحسنوا وإن أساءوا فلا تظلموا" برقم: (٢٠٠٧) قال الترمذي هذا حديث حسن غريبلا نعرفه إلا من هذا الوجه، وهو حديث ضعيف. و ضعفه الألباني في ضعيف نقد الكتاني ( ٢٦ ) ، المشكاة ( ٥١٢٩ )، ضعيف الجامع الصغير ( ٦٢٧١ ).

کـرد ئێـوە چـاکەبکەن و ئەگـەریش خراپـەیان ئـەنجام داو خـراپ بـوون ئێـوە دووربکەونەوە لە خراپەکانیان.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاروبارە پەرستشیەکاندا نەبووایە کە وەحـی بـۆ دەهات لەلایەن خوای گەورەوە، هەرگیز پەیوەست نەدەبوو بـە بۆچـوونی تـەنها خۆیەوەو ڕای خۆی بەتـەنها پەسـەند نـەدەکرد، بـەڵکو گـوێی بـۆ بۆچـوون و پێشنیاری هاوەڵانی دەگرت و دروست ترینیانی دەستنیشان دەکرد و هەڵدەبژارد، ئەوەش وەکو گوێڕایەڵیەك بۆ فەرمانی خوا بۆی کە دەفەرمویێت: ﴿فَبِمَـا رَحْمَـةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَـاعْفُ عَـنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَـى اللَّـهِ إِنَّ اللَّـهَ يُحِـبُّ الْمُتَـوَكِّلِينَ (١٥٩)﴾{آل عمران} واتـە: کـەوابوو ئـەی پێغەمبـەر ﷺ بـەهۆی ڕەحمەتی خواوەیە تۆ نەرم و هێمن بوویت لەگەڵیاندا، خۆ ئەگەر توڕە و قسەڕەق و بـێ بـەزەیی بوویتایـە، ئـەوە هـەموو لـە دەورت بڵاوەیـان دەکـرد، کەواتـە چاوپۆشیان لێ بکە و لێیان ببـورە و داوای لێخۆشـبوونیان بـۆ بکـە، لـەکارو پێشهاتەکاندا پرس و ڕایان پێ بکـە، ( دوای مشـورەت و پـرس و ڕا) ئەگـەر بڕیارت دا کارێك ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدەو پشت بە خـوا ببەسـتە، چـونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە پشتی پێ دەبەستن.

**وە نموونەی واقعی و بەرجەستە زۆرن کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێزی لە بۆچوونی هاوەڵانی گرتووە، لەوانە:** کاتێك کە ویستی کاتێکی دیاری کراو دابنێن بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە کاتی هاتنی نوێژەکان، پرس و ڕای بەهاوەڵانی کرد و بۆچوونی پێشەوا عومەری پەسەند کرد لەوەی بانگ بدرێت، و دواتریش وەحی پشتگیری ئەو بۆچونەی کرد و سەلماندی[١].

وە هەروەها سەبارەت بە دیلەکانی شەڕی بەدر، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچوونی پێشەوا ئەبوبکری پەسەند کرد، بەڵام دواتر خوای گەورە سەرزەنشتی پێغەمبەری کرد و پشتیوانی لە بۆچوونەکەی پێشەوا عومەر کرد[٢].

وە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچوونی هاوەڵی بەڕێز سەعدی کوڕی مەعازی پەسەند کرد سەبارەت بە دروستکردنی کوخێك بۆی لە بەدردا[٣].

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆچوونی سەلمانی فارسی پەسەند کرد دەربارەی هەڵکەندنی خەندەق بەدەوری مەدینەدا[٤].

---

[١] رواه البخاري في كتاب الأذان باب بدء الأذان برقم (٦٠٤) ومسلم في كتاب الصلاة باب بدء الأذان برقم (٣٧٧).

[٢] رواه مسلم في كتاب الجهاد باب الإمداد بالملائكة في غزوة بدر ... برقم (١٧٦٣).

[٣] سيرة ابن هشام بتحقيق مصطفى السقا وزميليه ٢/٢٧٢.

[٤] تهذيب الأسماء و اللغات للنووي ٢٢٧/١ والاستيعاب لأبن عبدالبر (٥٥/٢).

وە لەکاتی شەڕی ئوحوددا بۆچوونی هاوەڵانی پەسەند کرد و دەرچوو لە مەدینە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بێباوەڕە هاوبەش پەیداکەرەکان لای شاخی ئوحوددا[٥].

وە پرس و ڕای بە هاوەڵانی کرد سەبارەت بە کوشتاری خەڵکی تائیف، و هەروەها بۆ دانان و دروست کردنی ئەنگوستیلەیەك وەکو مۆرکردنی نووسراو، کاتێك نامەی دەنارد بۆ ڕۆمەکان[٦].

دیسانەوە پرسی پێکردن سەبارەت بەو شتەی کە لەسەری دادەنیشت لە کاتی وتاری ڕۆژی هەینیدا.

لەڕاستیدا ڕێزگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ بۆچوونی بەرانبەر گەیشتبووە چڵەپۆپە و لە لوتکەی ئەو ئاکارەدا بووە، ئەمەش بەرجەستە دەبێت لەو فەرموودەیەی کە دەڵێت: " إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ إِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ دِينِكُمْ فَخُذُوا بِهِ وَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ رَأْيٍ فَإِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ"[١] واتە: لەڕاستیدا منیش مرۆڤم،

---

[٥] سيرة ابن هشام (٣/٦٧).

[٦] رواه البخاري في كتاب اللباس باب اتخاذ الخاتم ليختم بهِ الشيء أو ليكتب به إلى أعل الكتاب برقم (٥٨٧٥) و مسلم في كتاب اللباس باب في اتخاذ النبي ﷺ خاتماً لما أراد أن يكتب إلى العجم برقم (٢٠٩٢).

[١] رواه مسلم في كتاب الفضائل باب وجوب الإمتثال ما قاله شرعا ....برقم (٢٣٦٢).

ئەگەر فەرمانی شتێکم پێ دان سەبارەت بە دینەکەتان ئەوا وەری بگرن و جێ بەجێی بکەن، وە ئەگەریش فەرمانی شتێکم پێ کردن دەربارەی بۆچوونی خودی خۆم، ئەوا منیش مرۆڤم.

سەلات و سەلامی خوای لەسەر بێت بەڕاستی باشترین چاولێکەرو پێشەوا و پێشەنگە، لە هەموو ئاکار و هەڵسوکەوت و کردارو گوفتارێکدا.

ئەوەتا خوای پەروەردگار وەصفی ئەو پێغەمبەرەو هاوەڵەکانی و شوێنەکەوتووانیان دەکات تا رۆژی دوایی بەم شێوەیە: ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ﴾ {الشورى: ٣٨} واتە: کاروباریان هەردەم بە مەشورەت و ڕاپرسی وڕاوێژکاریە.

وە ئیسلام مێشك و هزری مرۆڤ ناکات بەبەرد و قالّی بکات و دەرگای بیرکردنەوەی لەسەر داناخات لەو شتانەی کە دێت بە مێشکیدا، هەرچەندە مەترسیداریش بێت، بۆ ئەو مەبەستە دوو نموونە دەهێنینەوە کەلە قورئاندا باس کراون. یەکێکیان ئەو حاڵەتەیە کە پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ داوای لە پەروەردگاری کرد کە پیشانی بدات چۆن مردوەکان زیندوو دەکاتەوە. ئەوی

تریشیان بەسەرهاتی پێغەمبەر موسایە ﷺ داوای لە خوای گەورە کرد کە بیبینێت.

وەکو دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِي الْمَوْتَى قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنْ قَالَ بَلَى وَلَكِنْ لِيَطْمَئِنَّ قَلْبِي قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِنَ الطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ اجْعَلْ عَلَى كُلِّ جَبَلٍ مِنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ادْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا وَاعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (٢٦٠)﴾{البقرة} واتە: یادی ئەو کاتە بکەرەوە کاتێك ئیبراهیم وتی: پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە؟ خوایش فەرمووی: ئایا باوەڕت نەهێناوە؟ ئیبراهیم ووتی: بەڵێ (باوەڕم هەیە) بەڵام حەزدەکەم (بەچاوی خۆم بیبینم) تا دڵم ئارام بگرێت، خوا فەرمووی: جا کەواتە چوار باڵندە بهێنە وجوان سەرنجیان بدەو دوایی هەرچواریان سەربڕەو گۆشت و پەڕ و خوێنیان تێکەڵ بکە، ئەوسا لەسەر لوتکەی هەر شاخێك هەندێك لەو تێکەڵەیە دابنێ، پاشان بانگیان بکە، بەگورجی و بەپەلە هەموویان دێنەوە بۆ لات وچاك بزانەو دڵنیابە بەڕاستی خوا بالادەست و کار بەجێ یە.

یان دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا جَاءَ مُوسَى لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُ رَبُّهُ قَالَ رَبِّ أَرِنِي أَنْظُرْ إِلَيْكَ قَالَ لَنْ تَرَانِي وَلَكِنِ انْظُرْ إِلَى الْجَبَلِ فَإِنِ اسْتَقَرَّ مَكَانَهُ فَسَوْفَ تَرَانِي فَلَمَّا

تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَى صَعِقًا فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ (١٤٣) قَالَ يَا مُوسَى إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ عَلَى النَّاسِ بِرِسَالَاتِي وَبِكَلَامِي فَخُذْ مَا آتَيْتُكَ وَكُنْ مِنَ الشَّاكِرِينَ (١٤٤) ﴾ {الأعراف} واته:

جا كاتێك موسا هات بۆ كات وشوێنی دیاری كراومان و پەروەردگاریشی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا ئەنجام دا، ئەنجا موسا ووتی: خوایە گیان خۆتم پیشان بدە تا تێر تەماشات بكەم، خوای گەورەش فەرمووی: هەرگیز لە دونیادا نامبینیت، بەڵام ئەگەر حەزدەكەیت سەیری ئەو چیایە بكە، ئەگەر مایەوە لە جێگەی خۆیدا ئەوا لەوەودوا تۆش من دەبینیت، جا كاتێك پەروەردگار خۆی نیشانی كێوەكەداو تەجەلای كرد، كێوەكەی سووتاند و وردو خاشی كرد، موسایش كەوتوو لە هۆش خۆی چوو، ئینجا كاتێك هاتەوە هۆش خۆی ووتی: پاك و بێگەردی وستایش هەر شایستەی تۆیە، من پەشیمانم لە داخوازیەكەم و گەڕامەوە بۆ لای تۆ و من یەكەم كەسم لە ئیمانداران. خوای گەورە فەرمووی: ئەی موسا بەڕاستی من تۆم هەڵبژاردووە لەناو خەڵكیدا بەهۆی پەیامەكانمەوەو گفتوگۆكردنم لەگەڵ تۆدا، جا هەرچیەكم پێ بەخشیویت بەتوند وتۆڵی بیگرەو پەیڕەوی بكە و ڕای بگەیەنەو هەمیشە وبەردەوام لەسوپاسگوزاران بە.

جا دوای گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانە، ئایا دەگونجێت ئازادی بیرکردنـەوە لـە ئیسلام داڕنیت و بەنەرێنی وەصف بکرێت؟ دەبا نەفامەکان فێـربن و بـزانن، و پووچگەراکانیش بوەسـتن لـە بەلاڕێـدابردنی خۆیـان و خـەڵکی، جـارێکی دی لەسەر ئیسلام قسە دەکەین نەك مرۆڤەکان.

## ٣- ئیسلام بە گەورە سەیری زانست دەکات

زانست و زانیاری لە ئیسلامدا پلەوپایەو شکۆیەکی گـەورەو بـەرزی هەیـە، ئیتر ئەو زانستە پەیوەست بێت بەکاروباری دونیاوە یاخود پەیوەندی هەبێت بـە دینەوە، چونکە خـودی زانسـت ئـەو هۆکارەیـە کـە مرۆڤـەکان خۆشـبەخت و بەختـەوەر دەکـات، و بـیرو ئەندێشـە بـەهێز و تیـژ دەکـات و ئومـەتان هەڵدەسێنێتەوە، وە هەموو ئەمانەش ئیسلام سوورە لەسەر بەدەست هێنانیان و لەهەوڵی پێگەیشتنیاندایە. هەروەکو چۆن ئیسلام سوورە لەسـەر برەوپێـدان و خوێندن و خۆماندووکردن بۆ فێربوونی زانستەکانی فیقھ و ئوصول و تەفسیـرو حەدیس و زانستەکانی تری پەیوەسـت بـە خواپەرسـتی و دینـداری، دیسـانەوە سوورە لەسەر فێرکردنی رۆڵـەکانی بـەو زانسـتە سوودبەخشـانەی کـە ژیـانی خەڵکی خۆش دەکات و سـوودی بـۆ دونیـای مـرۆڤ هەیـە و وای لـێ دەکـات

بەسەلامەتی بمێنێتەوە وەکو زانستی پزیشکی و ئەندازیاری و فەلەکناسی و بیرکاری و کیمیا و جگە لەوانیش.

زۆرێك لە زانا هەڵکەوتووەکانی ئیسلام سەرقاڵی ئەو زانستانە بووەو ئەسپی خۆیان لەو بوارانەدا تاوداوە، وەکو: ابن سینا، و الکندی، و الخوارزمی، وأبی بکر الرازی. جا ئەوانەی لەبۆسەدان بۆ ئیسلام و دڵ پڕلەقینن بەرانبەری، ئەوانەن کە لافی ئەوە لێ دەدەن گوایا ئیسلام تەنها ڕێز لەو زانایانە دەگرێت کە سەرقاڵی زانستەکانی وەکو یەکخواپەرستی وفیقھ و تەفسیر و فەرموودە و بوارەکانی تری خواپەرستین لە دونیا و دوارۆژدا. لەکاتێکدا ئەوانە نەزانن بەوەی کە ڕێزلێنانی ئیسلام بۆ زانست و زانیاری درێژدەبێتەوە بۆ هەموو ئەو بوارانەی کە خەڵکی فێری بەهای سوودبەخش دەکەن و لێی تێدەگەن لە کاروباری دین و دونیایان کە ببێتەهۆی ئاوەدان کردنەوەی زەوی و دانیشتوانەکەی ئاسوودەبکات.

ئەوەتا قورئانی پیرۆز هانی موسڵمانان دەدات کە سەرقاڵی فێربوونی ئەو زانستانە بن کە سنووریان نیە و لەخالێکدا ناوەستن وکۆتاییان نیە، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دروستکردن و بەدی هێنانی ئاسمانەکان و زەویەوە هەیە و هەروەها شیکردنەوەی دیاردەکانی وەکو شەو ورۆژ و بابەتەکانی پەیوەست بە خۆر و مانگ وئەستێرە ودەریا وشاخەکان و جگە لەوانیش.

وەکو دەفەرمویێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ (١٩٠) الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ (١٩١)﴾{آل عمران} واتە: بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لەئالۆگۆڕی شەو و ڕۆژدا بەڵگە ونشانەی زۆر هەن بۆ کەسانی ژیر وهۆشمەند. ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا بەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاکشاون، هەمیشە بیردەکەنەوە لەدروستبوونی ئاسمانەکان و زەوی وسەرئەنجام دەڵێن: پەروەردگارا تۆ ئەم دروستکراوانەت بەبێ هودە وبێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکی وبێگەردی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لەسزای ئاگری دۆزەخ.

یان دەفەرمویێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ﴾{البقرة:١٨٩} واتە: پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی نوێ بوونەوی مانگەکان پێیان بڵێ: ئەوە بۆ دیاریکردنی کاتەکانە بۆ خەڵکی و بۆ زانینی کاتی حەج.

دیسان دەفەرمویێت: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ الشَّمْسَ ضِيَاءً وَالْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ مَا خَلَقَ اللَّهُ ذَلِكَ إِلَّا بِالْحَقِّ يُفَصِّلُ الْآيَاتِ

لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٥)﴾ {يونس} واتە: خوا ئەو زاتەیە کە خۆری کردووە بە سەرچاوەی تیشك و ڕووناکیەکی پرشنگدار، مانگیشی کردووە بە سەرچاوەی ڕووناکی، چەندەها جێگەی هەڵهاتن و ئاوابوونیشی بۆ دیاری کردووە، تابزانن و بیکەنە بنەمای ساڵڕێژی و حساب ڕاگرتن، خوای گەورە ئەوەی بەبێ مەبەست دروست نەکردووە، بەڵکو هەمووی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی بەدی هێناوە، بەو شێوەیە ئەو زاتە ئایەت و بەڵگە و موعجیزەکانی ڕوون دەکاتەوە بۆ کەسانێك کەبیانزانن و تێی بگەن.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً لِتَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُوا عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلًا (١٢)﴾ {الإسراء} واتە: ئێمە دیاردەی شەوو ڕۆژمان کردووە بە دوو بەڵگەو نیشانە، ئینجا تاریکیمان بەسەر دیاردەی شەودا هێناوەو دیاردەی ڕۆژیشمان بە ئاشکرا و دیارو بینراو سازاندووە، تا لە نازو نیعمەتی پەروەردگارتان بەهرەوەر بن، تا ژمارەی ساڵەکان بزانن و حساب ڕاگرن، هەموو شتێکی پێویستی ئێوەمان بەفراوانی و بەربڵاوی ڕوون کردۆتەوە.

یان دەفەرمویّت: ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا﴾ {البقرة:٢٩} واتە: ئەو زاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە.

یان دەفەرمویّت: ﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَاعِبِينَ (١٦)﴾ {الأنبياء:١٦} واتە: ئێمە ئاسمان و زەوی، و هەرچیش لەنێوانیاندایە بەگاڵتە و بێهوودە دروستمان نەکردووە.

هەروەها دەفەرمویّت: ﴿وَفِي أَنْفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ (٢١)﴾ {الذاريات} واتە: لە خودی خۆتاندا بۆچی بیناییتان ناخەنەکار و سەرنج لە خۆتان نادەن (لەهەموو خانەیەکی لەشدا، لە هەموو ئەندامێکدا و لە هەموو کۆئەندامێکدا، لەرۆح و نەفس وعەقڵدا ... بەڵگەی بێ سنوور هەیە لەسەر زانایی و بەتوانایی و جوانکاری زاتی بەدی هێنەر).

ئەم ئایەتانە و هاوشێوەکانی تری لە قورئاندا چۆنێتی تێڕامانمان پیشانمان دەدەن و رێگەی تێڕوانین و وردبوونەوەمان بۆ دەدۆزنەوەو دەرگای بیرکردنەوەمان بۆ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی گەڕان و پشکنین و توێژینەوە بکەین و لێکۆڵینەوە بەرپا بکەین لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا، لەپێناو ئەوەی سوود لە دروستکراوەکانی خوا وەربگرین و نهێنیەکانیان دەربخەین و لەخزمەت وبەرژەوەندی خۆماندا بەکاری

بهێنین وەکو مرۆڤایەتی. چەندین ئایەتی تر هەن لە قورئاندا کە بانگهێشتی خەڵکی دەکەن بۆ سەرنجدان و تێفکرین و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری. و لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی گەردوون و پەند وەرگرتن لێیان، و ئەو هێزە بێ سنوور و نائاساییەی کە تێیدا دروست کراوە، ئەگەر هاتوو دەربکەوێ بۆ خەڵکی، ئا بەو شێوەیە خەیاڵەکان دەبنە واقع و بیرو ئەندێشەکان دەبنە ڕاسەقینە و بەرجەستە دەبن. نموونەی ئەو ئایەتانەی کە هانی موسڵمانان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست و ڕادەی بەرزڕاگرتنی ئیسلام بۆ زانست دەخەنە ڕوو وەکو:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾{الزمر:٩} واتە: بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەك ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نیە؟

یان دەفەرموێت: ﴿وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ (٧)﴾{آل عمران} واتە: لێکدانەوەی ئەو جۆرە ئایەتانەی کە مانای جۆراوجۆر و فراوانیان هەیە، هەر خوا خۆی بەتەواوی دەیزانێت، جا ئەو کەسانەی کەلە زانستدا ڕۆچوون دەڵێن: ئێمە باوەڕی

دامەزراومان بەهەر هەموو ئەو ئایەتانە هەیە کە لەلایەن پەروەردگارمانەوەیە و فەرمایشتی ئەوە، لەڕاستیدا بێجگە لە خاوەن بیرو ژیرەکان یاداوەری وەرناگرن وبیرناکەنەوە لەم قورئانە.

یان دەفەرمویت:﴿ شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١٨)﴾ {آل عمران} واتە: خوای گەورە خۆی (سبحانه و تعالى ) شایەتی داوەو دەری خستووە و سەلماندوویەتی کەبەڕاستی جگە لەو هیچ خوایەکی تر نیە کە شایان و شایستەی پەرستن بێت، هەروەها فریشتەکان و خاوەن زانستەکانیش کەبەرێگەیەکی ڕاست و دروست دەیسەلمێنن خوا هەمیشە دادپەروەری ڕەهایە و جگە لەو زاتە خوایەکی تر نیە و ئەو خوایەکی بالآدەست و دانایە.

هەروەها ئایەتی: ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (١١)﴾ {المجادلة} واتە: خوای گەورە ئەوانەی ئیمانیان هێناوە لە ئێوە و ئەوانەشتان کە زانست و زانیاریان پێدراوە چەندەها پلەوپایە بەرزیان دەکاتەوە، خوایش ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

یان: ﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ {البقرة: ٢٦٩} واتە: ئەو زاتە بەهەرکەس بیەوێت و شایستە بێت حیکمەت و دانایی پێ دەبەخشێت و هەرکەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێدراوە.

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ ، إِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَاراً وَلاَ دِرْهَماً وَإِنَّمَا وَرَّثُوا الْعِلْمَ "[١] واتە: بەڕاستی زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، وە پێغەمبەرانیش دینار و درهەمیان لەپاش بەجێ نەماوە بە میراتی بەڵکو زانستیان لەپاش بەجێ ماوە.

یان لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت: " فَضْلُ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِي عَلَى أَدْنَاكُمْ "[٢] واتە: فەزڵی زانا بەسەر خواپەرستەوە وەکو فەزڵی من وایە بەسەر نزمترینتانەوە.

---

[١] سنن الدارمي: **صحيح ابن ماجة ( ٢٢٣ )**. بتحقيق الألباني.

[٢] رواه الترمذي في كتاب العلم باب ما جاء في فضل الفقه على العبادة برقم: (٢٦٨٥): **تحقيق الألباني : صحيح ، المشكاة ( ٢١٣ / التحقيق الثاني ) ، التعليق الرغيب ( ١ / ٦٠ )**.

وە گومان لەوەشدا نیە کە زانستە گەردوونی و کۆمەڵایەتیەکان دەبنە هـۆی زیاد بوونی زانست و زانیاری بەندە سـەبارەت بـە پـەروەردگاری ئەگـەر هـاتوو بەشێوەیەکی دروست و گونجاو بەگەڕی خست و بەکاری هێنـا، بـەو هۆیەشـەوە سەردەکێشێت بـۆ زیـادبوونی تـرس و بیمـی لەپـەروەردگاری و بەرزبوونـەوەی پلەوپایەی و زیادەڕێز و فەزڵی بەسەر مرۆڤەکانی ترەوە.

ئائەمەیـە تێڕوانینـی ئیسـلام بـۆ زانسـت و (زانسـت خـوازان)، و ئـەوەش ئەندازەی ڕێزگرتنیەتی لە زانایان، و بانگ هێشت کردنیان بۆ سەرقاڵ بوون بە زانست و زانیاری و قووڵ بوونەوە تێیدا، وە تەواوی ئەو زانستە بەسوودانەی کـە مرۆڤ سەرقاڵە پێیانەوە، لەڕاستیدا ئەوە ئیسلام بانگی مرۆڤـەکان دەکـات بـۆ لای و خۆخەریك کردن پێیـەوە، هەرچـەندە بـوارو بابەتـەکانی هەمەچەشـن و جۆراوجۆربن.

## ٤- ئیسلام پشتگیـری پێشکەوتن دەکات

ئیسلام دینێکی گشتیە، بـۆ هـەموو خـەڵکی، لـە گشـت سـەردەمەکاندا، هەربۆیـە تایبـەت نیـە بـە سـەردەمێکەوە یـان دەوڵەتێکـەوە یـان شـوێن و نەتەوەیەکەوە. ئەمەش بەدی نایەت و بەجێ نایە ئەگـەر ئیسـلام پێشـکەوتوو خواز نەبوایە و وەڵامدەرەوەی حاڵەتەکان نـەبێت، و گونجـاو نـەبێت بـۆ حـەز و

ئارەزووە سوودبەخشەکانی مرۆڤ و دان پێدانـەری قـازانج و بەرژەوەنـدی نـەبێت لەهەرکوێ هەبێت. کەوابوو ئـەو گەشەسـەند و بەرەوپێشچـوونەی کـە ڕێـك و هاوتایە لەگەڵ شەرعی خوادا و سـوننەتە گەردوونیـەکانی لـە داخوازیـەکانی ئیسـلامن، و لـەو بابەتـە بەڵگەنەویسـتانەیە کـە گفتوگـۆ و دەمـەدەمێ هـەڵناگرێت، چـونکە چـەق وەسـتان و نـەگۆڕان دژ و پێچـەوانەی ڕێنماییـە گشتگیرەکانی ئیسلامە، و ناگونجێت لەگەڵ چاکسازێتی ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێنێك کە لەگۆڕاندایە بەشێوەیەکی خێراو زۆر کە خەڵکی بەچاوی خۆیـان دەیبینن. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەو هەموو پێشکەوتن و گەشەسەندنانەیە کە بەدی دێت، و لەبوارە تێکنۆلۆجیە جۆربەجۆرەکاندا کە تەنانەت لەسەرووی خـەیاڵ و پێشبینی مرۆڤدایە. ئەگەر بهاتبایـە ئـەم تەوژمـە پێشـکەوتنەمان بـە گـوێ ببیسـتایە و نەمانبینیبایـە بـە چـاو، ئـەوا نکۆڵیمـان لێـدەکرد و بـەدرۆمان دەخستەوە، بەڵام ئەو گەشەسەندنەی کە خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ ناوە بـەوەی هەندێکی بیدۆزنەوەو پێی ئاشنا بن و کەمێك لە نهێنیـەکانی ئـەم گەردوونـە فراوانە بزانن و بۆیان دەرکەوێت، بـۆ ئـەوەی دواتـر ئـەو زانسـت و زانیاریانـە بقۆزنەوەو بیخەنەگەڕ بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و خزمەتی بەشەریەت، کەچـی لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە ماددی و هەمەچەشـنانەدا ئـەو فەرمایشـتەی

خوامان بەسەردا دەچەسپێت کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا (٨٥)﴾{الإسراء}واتە: هیچتان پێ نەبەخشراوە لە عیلم و زانست تەنها شتێکی کەم نەبێت.

لە قورئانی پیرۆزیشدا چەندین ئایەت هەن کە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لەسەر پشتگیری و پشتیوانی کردنی ئیسلام بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتن و تەنانەت بانگەواز بۆلا کردنیشی، وەکو:

﴿وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ (٨)﴾{النحل} واتە: خوای گەورە شتی تریش دروست دەکات کە ئێستا ئێوە نایزانن[١].

﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ﴾ {الأنفال:٦٠} واتە: هەرچی لەتواناتاندا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنە گەڕ و ئامادەی بکەن (هێزی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی و ...).

---

(١) ئەم ئاماژە قورئانیە، هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی ئاسمانی و دەریایی وزەمینی دەگرێتەوە کە ئادەمیزاد پەی پێ بردووەو پەی پێ دەبات، چونکە ئادەمیزاد خۆی و زانیاری و زانستەکەی وکەرەستەی خاوەکان، هەر هەمووی بەخششی خوای بەدیهێنەری تواناو زانایە. وەرگێڕ.

﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنْفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾ {فصلت:٥٣}

واتە: ئێمە لە ئایندەدا بەڵگەو نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی بوونەوەردا و لەخودی خۆیشیاندا، بۆ ئەوەی تا چاك بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە ئەو زاتە حەق وڕاست و ڕەوایە[٢].

ئەگەر ووردبینەوە دەزانین کە رۆح و ناوەرۆکی ئەم شەرعە هاوتایە لەگەڵ پێشکەوتندا، چونکە ئەوە سوونەت و ڕێبازی ژیانە، ئەو گەشەسەندنە هاوئاراستەیە لەگەڵ ئیسلامدا، ئەمەش بەڕوونی لە قورئان و سوونەتی پێغەمبەردا ﷺ دەبینرێت.

لەوانە ئەو فەرموودەیەیە کەدەگێڕدرێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ : " مَا خُيِّرَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ أَمْرَيْنِ إِلَّا أَخَذَ أَيْسَرَهُمَا مَا لَمْ يَكُنْ إِثْمًا فَإِنْ كَانَ إِثْمًا كَانَ أَبْعَدَ النَّاسِ مِنْهُ "[١] .

---

[٢] بێگومان ئاشکرایە کەلە سەردەمی زانستیدا چەندە نهێنیەکانی بوونەوەر ئاشکرابووە ... زاناکان بە گشتی و زاناکانی ئەستێرەناسی سەرگەردانن لە وردەکاری و دامەزراوی وگەورەیی و فراوانی ئەم گەردوونە، هەروەها لە ئالۆزی جەستەیی و عەقلی و دەروونی ئادەمیزاد. وەرگێڕ.

[١] رواه البخاري في باب صفة النبي ﷺ برقم ٣٢٩٦. و مسلم في باب مباعدته ﷺ للآثام برقم: ٤٢٩٤.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ کات سەرپشك نەکراوە لە نێوان دوو کاردا مەگەر کامیان ئاسانە ئەوەیانی هەڵبژاردووە ئەگەر تاوان نەبووبێت، ئەگەر تاوان بووبێت ئەوە دوورترین کەس بووە لێی.

یان دەفەرموێت: " بُعِثْتُ بِالْحَنِيفِيَّةِ السَّمْحَةِ "[٢] .

واتە : من نێردراوم بە دینێکی لادەر لە شیرك بۆ یەکخواپەرستی و لێبوردەیی و سنگ فراوانی.

یان دەفەرموێت: " يَسِّرُوا وَلَا تُعَسِّرُوا "[٣] .

واتە: ئاسانکاری بکەن و قورس وسەختی مەکەنەوە لەسەر خەڵکی و خۆتانیش.

یان : " إِذَا أَمَرْتُكُمْ بِأَمْرٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ "[٤].

واتە: ئەگەر فەرمانێکم پێ کردن ئەوەندەی دەتوانن لێی جێ بەجێ بکەن.

---

[٢] رواه أحمد في مسندهِ (٥/٢٦٦) و **صححه الألباني** في " السلسلة الصحيحة برقم : ٢٩٢٤ ".

[٣] متفق عليه: البخاري رقم: ٦٧ و مسلم رقم: ٣٢٦٢.

[٤] متفق عليه: البخاري باب الإقتداء بسنن رسول الله ﷺ برقم: ٦٧٤٤، ومسلم باب فرض الحج مرة في العمر برقم: ٢٣٨٠.

یان لە گێڕانەوەیەکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: " مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَافْعَلُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ "[١].

واتە: ئەوەی ڕێگریم لێکردون خۆتانی لێبپارێزن، ئەوەی فەرمانم پێداون بەگوێرەی تواناتان ئەنجامی بدەن، بەڕاستی ئەو شتەی ئوممەتەکانی پێش ئێوەی لەناوبردووە، زۆر پرسیار کردنیان و لەفەرمانی پێغەمبەران دەرچوونیان بووە.

هەروەها دەفەرمویێت: " إن الله يحب أن تؤتى رخصه "[٢] واتە: خوای گەورە پێی خۆشە کە روخصەت و ڕێگەپێدانەکانی وەربگرن و جێ بەجێی بکەن.

یان دەفەرمویێت: " خير الصداق أيسره "[٣] واتە: باشترین مارەیی کەمترینە (واتە ئەوەیە کە کەم بێت).

---

[١] رواه مسلم بَاب: تَوْقِيرِهِ ﷺ وَتَرْكِ إِكْثَارِ سُؤَالِهِ عَمَّا لَا ضَرُورَةَ إِلَيْهِ أَوْ لَا يَتَعَلَّقُ بِهِ تَكْلِيفٌ وَمَا لَا يَقَعُ وَنَحْوِ ذَلِكَ برقم: ٤٣٤٨.

[٢] رواه ابن حبان برقم (٣٥٥) و **صححه الألباني** في الإرواء (٣/١٠-١١).

[٣] البيهقي ٧/٢٣٢، و ابن حبان ٩/٣٨٧. **وصصحه الألباني** في " صحيح الجامع الصغير و زيادته " برقم: ٣٢٧٩.

ئەوەندە بەسە بۆ وەڵامی ناحەزان و مێشك وشكەكان و ئەوانەی تۆمەت دەدەنە پاڵ ئیسلام و تۆمەتباری دەكەن بە دواكەوتوو و كۆنەخواز، بەڵكو ئەوە بیركردنەوەی خراپی خۆیان و مێشكی كورتی خۆیانە كە لە ڕاستیەكان تێ ناگەن، و لەولاشەوە هەڵسوكەوت و ڕەفتاری خراپ و چەوتی بەناو موسڵمان یارمەتی دەریانە لە خراپ تێ گەیشتنیان.

## ٥- ئیسلام مەشخەڵی دونیا و دوارۆژە

ئیسلام دونیا بە ڕێڕەوێك دادەنێت كە دەتگەیەنێت بە دوارۆژ، جا ئەگەر ئەو ڕاڕەوە و ڕەتگەیە ئاسان و فراوان بێت، ئەوا سەردەكێشێت بۆ ئەوپەڕی ئاشتی و سەلامەتی و خۆشگوزەرانی. بەلاَم ئەگەر هاتوو پڕبێت و تەنراو بێت بە كۆسپ و تەگەرەو چاڵ و چۆڵی، ئەوا كەسی ڕێبوار تێیدا ناگات بە ئامانج و جێگەی مەبەست، ئەگەریش بگات بەسەلامەتی و سانایی بۆی نارەخسێت، چونكە جاری وا هەیە ڕێگاكە وون دەكات و سەرنگون دەبێت و بەوهۆیەوە هەرگیز ناگات و سەرگەردان دەبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە كە ئیسلام گرنگی دەدات بەو ڕێگەیەی كە سەردەكێشێت بۆ دوارۆژ، و سوورە لەسەر ئەوەی دونیا بكاتە لانكەیەكی خۆشگوزەران و ئاسوودە بۆ دانیشتوانی كەبەڕێوەن بۆ دونیا و ژیانێكی نەبڕاوەیی و دوانەهاتوو بەلاَم بەو مەرجەی هەوڵ بدەن لەو پێناوەدا،

بۆیە هەرگیز ئەوە شتێکی مەنتقی نیە کە لەشان وشکۆی دونیا کەم بکەینەوە، و بەوەی کە تەنها و تەنها دوارۆژ تاکە مەبەستە، هەروەکو چۆن مرۆڤ لەهەڵبژاردنی هۆکاری گەیاندنی گونجاودا کەمتەرخەمی ناکات کاتێك بیەوێت لەشوێنێکەوە گەشت بکات بۆ شوێنێکی تر، و هەوڵ دەدات ڕێگایەك بدۆزێتەوە کە ئاسوودە بێت و زۆر گونجاو بێت.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ (٧٧)﴾{القصص} واتە: هەوڵ بدە بەو ماڵ و سامانەی خوا پێی بەخشیوی ماڵی قیامەت و بەهەشتی بەرین بکڕەو بەشی خۆشت لە دونیادا بەحەڵاڵی فەرامۆش مەکە، چاکە لەگەڵ بەندەکانی خوادا بکە هەروەك خوا چاکەی هێناوەتە ڕێت، نەکەی هەوڵی فەساد و گوناه و تاوان بدەی لە زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت تۆوی خراپە دەچێنن.

دونیا ئەو گۆڕەپانەیە کە نیشانەکانی بوون و دەسەڵاتی خوای گەورەی تێدا دەرکەوتووە و ئاشکرابووە و بەوهۆیەوە خەڵکی ڕێنمایی وەردەگرن بۆ دوارۆژ، و پیشانی مرۆڤی دەدات بەوەی کە تاکە خوایەك هەیە بەدی هێنەری هەموو

شتێکەو بەڕێوەبەریشێتی و تەنها ئەوە شایستەی پەرستن و داوا لێکردنە، و هەرئەویشە پاداشت دەداتەوە و سزادەدات لە دوارۆژدا، بەشێوەیەك كە سزاكە هاووێنەی ئەو كردەوانەیە مرۆڤەكان ئەنجامی دەدەن لە دونیایاندا. جا پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە كە ئایا ژیری ئەوە پەسەند دەكات پێشەكیەك كە خەڵكی ئاراستەی دوارۆژ بكات و بكرێتە بەڵگە بۆ بوونی خوا و بوونی دوارۆژ و زیندوبوونەوە و پاداشت پشتگوێ بخرێت و بەرزیو و بۆگەن و خراپ تەماشا بكرێت؟ یاخود پێویستە جوانخاس و باشترین ناونیشاندار بێت بۆ ئەوەی خەڵكی بەهۆیەوە دوارۆژیان لا خۆشەویست بێت، و ڕایان بكێشێت بۆ ئەنجامدانی كردەوەی چاكە تا سوودیان پێ بگەیەنێت؟

ناحەزان و دوژمنانی ئیسلام و هاوشێوە و هاوبیرەكانیان و ئەوانەی لەم دینە وەكو خۆی تێ نەگەیشتوون، یان زیادەڕەویان كردووە لە تێگەیشتندا، وای دەبینن كە ئیسلام لا بەلای دونیادا ناكاتەوەو بەتەواوی پشتگوێی دەخات و بە پیس و بۆگەن ناوزەدی دەكات. ئایا ئەو جۆرە كەسانە چۆن ئەوە شی دەكەنەوە كە چۆن خوای كاربەجێ مرۆڤی دروست كردووە و خستوویەتیە نێو دونیاوەو پاشانیش وایان لێ دەكات كە بەخراپ و چەپەڵ تەماشای بكەن و هەرگیز هەوڵ و تێكۆشانی تێدا نەدەن، جا ئەگەر بێتو بانگەشەی ئەوان ڕاست بێت

ئەوا جووڵەی ئەم جیهانە پەکی دەکەوت و سیستەمی ژیان ئیفلیج دەبوو، و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوون چەکەرەی نەدەکرد و دەبووە لانکەیەکی بێ ڕۆح و جێگایەکی بێ مانا و تەمبەڵخانە. بۆیە ئیسلام هەرگیز دان بە شتی وادا نانێت.

زوهد لە دونیادا و خۆپارێزی لەوەی لەناو ئارەزووەکانیدا نقوم بیت، هەرگیز دووشتی پێچەوانەی یەکتر نین و دژی ئەو قسانە نیە کە وتمان، ئەوەش لەبەر ئەوەی ڕێبوارێك کە بەرەو شوێنێکی دیاری کراو دەڕوات، هەرگیز دارو درەختە سەوز و سەرنجڕاکێش و پڕبەرهەمەکانی سەر ڕێگا سەرقاڵی ناکەن و نابێت وای لێ بکەن تەنها خەریکی چێژ لێ وەرگرتن بێت لێیان، هەتا کاتێك دێتەوە سەرخۆی دەبینێت کە لە کاروان جێماوەو ڕێگاکەی وون کردووە و ناشتوانێت بگاتە کۆتایی ڕێگاکە بەتەنها.

بەڵکو کەسی ژیر و هۆشمەند ئەوەیە کە چێژ لە حەڵاڵکراوەکان وەردەگرێت و سوود لە هەموو ئەو نیعمەتانە وەردەگرێت کەلەبەردەستیدان، بەبێ ئەوەی ئامانجەکەی لێ وون بکات، و ڕووی وەربگێڕێت لە مەبەستەکەی، بەو شێوەیە ڕێگایەکی سەلامەت دەگرێتە بەر بەرەو ئامانجێکی پڕبایەخ، و دەگاتە ئەو مەنزڵ و مەبەستەی خۆیشی بە ئاسوودەیی و دڵئارامی، بێ ئەوەی

هەسکەهەسك بکات و پەشیمان بێتەوە لەسەر ئەوەی کە زیـادەڕەوی کـردووە و سنووری بەزاندووە.

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾{الأعراف: ٣٢} واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بڵێ: ئەوە کێ یە پۆشاك و زینەت و جوانیە خواییەکانی لەبەندەکانی حەرام کـردووە کەلەبنەڕەتدا خـۆی بۆی بەدی هێناون؟ هەروەها ئەوە کێ یە رزق و رۆزیە چاك و پاکـەکانی حـەرام کردووە؟ بەو خەڵکە بڵێ: هەموو ئەو شتانە بۆ ئیمانداارانە لە ژیانی دونیـادا و لەکاتێکدا پاڵفتەن لە رۆژی قیامەتدا.

جا ئەوەی بانگەشەی پشتگوێ خستنی دونیا دەکات و لافی ئەوە لـێ دەدات کە دونیا هیچ نرخێکی نیە، ئەوە لەڕاستیدا – هەستی پـێ بکـات یـان نـا – بانگەواز بۆ ڕووبەڕوبونەوەی واتا و بەهاکانی هێز و ئازادی و کەرامەت دەکـات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ خۆی ئامادە نـەکات بـۆ هـەر هەسـتانەوەو پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونێك، کە خزمەت بە دین و ئوممەت و هاوڕەگەزەکانی

خۆی بکات، بەخۆڕاییی ئەو بوارە جێ دەهێڵێت بۆ کەسانی جگە لە خۆی، بەبیانووی ئەوەی گوایا ئەم دوارۆژی بەلاوە گرنگەو دونیاش بۆ ئەوانی دی.

پێویستە چیرۆکی ئەو پیاوە لە مێشکی هەمووماندا نەسڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە دەیبینی کە دەمایەوە لە مزگەوت، جا کاتێك پێغەمبەری خوا پرسیاری لەبارەی حاڵی ئەو کەسە و ئەوەشی کە گوزەرانی بۆ دابین دەکات کرد، هەواڵ درا بە پێغەمبەر بەوەی کە ئەم کەسە خۆی تەرخان کردووە بۆ خواپەرستی، و براکەیشی ژیان و گوزەرانی بۆ دابین دەکات و یارمەتی دەدات، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: " أخوهُ أعبد مِنْهُ "[١] واتە: براکەی لەو خواپەرستترە.

بۆیە هەوڵ دان بۆ دونیا وەکو لە فەرموودەکەوە دەردەکەوێت باشترە لە داپچڕان و خۆیەکلاکردنەوە بۆ نوێژ و وازهێنان لە کاروباری دونیا، بەبیانووی

---

[١] لایصح: بەڵام پێشەوا الترمذي فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە بە ژمارە (٢٣٤٥) کە دوو برا یەکێکیان پیشەگەر و کارکەر بوو ئەوی تریان هەرخەریکی خواپەرستی بوو، ئەوەبوو پیشگەرەکە سکاڵای بردە لای پێغەمبەری خوا ﷺ لەدەست براکەی، جا پێغەمبەری خوا فەرمووی : " دوور نیە بە هۆی ئەوەوە رۆزی بدرێیت "، وصححه الألباني في الصحيحة (٢٧٦٩)، وە ئەمە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە دروستە خۆت یەکلا بکەیتەوە بۆ زانست خوێندن و فەزڵی نەفەقە کێشانی فێرخوازی شەرعی.

زوهد و وەرعەوە، کەلەڕاستیدا ئەوەش نە زوهدەو نە وەرعە، بەڵکو ئەوە بریتیە لە تەمبەڵی و پاڵدانەوە، و ئیسلامیش ڕازی نیە بەپاڵ دانەوەو تەوەزەلی.

ئیسلام دینێکی رۆحی یەو لەهەمان کاتیشدا دینێکی ماددیشە، بۆیە ڕازی نابێت لایەنی مادیەکە زاڵ بێت بەسەر لایەنە رۆحیەکەدا، یان لایەنە رۆحیەکە ببێتەهۆی پشتگوێ خستنی لایەنە لایەنە مادیەکە، لەبەر ئەوەی لایەنە رۆحیەکە هۆکار و میکانیزمێکە بۆ گەشەی دەروون و ئاسوودەبوونی ناخ، و لایەنە مادیەکەش هۆکارە بۆ پاراستنی گیان، و گەشەکردنی و نەش ونماکردنی، هەربۆیە دەوڵەمەندێکی سوپاسگوزار لە ئیسلامدا، خۆشەویستە لای خوا، وەکو هەژارێکی خۆڕاگرو ئارامگر وایە، بەڵکو پلەوپایەی یەکەم بەرزتر و شکۆدارترە لە پلەوپایەی دووم.

ماڵ و سامان ڕەگ و شادەماری ژیانە، بۆیە موسڵمانە پێشینەکان زۆر سوودیان وەرگرت لەماڵ و دارایی کەسە دەوڵەمەندەکان، ڕەزای خوای گەورە لە هەموویان بێت، وەکو عوسمانی کوڕی عففان و عبدالرحمنی کوڕی عەوف و جگە لەوانیش. ئەگەر ئەو ماڵ و سامانانە نەبوونایە ئەوا هەوڵەکان بۆ بەرگری کردن و هەستان بە ئەرکی ئیسلامەتی کەموکورتی تێدەکەوت. ئەوەتا خوای پەروەردگار فەرمانمان پێ دەکات بە نوێژکردن و پاشان گەڕان بە زەویدا بەدوای

فەزڵ و رۆزی خوادا، جا ئەمە چۆن بەدی دێت بۆ کەسێك کە دونیای وازلێ هێنابێت و پشتگوێی خستبێت؟

وەکو دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ (١٥)﴾{الملك} واتە: هەر ئەو زاتە زەوی بۆ زەلیل و ملکەچ کردوون، بگەڕێن بە هەموو گۆشەو کەناریدا، لەو ڕزق و رۆزیەش بخۆن کە پێشکەشتانی دەکات، دڵنیاش بن کە سەرئەنجام گەڕانەوەتان بۆ لای ئەو زاتەیە.

جا بەم ئایەتە خوای گەورە بیانووی ئەوانەی بڕیوە کە دەیانەوێ پاڵی لێ بدەنەوەو تەمبەڵی بکەن و لەسەر کەسانی تر بژین و بیانەوێ هەوڵ تێکۆشان نەدەن، و سوود لەو دروستکراوانەی خوا وەرنەگرن کەلە زەویدا بەدی هێناون و چێژ ولەززەت نەبینن لەو نیعمەتانەی خوا کە حەلاڵی کردوون بۆ بەندەکانی، وەکو چۆن باسی حەج دەکات لەم ئایەتەدا و دەفەرموێت: لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ﴾{الحج:٢٨} واتە: بۆ ئەوەی سوود و کەڵکی ماددی ومەعنەوی بەدەست بهێنن و ببینن و یادی خواش بکەن و ناوی پیرۆزی بەردەوام لەسەر زاریان بێت لە رۆژانێکی

دیاری کراودا و هەروەها ناوی خوا بهێنن لەکاتی سەربڕینی ئەو ماڵاتانەدا کە پێمان بەخشیون.

دیسان دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (١٠)﴾{الجمعة} واتە: جا کاتێك نوێژ تەواوبوو، ئەوە بڵاوببنەوە بەزەویدا و بەتەمای بەخششی خوا هەوڵ و کۆشش بدەن، یادی خوا زۆربکەن لە هەموو چالاکیەکانی ژیاندا با ناوی ئەو زاتە لەسەر زار و لەناو دڵتاندا بێت، بۆ ئەوەی سەرفرازی هەمیشەیی بەدەست بهێنن.

جا بۆ ئەوەی بیانووی هەموو ئەوانە ببڕینەوە کە لافی ئەوە لێ دەدەن گوایا ئیسلام بانگەشەی گۆشەگیری و ڕەهبانیەت دەکات، یان دانی پێدا دەنێت – وەکو دونیا بەکەم زانین و زۆر ڕۆنەچوون بەنێو خۆشیەکانیدا- ئەم چیرۆکە دەگێڕینەوە. جارێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبو ئومامە دەبینێت لە مزگەوت، لەکاتێکدا کە کاتی نوێژ نیە، ئەوەبوو پێغەمبەریش ئەو کارەی پێ چاك نەبوو نکوڵی لێی کرد لەوەی بەبەتاڵ دابنیشێت و پەیوەست بێت بە مزگەوتەوە، بەڵام ئەبو ئومامە بە پێغەمبەری خوای ڕاگەیاند کە چەند شتێك

وای لێ کردووە لەوانە قەرزێکی زۆری لەسەر شانە و هەمیشە بیری لێ دەکاتەوە، بۆیە پێغەمبەری خوایش ﷺ دوعایەکی فێردەکات بۆ ئەوەی قەرزدانەوەکەی بۆ ئاسان بکات و لەو ناخۆشیە دەربازی بکات.

گێڕراوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە کە فەرموویەتی: " إذا صليتم الفجر، فلا تناموا عن أرزاقكم "[١] واتە: ئەگەر نوێژی بەیانیتان کرد، ئەوا مەخەونەوە لە گەڕان بەدوای رزق و رۆزیتاندا.

وە هەروەها هانی موسڵمانان دەدات بۆ بازرگانی کردن، وەکو دەفەرموێت: " أوصيكم بالتجار خيراً فإنهم برد الآفاق، وأمناءالله في الأرض "[٢].

واتە: هەربۆیە خەڵکی وریا و ئاگادار دەکردەوە لە تەمبەڵی و پاڵدانەوە، و خەڵکی هان دەدا لەسەر پشت بەستن بە خوا، وەکو دەفەرموێت: " لو توكلتم على الله حق توكله لرزقكم كما يرزق الطير تغدو خماصا وتروح بطانا "[١]

---

[١] الطبراني في المعجم الكبير، و **ضعفه الألباني** في " ضعيف الجامع الصغير و زيادته " برقم: ٥٧٣.

[٢] الديلمي، مسند الفردوس وهو **ضعيف**.

[١] رواه الترمذي في متاب الزهد، باب في التوكل على الله برقم (٢٣٤٤)، وابن ماجة في كتاب الزهد، باب التوكل واليقين برقم (٤٢٣٩) و صححه الألباني في الصحيحة برقم (٣١٠).

واتە: ئەگەر ئێوە بەگوێرەی مافی خۆی پشت بە خوا ببەستن، ئەوا رزق و رۆزیتان دەدات هەروەکو چۆن رزقی باڵندە دەدات کە بەیانیان بە برسێتی دەردەچێت و ئێواران بە سکی تێرەوە دەگەڕێتەوە.

وە پێغەمبەری خوا ﷺ هەوڵ و تێکۆشانی بە دوای پەیداکردنی زرق و بژێویدا، بە سەرەوەی تاوانەکان هەژماردووە، ئەو تاوانانەی کە تەنانەت رۆژو گرتن و نوێژکردنیش نایانسڕێتەوە[٢]، بۆیە دەفەرموێت: " من أمسى كالا من عمل يديه أصبح مغفورا له "[٣] واتە: ئەوەی ئێوارەی بەسەردا بێت بەکاری دەستی خۆی ئەوا بە لێخۆشبوویی رۆژی لێ دەبێتەوە.

پاش ئەمە: پێدەچێت ئەوانەی کەلەسەر ئیسلام هەژمار دەکرێن و ماڵن بەسەر ئیسلامەوە، دوای بینین و ئاشکرابوونی ئەم ڕاستیانە بۆیان، چیتر بەردەوام نەبن لەسەر گومڕایی و سەرلێشێواوی خۆیان، بەتایبەت ئەوانەی کە ڕاستیەکانیان لەلا ئاوەژوو بۆتەوەو لەبەرگێکی تردا حەقیقەتەکانیان کەوتۆتە پێش چاو، و بەوهۆیەوە دینەکەی خۆیان وەکوخۆی ناناسن و لێی تێ

---

[٢] المعجم الأوسط للطبراني (١٠٣/١)، و المجمع (٦٣/٢).

[٣] المعجم الأوسط للطبراني (٢٥٧/٨) والمجمع (٦٣/٤). وضعفه **الألباني** في سلسلة الأحاديث الضعيفة بهذا اللفظ : " **من أمسى كالا من عمل يديه أمسى مغفورا له** ".

نەگەیشتوون، بەڵكو تەنها ئەوە بەناتەواوی پەیڕەو دەكەن كە بیستوویان لە دەمی ناحەزانی ئیسلامەوەو ئەوانەی كە درۆ و بوهتانی بۆ هەڵدەبەسن. یان نموونەی ئەو كەسانەی كە لە ئیسلام تێنەگەیشتوون وەكو خۆی تەنانەت هەندێكیان لاسایی غەیرە موسڵمانان دەكەنەوە لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزبوون لەخەڵكی و چوونە نێوخەلوەتگە و دابڕان لە كۆمەڵگە، و پچڕان لە دونیا، هەرچەندە بە ڕواڵەتیش بێت، وەكو ئەوانەی كەلە كەنیسە و دێرەكاندا ژیان دەبەنە سەر، بۆیە وا گومان دەبەن كە بەهەمان شێوە لەئیسلامیشدا صۆفیەتیەكی ووشك و بێزراو هەیە كە داتبڕێت لە خەڵكی، و بێبەشت بكات لە خۆشی دونیا و ناز و نیعمەتەكانی، بەبیانووی زوهد و كەم تەماشاكردنی دونیا و بەسووك سەیركردنی ژیان، هەربۆیە ئەوە بەهیچ شێوەیەك لە ئیسلامدا نیە و فەرمانی پیێ نەكراوە بەو شێوازە.

ئومێد دەكرێ ئەو قسە و باسانەی كە ئاماژەیان بۆ كرا لە پێشەوە، سەبارەت بە ڕەواندنەوەی هەندێك گومان و چەواشەكاری، ببنە یارمەتیدەر و ڕێ پیشاندەر بۆ كەسێك كە بیەوێت ڕێگای ڕاست بدۆزێتەوە، و لە دینی ئیسلام تێ بگات وەكو خۆی، ئەو دینەی كە خوای پەروەردگار ڕازیە لێی و پەسەندی دەكات كە ئەوە دینمان بێت: وەكو دەفەرموێت: ﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ

﴿وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾{المائدة: ٣} واتە: ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاند و نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تـەواوکردن وڕازیـم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامە و دین وئاینتان.

خوای گەورە ڕێنماییکارە بۆ ڕاستترین ڕێگا و هەرئەویش ئیلهام بەخشە بـۆ ووتنی وشەی حەق .

## ٦- ئیسلام ڕێــــز لە مافی مرۆڤ دەگرێـــت

مرۆڤی بـاوەڕدار لــە بــەڕێزترین دروســتکراوەکانی خــوا هــەژمار دەکرێـت. بەشێویەکی گشتیش مرۆڤ خوای گەورە تایبەتمەنـدی کـردووە بــە بەخششـی و نیعمەتی عەقڵ و بیـرکردنەوە، و ئازادی بڕیـاردان دوای ئـەوەی ڕێگاکـانی بـۆ ڕوون دەبێتەوە. خوای پەروەردگار دەفەرمویت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِـيلاً (٧٠)﴾{الإسراء: ٧٠} واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمـان لەنـەوەی ئـادەم گرتووەو بەسەر وشکانی ودەریـادا (بـەجۆرەها هۆکـاری گواسـتنەوە) هـەڵمان گرتـوون ولــەڕزق وڕۆزی پوخـت وچـاکی جۆراوجـۆر بەهرەمەنـدمان کـردوون (لەخۆراك وپۆشاك وماڵ وناوماڵ ...) بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئـەوانمان داوە

بەسەر زۆربەی ئەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لەهەموو ڕوویەکەوە تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن).

هەربۆیە مرۆڤ زیادەڕێزی دراوە بەسەر جگە لە خۆیدا لە دروستکراوەکان. ئەو زیادەڕێزەش زۆرتر دەبێت بە نزیککەوتنەوەی مرۆڤەکە لە پەروەردگاری، بە شوێن کەوتنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوەی لە قەدەغەکراوەکانی.

هەروەکو چۆن ئیسلام جیاکاری ناخاتە نێو خەڵکیەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز و ڕەچەڵەك و ماڵ و سامان، ئەوەش وەکو پەیڕەوکردنی ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: " لَا فَضْلَ لِعَرَبِيّ عَلَى عَجَمِيّ، وَلَا لِعَجَمِيّ عَلَى عَرَبِيّ، وَلَا لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ، وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ، إِلَّا بِالتَّقْوَى"[١] واتە: فەزڵی عەرەبی نیە بەسەر غەیری عەرەبیەوە، و غەیرە عەرەبیش بەسەر عەرەبییەوە، و فەزڵی پێست سوور نیە بەسەر ڕەش پێستەوە و ڕەش پێستیش بەسەر سوور پێستەوە مەگەر بە تەقوا نەبێت.

---

[١] رواه البيهقي في شعب الإيمان برقم (٤٧٧٤) و حسنه الألباني في الصحيحة برقم (٢٧٠٠).

یان دەفەرموێت: " إنما النساء شقائق الرجال "[١] واتــە: بەڕاســتی ئافرەتــان هاوشانی پیاوانن.

بەهەمان شێوە ئیسلام ڕێز لە خێـزان دەگرێـت و بــە گــەورە ســەیری ڕۆڵ و کاریگەری دەکات لەبارەی ئاوەدان کردنەوەی بۆ زەوی و نیشتەجێ بــوون تێیــدا. پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت: " الخلـق كلـهم عيـال الله فـأحبهم إليـه أنفعهــم لعيالــه "[٢] واتــە: هــەموو دروســتکراوەکان هــەژاری خــوان بۆیــە خۆشەویستترینیان بەلای خواوە ئەوەیە کە سوودی لە هەموویان زیاتر بێـت بـۆ هەژارەکانی.

---

[١] صححه الألباني في " صحيح الجامع الصغير و زيادته" برقم: **٢٣٣٣**.

[٢] أورده ابن عدي في الكامل ٨/٤٨٠ في ترجمة يوسف بن عطية الصفار، قال النسائي: يوسف ابن عطية متروك الحديث وسئل عنه يحيى ابن معين قال: ليس بشيء. انظر: الكامل في ضعفاء الرجال لابن عدي ٨/٤٨٠ و **ضعفه الألباني**.

وە ئیسلام دەستدرێژی حەرام کردووە بۆ سەر ماڵی مرۆڤ یان خوێن و گیانی وەکو دەفەرموێت: " إن دماءكم وأموالكم عليكم حرام "[٣] واتە: ئەی خەڵکینە، خوێن و ماڵتان لەسەرتان حەرامە (لەسەر یەکتر).

هەروەها ئیسلام حەرامی کردووە کە دەستدرێژی بکرێتە سەر ماڵان و بەبێ مۆڵەت برۆیتە ژوورەوە، چونکە مافی خاوەن ماڵ دەپارێزێت. وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (٢٧) فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِنْ قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ (٢٨)﴾{النور} واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگاداربن (وەکو لەدەرگادان و زەنگ لێدان) پاشان کە مۆڵەت دران سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە، ئەوە چاکترە بۆتان و بەوشێوەیە ڕەفتاربکەن، هەوڵ بدەن لەیادتان بێت و ئەو شێوازە فەرامۆش نەکەن. جا ئەگەر کەستان نەبینی تیایدا، یاخود هەستتان کرد کەس لەماڵ نیە، مەچنە ژوورەوە هەتا مۆڵەت

---

[٣] رواه البخاري في كتاب الحج، باب الخطبة أيام المنى برقم (١٧٣٩)، و مسلم في كتاب الحج، باب حجة النبي ﷺ برقم (١٢١٨).

نەدرێن، ئەگەر پێتان وترا بگەڕێنەوە ئەوا بگەڕێنەوە (بەبێ دڵگرانی) ئەوە چاکترە بۆتان، چاکیش بزانن خوا زانایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وە ئیسلام بانگەواز دەکات بۆ ئازادی بیروباوەڕ و باوەڕهێنان لەڕێگەی قەناعەت پێکردنەوە پەسەند دەکات و ڕێگەی نەداوە بەزۆر خەڵکی باوەڕبهێنن و زۆرەملێ بەکار بهێنرێت لەو بارەیەوە، وەکو دەفەرموێت: ﴿لا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنْ الغَيِّ﴾{البقرة: ٢٥٦} واتە: بەهیچ جۆرێك زۆرکردن نیە لەوەرگرتنی بیروباوەڕی ئیسلامدا (دینداری بەزۆر نابێت بکرێت ودین بەزۆر نادرێت بەسەرکەسدا) چونکە بەڕاستی ڕێبازی چاك ودروست ڕوون وئاشکرا بووەو جیابۆتەوە لەگومڕایی وسەرکەشی.

یان دەفەرموێت: ﴿أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ (٩٩)﴾{یونس} واتە: ئایا (ئەی پێغەمبەر) تـۆ ئەتەوێ زۆر لە خەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕوادارین؟!

هەروەها ئیسلام خەڵکی بانگ دەکات بۆ یەکترناسین و تێکەڵاوی یەکترکردن لەنێوان گەلانی سەرزەویدا بەبێ گوێدانە جیاوازی ڕەنگ و ڕەگەز و بیروباوەڕ:

وەکو دەفەرمویت: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (١٣)﴾{الحجرات} واتە: ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لەنێرو مێیەك دروست کردووە ( کەباوکە ئادەم و دایکە حەوایە) و کردوومانن بە چەندەها تیرەو گەل و هۆزی جۆربەجۆر، تایەکتر بناسن وپەیوەندیتان خۆش بێت پێکەوە ... بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانن کە زۆرتر لەخواترسەو فەرمانبەرداری ئەوە، بێگومان خوا زاناو ئاگایە بە هەمووان.

هەروەها بانگەواز دەکات بۆ بەزەیی بەیەکدا هاتنەوە و بتەوکردنی پەیوەندی خزمایەتی ئەگەر هاتوو دەستدریژیەك لە ئارادا نەبوو لەلایەکەوە بۆ سەر ئەوی تریان، وەکو دەفەرمویت: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (٨)﴾{الممتحنة} واتە: دڵنیا بن کە خوا قەدەغەی ئەوەتا لێ ناکات کەچاك ڕەفتاری ودادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە جەنگیان دژ نەکردوون و دژایەتی ئاینیان نەکردوون ولەشوێنەوارتان دەریان نەکردوون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

بەهەمان شێوە بانگەواز دەکات بۆ زیندووکردنەوەی گیانی هاوکاری و کۆمەکی کردن لەنێوان رۆڵەکانی کۆمەڵگەدا، بەشێوەیەك کە بەشێك لەماڵی دەوڵەمەندەکانی تەرخان کردووە بۆ هەژاران وەکو زەکات پێیان بدرێت، وەکو دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَعْلُومٌ (٢٤) لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ (٢٥)﴾ {المعارج} واتە: ئەوانەی کە بەشێکی دیاریکراو لەسامانیاندا هەیە بۆهەژاری داواکارو بێ نەوای داوانەکەر.

ئیسلام دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و سامانی خەڵکی حەرام کردووە بەهەمان شێوە بۆ سەر ناموس و شەرەفیشیان، وەکو دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ (١٢)﴾ {الحجرات} واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لەڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە گوناە و تاوانن، بەشوێن کەموکوڕی و عەیب و عاری یەکتردا مەگەڕێن و سیخوڕی مەکەن و لەپاش ملە باسی یەکتری بەخراپ مەکەن، ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و

ناخۆشە، دەی کەواتە لە خوا بترسن وپارێزگار بن، چونکە بەڕاستی خوا گەڕانەوەی خەڵکی وەردەگرێت ومیهرەبانە بۆتان.

بەڵکو ئیسلام هانی مرۆڤەکان دەدات بۆ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی تاکەکانی کۆمەڵگە، کە دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الِاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (١١)﴾ {الحجرات} واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هیچ کەس و هیچ هۆزێك بەکەس و هۆزێکی تر گاڵتە نەکات و زەلیلی نەکات، چونکە لەوانەیە ئەوان چاکتر بن لەمان، ژنانیش با گاڵتە بەیەك نەکەن ویەکتر زەلیل نەکەن، چونکە لەوانەیە ئەمان لەوان چاکتر بن، سووکایەتی بەخۆتان مەکەن ویەکتر عەیبدار مەکەن، هەروەها ناووناتۆرەی ناشیرین بۆ یەکتر دامەتاشن، ئای کەچەندە ناشیرینە ناووناتۆرەی خراپ لەدوای باوەڕهێنان وموسڵمان بوون، ئەوەش تۆبەی نەکردبێت وپەشیمان نەبووبێتەوە لە گوناهەکانی، ئەوا ئەو جۆرە کەسانە هەرستەمکارن.

سەبارەت بە مافی مرۆڤ بۆ خوێندن و فێربوونی زانست ئەوا لە مافە سەرەتایی و لەپێشینەکانی کە ئیسلام گرنگی پێ دەدات هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە، ئەمە لەکاتێکدا یەکەم ئایەت کە دابەزیوە هاندانی تێدایە بۆ فێربوونی خوێندەواری و نوسین، بەڵکو فەرمانیشی پێ دەکات: وەکو دەفەرمویێت: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١) خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ (٢) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (٣) الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (٤)﴾{العلق} واتە: ئەی محمد بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە، ئادەمیزادی لەچەند خانەیەکی هەڵواسراو لەناو منداڵداندا دروست کردووە، بخوێنە، لەکاتێکدا هەرپەروەردگاری تۆ بەخشندەیە، ئەو زاتەیە کەبەهۆی قەڵەمەوە زانست و زانیاری فێرکردووە.

هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویێت: " طلب العلم فريضة على كل مسلم"(١) واتە: فێربوونی زانست فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك. (ئەمەش نێرو مێ دەگرێتەوە).

(١) رواه ابن ماجة (٢٢٤) وصححه الألباني في صحيح الترغيب برقم (٧٢).

زانستخوازی و فێربوونی خوێندەواری بەشێوەیەك هان لەسەردراوە كە تەنانەت بەلانی كەمەوە فەرزە لەسەر پیاوان وئافرەتان و نوێژ دروست نیە ئەگەر سورەتی فاتیحە نەخوێنێت.

یان لەفەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت: " "فَضْلُ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِي عَلَى أَدْنَاكُمْ"[٢] واتە: فەزڵی زانا بەسەر خواپەرستەوە وەكو فەزڵی من وایە بەسەر نزمترینتانەوە.

خوای گەورەش وەصفی زاناكان دەكات بەوەی كە: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾{فاطر:٢٨} واتە: بەڕاستی هەر زاناكان پەی بەو نهێنیانە دەبەن ولەناو بەندەكانی خوادا هەر ئەوان لەخوا دەترسن.

وە خوای گەورە فەرمان بە تێكڕای مرۆڤایەتی دەكات كە بیربكەنەوەو تێبفكرێن لە فراوانی گەردوون و ئاسمان و زەوی: ﴿قُلِ انْظُرُوا مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا تُغْنِي الْآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَنْ قَوْمٍ لَا يُؤْمِنُونَ (١٠١)﴾ {یونس} واتە: پێیان بڵێ: تەماشا بكەن و سەرنج بدەن: خوا چی دروست كردووە

---

[٢] رواه الترمذي في أبواب العلم، باب ما جاء في فضل الفقه على العبادة برقم (٢٦٨٥). **صحيحه الألباني في المشكاة ( ٢١٣ / التحقيق الثاني ) ، التعليق الرغيب ( ١ / ٦٠ ).**

له ئاسمانه‌كان و زه‌ویدا، كه‌چی به‌ڵگه‌و نیشانه‌و ئاگاداریه‌كان سوودیان نیه بــۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌باوه‌ڕ ناهێنن.

سه‌باره‌ت به جوان ڕه‌فتاری و هه‌ڵسوكه‌وتی شیاو له‌نێوان مرۆڤه‌كاندا ئیسلام فه‌رمان به موسڵمانان ده‌كات كــه ڕاســتگۆو دادگــه‌ربن له‌گــه‌ڵ به‌رانبــه‌ردا، و دوژمنكاری و هه‌ڵه‌تێكه‌یشتن وایان لێ نه‌كات له‌ڕاستی لاده‌ن و ســته‌م بكــه‌ن. وه‌كو ده‌فه‌رموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّـهِ وَلَـوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾ {النساء:١٣٥} واته: ئــه‌ی ئه‌وانــه‌ی باوه‌ڕتــان هێناوه هه‌میشه ڕاگری دادوه‌ری بن و شایه‌تی بۆ خوا بده‌ن، با شایه‌تیه‌كه‌شــتان زیانی بۆ خۆتان و دایك و باوكتان یان خزمانیش هه‌بێت.

یان ده‌فه‌رموێــت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (٨)﴾ {المائدة} واته: ئه‌ی ئه‌وانه‌ی باوه‌ڕتان هێناوه، زۆر به‌چاكی هه‌ستن به ئه‌نجامدانی شایه‌تی دادپه‌روه‌رانه له‌به‌ر خوا، ڕق و دوژمنایه‌تی هــیچ كه‌س وهیچ لایه‌ك هه‌ڵتان نه‌نێت كه‌له دادپه‌روه‌ری لابده‌ن، دادپــه‌روه‌ربن، ئــه‌وه

نزیکترە لە تەقواو لە خواناسیەوە، دەی کەواتە لەخواترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەوکاروکردەوەیەی کە دەیکەن.

لەهەمان کاتیشدا خەڵکی وریا دەکاتەوە لەوەی دەستدرێژی بکەنە سەر بەرانبەر: ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَنْ صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَنْ تَعْتَدُوا وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٢)﴾ {المائدة} واتە: دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی کەسانێك کە نەیانهێشت کاتی خۆی تەوافی کەعبە بکەن، مەکەنە هۆی دەستدرێژی وبەرپاکردنی ناخۆشی، یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر چاکەو خواناسی، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر تاوان و دەستدرێژی، لەخوا بترسن وپارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر بەتوندی تۆڵە دەسێنێت.

هەروەها سەبارەت بە مافی ئافرەت لە ئیسلامدا، ئەوا بۆی هەیە خاوەنداریێتی ماڵ و سامان بکات و ئازادی مامەڵە پێوەکردنی هەیە و میرات وەردەگرێت و میراتیشی لێ بەجێ دەمێنێت بۆ کەس وکاری، و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت لەسەر کردەوەکانی لە دونیا و دوارۆژدا و لەپێشگای خوا و بەردەم مرۆڤیشدا، ئەگەر چاکە بوو بە چاکە و ئەگەریش خراپە بوو بەخراپە،

وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِنْكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ﴾ {آل عمران: ١٩٥} واتە: بێگومان خوا دوعاکانیان لێ وەردەگرێت، (بۆیە دەفەرموێت): بەڕاستی من هەوڵ و کۆشش وکارو کردەوەی هیچ کام لەئێوە بەزایە نادەم، چ نێرینە و پیاوتان بێت، چ مێینە و ئافرەتتان بێت، چونکە هاوکاری یەکتر بوون لە چاکەو چاکەکاریدا.

بەڵام خوای گەورە هەندێ ئەرك و ئەحکامی لەسەری سووك کردووە، بۆنموونە: ئیسلام داوای لێ نەکردووە کە بۆ نوێژەکان ئامادەی مزگەوت بێت وبەکۆمەڵ ئەنجامیان بدات، یان روخصەتی پێ داون کە لەکاتی بێ نوێژیدا نوێژنەکەن، و دواتریش بە قەزا نەیگێڕنەوە، چونکە ئەوە کارگرانی و نارەحەتیان بۆ دروست دەکات، ئەمەش ناگونجێت لەگەڵ ئاسانکاری و سووکی دینی ئیسلامدا.

سەبارەت بە میراتیش ئەوا ئافرەت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نیوەی ئەو ئەندازەیە دەبات کە بۆ پیاو هەیە بیبات، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە ئیسلام خەرجی و نەفەقەی ئافرەتی خستۆتە سەر شانی پیاو، ئیتر باوکی بێت یان برای یان مێردی ئەوەش بە گوێرەی ئەو وردەکاریانەی کە ئێرە شوێنی باسکردنیان

نیه، وه هەروەها غەرامە ناكرێت بەو شێوەیەی كە پیاو غەرامە دەكرێت. لەبەر ئەوەی ئیش كردن بەو رێسا ئیسلامیه كە دەڵێت: دەسكەوت بەرانبەرە بە غەرامە، بەڵام لەهەندێك حاڵەتی تردا ئافرەت میراتی زیاتر دەبات لە پیاو ئەوەش لەبەر نزیكی ئافرەتەكە لە كەسە مردووەكەوە تاوەكو پیاوەكە، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو مردووەكە تەنها یەك كوڕی هەبوو ئەوا ئافرەتەكە نیوەی میراتیەكە دەبات، با هەرچەندە برای مردووەكە زۆریش بن.

لەڕاستیدا پێغەمبەری خوا ﷺ وێنای پێگەی ئافرەتی بۆمان كردووە بە فەرمودەی: " إنما النساء شقائق الرجال "[١] واتە: بەڕاستی ئافرەتان هاوشانی پیاوانن. ئەمەش واتە ئەوەی بۆ پیاوان هەیە بۆ ئەوانیش هەیە و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە مەگەر ئەوەی بە دەقێك دیاری كرابێت.

بەو هۆیەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ئیسلام — وەكو ئاماژەی بۆ كرا- لە تەشریعاتەكانیدا كە دابەزیووە پێش چواردە سەدە، پرسی مافەكانی مرۆڤی بە ڕێكی و دادوەری چارەسەر كردووە باشتر و چاكتر لەو پرەنسیپانەی كە لەلایەن دەزگا نێودەوڵەتیەكانەوە دەردەچێت لەو بارەیەوە. بەڵام ئەوەی پێویستە بزانرێت

---

[١] صححه الألباني في " صحيح الجامع الصغير و زيادته" برقم: ٢٣٣٣.

ئەوەیە کە ئیسلام نابێت مەحکوم بکرێت بەهۆی ئەو هەڵەپیادەکردنانەی کە ڕوودەدات لەلایەن موسڵمانانەوە، چونکە هەڵەکردن سروشتی مرۆڤە و کەس لێی بێبەش نیە، و لە دەرەوەی ئەو شەرعەیە کە خوا دایناوە. وە هەروەها دەبێت ئیسلام وەکو خۆی و بەشێوەیەکی گشتگیر پەیڕەو بکرێت و تەنها دەست بەبەشێکیەوە نەگیرێت و بەشەکانی تری پشتگوێ بخرێت، و ئەگەریش لە ئێستادا حیکمەتی ڕێسا و قاعیدەیەکی ئیسلامیمان بۆ دەرنەکەوێت و نەیزانین، ئەوە لە کەمزانینی خۆمانەوەیەو بەدڵنیاییەوە لەکاتی خۆیدا بۆمان دەردەکەوێت کە خوا ویستی.

ئەمەش بە مانایەکی تر واتە ئیسلام جێگەی ئەو پێویستیانەی تێدا دەبێتەوە کە مرۆڤەکان هەیانە و قسەی خۆی لەبارەیانەوە هەیە و خاڵی لەسەر پیت بۆ داناون، ئیتر پەیوەندی بە دونیایانەوە هەبێت یان دوارۆژ، ئەوەش لە شێوەی دەق کە پەیوەندی بە خواپەرستیەوە هەبێت، یلن لە شێوەی ڕێسای گشتیدا ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی هەبێت بە کڕین و فرۆشتن و ئاکارو هەڵسوکەوتەوە. بەڵام بەشێك موسڵمانان بەداخەوە بەو شێوەی کە پێویستە جێ بەجێی ناکەن. هەربۆیە ئەوانە بەڵگەنین بەسەر ئسلامەوە، کاتێك کە پێچەوانەی ڕێساکانی ئیسلام دەجوڵێنەوە.

له كۆتاییدا داواكارین له خوای كاربەجیٚ كه چاومان رۆشن بكاتەوەو رێنمایی گومڕاكانمان بكات بۆ ئەم دینەی كه خۆی ویستی لیٚ بووه ببێت به كۆتا پەیامی ئاسمانی و هەڵوەشێنەرەوەی تەواوی دینه پێشووەكانی تر، هەر خوا بەدەسەڵاته بەسەر ئەو كارەدا.